# فەرهەنگی فەلسەفە



ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

## پێشگوتە

" لە زانست دا هیچ شاڕێیەک بەدی ناکرێ، و تەنیا کەسانێک شانسی ئەوەیان هەیە بە لوتکە درەوشاوەکانی زانست بگەن کە ناترسن هەنگاو بنێنە نێو کوێرە رێ شەکەتهێنە رەکانییەوە"

**کارڵ مارکس نامە بۆ موریس لاشاتر/ بەرایی وەرگێرانی فەرانسەیی کتێبی سەرمایە**

لە روانگەی یەکەم دا و رەنگبێ بۆ ئێستامان پێویستبوونی باسکردن لەو زانست و ئەندێشانەی هاوتەریب لەگەڵ دۆخی شڵەژاو و چاخی هەڵوەشاوەی ئێمەدا دێنە ئاراوە، حاشای لێبکرێ، و ئەمەش بوار و دەرفەتی زێدەتر بۆ کۆمەڵێک هزر و چەمکی داسەپێنراو دەرەخسێنێ کە، نکۆڵی کردنە لە درکی خۆویست و پێویستی دژوارییەکانی خۆجێیی و جیهان. بەتایبەتیش بە ئاسانی خۆبەدەستەوە دان یان خۆبواردنە لەو دژوارییانەی بە دیاردەی لە خۆنامۆبوون دادەنرێن و وەک پێوەرێکی بێگانە دژ بە کولتور و نەریت و ئەو بەناو رەسەنایەتییە خۆ ئاراستە دەکەن و پێداگریش دەکرێ کە بپارێزرێن... ئیتر بێ ئەوەی بکەری پشت ئەم حاشاکردنە بێت لە دژوارییەکان بکۆڵێتەوە و تێبگا و رێچارەیان لێ هەڵوێنجێ و ئاراستەیان بکا، چونکە لە ئاست کارەساتی خەسانی خۆی گێل دەکا.

حاشا لەوەش ناکرێ کە ئەم توخمی بیرکردنەوەیە خۆی بە تاکە پێوەری هۆ و هۆکاری رەوینەوەی رێگاکانی درکی چاخی خۆی دادەنێ. هەر ئەم پێوەرەشە کە گرینگییەکانی کردە و کارابوونی مرۆڤ لە بەرامبەر دواکەوتوویی یا گەشەنەکردوویی دا دەست نیشان دەکا.

با لەوەگەڕێین کە ئەگەر لە رووی سیستم و گەلاڵەیەکی پێشبینی کراوەوە چەمکێک رووبدا ئایا ، ئەم توخمی هزرڤانییە دەتوانێ بە پێی پێویستیی هەلومەرج و سەردەم، چەمک و پرسە نوێیەکان بۆ هەرێمی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئەندێشەیەکی رووەو بنچینەکردنی شوناس و چییەتی گەشەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و بروەپێدانی زانستی و ... رابکێشێ، هەروەها رێچارەیەک بێ بۆ سڕینەوەی بەشێک لەو پەڵە رەشەی دیاردە کۆن و سەلەفییەکانی مێژووی شوناسی ونی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە؟!..

بە لەبەرچاوگرتنی تازەبوونی کۆمەڵێک چەمک و بە گشتی گرینگیی پێگەی زانست و هزر بۆ ئێمە، ئاشنابوونێکی سەرپێیی هاوڕێ لەگەڵ روانین بۆ زانایی و هەروەها گوێستنەوەی هزر و زانستەکان لە رێگەی یەکێک لە رەهەندەکانەوە، واتە وەرگێڕانی سەقەت و خەسێنەری بەشێک لە سەرچاوە و شاکار و ناشاکارەکانی دنیا و بەتایبەتی رۆژئاوا، هەروەها بە سەرنجدان بە پێویستییەکی درەنگ و حاشاهەڵنەگر، فەرهەنگی فەلسەفەی بەردەست نمونەیەکی کورت و ئامادەکردن و گردوکۆ نوسینێکی تاکە کەسی دەبێ کە، هیچ چەشنە بانگەشە و نایاببوونێک ناخاتە روو. ئەمەش هەڵبژاردنێک و لە رووی مەیلێکەوەیە کە کاریگەریی لە ئەندێشە فەلسەفی و هزرییەکانەوە وەرگرتووە.

کاراترین و بەسودترین شێوەیەکی کە بۆ ئەم بەرهەمە کەڵکی لێ وەرگیراوە کورتە لێدوانێکە لە سەر هەر وشەیەک و بە پێی توانا خوێندنەوەیەکی کورتە لە هەر بوارێکی زانستی دا کە چەمکی بەرباس کارابوونی خۆی تێدا دۆزیوەتەوە. هەروەها هەوڵ دەدرێ تا ئەو جێیەی بکرێ لە رووی چەمکییەوە شیکردنەوەکان روو بدەن...

**<u>سەرنج</u>:**

ئەم زنجیرەیە کە لە بەر دەستی خوێنەرە، هەولێکی تاکە کەسی و رەشنووسێکە کە پێداچوونەوەی جیدی پێویستە و کەموکورتی زۆری هەیە، مەبەست لە بڵاوکردنەوەشی وەرگرتنی رەخنە و پێشنیاری خوێنەرانی جیدی ئەم بوارەیە بۆ بەردەوامبوون لە کارەکە.

بۆ نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە هەتا ئێستا کە درێژەی هەیە لەم سەرچاوانە بە زمانی فارسی، کەڵک وەرگیراوە و بە دڵنیاییەوە لە درێژەی کارەکەدا سەرچاوەی دیکەش دێنە بەر دەست:

1:**تاریخ فلسفه، دورەی 9 جلدی**:

**<u>یکم</u>**: تاریخ فلسفه، یونان و روم، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: سید جلال الدین مجتبوی

**<u>دوم</u>**: تاریخ فلسفه، فلسفەی قرون وسطا و ددورەی رنسانس، از آوگوستینوس تا اسکوتوس، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: ابراهیم دادجو.

**<u>سوم</u>**: تاریخ فلسفه، اواخر قرون وسطا و دورەی رنسانس، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: ابراهیم دادجو.

**<u>چهارم</u>**: تاریخ فلسفه، از دکارت تا لایب نیتس، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: غلامرضا اعوانی

**<u>پنجم</u>**: تاریخ فلسفه، فیلسوفان انگلیسی از هابز تا هیوم، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: امیر جلال الدین اعلم.

**<u>ششم</u>**: تاریخ فلسفه، از ولف تا کانت، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: اسماعیل سعادت – منوچهر بزرگمهر.

**<u>هفتم</u>**: تاریخ فلسفه، از نیتشه تا نیچه، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: داریوش آشوری

**<u>هشتم</u>**: تاریخ فلسفه، از بتنام تا راسل، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجم: بهاالدین خرمشاهی

**<u>نهم</u>**: تاریخ فلسفه، ازمن دوبیران تا سارتر، نویسنده: فردریک چارلز کاپلستون، مترجمان: عبدالحسین آذرنگ – سید محمود یوسف ثانی.

2. بزرگان فلسفه، نویسنده: هنری توماس، مترجم: فریدون بدره‌ای، چاپ پنجم 1386، شرکت انتشارات علمی فرهنگی.

3. ماجراهای جاودان در فلسفه، هنری توماس – دامالی توماس، مترجم: احمد شهسا، چاپ نهم، 1387، انتشارات ققنوس.

4. دانشنامه‌ی سیاسی، فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی، نویسنده: داریوش آشوری، انتشارات مروارید.

**ئیمەیل:** **<u>ismayl_zade@yahoo.com</u>**

## پێرست:


| | لاپەرە |
|---|---|
| - ئازادی ( Freedom ,Freiheit ) | 7 |
| - ئۆبژە:(Object) | 9 |
| - ئابڕو، شەرەف (Ehre) | 10 |
| - ئێپیکور(Epicurus) | 11 |
| - ئێپیکوریزم ، ئەخلاقی ئێپیکوری (Epikurische Ethik ,Epicurism) | 12 |
| - ئێرلانگێر شولێ، قوتابخانەی ئێرلانگێن | 13 |
| - ئیرادە، خواست | 14 |
| - ئەخلاق (Moral , Ethik) | 15 |
| - ئەخلاقی دو جۆری (Doppelte Moral) | 16 |
| - ئەخلاق لە چینی کەونارا، ئەخلاقی چینی (chinesische Ethik) | 17 |
| - ئەخلاقی پزیشکی | 19 |
| - ئەخلاقی ریواقی، ریواقیان و ئەخلاق | 22 |
| - ئەخلاقی ژینەوەرانە (bioethics ,Bioethik) | 24 |
| - ئەخلاقی سیاسی (Political ethics) | 26 |
| - ئیندوکسیون: (induction ,Induktion) | 27 |
| - سکۆلاستیک، سەردەمای سکۆلاستیک (Scholastik) | 28 |
| - ئەفسانە، ئوستورە (myth ,Mythos) | 29 |
| - ئیلهام (inspiration) | 30 |
| - ئانترۆپۆزۆفی، حیکمەتی مرۆڤی (Anthroposophie) | 31 |
| - ئەزموون (Erfahrung ,Empiri) | 32 |
| - ئایدئالۆژی (Ideology ,Ideologie) | 33 |
| - ئانارشیزم (anarchism) | 36 |
| - ئیمپریالیزم، پاشایەتی (imperialism, Imperialismus) | 38 |
| - ئەلبێرتوس مەگنوس (Albertus Magnus) | 40 |
| - ئانترۆپۆمۆرفیزم (Anthropomorphism) | 41 |
| - ئیستەتیك، جوانیناسیی(Aesthetics) | 42 |
| - ئەزمون باوەڕیی ، ئێمپیریزم (Empirismus ,empiricism) | 46 |
| - ئێرەیی پێبردن( Neid ,envy ) | 47 |
| - ئۆتۆنۆمی (Autonomie ) | 48 |
| - ئاوەز | 49 |
| - ئاشتی (paix ,Frieden ,peace) | 51 |
| - ئابستراکت، سەڵت(abstract) | 52 |
| - راسیونالیزم (rationalism) | 53 |
| - ئەمێستا، هەنوکە، حازر (Gegenwart ,present) | 54 |
| - ئانالیز، لێکدانەوە (analysis ,Analyse) | 55 |
| - ئایدیا (idea ,Idee) | 56 |
| - ئارمانج (ideal) | 57 |
| - ئەندێشە، هزر (Gedanke) | 58 |

- ئەندێشەکردن، تێفکرین، بیرکردنەوە (thinking ,think ,denken) 59
- ئانالیتیک، لێکدانەوەیی (analytic) 60
- ئینتێلێکتوالیسم Intellectualisme 61
- ئێگۆییسم Egoisme 62
- ئاتێییزم 63
- ئۆتۆریتە 65
- ئەرەستۆ خوازیی 66
- ئاگوستینوس 67
- تیۆدۆر ئادۆرنۆ Adorno, Theodor W 68
- ئالتوسێر، لویی 70
- ئەتۆمیسم، بڕوا بە ئەتۆم 71
- ئانتاگونیسم، دژایەتی، نەیاریی 72
- ئلیناسیۆن 73
- ئانتینۆمی 76
- ئەوستین (Austin) 77
- ئۆریگنێس 79
- ئەرەستۆ (Aristotle) 81
- ئەفلاتوون (Plato) 83
- ئاریستیپوس 87
- هانا ئارێنت 90
- ئیمپدوکلێس 430 – 492 پێش زایین 93
- ئاناکساگوراس 95
- ئاناکسیماندەر 97
- ئێلیتیزم (elitism) و میراتگرانی ماکیاڤیلی 99
- ئێگزیستەنسیالیزم 103
- ئەنتیستێنس 107
- ئایین 109
- ئارەخلائوس 111
- ئیمانوێل کانت 113
- بڕیار و بڕیاردان 116
- بارهێنان، فێرکردن و پەروەردە 117
- بڕیار، بڕیاردان 118
- پراگماتیزم 119
- پرسیار(question , Frage) 122
- پۆپۆلیزم(Popolizm) 123
- پارادۆکس دژواز (paradox) 124
- پۆست مۆدێرنیزم ، پۆست مۆدێرن 125
- پلۆتین، فلۆتین 126
- پێشکەوتن، بەرەوپێش چوون، گەشەکردن 129
- پیشە، کار work ,Arbeit 130

- بەختەوەری 131
- پێناسەکردن 133
- تابوو Tabu ,taboo 134
- تائۆییزم و لائوتسێ Lao-tse / Taoism 135
- پراگماتیزم 136
- تیۆریی Theorie ,theory 137
- پارادایم، پارادیگما 138
- ترس 139
- تیۆریی بڕیاردان 140
- تالێس 141
- تێرۆریزم 142
- ئێتین هانری ژیلسۆن 143
- ئایزیا بێرلین 146
- پێکهاتە 148
- پێکهاتەخوازیی 149
- پیرۆز "heilig ,sacred ,holy " 150
- ئۆنتۆلۆژی 151
- پارمنیدێس 152
- ئیمانۆیل کانت 153
- ئیوناپیوس 154
- ئابراڤەنێل 155
- دسیدریوس ئاراسموس 156
- خۆبەڕێوەبردن، ئۆتۆنۆمی 158
- تێکنیک 159
- تیۆلۆژی، خوداناسیی 161
- پاساو، پاساودانەوە 162
- ئالبێرت شوایتزێر 163
- ئێدواردز جانسن 164
- ژاک بنینی بۆسووێ 165
-

# ئازادی ( Freedom ,Freiheit )

شوێنی چالاکی، هەر بەو جۆرەی کە مرۆڤ بیهەوێ و بتوانێ. ئازادی واتە ئازادی ئیرادە و خواست. هەوێنی ئیرادە تەنیا ئازادییە و هیچی تر.
چەمکی ئازادی لە دنیای ئەندێشە فەلسەفییەکاندا دوو لایەنی جیا بەخۆیەوە دەگرێ: لە لایەکەوە ئیختیار و داهێنەری، لە لایەکی دیکەوە جەبر و ملکەچی پەیوەندیی هۆ و هۆکار. زۆربەی فەیلسوفەکان لە چەمکی ئازادییەوە هەنگاویان ناوەتە نێو چەمکی "ئەرک" و پێش مەرجی ئازادیی مرۆڤیان بە دەروەستبوونی (مرۆڤ) بە بنەما ئەخلاقییەکان زانییوە.
لە ژیانی رۆژانەدا زیاترین باسوخاسێکی کە لە سەر ئازادی کراوە، تەوەری ئازادییە سیاسییەکانە: مرۆڤەکان دەیانەوێ بە پێی مەیل و ئیرادەی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن. واتە ئازادیی ئیرادە و ئازادیی کردە ئەنجامێکن بۆ بەدەستهێنانی خواست و نیازە مرۆڤییەکان. بەم پێیە "وشەی Freiheit لە گەڵ کۆیلەتی و هەروەها "زۆرەملی" و "لایەنگری" و "پێویستی"یش دژایەتی دەکا (مارکس). زیندەوەرەکانیش لە سروشت دا ئازادن، بەڵام بەم حاڵەش ملکەچی یاسا سروشتییەکانن (بۆ زاووزێ، پاراستنی خود و هاوچەشنی خود). لە کۆمەڵگای مرۆڤیدا ئازادیی واتە ئازادیی هەڵبژاردن. بابەتێکی کە لە تایبەتمەندییە سروشتیەکانی مرۆڤە. ئەمە پێشتر نەبووە کە بووبێتە میرات، بەڵکو لەگەڵ رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی شکڵی گرتووە و پێدەگا. هەرچەندە بابەتەکان و دەرفەتی هەڵبژاردنی زیاتر بۆ تاک هەبێ، بەو رادەیەش تاک ئازادی زیاتری هەیە (هابس).
بەم پێیە ئازادیی چەمکێکی رێژەییە و دەروەستی هەلومەرجی جەستەیی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی... هەموو تاکێکە. واتە منداڵ و نەخۆش و پەککەوتە و دەستکورت ئازادیی کەمتری هەیە.
هۆش، توانست، تایبەتمەندییە شەخسییەکان و هەروەها ئەزموون لەو هۆکارە گرینگانەن کە سنوری ئازادییە تاکیەکان دەستنیشان دەکەن.. هەرچی کۆمەڵگا کراوەتر بێ (پوپێر) دەرفەتی ئازادیی بۆ تاکەکانیش زیاتر دەرەخسێ.
لەو سەرەوە کە ئازادی و ئیختیاری هەر تاکێک رادە و چۆنایەتیی ئازادییە حازرەکان دیاری دەکا، ئەم چۆنایەتییە چەند پێشمەرجی دەبێ:

1. یاسا گشتییەکان بە پێی ئیرادەی ئەم یان ئەو تاک یان گروپی رەها لە یاسا نا، بەڵکو بە پێی یاسا تەواو مافییەکان دارێژراون.
2. دابەشکردنی هێزی کۆنترۆڵ کردن، کە لە لایەن پارلەمان و دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن.
3. هەڵبژێرانی دەوڵەت و پارلەمان و گشت نوێنەرانی هێزە دەسەڵاتدارەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
4. بەناوەند نەبوونی دەسەڵات (مسۆگەرکردنی فیدرالیزم).
5. بە فەرمی کردن و قبووڵکردنی مافی بەرگریکردن و ناڕەزایەتی لە بەرامبەر لێپرسراوان و سەرلەبەری دەسەڵات.

لەو سەرەوە کە ئازادی و دەسەڵاتی هەر تاکێک دەتوانێ لە بەرامبەر ئەویتردا راوەستێ دەبێ رێککەوتن و یاساگەلێک سەبارەت بەم چەمکە هەبێ. کارابوونی یاسا بۆ مەرجدارکردن و

بەرتەسککردنی ئازادی و ئیختیارە تاکییەکانە و لە هەمان حاڵیشدا گەرەنتییەکە بۆ پشتگیریکردنی ئەوان.
لە روانگەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە مرۆڤ بونەوەرێکە ئازاد و سەربەخۆ. بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆییە واتە تاکی مرۆڤی نابێ بهێڵێ درەوەی خۆی ناچار بە ئەنجامدانی کارێک بکا. هەموو شتێک دەبێ بە هۆی خودی کاراوە ئەنجام بدرێ. بەڵام چۆن؟ مرۆڤ ئازادە و ئەم ئازادییە لەوپەری گشت ئاراستەکانە (ترانسیندنتال) و هەموو مرۆڤێک خاوەنییەتی. هەڵبەت بە تەنیا خاوەنی ئەم ئازادی بوونە بە واتای ئازادبوون نییە، بەڵکو مرۆڤ دەبێ لەرێگەی پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆی، خۆی رابێنێ. ئازادیی ئەوپەری ئاراستەکان واتە ئیرادە نابێ ملکەچی بابەتی ئیرادەکراو بێ، و دەبێ ئەو بابەتە ئاوالا بکا و بە پێی ئەقڵی خۆی لێکی بداتەوە. گشت مرۆڤێک خاوەنی ئازادیی ئەوپەری ئاراستەکانە. بەم جۆرە لە فەلسەفەی ئەخلاقیشدا ئازادی واتە ئازادی دیتران.
ئازادی خاوەنی تایبەتمەندیی پەیوەندی گرتنە (فیتشە). کردەوەی ئازاد کردەوەیەکی ئەخلاقییە. ئازادی ئەوکاتە واتای هەیە کە پەیوەندی بە باقی مرۆڤەکانی دیکەوە هەیە. ئەم ئازادییە پەیرەویکردن لە بنەما رێکەوت و دڵخوازەکانی ئەم و ئەو نییە، بەڵکو گەلێ پرەنسیپی بەرفرە و ناسراو بنەما و بواری بۆ پێک دێنن. " بارودۆخی سروشتی" و ئانارشیزم لەگەڵ ئازادی ناتەبان چونکە ژیرانە نین.
هێنانەئارا و هەروەها گەرەنتی کردنی ئازادی دوو لایەنی دانەبڕاون لە ئازادی. ئازادیی سیاسی لە پلەی یەکەمدا نابێ بەواتای بەرتەسککردنەوەی سنوری تاکی و زێدەکردنی ئازادیە تاکیەکان بێ. ئازادی سیاسیی راستەقینە ئازادییەکە چۆنایەتی ژیرانەی هەبێ، چۆنایەتی گەلێک کە وەک یارمەتیدەر و پشتیوانی زەحمەتکێشان و دەستکورتان و چەوساوان و ژنان و منداڵان خۆیان دەردەخەن. بە واتایەکی دیکە ئازادیی سیاسی بابەتێک نییە کە لە عەداڵەتی سیاسی جیا بێ و ناشتوانێ ببێ. ئازادی مافە و وەکو باقی مافەکان ( مافی ژیان، مافی مڵکایەتی...) پەیوەندییەکی یەکسانی هەیە لەگەڵ بەرێوەبردنی ئەرک و ئەرک وەخۆگرتن.
ئەرەستو و زۆربەی زانایانی سەردەمەکان پێیان وایە ئازادیخوازی راستەقینە کەسێکە کە ئازادی بە دیتران دەدا، هەڵبەت زیاتر لە خۆی بۆ دیتران دەخوازێ و بەکردەوەش نیشانی دەدا، ئازادیخوازیی تایبەتمەندی و خەسلەتی مرۆڤ نییە بەڵکو چییەتی ئەوە (سارتر).

***

فەرهەنگی فەلسەفە (2):

## ئۆبژە:(Object)

شت، بابەت یان بەرناس بە واتای خۆدانانە لە بەرامبەر شتێکدا.

ئۆبژە لە بەرامبەر سوبژە (Subject ، ناسکار)دا، واتە ئەو شتەی کە باسی لە سەر دەکرێ، راست بەپێچەوانەی سوبژە کە بۆخۆی ئاخێوەرە. ئۆبژە بیری لێدەکرێتەوە، بەڵام سوبژە یان ناسکار بیر دەکاتەوە.

ئۆبژە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بووە خاوەنی چەمکێکی نوێ: ئۆبژە واتە ئەو شتەی کە لە بەرامبەر سوبژە دایە. بە پێی ئەم بۆچوونە ئۆبژەبوونی سوبژە واتای خۆی لەکیس دا و ئەوپەڕخوازیی نێوان سوبژە و ئۆبژە بە چۆنیەتییەکی نوێی وەخۆگرت.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا چەمکەکانی ئۆبژە و سوبژە بە ئاشکرایی هاتنە نێو بواری فەلسەفەوە و بە رەهەندێکی نوێ گەیشتن.

جان لاک و لایبنیتس پێیان وایە کردە هزرییەکانیش ئۆبژەیەکن بۆ سوبژە. ئۆبژەی هاوپەیوەند دیاردەیەکە کە لە ئۆبژەی جۆراوجۆر پێکهاتووە.

لە سەردەمی ئێمەدا دوای کامڵبوونی تیۆریی سیستمەکان، ئۆبژە واتە ئەو توخمە تێکهەڵکێشراوانەی بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە.

***

## ئابڕو، شەڕەف (Ehre):

بایەخێکە کە دیتران لە ژیانی هاوبەشدا دەیخەنە پاڵ کەسێک و ئەوی پێ دەناسێنن.
حوکمدانێکی ئەرێنییە کە ڕێز لە گوتە و ئاکار دەگرێ و بە شێوەی سیمبولیک بایەخی مەزنی کەسێک دەردەبڕێ و ئێمەش هەر بەو پێیە خۆمان هەڵدەسەنگێنین. (هابز)
هەموو کەسێک لە لایەن ڕای گشتییەوە هەڵدەسەنگێندرێ، ئەویش بە پێی ئەو شتەی کە هەیە یان ئاراستەی دەکا و ئەگەر کردە و ئاکار و کاریگەرییەکانی کەسێک بایەخی کۆمەڵایەتی و مەعنەوییان هەبێ بە کەسێکی بەشەرەف لەقەڵەم دەدرێ (ئەرەستو).
چۆنایەتییەکە کە لە بەرامبەر توانست و دەستڕۆیشتوویی و پلە و ئیش و کار و تەمەن ... بۆ کەسێک دەستنیشان دەکرێ.
چەمکی ئابڕوداربوون دەروەستی سیستمی بایەخدانان و تێگەیشتن و کولتوری گروپ یان گەلێکە. هەموو وابەستەی ئەرێ گوتنی دیترانن و بەم پێیە پێویستیان بە ئابڕو هەیە.
ئەم چەمکە جاروبارە بە فۆرمی "غیرەت" خۆی نیشان دەدا کە دەربڕی پێداگری و زێدەڕۆییە بۆ گەیشتن یان پارێزگاری کردن لە شەڕەف و ئابڕو (ئاکییناس). بڕیاری دیتران لە سەر کەسێک (شوپنهاور) بە هەڵە بۆتە تاکە مەبەستی ئەخلاقی. کەچی بەدەستهێنانی شوناسی جێیی پەسندی دیتران بەشێکە لە ئەخلاق (ئەخلاقی ئیش، ئەخلاقی جنسی، ئەخلاقی بنەماڵەیی....).
غیرەتی بوون و بەغیرەت بوون بە واتای پاراستنی ئابڕو یان پێشگرتن بووە لە ئابڕوچوون کە دەرەنجامی ئەوە تۆڵەسەندنەوە و خەسارگەیاندنی مادی یان مەعنەوییە بەویتر. کارێکی کە لە سیستمە مافییەکانی سەردەمی ئێمەدا قەت قبووڵ ناکرێ و لە رووی ئەخلاقیشەوە نابێ و ناتوانرێ بەرگری لێبکرێ.

***

# ئێپیکور (Epicurus)

ئێپیکور (Epicurus) فەیلسوفی یۆنانی، ساڵی 341 ی پێش زایین لە شاری ساموس هەڵکەوتوو لە دەریای ئیژە لەدایک بوو. باوک و دایکی لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورتی ئەم شارە بوون. بەڵام ئێپیکور بە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەم کێشەیە هەر لەوێ دەستی بە خوێندن کرد. لە تەمەنی 12 ساڵان دا هۆگری فەلسەفە بوو و لە شاری نیئوس لە لای نوزیفانوس بوو بە قوتابی و لەگەڵ حیکمەتی دیموکریت ئاشنا بوو. لە تەمەنی 19 ساڵان دا چوو بۆ ئەسینا و لە ئاکادیمیای ئەفلاتوون بۆ ماوەی ساڵێک فەلسەفەی خوێند. دواتر لە شارەکانی کولوفن و موتیلنێ و لامپساکوس دەستی کرد بە وانە گوتنەوە. دواتر بۆ خۆی قوتابخانەیەکی بە نێوی "ئێپیکوریزم" یان لاینەگرانی جوانی و چێژ دامەزراند.

دوای ماوەیەک باغێکی دەوروبەری ئەسینای کرد بە ناوەندی پەرەپێدانی بڕواکانی و بۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ بوو.

ورده ورده لایەنگرەکانی ئێپیکور زۆر بوون و بۆخۆشی بە ناوبانگێکی مەزن گەیشت و دوای مردنیشی رێبازە فەلسەفییەکەی بووە جێی سەرنجی زۆر کەس.

ئێپیکور گەلێ بابەت و نامیلکەی نوسی کە بێجگەلە چەند نامیلکەیەک شتێکی وا لەبەر دەست نییە.

ئێپیکور لەگەڵ سیاسەت نێوانێکی ئەوتۆی نەبوو و ناتوانرێ ئەو وەک ئەرەستوو بە فەیلسوفێکی یاسادانەر لەقەڵەم بدرێ، هەروەها لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفە ئێپیکوریان لە ریزی یەکەم فەیلسوفانی ماتریالیزم داناوە.

ئێپیکور لە ساڵی 271 پێش زایین لە تەمەنی 71 ساڵی دا مرد..

***

## ئێپیکوریزم ، ئەخلاقی ئێپیکوری (Epikurische Ethik ,Epicurism)

ئێپیکوریزم: ناوی راهێنانەکانی ئێپیکور فەیلسوفی یۆنانی کەونارا (341 – 271 پێش زایین) یە کە بە ئێپیکوریزم ناسراوە. لە رۆژئاوادا **لوکێرز** و **هوراز** و لە ئێران فەیلسوفی بلیمەت و زانا **خەیامی نەیشابوری** لە نوێنەرانی ئەم قوتابخانە هزرییەن.

لە رۆم و لە درێژەی توند و تیژییەکانی کاتۆن (Catone) کە سانسۆرچییەکی دەمارگرژی پرسە ئایینیەکان بوو کولتوور و هزری یۆنانی لە دنیای رۆمیدا بە خێرایی سانسۆر دەکرا. هەر ئەو کاتە گشت رێچارە هزرییە یۆنانییەکان بە مەترسی دادەنران و بۆ پاراستنی حکومەت پێشی پێ دەگیرا. ئێپیکۆریزمیش هەر لەو سەردەمەدا وەک ئایینێک دەناسرا کە بانگەوازی بۆ لاوازکردنی ئەخلاقی سوننەتی دەکرد.

قوتابخانەی ئێپیکۆر ئاماژە بەوە دەکا کە ناسین و سروشت و شتەکان لە خۆیاندا بێناوەرۆک و بێبایەخن، بەواتایەکی تر ئەم چەمکانە لە خزمەتی هەست و درکی چێژوەرگرتن و رابواردن (یان بەژان)ی مرۆڤ دان. ئەو هەستانەی دوا تاقیکار و پێوەری چاکە و خراپەن. تاکە مەبەستی سروشتی مرۆڤ بۆ دابینکردنی بەختەوەری و گەیشتن بەو حاڵەتەیە کە شادی و چێژ گەرەنتی بکا. بەو واتایە کە بە یارمەتی ئاوەز چێژ ئەوپەڕی ژیانی مرۆڤییە. بە هەبوونی ئاوەز هاوئاهەنگی و هارمونی لە مرۆڤدا مسۆگەر دەبێ. بێخەمی و هێمنی حاڵەتێکی تایبەتی ئەو مرۆڤە ژیرەیە کە دەتوانێ مەیل و هەوەسەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکا. مرۆڤێکی ژیر کە بۆخۆی خودایەکە لە نێو مرۆڤەکاندا. رزگاربوونی مرۆڤ لە سامناکیی ئایین و ئایین زا و خۆرافە و ترس، لە پێش مەرجەکانی بەختەوەریین. ئەخلاقی ئێپیکوری پێی وایە کە مرۆڤ نابێ بەدوای هەر چەشنە خۆشی و مەیلێکەوە بێ، یان بیەوێ گشت ژانەکانی دابمرکێنێ. دەبێ خۆی لە خۆشیی کاتی و سوک و چروک ببوێرێ تا بە خۆشییە مەزنەکان بگا، شادییە رۆحیەکان مەزنترینی خۆشییەکانن. مرۆڤی ژیر بۆ ئەوەی بتوانێ بە قۆناغی "خەمڕەوێنی" یان "هێمنی" بگا دەبێ خۆی لە گیروداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لا بدا. حکومەت هەر ئەم ئەرکەی لە سەر شانە کە ئاسایشی کۆمەڵگا بپارێزێ و عەداڵەت دابین بکا. تەنیا بە سزادان بە سەر خەڵکی ئاساییدا حکومەت دەکرێ.

دۆستایەتی و ئەشق کردن بە هاوچەشن و هەروەها رێزگرتن لە خەڵکی هەژار لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانە هزرییەن.

***

فەرهەنگی فەلسەفە (6):

## ئێرلانگێر شولێ، قوتابخانەی ئێرلانگێن

لە دەیەی شەستی زایینیدا پەول لۆرێنزێن قوتابخانەیەکی فەلسەفی دامەزراند کە مەبەستەکەی گەیشتن بوو بە پێکهاتەی لۆژیکی و زانستیی گشتگیر و بێ پارادۆکس بۆ گشت لقە زانستیەکان. لەم قوتابخانەیەدا هەموو خوێندکاران (لە زانینگەی ئێرلانگێن و زانینگەی کۆنستانتێز و چەند زانینگەیەکی دیکەی ئالمان) بەشداربیان کرد.

"فرێدریش کامبارتێل، یورگێن میتێل شتراوس، ئۆسوالْد شومێر" لە نوێنەرە بەرچاوەکانی ئەم قوتابخانەیەن.

ئێرلانگێر شولێ لە رووی تیوریکەوە پشت ئەستورە بە کارەکانی لۆرەنزێن سەبارەت بە بنچینەکانی بیرکاری. (Einfuhrung in die operative Logik und Mathematik ،1955) ، هەروەها ئەم گروپە کەڵکیان لە ئامرازە زمانییە دیاریکراوەکان وەرگرت بۆ تاقیکاری و قبوڵکردنی گوزارە زانستییەکان .

بەم پێیە بۆچونەکانی لودویگ ڤیتگنێشتاین کە جیاوازیی نێوان زمان و راستەقینەی بە مەحاڵ زانیوە، دەورێکی گرینگ لەم قوتابخانەیە دەگێڕێ کە لە چاکسازی کۆنستێروکتیڤیستیی زانست لە رێگەی زمانەوە بە کارایی دەگا.

***

## ئیرادە، خواست

یۆنانی: boulesis, prohairesis ,orexis

ئینگلیزی: will ئاڵمانی: Wille فەرانسەیی: volonté

توانستی زەینی و هزریی کەسێکە بۆ دەستنیشانکردن و بەڕێوەبردنی کردە و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی خۆی.

ئیرادە چەمکێکی سەربەخۆیە لە غەریزە و لە بەرامبەریدا رادەوەستێ.

لایەنگری و باگراوەندە تاکییەکان دەورێکی گرینگ لە ئیرادەدا دەگێڕن. زانیاری و ژیری، دەبنە هۆی کاریگەریگەربوونی ئیرادە. ئەوشتەی کە تاک ئیرادەی دەکا و دەیهەوێ ئەنجامی بدا، دەبێ بە پێی زانیاریی خۆی لێکی بداتەوە و پێشتر بە شێوەیەکی ژیرانە هەڵیسەنگێنێ. راستی و بە برشتبوونی کردەیەک کە ژێدەر و گەشەکردنەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئیرادە، بە پێی بنەما ئەخلاقی و مافییەکان بڕیاری لەسەر دەدرێ.

کەسی ئەکتیڤ ئەگەر بە شێوەی نائەقڵانی کەڵک لە ئیرادەی خۆی وەربگرێ واتە یاسا و ئەخلاق پێشێل بکا، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە سەرکۆنە و لۆمە بکرێ یان سزا بدرێ.

ئەوەی کە ئایا ئیرادەی ئازاد (بە واتا بەرفرەهەکەی) هەیە یان نا، تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر روانگەی ئێمە.

لە سەدەکانی ناڤیندا ئیرادەی خوایی - یان بە رەها دادەنا، بەڵام دیکارت ئیرادەی مرۆڤیی بە بێکۆتا و بەهێزترین دەزانی. هابس پێی وابوو کە ئیرادە ئەو هاندەر و لایەنگرییانەیە کە هەڵگری هەستی ئەکتیڤی - ن. رۆسۆ بۆ تیۆریی رێککەوتنەکانی خۆی ئاماژەی بە ئیرادەی گشتی کرد. کانت ئیرادەی نایابی لە بەرامبەر چەمکی ئیختیاری ئاسایی دانا و خستییە ژێر دەسەڵاتی یاساکانی ئاوەزی نایاب و هەروەها لە سەر ئەو رایە بوو کە بەتاڵە لە هەر چەشنە لایەنگرییەک. شوپنهاور ئیرادەی بە بنچینەی گەوهەری جیهانیی دانا. بۆ نیچە بەکارهێنانی ئیرادە بە واتای خواست و هەوڵی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

رایل لە تیۆریی خۆی و لە چوارچێوەی لێکدانەوەی زمانیی دا رەخنەی لە چەمکی ئیرادە گرت و پێیوایە کە شتێکی بێ مانایە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە (8):

# ئەخلاق (Moral , Ethik)

**مارکس** هەمیشە ئەخلاقی وەک بابەتێکی ئایدیالۆژیک دەخستە پاڵ بابەتگەلێکی وەک ماف و فەلسەفە و ئایین و لێی دەدوا. ئەو وەکو **هیگل** بە پێچەوانەی **کانت**، گرینگبوونی هەرچەشنە باسوخواسێکی سەبارەت بە باڵادەستیی مێژوویی ئەخلاق یان گریمانەی فەلسەفیی باروودۆخی سەربەخۆ لە ئەخلاق (و لە ئاکامدا گریمانەی کامڵبوونی تایبەتی دیاردە ئەخلاقییەکان)ی رەت دەکردەوە. ئەو پێیوایە مێژووی مرۆڤ تا بە ئێستا بەئاراستەی خراپە و کۆیلەکردن و دژەوستان بووە و هەڵەیە ئەگەر ئەخلاق (بە شێوەی سوسیالیستە یۆتۆپییەکان) بکەین بە وێنایەک لە بە ئاسمانی بوونی رۆحی مرۆڤی، بەڵکو دەبێ بە دەرەنجامی هەوڵگەلێکی کەم تا زۆر شێلگیر و سیستماتیکی دابنێین بۆ پاساودانەوەی باروودۆخی نامرۆڤیی.

بە بۆچوونی مارکس، هێگل بە هێنانە ئارای چەمکی **Sittlichkeit** بە واتای ژیانی ئەخلاقی، بە باشی سەلماندی کە دوان لە ئەخلاقی دابڕاو و سەربەخۆ لە باسی **دەوڵەت** بێ ناوەرۆکە، چونکە ئێمە بابەتی ئەخلاقی یان ئەرکی ئەخلاقی **Sittlich** کە سەربەخۆ بێ لە بابەتی یاسایی و مافی **Rechtlich** ئاراستە ناکەین و باسکردن لە یاساش بە ناچار ئێمە بەرەو دوان لە دەوڵەت و بەرفرەهیی سیاسی راکێش دەکا. هیگل لە بڕگەی 268- ی **فەلسەفەی ماف** نیشانیدا کە روتێکردنی ئەخلاقی یان **Gesinnung**، هەمان بەڵێنی سیاسییە و لە سیاسەتدا بە واتای وڵاتپەرەست – ییە. خودی مارکسیش لە تیزەکەیدا نووسی کە **بابەتی ئەخلاقی ئێمە بەرەو لای بابەتی دەوڵەت راکێش دەکا**. ئەو لە دەستنوسەکانی 1844- یشدا ئابووریی وەک **زانستی ئەخلاقی راستەقینە و ئەخلاقیترینی زانستەکان** ناساند. لە شوێنێکی دیکەی ئەم دەقەدا نووسی کە ئەخلاق وەکو زانست و هونەر و هتد تەنیا و تەنیا لایەنی تایبەتی بەرهەمهێنانە کە ئەمیش پەیوەستە بە یاسایەکی گشتی. بە سەرنجدان بەم خاڵانە لە **بنەماڵەی پیرۆز**دا نوسی :

**قازانج ئەو دادوەرییەیە کە ئابووریی سیاسی سەبارەت بە ئەخلاقی مرۆڤ ئاراستەی دەکا و ئەخلاق دەتوانێ دژەوەستانی سەرمایە و هەژاری بکات بە دژەوەستانی چاکە و خراپە**. پاڵەوانی ئەخلاق ئەو کەسەیە کە توانیویەتی ببێتە ملیۆنێر. پاڵەوانی سەردەمای نوێ خوێنمژێکە کە خوێنمژیی وەک ئەخلاق دەنوێنێ. دوای مارکس **گرامشی** راشکاوانە لەو خاڵە دوا: **لە بەربەرەکانێی چینایەتیدا سەرکەوتن تاکە بنچینەی ئەخلاقییە**. مارکس لە یەکەم لاپەڕەی **ئایدیالۆژیای ئاڵمانی**دا لەوە دوا کە دەبێ بەرهەمهێنانی بیر و باوەڕەکان بە هاوپەیوەند و لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە مادی و بەرهەمهێنانەکانی نێوان مرۆڤەکان بزانین. پەیوەندییە هزرییەکان و بەرهەمهێنانی هزریی کە پێگەکەی لە زمانی سیاسی و ماف و ئەخلاق و ئایین و میتافیزیک و هتد دایە لە پەیوەندییە مادی و راستەقینەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

**ئایدیالۆژیای ئاڵمانی** ی لە دوو سۆنگەی جیاوازەوە ئەخلاقی ئاراستە کرد:

1. ئەخلاق وەکو هۆکارێک بۆ پێشەڤبردنی چالاکی و کردەی مرۆڤی دەجوڵێتەوە. توخمەی هاوڕێی تاکی بۆرژوا، پەیوەستە بە باروودۆخی گشتیی ئەو کە بۆ نمونە لە ماف و سیاسەتدا دەردەکەوێ: ئەخلاق لەو دامەزراوانەیە کە لە فۆرمی بۆرژوایی خۆیاندا مەرجەکانی بۆرژوابوونی بۆرژوان... ئەخلاقی بۆرژوایی یەکێکە لە فۆرمە گشتییەکانی دەرخەری ئەم پەیوەندییەی بۆرژوا لەگەڵ هەلومەرجی بوونی ئەو.
2. ئەخلاق لە پلەی تیۆرێکی نایاب دا دەرەنجامی دابەشکرانی کاری کۆمەڵایەتییە. لە **سەرمایە** دا هەر بەم شێوەیە پەیوەندیی سیاسەت لەگەڵ ئەخلاق و ئەخلاقی سودوسەلەم خواردن ئاراستە کرا.

ئەنگێلس لە **ئانتی دورینگ** دا باسی ئەخلاقی داهاتوو، ئەخلاقی راستەقینەی مرۆڤی کرد. بەڵام زاراوەی ئەخلاقی کۆمۆنیستی ی بەکار نەهێنا. ئەو ئەخلاقی داهاتوو – ی لەگەڵ دۆخە مێژووییەکانی **ئەخلاقی فیودالی – مەسیحی** و ئەخلاقی بۆرژوایی مۆدێرن بەراورد کرد. ئەو چەمکە ئەخلاقییەی کە ئەنگێلس هێنایە ئاراوە هیچ چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ باسەکانی مارکس سەبارەت بەم بابەتە نییە. ئەنگێلس لە سەرچاوەی **بنەماڵە، مڵکایەتیی تایبەتی و دەوڵەت** – یش دا باسی ئەم خاڵەی کرد کە لە داهاتوودا تاکهاوسەریی هەڵدەوەشێتەوە و ئەخلاقی ئەشق و ئەخلاقی جنسی دەگۆڕدرێن و پەیوەندیی ئاشقانە زاڵ دەبێ و... .

***

## ئەخلاقی دو جۆری (Doppelte Moral)

جیاوازی دانان لە نێوان چاوەڕوانییە ئەخلاقییەکان بۆ خود (شەخسی خود، گروپی خود،...) و دیتران.
چەمکی ئەخلاقی مۆراڵ (وەکو ستانداردی دوجۆری) ، لە نڤیسارە فەلسەفییەکاندا زیاتر ئاماژە دەکا بە هەڵسوکەوتی جیاوازی حکومەتەکان یان دەزگا ئیدارییەکان کە بە پێچەوانەی راسپاردنی خەڵک یان لێیان چاوەڕوان دەکرێ دەجوڵێتەوە.
بە پێی رای تاقمێک لە لێکۆڵەرەوان مێژووی هاتنەئارای ئەو هەڵوێستگرتنە ئەخلاقییەی لە سەر دابەشکردنی خۆمانە و ناخۆمانە داڕێژراوە، دەگەڕێتەوە سەر مێژووی دەسەڵات و هێزی سیاسی - کۆمەڵاتی. واتە ئەخلاقی مۆراڵ و جێگیربوونی دەسەڵات یەک بنچینەیان هەیە و پێکەوە هاتوونەتە ئاراوە.
نمونەیەکی ئاشکرای دوو جۆریی نێو حوکمە ئەخلاقییەکان پەیوەندیی ژن و مێردایەتییە: لە حاڵێکدا وا چاوەڕوان دەکرێ هەردوو لا لە باری جنسییەوە بە یەکتری وەفادار بن، بەڵام زیاتر چاوپۆشی و لێبوردن لە هەڵەی جنسیی پیاو دەکرێ.
فریدریش نیچە بەدوای رەخنەی توند لە دوو جۆری یان دوو ستانداردیی بنەما ئەخلاقییەکاندا، بوو بە نەیاری گشت پێوەر و رادە ئەخلاقییەکانی سەردەمای خۆی.
تەنیا کەتێ دەتوانین بە سەر بایەخدانانی دوجۆریی و لاگرانەدا زاڵ بین و لە دیلیی ئەخلاقی دوو جۆری رزگار بین کە بنەما ئەخلاقی و مرۆڤییەکان رۆبچنە نێو قوڵایی نەستکردی تاک و کۆمەڵ و ببنە خاوەنی هەقیقەتێکی ئاشکرا، ئەم رۆنانەش بە پشتبەستن بە مۆدێرن ڕاهێنانی دەرونزانی و دەرون شیکاری ئەنجام دەدرێ، بابەتێکی کە مەزنبوونی گرینگیی پەروەردەکردنی خود و هەروەها فێرکردن و بارهێنان ئاشکرا دەکا و رادەسپێرێ.

***

فەرهەنگی فەلسەفە (10):

## ئەخلاق لە چینی کەونارا، ئەخلاقی چینی (Chinese ethics, chinesische Ethik)

کۆی تێگەیشتن و ئەو ئاراستە ئەخلاقیانەی وڵاتی چین، کە بەر لە هاتن و زاڵبوونی ئایینی بودایی ڕۆژەڤی ژیانینئەوێ بوون و دەتوانین بە سێ قۆناغی دابەش بکەین:

1. کۆنفوسیونیزم،

بە پێی پەروەردەکانی کۆنفوسیوس Kong zi (551 – 479 پێش زایین) و گرینگترین نوێنەرەکانی واتە Meng zi (372 – 289 پێش زایین) و Xun zi (325 – 238 پێش لە زایین) دارێژرا: دەبێ بە یارمەتیی دوو شت دنیا بگۆڕین و چاکی بکەین: بنەما ئەخلاقییەکان و سەرۆکێکی شایان.

کۆنفوسیوس سەرنج بە رێبەری ئەخلاقیی دەدا، رێبەرێک کە مرۆڤێکی تەواو و سەرە و لە گەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەر و مرۆڤانە هەڵسوکەوت دەکا. مرۆڤەکان بۆ گەشەی خۆیان دەبێ گەلێ تایبەتمەندیی وەک وەفاداری، ئەرکناسی، مرۆڤایەتی و چاکە پرۆڤە بکەن و فێری ببن. لە کۆمەڵگای یۆتۆپیایی ئەودا مرۆڤی دەسەڵاتدار کەسێکە بە بەرزترین ئاستەکانی مەزنی و ئەخلاقی گەیشتبێ. هەڵبەت کۆنفوسیوس پێیوابووە کە خراپە بە تەواوی لەناو ناچێ و تەنیا دەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ. ئەم کۆنترۆڵکردنە بە هۆی سزا و یاساوە وەگەڕ دەکەوێ خراپە بەرتەسک ناکاتەوە، بەڵکوو لە رێی تێگەیاندن و گفتوگۆکردنەوە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش توانایی زۆر و بەهێزی ئەخلاق و بنەما ئەخلاقییەکان نیشان دەدا، کومونیستە چینییەکان کۆنفوسیوسیان لە بەر لایەنگریکردنی تۆخ لە حکومەتی تاکی بە یەکێ لە گرینگترین هۆیەکانی دواکەوتوویی سیاسی، ئابووری و زانستیی ئەم وڵاتە لەقەڵەم دا. ناوەندی هزریی کۆنفوسیوس لە ژاپۆن و تایوان و وڵاتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاشدا دەبیندرێ.

2. دایوییزم Daoism یا daojia (پێشتر بە ناوی تایوییزم ناسراوە). بە پێی راهێنانەکانی لائوتسێە Lao zi لە سەدەی شەشەمی پێش زایین.

نوێنەری بەرچاوی ئەم قوتابخانە هزرییە نێوی Zhuang zi (289-369 پێش زایین) بوو. دائۆ بە واتای رێ و هەروەها بنەمای میتافیزیکی داهێنان و خۆگرتنی هەمیشەیی جیهانە. دائۆئیستەکان پێیان وایە هەموو شتێک لە سروشتدا تەواو و کامڵە، تەنانەت ئەگەر لە هەمان حاڵیشدا بگۆڕدرێ. مرۆڤ لە زۆر بابەتدا بەو ئارمانج و مەبەستە سەرەڕۆیانەی کە هەیەتی لە بەرامبەر ئەم سیستمە سروشتییەدا رادەوەستێ.

دائۆئیزم بۆ دەستنیشانکردنی کردەی دروست، شێلگیرانە لەگەڵ خۆبەزلزانی و سەرەڕۆیی و توندوتیژی دژایەتی دەکا. لە گەڵ هێز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە دوو شێوە هەڵسوکەوت دەکا: جەمسەرێکی رووەو ئانارشیستیە و هەموو چەشنە حکومەتێک (بە واتای گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتیی یان سەرەتا) رەت دەکاتەوە و جەمسەرەکەی دیکەی لە بەرامبەر هەبوونی حاکمێکی پیرۆزدا بەشێوەی دڵخواز لایەنی خۆی هەڵدەبژێرێ (کە هاوشێوەیە لەگەڵ وێنە کۆنفوسیوسییەکان) واتە ئەو کەسەی کۆمەڵگای رێبەری کردووە و تا ئەو جێیەی بۆی کراوە دەست لە کاروباری ئیداری وەرنادا. دائۆئیزم لە رەهەندی کۆمەڵایەتدی خۆیدا نزا لە نایەکسانییەکان دەکا و دەخوازێ جیاوازیی نێوان دەسترۆیشتوو و دەستکورت نەمێنێ، لەم نێوەندەدا بە هۆی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ خۆی رەخنە لە زۆربەی دەستکەوتە کولتورییەکانیش دەگرێ. بە پێی دائۆئیزمی ئایینزایی (daojiao) بۆ گەیشتن بە هەرمانی دەبێ پرۆڤە بە رۆح و جەستە بکرێ. کەڵک وەرگرتن لە دەرمانە گیاییەکان و خواردنی تایبەتیش رادەسپێردرێ.

بەختەوەریی تاکی لە رێی رێکخستنی لەگەڵ سروشتی ناخ و دەرەوەی مرۆڤ بەدەست دێ. شایانی گوتنە کە دائۆئیزم سەرنجی زۆری بە وەرزشە رەزمییەکان داوە. شێوازەکانی بەرگریکردن لە خود وەکو جۆدۆ، تای چی، کۆنگ فۆ، خاوەنی بنەمای هزریی دائۆئیستیین. لە دائۆئیزمدا ئایینزا و فەلسەفە لە یەکتر جیا نەکراونەتەوە و بەم جۆرە ناتوانین باسی فەلسەفەی دائۆئیزم بکەین. لە کاتی شۆڕشی کولتووریی چین لە ساڵەکانی 1976، DN 1966 گوشار خرایە سەر دائۆئیزم و غەدری زۆری پێکرا.

3. یاسا خوازیی کە Shyng Yang (390 – 338 پێش زایین) و Han Fei (233-280 پێش زایین) لە نوێنەرانی بوون. چەمکی ناوەندیی لەو پرۆسە هزرییەدا کە راستەوخۆ لە دەزگای حکومەت و بەرپرسەکانی وڵات سەرچاوەی دەگرت بریتییە لە ماف. وەبەرچاوگرتنی گشت یاساکان لە رێی بەڕێوەبردنی زۆرینەی سزاکان. تەنانەت بۆ بچوکترین تاوان تەوەری هەوڵەکانی ئەم رەوتە دەست نیشان دەکا و دەیگێڕێتەوە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە (11):

# ئەخلاقی پزیشکی

پیشەی پزیشکی هەر لە سەردەمای کەوناراوە تا بە ئێستا رێکخرانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. کارکردی ئەم رێکخراوە پیشەییە بەر لە هەموو شتێک ئەوە بووە کە نەهێڵێ کەڵکی نابەجێ لە توانایی و تێکنیکی پزیشکی وەربگیرێ. پزیشک لە پەنای پەرستار، دادوەر، مامۆستا، ئایینی، رێبەر و لێپرسراوانی کۆمەڵگا، خاوەنی ئەخلاقی پیشەیی تایبەت بە خۆیەتی.

ئەخلاقی پزیشکی لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤی دا هەڵگری بنەمای ئەخلاقیی ناسراو و باوەڕپێکراوە کە چوارچێوەی خەسڵەت و پراکتیکیی بۆ پزیشک و پەرستار، سیستمی دەرمان، توێژەر و بەرهەمهێنەری دەرمان، نەخۆش، بیمە، داڕێژەری یاسا و تەنانەت خودی نەخۆش دەستنیشان دەکا. واتە ئەخلاقی پزیشکی هەر تەنیا پەیوەندی بە سوبژەکانەوە نییە و دامەزراوەکانیش وەخۆ دەگرێ.

ئەخلاقی پزیشکی بەشێکە لە ئەخلاقی پیشەیی و بەشێکە لە ئەخلاقی بەکارهاتن. ئەم ئەخلاقە ساخڵەمیی مرۆڤی بە باڵاترین بنەما دەزانێ و پێی وایە کە پزیشک و پەرستار دەبێ لە خزمەتی دابینکردنی سڵامەتی و چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی ژانی نەخۆش بێ.

یەکێتی جیهانیی پزیشکان ئەرکی ئەخلاقی و پیشەیی پزیشکیان (لە ساڵی 1948) بە نوسینەوە و داڕشتنەوەی سوێندنامەی ئەفلاتوون (نزیک بە 300 ساڵ پێش زایین) دیاریی کردووە.

بەردی بناغە و بنچینەی تەواوی بنەماکانی ئەخلاقی پزیشکی بە رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی و ئەشق بە ئەویتر پێکدێ.

پزیشکیی واتە خزمەت بە ژیان و پزیشک واتە پارێزەری ژیان.

پزیشک لە گشت قۆناغەکانی پێشگرتن و دەرمان و بوژاندنەوەدا ئەرکی دیاریکراو و تەواوی لە سەر شانە. نەخۆش جەستەیەک یان ئۆبژەیەک نییە کە کارکردی ناتەواو و نەخۆشی بێ: نەخۆش تاکێکی مرۆڤی، تاکانە جەستەی رۆحی زیندوو، سوبژەیەکە لە بەرامبەر مافەکاندا کە پێویستە خزمەتگوزاریی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ.

ئەگەر هاودەنگ لە گەڵ رێکخراوی جیهانیی تەندروستی (WHO) بمانەوێ مەبەستی پزیشکی بۆ دابینکردنی ساخڵەمیی جەستەیی و گیانی و کۆمەڵایەتی جەماوەر پێناسە بکەین لە رووی تیۆریکەوە توشی خەسار دەبین. لەم روانگەیەدا توخمەیەکە لە پاوانخوازیی شاراوە. لەبەر ئەوەی بەشێکی بچوک لە کۆمەڵگا ئیزن و ئەو مافە بە خۆی دەدا کە بۆ گشت کۆمەڵگا بڕیار بدا. پەیوەندیی نەخۆش و پزیشک دەبێ پەیوەندییەکی مرۆڤی بێ نەک ماشێنی. ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەیە. نەخۆش دەبێ متمانە بە پزیشک بکا. بەڵام نابێ پێیوابێ ئەو رزگاریدەر و هەموو شتزان و خاوەنی توانایی میتافیزیکییە. پزیشکێش دەبێ ئەخلاقی پیشەیی خۆی لەبەر چاو بێ. بەداخەوە بەشێک لە پزیشکەکان ئەم بنەمایانە فەرامۆش دەکەن و لە راستیدا بەم کارە لە هەمان کاتی شکاندنی پەیمان و ئەخلاقی پیشەیی، مرۆڤایەتی خۆیان لە کیسداوە. چەند نمونەیەکی زۆر سامناک و کەسەربار: تاقیکردنەوە لە سەر دیلی سیاسی و دیلی شەڕ (لە ئاڵمانی هیتلێری و ژاپۆن)، کەڵک وەرگرتنی خراپ لە دروونزانی (لە یەکێتی سۆڤییەت پێشوو و ئەمریکا)، شکەنجەی زیندانییەکان و بڕینی دەست و لاق و دەرهێنانی چاوی تاوانباران.

یەکێک لە کارە جیدییەکانی ئەخلاقی پزیشکی دۆزینەوەی وەڵامی بەرپرسانەیە سەبارەت بە سەرەتا و کۆتایی ژیانی تاک. لێرەدا دوو روانگەی رادیکاڵ و لە هەمان حاڵیشدا سادە و ئاسایی هەن: لە لایەکەوە راکردن لە ئەخلاق و لە لایەکی دیکەوە پێداگرییەکی مکانیکییانەیە لە سەر پەیمانە ئەخلاقییەکان. لێرەدا خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە بڕیاردانی ئەوتۆ هەر تەنیا لە ئەستۆی ئەخلاق و

فەلسەفەی ئەخلاق نییە بەڵکوو مافەکان و باقی لقە زانستیەکان (بەتایبەتی زانستی بنەڕەتی و زانستی کۆمەڵایەتی – سیاسی) بە یارمەتی یەکتر دەتوانن چوارچێوەی بڕیاردان دابڕێژن.
هەروەها ئەگەرچی دەسپێک و کۆتایی تەمەنی مرۆڤ ڕەوتێکی ئاساییە بەڵام نابێ بە بابەتێکی "سروشتی" و بەڕێکەوت دابنرێ. زگپڕبوون و منداڵبوون پەیوەندیی هەیە بە بڕیاری دایک و باوکەوە. مردنی هەر تاکێکی مرۆڤیش دەگەڕێتەوە سەر ئاستی گەشەی زانستی تێکنیکی و چۆنییەتی ڕێکخرانی کۆمەڵگای مسۆگەرە.
ئ – ڕێزگرتنی تەواو لە ژیان و پێشگرتن لە زەبرلێدان لە ئەویتر.
ب – ڕێزگرتن و پێشێل نەکردنی ئازادی، مافی بڕیاردان و ئۆتۆنۆمیی مرۆڤەکان.
ج – سەربەخۆیی پیشەیی پزیشک لە هەمبەر فەرمانی حکومەتی و سەرنجە سیاسی و ئابوورییەکان.
لەم چواچێوەیەدا بڕیارە دەستنیشانکراوەکان لە هەلومەرجی دیاریکراودا بە چەشنێکی جیاواز ئاراستە دەکرێن و بەدواداچونیان لە سەر ئەنجام دەدرێ.
دەبێ داکۆکی لە سەر ئەوە بکرێتەوە کە پەیوەندیی پزیشک و نەخۆش پێگەیەکی تایبەتی هەیە. نەخۆش دەبێ روونکرابێتەوە و ئاگاداری نەخۆشییەکەی و ڕێگاکانی چارەسەربوونی هەبێ. چاکبونەوە ڕەوتێکە کە تێیدا پزیشک و نەخۆش هاوکاریی یەکتر دەکەن.
بە پێشکەوتنی بەرچاوی پزیشکی و پەیوەندکردنی ئەندامەکانی جەستە لەو پرسانەن کە ئەخلاقی پزیشکی سەرنجی تایبەتیی پێداوە. دژواریی پەیوەندکردنی ئەندامەکانی جەستە زیاتر پەیوەندیی هەیە بە سیستمی پاراستنی جەستەوە نەک گرفتی نەشتەرگەریی بێهۆشی.
هەروەها دۆزینەوەی ئەو ئەندامانەی بۆ پەیوەندکردن دەبن لەو کێشە سەرەکیانەن. ئەمڕۆکە زۆربەی ئەو ئەندامانەی بۆ پەیوەندکردن دەبن لە مردووەکانەوە دابین دەکرێن. بەم پێیە دەبێ ئەمە بپرسین کە چ کات کەسێک مردووە. بە پێی ڕای فەرمی و پەسندکراوی گشتی کاتی مەرگ لەگەڵ وەستانی حەتمی مێشک دەستنیشان دەکرێ (کە هیچ پەیوەندییەکی بە کارابوونی سیستمی هەناسە و گەڕیانی خوێنەوە نییە). بۆ ئەوەی هیچ ئەگەرێک نەمێنێ دەبێ کاتی مەرگ لە لایان ئەو دوو پزیشکەوە دەیاری بکرێ کە بە هێچ چەشنێ لە پەیوەندیی کردنی ئەندامدا بەشدار نین. بەشێک لە وڵاتان بە بیانووی نەبوونی نارەزایەتی ئەم کارە ئەنجام دەدەن: ئەگەر نارەزایەتی نەبێ ڕێککەوتن لە ئارادایە. هەڵبەت وا باشترە کە پێش ئەوەی کەسەکە بمرێ ڕەزامەندیی وەربگیرێ و یان خزمانی پلەیەکی ئەو کەسە ئیزنی پێویست بدەن.
بابەتێکی گرینگی دیکە ئاتانازی (Euthanasie) یان مردنی بێ ژانە، واتە کوشتن و مراندنی کەسێک، بە چەشنێ کە ئەم کارە بە ئاراستەی بەرژەوەندی و هۆگرییەکانی هەمان کەس بێ. ئەم چەمکە دەبێ لە "یارمەتیدان بە مەرگ" جیا بکرێتەوە.
یارمەتیدان بە مەرگ لە هەلومەرجێک دا دێتە ئاراوە کە کەسەکە خەریکە بمرێ، بەڵام مەرگی بێ ژان واتە، تاک بە پێی هەڵبژاردنی ژیرانە و خواستی خۆی مەرگ قبووڵ دەکا. بەم جۆرە لە مەرگی بێژاندا ئەو کەسەی گیان دەبەخشێ هێشتا ئاقڵ و وشیارە و دەتوانێ بڕیار بدا. مەرگی بێ ژان ڕەنگە بە چەشنێکی ئەکتیف یان پەسیف ئەنجام بدرێ (کوشتن و یان لە کاتی ئاویلکەدا بەجێهێشتن)، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی ڕاستەوخۆ یان ناڕستەوخۆیە.
لە دیدی ئەخلاقییەوە ستاندنی ژیانی خود یان ئەویتر هەرچۆنێک بێ بە دڵنیاییەوە یاساغە و قەت شایانی پشتگیریکردن نییە. لە ناوبردنی بوونەوەرانی "بێ بایەخ" و یان ئەوانەی هیچ هیوایەک بۆ چاکبوونەوەیان نییە دژی پرەنسیپەکانی ئەخلاقی پزیشکییە و لە گەڵ بنچینەکانی مافی مرۆڤ ناکۆکە. ئەخلاقی پزیشکیی بە پشت بەستن بە ئەزموون و پەروەدە ئەخلاقییەکان کە دەگەڕێنەوە سەر مێژووی کۆن و پڕ هەوراز و نشێوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هیچ کات ناتوانێ و نابێ

کۆنتاکتە پراگماتیستییەکان لە گەڵ ژیان قبووڵ بکا و ڕێ بۆ دەستێوەردانی بەرژەوەندخوازان خۆش بکا.
ئەوەی کە هێچ دەرمانێک بۆ ڕزگارکردنی نەخۆشێک نییە و ئەو نەخۆشەش خوازیاری مردنە، هیچ کات نابێ بە واتای بەڕێوەبردنی خواستی ئەو بۆ کوشتن بێ یان یارمەتی بە مەرگی ئەو. ئەگەر لەو ڕێگەپێدانە چاوپۆشی بکرێ بە تەواوی دەبێتە دژایەتی کردن لەگەڵ ئەخلاقی مرۆڤی و دەرەنجامی مەترسیدار و وێرانگەرانەی دەبێ (و واتاکەی تەنیا ڕەتکردنەوەی ئەخلاقە).
لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا نابێ چاوەڕوانی وامان لە پزیشک هەبێ کە بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێ بە پێچەوانەی ئیرادەی نەخۆشەکە هەوڵ بدا نەخۆش زیندوو بمێنێ. جاری وایە برک و ژانی نەخۆش بە چەشنێکە کە پێویستیی بە دەرمانی دژە ژانی بەهێز هەیە. بەڵام هەر ئەم دەرمانانە دەتوانن تەمەنی نەخۆش کەم بکەنەوە. کارێکی ئەوتۆ لە بەراورد لەگەڵ ئەرکی پزیشک درک ناکرێ، چونکە دامرکاندنی ژانی نەخۆشیش لە ئەرکە گرینگەکانی پزیشکە و هەرچۆنێ بێ دەبێ پزیشک و هاوکارەکانی لە رووی پزیشکی و ئەخلاقییەوە هەڵیسەنگێنن. هەڵبەت تا ئەو جێیەی دەکرێ لەگەڵ خودی نەخۆش و خزمانی نەخۆشیش ڕاوێژ بکرێ.

***

## ئەخلاقی ریواقی، ریواقیان و ئەخلاق

قوتابخانەی ریواقییەکان کاریگەرترین هەڵوێستی ئەخلاقی – فەلسەفییە لە سەردەمای کەوناراوە تا بە ئێستا. سەردەمای گەشە و برشتی قوتابخانەی ناوبراو پێنج سەدەی خایاند: **لە سەردەمی روخانی قەڕاڵی ئەسکەندەرەوە تا دەگاتە کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی.**

روانگەی فەلسەفی – ئەخلاقیی ریواقییەکان لە رووی زەمانییەوە بە سێ قۆناغ دابەش دەکرێ:

**قۆناغی کۆن**، بە سیمای کەسانێکی وەک زنون و Kleanthes و Chrysipp .

**قۆناغی ناڤین**، بە نوێنەرایەتی Panaitos و Poseidonios .

**قۆناغی نوێ**، بە دەرکەوتنی کەسانێکی وەک سێنکا، ئێپیکتێت، مارک ئاورێل و Musonius.

دوای روخانی شاری پۆلیس لە یۆنان، بۆ یەکەم جار سەرنجی تایبەتی درا بە ئەخلاقی جیهانگیر و لە قەڕاڵی رۆمدا بوو بە ئەندێشەیەکی زاڵ. هەروەها دنیای مەسیحیی وەخۆی گرت و لە سەردەمای رۆشنگەریی ئەورووپادا وەک جێنشینی ئایینی مەسیحی لە لایەن **مونتان** و **رۆسۆ** هاتە ئاراوە.

فەلسەفەی ئەخلاقی ریواقییەکان کە لە روانگەی **ویلهۆلم دیلتای** ەوە (فەیلسوفی ئاڵمانیی مێژووی فەلسەفە) بەهێزترین فەلسەفەی ئەخلاقە بە درێژایی مێژوو، نەیتوانیوە لایەنی ئایینزایی و خوداناسی بەخۆوە بگرێ و ژیرانە (بە واتا کانتییەکەی) نییە. لە روانگەی **یونیوێرسالیستی** ریواقیانەوە دنیا لە سیستمی جوان و ژیرانەیدا، سەرترین واتا و خودی خودایە. بنەمای هاوشێوە و گەوهەری خودایی زیندووان و ئاگری ژیان بەخشە. رۆح ، ئاگر یان ئەقڵی جیهانی، بەشێوەی بازنەیی لە نێو دیاردەکان و بەشە جۆراوجۆرەکانی بووندا دەرکەوتووە، دواتر دەگەڕێتەوە لای خۆی (Palingenesis). ئەم ئاگرە بە دەرکەوتن لە شتەکاندا چییەتی دەستنیشان دەکا وفۆڕمیان پێدەدا هەتا لە رووەکەکان دا بە تایبەتمەندیی رسکان و شین کردن، لە ئاژەڵەکاندا وەک جوڵاندن و دامرکاندن و لە مرۆڤەکاندا بە فۆڕمی رۆحی زیندوو و هەستکرد دەربکەوێ.

دنیا وەک حکومەتێکی جیهانی وێنا دەکرێ کە تێیدا هەموو شتێک پلە و ئاستی بۆ دیاری و پۆلینبەندیی کراوە. مرۆڤەکان هاوولاتیانی ئەم حکومەتە جیهانییەن و دەتوانن هەبن هەتا ئەو جێیەی لە رووی هەستکرد و ئیختیارەوە رێز لە یاسا سروشتییەکان بگرن و خزمەت بکەن.

ئەخلاق و بایەخە ئەخلاقییەکان وەک کردە و ئاکاری مەبەستدار و ژیرانە وێنا دەکرێن کە لەگەڵ سروشتی خاوەن یاسادا دەگونجێن. ئەم گونجانە مەرجی پێویست و تەواوە بۆ بەختەوەربوونی مرۆڤ. چارەڕەشی (ئانتی تێزی بەختەوەری) کاتێکە کە مرۆڤ تەسلیمی سەرەڕۆیی و گەمژەیی و رابواردنی حەیوانی بێت. دەتوانین ئایدیالی ئەخلاقی ریواقییەکان و تایبەتمەندیی بەرچاوی حیکمەتی ئەوان لە چەمکی سارد بوون و متبوون و هەوەس مردووییدا دەرببڕین کە ئارامبوونەوەی رۆح و نەبوونی مەیل و خواست دەگەیەنێ و هەڵبەت بە واتای بێدەنگیی خەساو نییە، بەڵکوو کۆنترۆڵکردنی چالاکیی هەستەکان و دابینکردنی خواستە ئەقڵانییەکانە.

**ئێپیکۆر** بە ئاراستەکردنی چەمکی بێخەم بوون، وەک رکەبەر لە بەرامبەر ریواقیاندا رادەوەستێ: ئێپیکۆر پێیوایە دنیا هەر رووداوێکی ئەتۆمیستییە و مرۆڤ بۆ ژیانی داخراو و شەخسیی هەرمانی خۆی بانگهێشت دەکا، ریواقییەکان مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە سروشتییە ژیرانەکان بانگ دەکەن. ئەوان بۆ مرۆڤ پێگەیەکی نەگۆڕ لە دنیادا دیاری دەکەن و بۆ یەکەم جار

لە مێژووی فەلسەفەدا، پێداگرن لە سەر توخمی ئەرک. بە پێی ڕاهێنانە ڕیواقییەکان مەبەست، لە گەیشتن بە هارمۆنی دەروونی و پێگەیشتنی تاکی دایە کە تەنیا بە ژیانی گشتی و بە هاوڕێیەتی لەگەڵ دیتران دەکرێ و مسۆگەر دەبێ. بنەماکانی ئاراستەکراو لە لایەن ڕیواقییەکانەوە هەروا شایانی سەرنجن و لە فەلسەفەی ئەخلاقدا بە شانازی و ڕێزی زۆرەوە باسی ڕیواقییەکان و ڕوانگەی ئەخلاقیی ئەوان دەکرێ:

یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا، پێشێل نەکردنی مافی تایبەتیی منداڵان، یەکسانی مافی کۆیلە و چەوسێنەر، دەوڵەمەند و هەژار، هاوڵاتی و بێگانە، وەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە کاتی کارکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری....

لە ڕاهێنانە ڕیواقییەکاندا هاوڵاتی لە سەر شانییەتی چالاکانە بەشداری کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی بێ. یاسا سەلمێندراوەکان (کۆمەڵایەتی و داڕێژراو) دەبێ لەگەڵ یاسا هەمیشەییەکانی سروشتدا بگونجێن. لەم قوتابخانە فەلسەفییەدا مافی مرۆڤ بۆ یەکەمجار لە کولتووری ڕۆژئاوادا و بە شێوەی پۆرفێشیناڵ و گشتگیر فۆرمولە کراوە.

***

## ئەخلاقی ژینەوەرانە (bioethics ,Bioethik)

تێکنۆلۆژیی ژینەوەرانە و ژێنێتیکی کە خاوەنی توانستی زۆر پێشکەوتووەی رووڵەگەشەیە، چۆتە ریزی پیشەکارییە کلیلییەکان و رۆڵێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەی لە گۆڕانکاریی و پێشکەوتنە پزیشکییەکاندا هەیە کە تەواوی بوارەکانی پێشگرتن و دەستنیشانکردن و دەرماندا دەگرێتەوە.

ئەخلاقی ژینەوەرانە بەشێکە لە ئەخلاقی پراکتیکی کە لە نۆرم و بایەخە ئەخلاقییەکانی پەیوەندیدار بە هەر چەشنە گۆڕین و یان دەستوەردان لە ژیان (مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەک) دەکۆڵێتەوە.

ئەخلاقی ژینەوەرانە هەوڵ دەدا پردێک لە نێوان زانستە مرۆڤی و زانستە سروشتییەکان (ئەزموونی) هەڵبەستێ و هەڵگری ئەخلاقی پزیشکی، ئەخلاقی پەیوەندیدار بە ئاژەڵ و رووەک و ئەخلاقی ژینەوەرانەیە.

لەدایکبوون، مردن، لەباربردنی منداڵ، دروستکردنی هاوشێوە، گۆڕینی ژێنیتیکی، نەزۆک کردن، ئاتانازیا، پەیوەندی ئەندامی جەستە، تاقیکاری لە سەر مرۆڤ و ئاژەڵەکان،..... لەو بابەتە گرینگانەن کە لە هەرێمی ئەخلاقی ژینەوەرانەدا دەکەونە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

باسە ئاراستەکراوەکانی ئەم خانەیە بەتەواوی نوێن و هەر بە فۆرمول و راهێنانە نەریتییەکانی ئەخلاق وەڵام بدرێنەوە. بە سەرنجدان بە گرینگیی ئەم باسانە و ئەو کاریگەرییە بەرفرەهەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەیانە، دەبێ ئەخلاقی ژینەوەرانە بە گفتوگۆیەکی سیاسی بزانین کە تەنیا لە رای گشتیدا مانای هەیە: ئەخلاقی ژینەوەرانە روبەروبوونەوەی رەخنەییە لەگەڵ رەهەندە ئەخلاقییەکانی زانستی ئەزمونیی نێو کۆمەڵ.

بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئەخلاقییەکان، رێچارەی ئەخلاقی هەن. ئەم رێچارانە بە پێی کۆمەڵێک مێتۆد دێنە ئاراوە. پێکهاتەی ئەم میتۆدانە لە نیو چوارچێوە تایبەتەکاندا دەستنیشان دەکرێن. خاڵی ناوەندیی گفتوگۆ و پرسی سەرەکیی چالاکان و پسپۆڕانی بابەتە ئەخلاقییەکان، لێکۆڵینەوە و گۆڕینەوەی بیروڕایە سەبارەت بە هەر کام لەم پێکهاتە و مێتۆدانە. لەم پەیوەندییەدا بیروڕای جۆراوجۆر ئاراستە کراون: تیۆری رێککەوتنی کۆمەڵایەتی، کانتیانیزم، مارکسیزم، مافی سروشتی، ئەخلاقی ئایینی، پلۆرالیزمی لیبراڵی، هێرمۆنۆتیک، فێنۆمێنۆلۆژی، تیۆری سیستمەکان، کۆنستێرۆکتیڤیزم، پۆزەتیڤیزم، پراگماتیزم، ئیگزیستەنسیالیزم،......

لە ئەخلاقی ژینەوەرانەدا دەتوانین یارمەتی لە گشت ئەم تیۆرانە وەربگرین، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هەر کام لە تیۆرە ناوبراوەکان بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئاڵۆزدا تەنیا بەشێک لە بابەتەکە روون دەکەنەوە. واتە سەرقاڵبوون بە تیۆرێک و سەرنج نەدان یان چاوپۆشیکردن لە باقی تیۆرەکان ناتوانێ هەڵوێستێکی بەکردەوەی شایانی بەرگریکردن و یان لە بنەڕەتدا بێبەری بێ لە کێشە و گرفت.

لە ئەخلاقی پراکتیکیدا تاقمێک لە نوسەران پێیان وایە کە دەبێ لە پێشدا تیۆرێکی سیستماتیک لەبەردەست دابێ و پاشان بەو یارمەتی تیۆرە بچین بۆ پێشوازیی کێشەکانەوە. (کە بە شێوازی top down ناسراوە).

زۆر نوسەری دیکە هەن کە دژی تێڕوانینێکی ئەوتۆن و لە داوەرییە ئەخلاقییە تایبەتەکان ئەویش بۆ بابەتی دەستنیشانکراو لایەنگریی دەکەن و بە پێی روبەڕووبونەوەی دیار و دواتر تەجرید، بە دەرەنجام و داوەریی ئەخلاقی دەگەن (شێوازی bottom – up).

دەتوانین لێکدراوێک لەم دوو شێوازە وێنا بکەین:

لێکدانەوەی دیاریکراو لە سەر دیاردەی دیاریکراو بە وەبەرچاوگرتنی تیۆرەکان و روانگە ئاراستەکراوەکانی نێو ئەخلاق (پەیوەندی چەند لایەنەی نێوان شێوازەکان). ئەخلاقی ژینەوەرانە خاوەنی بنەمای فەرمیی ناسراوە کە سەرنجی تەواو و بەرێوەبردنی تەواوی ئەو بنەمایانە دەبنە بنچینە و پێش مەرجی هەڵوێستگرتن و بڕیاردانەکان:

1. رێزگرتن لە خۆبەڕێوەبردن.
2. پاراستنی ساخڵەمی.
3. پێشگرتن لە خەسار.
4. سەقامگیرکردنی عەداڵەت (دابەشکردنی عادڵانەی قازانج و زیان)

هەر ئەم چوار توخمە دەستنیشانکارەش جاروبارە دەبنە هەڵخڕێنەری باسوخواس. جاری وایە بۆ دابینکردنی یەکیان دەبێ کەمتر سەرنج بەوی دیکە بدرێ و جاریواشە تەنانەت رەنگە هەڵبژاردن ئاسان نەبێ. هەرچۆنێ بێ رەوتی بەهێزی هەنوکەیی لە هەرێمی ئەخلاقی ژینەوەرانەدا بە ئاراستەی بەڵێن و پێشێلنەکردنی کۆنوانسیۆنی جیهانی مافی مرۆڤ، لە سەر بەڕێوەبردنی ئەم دوو بنەمایە پێداگریی تەواو دەکا:

1. رێزگرتنی تەواو لە توانا، بڕوا، تێگەیشتن و هەڵبژاردنی تاکیی.
2. ئامادەبوونی دڵخواز و ئازاد و هەستکردنەی تاک لە تەواوی قۆناغەکاندا.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (14):

# ئەخلاقی سیاسی (Political ethics)

ئەخلاقی سیاسی بەشێکە لە فەلسەفەی سیاسی.
بابەتە فەلسەفییەکان بریتین لە : دەسەڵاتی سیاسی، عەداڵەت و چۆنییەتی مسۆگەرکردنی، مافی هاووڵاتیان، مافی مرۆڤ، شەڕ، ئاشتی، ئازادی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.
ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و وەبەرچاوگرتن و پابەندبوون دوالێکدانەوەن بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت. واتە ناتوانین وابەستەبوونی سیاسەت بە ئەخلاق، بە بابەتێکی فۆرماڵ و ڕواڵەتی و دابڕاو دابنێین. چکۆلەترین مەبەستی سیاسەت بریتییە لە دابینکردن و پاراستن و گەرەنتیکردنی ئاشتی و هاوکاریی کۆمەڵایەتی.
بە پێی میتۆدەکانی کانت وێناکردنی سیاسەتی بە بێ ئەخلاق وێنایەکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی هەڵگری دژوازییەکی دەروونییە، هەروەها سیاسەتی بەدوور لە ئاوەزی پراکتیکی (ئەخلاق) بە هیچ چەشنێ نابێتە سیاسەت، بەڵکو بەربەرییەتە. هەڵبەت لەبیرمان نەچێ کە کێویلەترین و بەربەرترین سیاسەتەکانیش لە رووی ناچارییەوە ناتوانن بێبەری بن لە ئەخلاق.
ئەخلاق لە پێکهاتە و چییەتیی سیاسەتدا هەیە و لە خراپترین حاڵەتیدا هەڵگری حاڵەتێکی مەنگ و نەگۆڕە. پەیوەندیی سەرەکیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت ئەوە ناگەیەنێ کە سیاسەتە دژە ئەخلاقییەکان لەئارادا نەبن. دوابەدوای بەرفرەهبوونەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، وشیاری هاووڵاتییان و زێدەبوونی هەستیاری و خۆ ئەرکدارکردنی ئەوان و هەروەها ئەگەری بەڕێوەبردنی سیاسەتە دژە مرۆڤییەکان هەمیشە بە بێ سەرنجدان بە مافە سەرەتاییەکان بەرتەسک دەکرێتەوە.
تەنیا ڕێگەی ناسراو بۆ گەشەی ئەخلاقی سیاسەت مسۆگەرکردن و دابینکردنی دیموکراسی و پێکهێنانی دەسەڵاتی مافیی دیموکراتیکە.
ئەخلاق دیاردەیەکە لە ناخی سیاسەتە گشتییەیە دیموکراتیەکانەوە هەڵدەقوڵێ و دەپشکوێ.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (15):

## ئیندوکسیون: (induction ,Induktion)

شێوازی بەدەرەنجام گەیشتنی (زانستی، فەلسەفی)یە کە لە فۆرمولە دیاریکراو و جیاکانەوە یاسایەکی گشتی هەڵدەوێنجێ. بەو مەعریفە و یاسایەی لە رێگەی ئیندوکسیۆنەوە بەدەست دێت دەگوترێ مەعریفە و یاسای ئیندوکتیڤ، کە لە خزمەتی زانستە ئیندوکتیڤەکاندایە.
سۆقرات لەو کەسانەدایە کە بۆ یەکەمجار شێوازی ئیندوکتیڤی بەکارهێنا. بە بڕوای ئەو، "وشیاری"ی چەمکێکی گشتییە و "گشت" لە پێشدا لە رێگەی بەراوردکردنی پاژەکانەوە دەستنیشان دەکرێ. دیموکریت بناغەدانەری لۆژیکی ئیندوکتیڤە و پێیوایە کە لۆژیکی لێکچواندن و بەراوردکردن رۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە. ئەرەستو تێزەکانی سوقراتی سەبارەت بە حوکمە ئیندوکتیڤ و پێناسە گشتییەکانی قبووڵ کرد و ئیندوکتیڤی "کامڵ" و ئیندوکتیڤی "ناکامڵ"ی ئاراستە کرد. لە ئیندوکتیڤی "ناکامڵ" یان "ئیندوکتیڤ لە رێگەی ژماردنی سادە"دا زۆر حاڵەت هەن کە بۆ گەیشتن بە یاسایەکی گشتی کۆ دەبنەوە. یاسای گشتی هەڵگری ئەم حاڵەتە جۆراوجۆرانەیە.
نمونەیەکی باو:
"قورینگەکان گشتیان سپین".
ئەگەر قورینگێک بە رەنگێکی دیکە ببیندرێ، ئەم گریمانەیە پوچەڵ دەبێتەوە. ئیندوکتیڤی تەواو فۆڕمێکە لە بەراوردکردن کە تێیدا گشت حاڵەتەکان وەبەرچاو دەگیرێن، نێوی سیستمی ئیندوکتیڤی کامڵی ئەرەستو، "سولوژیسمی ئیندوکتیڤە". لەم سیستمەدا "چەشن"ێک وەبەرچاو دەگیرێ، بە جۆرێ کە پاژەکانی تایبەتمەندیی یەکسانیان هەبێ. بۆ نموونە لە بیرکاریدا بە سەلماندنی ئیندوکتیڤی کامڵ دەتوانرێ بە دروستی لە بابەتێک بگەین (تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی توخمەکانی پێکهێنەری کۆیەک). تێگەیشتنی ئەمڕۆژین لە ئیندوکتیڤ ئەمەیە کە دەتوانرێ لە پاژ-ەوە بە "گشت" بگەین. بە پێچەوانەوە لە شێوازی (deduction)دا لە گشتەوە دەگەین بە پاژ.
ئەم تێگەیشتنانەش هۆکارەکەیان دەگەڕێتەوە سەر راهێنانەکانی ئەرستو سەبارەت بەم بابەتە.
لە تێۆری زانستی و مەعریفەدا ئیندوکسیۆنی کامڵ کێشە ساز ناکا بەڵام ئیندوکسیۆنی ناکامڵ لە سەر جێمتمانە بوونی چەند پارچەگەلێک پێداگری دەکا کە هێشتا لە بواری زانست و زانستی ئێمەدا کامڵ نەبوون.
بۆ نموونە، چۆن دەبێ بزانین کە "قورینگەکان گشتیان سپین"، لە حاڵێکدا هەموو قورینگانی دنیا سەیر نەکراون (problem of induction).
 بە بۆچوونی هیوم، رەگی ئیندوکسیۆن لە دووپاتبوونەوەی دیاردە و عادەتە مرۆڤییەکان داهەیە. "پۆپێر" پێی وایە کە لە زانستدا پرسێک بە نێوی ئیندوکسیۆن بوونی نیە، لە بەر ئەوەی زانست تەنیا لە رێگەی deduction  بە زانین دەگا و لە رێگەی باتڵ کردن بە رەتکردنەوە.
گودمەن پرسی ئیندوکسیۆن بەرەو "هاوسەنگیی هزری" یان هاوسەنگیی رفلێکتیڤ راکێش دەکا و لێکدانەوەیەکی تەواو نوێ سەبارەت بە ئیندکسیۆن ئاراستە دەکا.(reflective equilibrium ).
بە کورتی بۆ تێگەیشتن لە شێوەی ئیندوکسیۆن ئاماژە بەم نمونانەی خوارەوە دەکەین:
دەرەنجام: ئەم باقلانە سپین.
حاڵەت: ئەم باقلانە هی ئەم تورەکەیەن.
یاسا: هەموو باقلاکانی نێو ئەم تورەکەیە سپین.

***

## سکۆلاستیک، سەردەمای سکۆلاستیک (Scholastik)

**سکۆلاستیک** لە وشەی (لاتینی scholasticus ) خوێندەوار وەرگیراوە.
زانستێکە کە لە خوێندنگەدا دەگوترێتەوە. چەمکێ بۆ کۆی دوکتوریەنە فەلسەفی و خواناسییەکانی رۆژئاوایە لە سەدەکانی ناڤیندا کە لە زانینگە و خوێندنگە کاتۆلییەکان دەگوترا وە.
سکۆلاستیک بە سێ قۆناغ دابەش کراوە:

**قۆناغی سەرەتا:** لە سەدەی نۆیەمەوە هەتا سەدەی دوازدەیەمی زایینی کە بە گشتی لە ژێر کاریگەریی سوننەتە نیوئەفلاتونییەکان دابوو. فەیلسوفە ناودارەکانی ئەم سەردەمە بریتین لە : **سکۆتوز** (Scotus)، **سەنت ڤیکتۆ، کەنتێربوری، ئەبێلرد.**

**قۆناغی دووەم:** سکۆلاستیک لە سەدەی سیزدەیەمی زایینییەوە پاش وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەرستو لە لایەن فەیلسوفە ئێرانی و عەرەبەکانەوە (بەتایبەتیی ئیبنی رۆشد) بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت. **"ئەلبێرتوس مەگنوس"** و خوێندکارەکەی **"ئاکویناس"** (**توماس فون ئاکوین**) رۆڵێکی گەورەیان لەم قۆناغەدا گێڕاوە. ئاکویناس بە هۆی سیستمی فەلسەفی – خواناسیی خۆیەوە بووە بواری یەکگرتنی فەلسەفەی ئەرەستو لە گەڵ تیۆرە مەسیحییەکانی رەخساند کە دواتر لە لایەن کەنیسەی کاتۆلیکەوە بڕەوی پەیدا کرد.
لە سەدەی چاردەیەمدا دەمارگرژی و جەخت خستنەسەر بیر و ڕاکانی ئەرەستوش کەم بۆوە و فەلسەفەی سروشتی و مەنتیق کەوتنە پراکتیکەوە. لە سەدەی پازدەیەمدا بیرۆکەی جیابوونەوە و کەرتبوون لە نێوان باڵە هزرییەکانی ئەو سەردەم هاتە ئاراوە: تومیستەکان و سکاتیستەکان ڕێی خۆیان جیا کردەوە. فەیلسوفانێکی وەک **"ویلهێلم فون ئوکهام"** بە توندی رەخنەیان لە فەلسەفەی ئەرەستو گرت. لە سەدەی حەڤدەیەم و سەردەمی رینیسانسدا زانستە سروشتییەکان گەشەیان کرد و هیومانیزم بوو بە تێڕوانینی باڵادەست و مشتومڕە تیۆری و پراکتیکییەکان بەرەو ئاقارێکی نوێ رۆیشتن.

**قۆناغی سێیەمی سکۆلاستیک:** هەڵگری رەوتی نیوتومیستەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەمی زایینی بوو.
لە سەرلەبەری قۆناغەکانی سکۆلاستیکدا بابەتی ناوەندیی ، مشتومڕەکانی نێوان بڕوای پشت ئەستور بە ئینجیل – بە نوێنەرایەتی کەنیسەی کاتولیک – و ئاوەزی مرۆڤی – بە نوێنەرایەتیی مەنتیق و بیرکاری و فەلسەفە -یە. سەردەمایەکی کە تایبەتمەندییەکەی تێکهەڵچونە توندەبوو لە گەڵ کەنیسەی کاتولیک و دواتر پاشەکشەی کورتخایەن و لە ئاکامدا کەنیسە لە نێو فەلسەفە و زانستە سروشتییەکاندا تواوە.

***

**فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 17:**

## ئەفسانە، ئوستورە (myth ,Mythos)

"میتوس" وشەیەکی یۆنانییە کە بە واتایەکی گشتی لەو دارشتنە چیرۆکییە دەدوێ کـە دەپەرژێتـە سەر خودا.
ئەفسانە لە بەرامبەر مەنتیق دا: چەمکەکان لە ئەفسانە دا شاراوەن (هیگل).
ئەفسـانە بـەر لـە هـەموو شـتێک دەگەڕێتـەوە سـەر خـۆی و لـە راسـتەقینە و ئـەزموون دابـڕاوە (شیلینگ)
ئەم شێوە تێڕوانینە واتە بڕوا بە جیابوونی ئەفسانە لـە راسـتەقینە، درککردنـی راسـت و تـەواوی ئەفسانە بە لاڕێ دادەبا. ئەفسانە دەربڕی جۆرێکە لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ راستەقینە. مرۆڤ لـە سـەردەمای بـەر لـە زانسـتدا مـەودای خـۆی لەگـەڵ راسـتەقینەی بـە هـۆی خـەیاڵکردن و خـەون و خولیاکان پڕ دەکردەوە. سیمبولەکان لە ئەفسانەدا بە پێچەوانەی ئایین توانیویانە گەشە بکەن و هێشتا نەکەوتوونەتـە نـاو دوگمییەکانـەوە. ئـایین سـیمبولەکان لەگـەڵ ئەوپـەڕی سروشـت و هەسـت و یـان راستەقینەیەک لەوپەڕی دنیای بوونـەوە پەیوەند دەدا. لـە هونـەردا سیمبول بـە واتـای گەڕاندنـەوەی راستەقینەی سەڵتە ئەویش بە فۆڕمێکی چڕ و تۆکمـەوە. بـە ئەفسـانەکردنی راسـتەقینەی هونـەری و زانستییەکان دەتوانێ بە واتای دەرکردنی مرۆڤ و جێنشێنکردنی سیمبولەکان لە جێگاکـەی دابـێ و لەم حاڵەتەدا تەنیا تۆتالیتاریزم و فاشیزمە کە سەرهەڵدەدا.
گێڕانەوە و چیرۆک و ئەفسـانە نیشـاندەری کۆنترین و یەکـەم ئـەزمون و هەسـتەکانی کۆمـەڵێکی ناسراوی مرۆڤین.
رۆشنگەری پەیوەندییەکی تێکهەڵکێشراوی لەگەڵ سڕینەوەی ئەفسانەدا هەیە:
چەمکگەلێکی وەک حکومەت، جەماوەر، سیاسەت،... لە لایەن هێزە دواکـەوتووەکان و نـەیاری رۆشـنگەری دەبـن بـە ئەفسـانە هـەتا لـە روانگـەی ئـاوەزی و لۆژیکییـەوە بـەدەر لـە تێگەیشـتن بـن. بەتایبەتی پەرەپێدەرانی ئایینی رۆشنگەریی ئـەرکێکی سـەخت و دژواریـان لـە سـەر شـانە، ئـەویش سڕینەوەی ئەفسانەیە لە مێژووی ئایین.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (18):

## ئیلهام (inspiration)

ئینسپیراسیۆن، وشەیەکی لاتینییە بە واتای هەناسە، هەناسەهەڵکێشان
لە چەمکی دەروونناسانەدا ئیلهام بە واتای وەبیرهێنانەوەی لە ناکاوی ئەو شتە دەروونیانەیە، بێ ئەوەی پەیوەندیی "راستەوخۆ"ی لەگەڵ ئاکار و رووداوە هەنوکەییەکان هەبێ، ئەمەش بەتایبەتی لە داهێنانە هونەرییەکاندا دەبیندرێ.
ئیلهام وەرگرتن، پەیوەندییەکە هەستەکی و نائیرادی کە لە ئاییندا تەنیا بەلایەنی میتافیزیکی سێپکولاتیڤ دەگا و بە "وەحی خودایی" یان گەیشتنی پەیامی خودایی دادەنێن (خواردنەوەی رۆحی خودایی لەوبەری سروشتەوە).
لە ئیلهامی راستەقینە (ریال)دا، ئاماژە بە هەوێنی دەروونی دەکرێ.
لە ئیلهامی زمانی (وێربال)دا، وشە ئاوابییەکانیش سەرەنجیان پێدەدرێ و کاریگەریی زمانی پراکتیکی بۆ دارشتن و سەرهەڵدانی دیاردە دێتە بەرباس.
ئیلهام، ئەو گەیشتنانەی ئەوپەری سروشتە کە بە شێوەی ئاسایی هاورێی وروژانە هەستەکییەکان بووە و رەنگە هەتا مەستی و شەیدابوون درێژەی هەبێ (ئیلهام لە عیرفاندا).

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (19):

## ئانترۆپۆزۆفی، حیكمەتی مرۆڤی (Anthroposophie)

لە زمانی یۆنانیدا ئانترۆپۆز بە واتای مرۆڤ و سوفیا بە واتای زانایی و حیكمەتە.
**ئانترۆپۆزۆفی** واتە **ناسینی زاتی مرۆڤی، حیكمەتی مرۆڤی**.
ئەم تیۆرە لە لایەن **رۆدۆلف شتاینێر** (Steiner) بە ئاراستەی **تیۆزۆفی** (حیكمەتی خودایی) ئاراستە كرا كە بەدوای (راهێنانی گەنجان) بە نهێنییەكان و یارمەتیدانی تێڕوانینی رۆحیی ئەوانە.
بە پێی روانگەی ئانترۆپۆزۆفی دنیاكانی باڵادەست راستەوخۆ درك دەكرێن (راست وەكو كارابوونی هەستەوەرەكان لەم دنیایەدا). شتەكانی مسۆگەری نێو دنیای مادی، رۆحی چڕبۆوە و تۆكمەكراون و هیچی تر. رەوان دەبێ وەك **Anima** و **Animus** درك بكرێ (ئەنالۆگ لەگەڵ **یین** و **یانگ** لە حیكمەتی چین دا).
مرۆڤ هەڵگری سێ لایەنە: **جەستە** و **رۆح** و **رەوان** – ە. رۆح لە یاسای (Rekanation) پەیڕەوی دەكا و بەدوای كارییگەرییەكان و ئەو دەرەنجامانەی كە لە ژیانی رابوردوودا هەیبووە دووپات دەبێتەوە. جەستە بە پێی یاسای میرات ە و رەوان خاوەنی رۆڵی چارەنووس سازە و بۆ بەدیهێنانی مەبەستەكان و واتادان بە ژیان تێدەكۆشێ.
رۆح پاش مردن تا ئەو كاتەی هۆگری بوونی فیزیكی بێ، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ رەوان دەپارێزێ. ئەركی ئانترۆپۆزۆفەكان پاراستن و پەروەردەكردنی توانستە رۆحییەكان (وەكوو وێناكردن، سروش، وشیاری، وشیاریی شهودی) و كامڵ بوونی رۆحی خۆیانە بۆ گەیشتن بە دنیای مەزنتر و بەرزتر.
ناوەندی ئانترۆپۆزۆفەكان لە ئەمریكا و ئەوروپادا، بەدوای برایەتی و هاوپشتییە لە ژیانی كۆمەڵایەتی ئەویش بە پشتبەستن بە رەوشت و ئایین كاران و بۆ ئەمەش جاروبارە لە پێوەرە فەلسەفییەكان كەڵك وەردەگرن.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (20):

## ئەزموون (Erfahrung ,Empiri)

کۆی راستەقینەکان و ئەو شتەی مرۆڤ بە شێوەی هەستکردانە لە خۆی و یان دنیای دەوروبەری ژیانی خۆیەوە پێیدەگا. لە فەلسەفەدا بۆ ئەوەی راستەقینە بناسرێ دەبێ پشت بە ئەزموون ببەسترێ. گەشت زانستەکان پەیوەستن بە ئەزموونەوە و دەبێ راستبوونی خۆیان لە ئەزموونەدا بسەلمێنن. لە لایەکی دیکەوە ناسین نابێ هەر لە ئاستی ئەزموونەدا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەی زانستی بەکار بێت دەبێ لە هزری مرۆڤیدا ئەزموونە جۆراوجۆرەکان رێکبخرێن و لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن و پاش پێکەوە گیرسانەوە و دابڕان لە پەیوەندییەکانیان، کارابوونی خۆیان نیشان بدەن و بەرەو کامڵتر بوون بچن.

بە پێی بۆچوونی **ویلهێلم دیلتای** (فەیلسوفی ئاڵمانی 1833 – 1919) گەشت زانستە مرۆڤییەکان زانستی ئەزموونیین. ژێدەر و جێمتمانەبوونی زانست یش دەروەستی هەلومەرجی زانیاریی ئێمەیە.

**کانت** لە (رەخنەی ئاوەزی ناپاب)دا لێکۆڵینەوە لە سەر چەمکی ئەزموون دەکا: ئەزموون یەکەم بەرهەمی هیزی درکی ئێمە و خاڵی دەستپێک و هەروەها رێکخەری رەوتی ناسینە. هەڵبەت، خودی ئەزموونیش بە هۆی کارایییە رۆحییەکانەوەیە کە جۆرێکی تایبەتیی لە درک دەکاتە پێشمەرجێکی پێویست، تێگەیشتنێک کە بە نۆبەی خۆی لە وابەستەبوون بە ئەزموون بەدی دێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (21):

**ئایدئالۆژی (ideology ,Ideologie)**

وشەی لێکدراوی Ideologie لە دوو وشەی یۆنانی idea و logos پێکهاتووە. یەکەمیان تا رادەیەك بە واتای ئەندێشە، و دووەمیان تا رادەیەك بە واتای بە ئاگابوون و زانابیە. مەبەستی یەکەم لە داهێنان و بەکارهێنانی ئەم وشەیە بریتییە لە روونکردنەوەی بوارێکی زانستیی نوێ کە بتوانێ سەرچاوەی ئەندێشەکان بدۆزێتەوەو لە هەنگاوی دواتردا بە تێڕوانینێکی مێژوویی بۆ کامڵبوونی واتاکان دێتە ئاراوە. فەیلسوفێکی فەرانسەیی بە ناوی "دستوت دوتراسی" بۆ یەکەم جار ئەم چەمکەی بەم مەبەستە و بە نێوی "زانستی بڕواکان" داڕشت، بەڵام بەم واتایە نەناسرا. لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا وشەی ئایدیالۆژی بە سووکایەتییەوە بەکار دەهێنرا و دەبینین کە تەنانەت ئایدیالۆژی ئاڵمانیش ئەم نیگاتیف بوون و سووکایەتی ئامێزبوونەی وەخۆگرتبوو. ئێستاش بۆ تاقمێك لە لیبراڵەکان وشەی "ئایدیالۆژی" واتایەکی نیگاتیڤی هەیە و بە نیشانەی بڕوا بە بیرورایە و راستەقینە پاش گوێ دەخا. ئەم لیبراڵانە پێیان سەختە کە قبوولّی بکەن و لیبرالیزمەکەی خۆشیان بێجگەلە ئایدیالۆژییەك چیتر نییە.

مارکس لە بەرهەمەکانیدا ئایدیالۆژی ئایدیالۆژیی بە سێ واتای جیاواز بەکارهێناوە:

1. بە واتای "وشیاریی درۆیین"، بابەتێکی درۆزنانەیە و بە جێی ئەوەی بێت لە راستەقینە تێبگا و پێناسەی بکا، ئاوەژوو کراوەکەی ئاراستە دەکا. ئەم واتایە لە ئایدیالۆژیی ئاڵمانیدا هاتووە. بە سەرنجدان بەوەی کە دەقی کتێبی ناوبراو لە دەیەی 1930 دا بڵاو بۆوە، یەکەم بەرە لە چالاکان و مارکسیستە روسییەکان لەگەڵ ئەم چەمکە ئاشنا نەبوون، مەگەر تاقمێك لە ژیرترینی ئەوان وەکو گیورگ لوکاچ و کارل کۆرش کە بە وردبوونەوە لە بوت ئاسابوونی کاڵاکان لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا ئەم لایەنە گرینگەی بەرهەمی مارکسیان پێشبینی کردبوو.

2. بە واتای سیستەمی ئەندێشەکان، بڕواکان و بڕوای کەم تا زۆر رێکوپێکی هەر کام لە چینەکانی کۆمەڵگا. ئەم واتایەی ئایدیالۆژی، بۆ چالاکانێکی وەکو **ئێدوارد بێرنێشتین** و **کارل کائۆتسکی** و **گیۆرگ پۆلخانۆف** و **ڤلادیمیر لنین** و **رێزا لوکزامبورگ** بە واتای تێگەیشتنی **مارکس** بوو لە ئایدیالۆژیی بەرباس. ئایدیالۆژی بەم واتایە (کە لە بەشێك لە نامەکانی مارکس و ئەنگلس و چەند نوسراوەیەکی بڵاونەکراوەی ئەواندا سەبارەت بە شۆڕشی 1848یشدا هاتووە) چینایەتییە و زیاتر وەك جیهان بینی Weltanschauung بەکار دێت. ئەندامێکی چینی دەسەڵاتدار لە سەر ئەم بڕوایەیە کە سیستەمی سەرمایەداریی ژیرانەترین شێوەی بەرهەمهێنانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کە دەتوانێ هەبێ و سیستەمێکە بەرهەق و عادیلانە و دابینکاری خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کە لە دڵی دا بوار گەلێك بۆ کەمکردنەوەی کەلەبەری چینایەتیش شاردراوەتەوە. ئەمە بڕوایەکە ئایدیالۆژیك. سەرنجدان بە سیستەمێکی رێکوپێك کە ئەم چەشنە بڕوایانە دادەڕێژێ و بواری بۆ دەرەخسێنێ بە دڵنیایی بواری تێگەیشتن لە دژوازییە ناوەکییەکانیش ئاراستە دەکا. بەڵام لێرەدا ئایدیالۆژی هەڵگری ئەو واتا سووکایەتی ئامێزە نییە کە لە زەینی ئێمەدا بە بیستنی "وشیاریی درۆیین" خۆ دەردەخا.

3. بە واتای سیستەمی جیهانی و گشتیی هێنانە ئارای بیروبڕوا و زانایی لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا. ئەم واتایەش کەمتاکورتێك لە بەرهەمەکانی مارکس و زیاتریش ئەنگلس دا ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر وردبینەوە دەزانین کە لەم واتایەشدا دەسەڵاتی بڕواکانی چینی دەسەڵاتدار دەدۆزرێتەوە.

له یەکەم لاپەڕەی پێشەکیی ئایدیالۆژیی ئاڵمانی دا مارکس سەرنجی بە ئایدیالۆژی وەك "**زانستی بڕواکان**" دا. ئەویش لەبەر ئەوەی نیشانی بدا کە رخنەی جیدیی لە سەری هەیە. ئەو باسەکەی ئاوا دەست پێکرد:

**"تا بە ئێستا مرۆڤەکان هەمیشە بڕوای ناڕاستیان سەبارەت بە خۆیان و ئەوەی کە چین و دەبێ چ بن پەروەردە کردووە. ئەوان پەیوەندیی خۆیان بە پێی بڕواکانی خۆیان سەبارەت بە خودا، مرۆڤی سروشتی و ئاسایی و شتی تر رێك خستووە".**

بەرهەمەکانی مێشکی ئەوان لە دەرەوەی بینینەکانی ئەوان دان. ئەوان کە بۆخۆیان داهێنەرانن لە بەرامبەر داهێنراوەکانی خۆیاندا چۆکیان داداوە. دواتر درێژەی پێداوە:

**"لێگەڕێ با ئێمە مرۆڤەکان لە دیلیی بڕوا و بڕیار و بوونەوەرە خەیاڵییەکان رزگار بکەین و دژ بەم حکومەتەی چەمکەکان شۆڕش بکەین".**

مارکس هێگلیە گەنجەکان ـ **لودڤیك فوێرباخ** و **ماکس ستاینێر**ی بە واتایەکی سووکایەتی ئامێز لە ئایدیالۆژی (ئایدیالۆگ) ناوی بردن و وشەی نامۆی ئایدیالۆژیستی یشی بەکار هێنا. ئەو لە دەقی ئایدیالۆژیی ئاڵمانیدا بە تەواوی هەوڵیدا ئەوە دەربخا کە ئەوان بوونەتە کۆیلەی بڕواکانی خۆیان.

هەروەها مارکس ناوی "**زمانی راستەقینەی ژیان**"ی لە سەر ئایدیالۆژی دانا .

تیۆری مارکس سەبارەت بە ئایدیالۆژی بە واتای **وشیاریی درۆیین** ئەوەی دەرخست کە لە هەر قۆناغێکی دیاریکراودا بڕوا زاڵەکان بڕواکانی چینی زاڵن و لە ئەنجامدا ئەم دەسەڵاتدارێتییە بسەلمێنن و لە سەر پێی رابگرن. لە ئایدیالۆژیی ئەڵمانیدا بەراوردکردنی ئایدیالۆژی لە گەڵ زانست و بەراوردکردنی لەگەڵ پرۆلّتاریا هاتە ئاراوە. بە بۆچوونی مارکس زانست ئەوەیە کە لە راستی نزیك بێتەوە و لە ئاکامدا نیشاندەری بەرژەوەندییە مێژوویی و ئیگزیستەنسیالیستیی پرۆلّتاریا بێ.

ئایدیالۆژیی سیستمی ئەو هزر و بڕوایانەیە کە بە شێوەی وشیارانە یان ناوشیارانە رەتیان بکاتەوە یان بیانشارێتەوە. بەم پێیە ئەم ئایدیالۆژییە "وشیاریی درۆیین"ە.

لە ئایدیالۆژیی ئاڵمانیدا دەخوێنینەوە:

**" ئەگەر لە سەرلەبەری ئایدیالۆژیدا مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان بە ئاوەژوو دەردەکەون بە جۆرێك کە دەڵێی لە camera obscura دا دەرکەوتوون راست لەوپەڕی مێژووی ژیانی ئەوانەوە بە دەست هاتووە. ئایدیالۆگەکان راستگۆ نین و ئەوە دەرناخەن کە بەرژەوەندی و داهاتووی مرۆڤ لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی پرۆلتاریا بۆنەتە یەك، ئەوان هەروا لە بەرژەوەندییەکانی چینێك بەرگری دەکەن کە بەرەو داڕمانە و دەبێتە هۆی قەیرانی کۆمەڵایەتی. ئایدیالۆژیی دەربڕی تێگەیشتنی بۆرژوازیی مێژووییە. ئایدیالۆگێك وەکو چینێك ئاماژە بە پرۆلتاریا ناکا بەڵکو وەکوو جەماوەرێك دەیبینێ".**

هەرچەند باسی مارکس سەبارەت بە ئایدیالۆژی رێخۆشکەرە بەڵام دەبێ ددان بەوە دابنرێ کە باسێکی پوختە و کامڵ نییە. لە ئایدیالۆژیی ئاڵمانی و باقی بەرهەمەکانی ئەودا ئەوە روون نابێتەوە کە ئایا گشت توخمەکانی وشیاریی بۆرژوازی درۆیین یان بەشێکیان وان. کەچی ئەم خاڵە تەنیا بە سەرنجدان بە درککردنێکی ئەرەستوویی و زۆر کۆن سەبارەت بە هەقیقەت دێتە ئاراوە.

**بابەتێکی راست** هەیە کە کرێکاران هەڵگری راستەقینەی مادی و تێگەیشتنی زانستیی لە مادەن.

**بابەتێکی درۆیین** هەیە کە دوژمنی چینی کرێکار لەپشتەوەیەتی .

لە روانگەی مارکسدا چینێکی کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بەدەستەوەیە داڕێژەری کولتووری کۆمەڵگایە ئەویش بە گشت ماناکانییەوە. ئەم روانگەیە وەبیرهێنەرەوەی بۆچوونی رۆشنگەرانەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی کەنیسە و زاڵبوونی زانایی و بڕوای ئایینی. خەڵك وەکوو هێزێکی خەساو و گەمژە دەناسرێن کە دەکرێ گەلێ بڕوایان بە سەردا بسەپێندرێ. مارکس وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە کە :

**چۆنه وا كەسێك له كاتی جووڵەی راستەقینه و ژیانی كارادا هەقیقەت نادۆزێتەوه، بەڵام كەسێكی دیكه نەتەنیا دەیدۆزێتەوه بەڵكوو فێریش دەبێ به شێوەی جۆراوجۆر بیدۆزیتەوه.**

لەم سەردەمانەدا دووچەشنه لایەنگریی سەرەكی بۆ ئایدیالۆژی هەیه:

1. تیۆری زانستی دێته جێگەی ئایدیالۆژی (كارل پوپێر، ئالتوسێر، هابرماس).
2. حاشاهەڵنەگربوونی ئایدیالۆژی وەك دیاردەیەكی زەینی (ئادۆرنۆ).

ئایدیالۆژی به واتا بێلایەنەكەی، دنیابینیی ئایینی و دوكتورینییه گروپییەكانه.

***

## ئانارشیزم (anarchism)

ئانارشی، وشەیەکی یۆنانیية، بە واتای نەبوونی رێبەرایەتی، بێ سەرۆکی.
ئانارشیزم، ئیدە و خواستی کۆمەڵگایەکی ئارمانجی و یۆتۆپیاییە کە تێیدا تەنیا ئیرادەی یەك بە یەکی تاکەکان بە فەرمی دەناسرێ و هیچ چەشنە نیازێك بە ئۆتۆریتە یان نەزمی حکومەتی و هێزی زنجیرەیی نییە. لە فەلسەفەی سەردەمای کەونارادا هزرە ئانارشیستییەکان بە شێوەی سەرەتایی و جیاواز لەئارادابوون (وەکو **دیوژێن** و لایەنگرانی رێبازی **cynic**).
لە سەردەما نوێیەکاندا، **ڤیلیام گۆدوین**، تیۆریسیەنی ئینگلیزی لە تیۆرە ئانارشیستییەکانی کۆڵیوەتەوە و لە کتێبی 1793 دا: Enquiry Concerning political justice and ist , influence on morals and happiness.
ئانارشیزم لە پلەی یەکەمدا رەخنەی رادیکاڵ بووە لە حکومەت و هۆکارە وجوودییەکەی و پێی وایە کە رێکخراوی سیاسیی کۆمەڵگایەك کە بەوەڕی بە هێزی ناوەندییە، واتاکەی گوشار و ستەمە بۆ سەر هەر کام لە تاکەکان بە شێوەی جیاجیا.
بە جێی حکومەت، دەوڵەت و لە بنەڕەتدا هەر چەشنە بەڕێوەبردنێکی ناوەندیی دەبێ بە دوای دامەزراندنی رێکخراوە خۆبەخشەکان و ئازادییەوە بێ، ئەمانیش دەرفەت بۆ هاوکاریی گەرموگوڕی یەك یەکی تاکەکەکان دەرەخسێنن.
لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا کە ئازادی و گەشەی تاکەکان تا چ رادەیەك لە گەڵ یەکتری دەگونجێن؟، ئانارشیستەکان لە سەر سروشتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و قبوڵکرانی ئازادانەی پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان پێداگریی دەکەن. دوایین ئامانجی ئانارشیزم هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی و سڕینەوەی ناوەندی دەسەڵاتە و خوازیاری پێکهاتنی کۆمەڵگایەکە کە لە رێگەی وەگەڕخستنی دەسەڵاتی گروپە ئازادەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، گروپ گەلێك کە بە تەواوی لە رووی مەیل و بە ئازادی پێکهاتوون و لە نێو فیدراسیۆنێکدا هاوکاریی یەکتری دەکەن.
ئانارشیستەکان لە پەنای مارکسیستەکاندا نەیاری شێلگیری ئابووریی ستەمکارانەی کاپیتالیستی بوون، بەڵام بەپێچەوانەی مارکسیستەکان دەسەڵاتی ناوەندیی بە ئامرازێکی نەگونجاو بۆ وەڕێخستنی شۆڕش و ئاڵوگۆڕ دەزانن.
ئاڵوگۆڕەکان دەبێ لە "**خوارەوە**" تەواوی بوون و جەستەی کۆمەڵگا بگرێتەوە و دەستی چینی زاڵ کورت بکاتەوە و لە سەر کاری لابات. رزگاربوون و ئازادیی تاکی بەو ئامرازانە دابین ناکرێن کە بۆ خۆیان دەورگێڕی بەدیلکردنی تاك ـ ن (کە بە واتای نەیاری ئیدەی دیکتاتۆڕیی پرۆلتاریاشە)ك ئازادیی راستەقینە تەنیا کاتێ لەئارادایە کە تاك لە ژیانی خۆیدا مافی بڕیاردانی هەبێ.
ئانارشیستەکان مارکسیزم و ئایدیالۆژیی مارکسیستی بە تۆتالیتێر دەزانن و لە بەرامبەریدا راوەستاون. پێداگریی ئانارشیزم لە سەر ئازادیی تاکی، وەك خاڵی دەسپێك و هەروەها ئامانج، بە واتای هاوبەشبوونی روانگەکانییەتی لەگەڵ لیبرالیزمدا. هەڵبەت، ئەوان بە پێچەوانەی لیبرالیزم، ئازادیی بە بابەتێکی تایبەتیی دانانێن و بە کردەیەکی سیاسیی گشتی دەزانن. ئانارشیستەکان بۆ ئەوەی لە مارکسیست و لیبرالیستەکان جیاواز بن، ناوی خۆیان ناوە "**سوسیالیستە ئازادیخوازەکان**" (لە بەرامبەر سوسیالیستەکانی تۆتالیتێر).
لە مشتومڕە سیاسی و نڤیسارە ژورنالیستییەکاندا، ئانارشیستەکان بە نهیلیست و تیرۆریست و تێکدەر ناودێر کراون کە هەڵەیەکی تا سەر ئێسکانە. ئانارشیستەکان قەت نەیاری نەزمی

کۆمەڵایەتیی نەبوون، ئەوان لە فۆرمێکی دیکەی کۆمەڵگادا بە دوای ئەم نەزمەدا دەگەڕێن (واتە کۆمەڵگایەکی بێ دەسەڵاتی ناوەندیی). ئانارشیستەکان بۆ شیکردنەوەی ئەم خراپ تێگەیشتنە ڕەشۆکییانەیە ئەم دروشم دەدەن:

**"یان ئانارشی یان بەرەڵڵایی! (واتە ئانارشی بە جێی بەرەڵڵایی!!)"**

تەنیا بە یەکگرتوویی ئازادانەی تاکەکانە کە نەزمی ڕاستەقینە دەردەکەوێ. ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی دەبێ بێ حکومەت و دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی کە بانگەشەی دەسەڵاتی سەرانسەری و جێگیری هەبێ، بەدی بێت.

ـ واتای ئانارشیزم بۆ یەکەم جار لە لایەن **پرەودۆن** (Proudon)، شۆڕشگێڕی فەرانسەییەوە بەکار هێنرا.

کەچی **ماك شتاینێر** (Stiner) فەیلسوفی ئەڵمانی، بە ئانارشیزمی گوت **بڕوا بە تاك** و لایەنگریی لێ دەکرد. پرەودۆن و بەدوای ئەویش دا **باکونین** (Bakunin) و **کرۆپۆتکین** (Kropotkin) شۆڕشگێڕانی ڕوس، لە سەر تایبەتمەندیی گشت خوازانەی مرۆڤیی پێداگریان کردووە.

پاش لە ناوچوونی حکومەت، تاکەکان یارمەتیی یەکتری دەکەن و لە فۆڕمی بەرهەمهێنەرە بچووکەکاندا (بە بۆچوونی پرەودۆن) و یان سندیکای کارکردن و کۆمۆنەکان (ڕوانگەی باکونین) و یان بە پێی هاوپشتیی سروشتی (ڕوانگەی کرۆپۆتکین)یەوە، نەزمی خواستی خۆیان دەخوڵقێنن. **پرەودۆن** دامەزرێنەری تەڤگەری ئانارشیستیی ئەم تێزەی ئاراستە کرد:

**"ملکایەتی و دارابوون، دزێتییە!"**

لە تەڤگەری سندیکالیستیی نێوەندی سەدەی نۆزدەیەم، لە فەرانسە و ئیسپانیادا ئانارشیستەکان لە بەرامبەر مارکسیستەکاندا ڕاوەستان و نەیاری بەئەندامبوونی کرێکاران لە حیزبی سیاسیدا بوون. بۆ ئەوان تەنیا ئەکسیۆنە دژە دەوڵەتییەکان گرینگ بوو و ڕەنگە هەر لە بەر ئەمەشە کە ئانارشیزمیان خستۆتە ڕیزی تیرۆر و تێکدەرییەوە. بزوتنەوەی ئانارکوسندیکالیستیی ئیسپانیا (دامەزران 1910)، لە یەکێتی (Confedracion Nacional del Trabajo)CNT، لە دەیەی سی زایینیدا نزیك بە حەوتسەد هەزار ئەندامی هەبوو و لە کاتی شەڕە ناوخۆییەکانی ئیسپانیادا چەند ناوچەیەکیان بەدەستەوە بوو.

لە ئەدەبیاتدا باسی جۆرە جیاوازەکانی ئانارشیزم کراوە:
ئانارشیزمی بڕوا بە تاك (ئیندیویدوئالیستی): **ماکس شتاینێر**.
ئانارشیزمی دوو جەمسەری (mutual): **پرەودۆن**.
ئانارشیزمی ئاشتی خوازانە (پاسیفیستی): **لیۆ تۆلستۆی**.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 23:

## ئیمپریالیزم، پاشایەتی (imperialism, Imperialismus)

**ئیمپریالیزم** لە ریشەی لاتینیی ئیمپێریوم (imperium)ەوە وەرگیراوە، بە واتای ئیمپراتوری.
ئیمپریالیزم چەمکێکە کە بەتایبەتی لە فەلسەفە، زاستە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا زیاترین بەکارهێنانی هەیە و نیشاندەری تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکانی دەسەڵاتێکی سیاسییە کە بە ئاشکرایی بە پێی پێناسەکەی بەرهەمی رەوتەکانی کامڵ بوون و مێژوویی نێو پێکهاتەی شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە.
لە وڵاتە پیشەکارییە پێشکەوتووەکانی قۆناغی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا رکەبەریی ئازاد لە بازاڕ سڕایەوە و **مونۆپۆلیزمی ئابووریی** زاڵ بوو. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان بە فۆرمی ئیمپریالیزمەوە هەنگاویان نایە نێو قۆناغێکی نوێوە.
تیۆرە مارکسیستییەکان زیاتر و بەر لە هەمووان و بە وردبینییەکی زۆرەوە پەرژاونەتە سەر بابەتی ئیمپریالیزم و لێکۆڵینەوەیان لە سەر کردووە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا مارکسیستەکان بە سەرنجدان بە رووداوگەلێکی مەزنی وەك **شۆڕشی ئۆکتۆبری روسییە** لە ساڵی 1917 و **وەگەڕکەوتنی سوسیالیزم** و **قەیرانی ئابووریی کاپیتالیزم** لە ساڵەکانی 1923 - 1932 و **شەڕی یەکەم** و دووەمی **جیهانی** و **هەڵوەشانەوەی سیستەمی داگیرکاریی** و هتد، وەك باڵاترین و دوایین قۆناغی سەرمایەداریی باسی ئیمپریالیزمیان کردووە و دەسپێکی لە ناوچوونی **کاپیتالیزمیان** راگەیاند. هەنگاونانی هەلومەرجی سەرمایەداریی بۆ قۆناغی ئیمپریالیستیی خۆی، ئاڵوگۆڕی مەزنی لەگەڵ خۆی هێنا کە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمی گرتەوە:
**هەوڵدان بۆ بەرفراوانبوونەوە، زێدەکردنی هەرچی زیاتری میلیتاریزم لە ناوەو دەرەوەی سنوورەکاندا، بەکارهێنانی خەستی زۆرەملی و توندوتیژیی بەرفرە لە فۆڕمی هەڵئایسانی ئاگری شەڕەکاندا، گوشار و دەستدرێژیی دڕندانە بۆ سەر مرۆڤەکان لە تەواوی گۆی ئەم زەوییەدا، دانانی لەمپەر بۆ لیبرالیزم و جێنشینکردنی دیکتاتۆڕیی و شۆڤێنیزم و نیۆکۆلۆنیالیزم.**

لە لایەکی دیکەوە، لە بەرامبەر ئەم خراپەکارییانەدا دەبینین کە بیچمگرتن و یەکدەست بوونی یەکێتیی شارۆمەندی و زێدەبوونی رێکخراوبوون لە دوو بەرەی **کار و سەرمایەدا** هاتە ئاراوە. هەروەها بە دوای بەرزبوونەوەی چۆنییەتی کارکردن و راهێنانی پیشەیی کرێکاران و ئەوانەی هەقدەست وەردەگرن، بەشێکی مەزنی چینی کرێکار لە ژیانی مادی و مەعنەویاندا تاڕادەیەك بەرەو باشی چوون و بە گەشەکردنی چینی مام ناوەند، شارۆمەندانێکی نوێ لە دایك بوون کە ئاستی وشیاری و هزریی بەرزتریان هەبوو و لە بەرامبەریشدا چاوەڕوانی و ویستەکانی ئەوانیش زیاتر لە جاران بوو. گۆڕانی سەرمایەداریی بۆ ئیمپریالیزم بووە هۆی چاوپێداخشاندنەوە بە سەر تاکتیك و ستراتیژییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی و پرسیاری نوێی خستە رۆژەڤی کارەکانییەوە. تیۆریسیەن گەلێکی مەزنی وەك **رۆزا لوکزامبورگ، ئیدوارد برێنشتاین، ئوتو باوئێر، کارل کائۆتسکی، هاینریش کونۆف**،... دیاردەی ئیمپریالیزمیان شرۆڤە کرد و لێکیانداوە کە شوێندانەرترینی ئەمانیش **ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین** بوو.

**لێنین** پێی وایە کە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کاپیتالیزم لە قۆناغی ئیمپریالیزم دا بریتییە لە:
1. چڕکردنەوەی بەرهەمهێنان و سەرمایە.
2. پێکەوەلکانی سەرمایەی بانکی لەگەڵ سەرمایەی پیشەکاری و دامەزراندنی سەرمایەی ماڵی.

3. هەناردەکردنی سەرمایە (بەجێی هەناردنی کاڵا لە قۆناغی پێشوودا)
4. خستنەسەر یەک و کەڵەکەکردنی سەرمایەکان و پێکهاتنی مۆنۆپۆلە ئابوورییەکان.
5. دوادابەشکردنی سەرانسەری گۆی زەوی.

ئێمپریالیزم بۆ لێنین بریتی بوو لە **کاپیتالیزمی مونۆپۆلیستی** و کرم ئاسا کە لە ناو دەچێ. راهێنانە دوگماتیکیە لێنینیەکان بوو بە بابەتی باسوخواسەکان و بنەمای هزرڤانە مارکسیستەکان و تەڤگەڕی جیهانیی کریکاریی کومونیستی و کۆمینتێرن. هەتا ئەوەی لە دەیەی شەستی زاییینیدا بە کامڵبوون و تا رادەیەك گەشەی سەرمایەداریی نێونەتەوەیی، هەلومەرجی حازر لە چاو بزووتنەوەی کرێکاریی کومونیستی بە چۆنایەتیەکی نوێ گەیشت، بە جۆرێ کە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کومونیستی یەکێتیی سۆڤیەت بە جێی ئەوەی لە سەر قەیرانە ئابوورییەکانی سیستمی سەرمایەداریی و تیۆری هەڵوەشاندنەوەی پێداگریی بکا، پاڵی داوە بە لایەنی پاوانخوزانەی سەرمایە دەوڵەتییەکانەوە. واتە ئەو شتەی کە تا ئەوکات بە پەڕاوێزیی دادەنرا، بوو بە تەوەری شرۆڤە و روانگەی مارکسیستەکان.
لە بەر هەمە نامارکسیستیەکانیش دا ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لە سەر چەمکی ئیمپریالیزم زۆر کەمتر دەبیندرێ، بەڵام یەکێ لە نمونەکانی، نڤیساری **مومسێن** (mommsen)ە لە ساڵی 1971 دا. ئەو، قۆناغە مێژووییەکانی سەرهەڵدان و گەشەی ئیمپریالیزم بەم شێوەیە دەستنیشان دەکا:

1. قۆناغی ئیمپریالیزمی کلاسیك لە ساڵی 1882ەوە هەتا 1918.
2. قۆناغی ئیمپریالیزمی شاراوە لە ساڵی 1919ەوە هەتا 1945.
3. قۆناغی پاش ئیمپریالیستی لە ساڵی 1945 ەوە تا دواتر.

**مومسێن** پێی وایە کە تا کاتێ "**دەسەڵاتتەوەری**"ی هەبێ ئیمپریالیزمیش بوونی دەبێ. مومسێن خواستەکان و ململانێ ئیمپریالیستییەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت و چین و وڵاتانی دیکەدا دەدیت.
لە ئەدەبیاتی سیاسی دا تایبەتمەندی و چۆنییەتیە بنەڕەتییەکانی ئیمپریالیزمی بە گشتی بەم جۆرە ئاراستە کراوە:
سەرۆکایەتی و دەسەڵاتخوازی ، توندوتیژیکردن، مەیل بۆ داگیرکردنی تەواوی گۆی زەوی.

**ئیمپریالیزمناسی** (ئیمپریالیستیك) زانستێکی تەواو نوێیە و تێدەکۆشێ لە ئیمپریالیزم بگا و مکانیزمەکان و هەلومەرج و چۆنییەتی لەئارادابوون و کاریگەرییەکانی ئیمپریالیزم لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 24:

## ئەلبێرتوس مەگنوس (Albertus Magnus)

ئەلبێرتوس مەگنوس: فەیلسوف و خوداناسی ناسراوی ئاڵمانی (1200 – 1280 زایینی) کە ناوە ڕاستەقینەکەی – Bolstaedt Albert Von ە و بە هۆی شارەزابوونی لە لقە جۆراوجۆرە زانستییەکانی سەردەمی خۆی، پێیان دەگوت دکتۆر یونیورسالیس. ئەلبێرتوس سەرنجی وردی بە دەسکەوتە زانستی و کولتورییەکانی نەوەی پاش خۆی دەدا و لە ڕێی ئاشناکردنی خوێندکاران بە فەلسەفەی کەونارا و فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی هیندی خزمەتێکی گەورەی بە گەشە و پوختەبوونی فەلسەفە کرد. ئەلبێر توس لە فەلسەفەی ئەرەستویی و تیۆرە مەسیحیەکان کە هاوبەشییان پێکەوە هەبوو تێدەگەیشت، بەڵام قەت دوو چەمکی ئاوەز و بڕوای ئایین زایی بریندار نەکرد و پێی وابوو کە ئەوانە لێک جیان. ئەو لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا لە سەر ڕۆڵی ئەزموون و بینین پێداگری دەکرد. بەرچاوترین قوتابی ئەو بەنێوی توماس فون ئاکوین (ئاکوبیناس) کاریگەریی زۆری لە سەر فەلسەفە هەبوو.

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (25):

## ئانترۆپۆمۆرفیزم (Anthropomorphism)

وشەی یۆنانی ئانترۆپۆمۆرفۆز بە واتای فۆرمی مرۆڤە. بینینی دنیای ئاژەڵ و زیندەوەرانە راست وەک مرۆڤ و دنیای مرۆڤی (لێکدانەوە). لەم شێوازەدا (کە هەڵبەت بەکارهێنانەکەی لە دیدی فەلسەفییەوە هەڵە و قەدەغەیە) خواست و تایبەتمەندیی و چۆنییەتی و بوونی مرۆڤ بۆ دنیای نامرۆڤی دەگوازێتەوە و بەم پێیە (گیا و ئاژەڵان) هەڵدەسەنگێنن (کە تەنیا سەرنج بە وەسفی شاعیرانە و جوانیناسییەکەی وەکو ئانالۆگێک دەدرێ، وەکو : ئاوازی ئاشقانەی مەل و ... . بەڵام لە لێکدانەوە زانستی و فەلسەفییەکاندا دەبێ هەستکردانە خۆی لێببوێردرێ.

***

## ئیستەتیك، جوانیناسیی(Aesthetics)

لە زمانی یۆنانیدا aistetike :بە واتای **هەست ـ بوون**ە.
**ئیستەتیك** بەش یان لقێك لە فەلسەفەیە كە دەپەرژێتە سەر ڕیفلێكسۆنی درككردنە هەستییەكان، واتە بە شێوەی نەریتی خۆی بە جوانی و بابەتی جوان لە سروشت و هونەردا خەریك دەكا. ئەم چەمكە بە گشتی ڕاهێنان و ناسینی جوانیی بووە و سەرنج دەدا بە وردەكاریی، فۆڕمی جوان، هارمۆنی، زەوق، زێدەكردنی شادمانی، نەرمونیانی، هەڵخڕێنەری پەژارە، خاوەن واتابوون و هتد و تایبەتمەندیی **هەست ـ دركردن**ی حازر یان هەڵقوڵاو لە گشت شت یان دیاردەیەك. ئیستەتیك بە چەندین جۆری جیاواز لەگەڵ ئەو زەمینەیەی لێی دەكۆڵێتەوە، پەیوەندیی هەیە: **ئیمپریك (ئەزموونی)، دەروونزانانە، فۆرماڵ، سپیكۆلاتیڤ، نۆرماتیڤ**. ئەم پێناسەیە بۆ مەبەستەكانی چاخی هەنوكەی ئێمە گەلێ بەرتەسك و دوگمە. یەكەم لێكۆڵینەوە ئیستەتیكییەكان لە ڕۆژئاوادا لە لایەن **ئەفلاتوون**ەوە ئەنجام درا. **فیساگۆرس** بەر لە **ئەفلاتوون** و **ئەرەستوو** پێیان وابوو كە هارمۆنیی یاسای بنەڕتیی جوانییە. دواتر بێجگەلە نێو ئەندێشەكانی **پلۆتین** (لە ژێر سەردێڕی جوانیی هارمۆنیكیی خودایی و ڕۆحێكی شاراوە لە شتەكاندا) سەرنجێك بە ئیستەتیك نەدرا و ئەم بێدەنگبوونە لە تەواوی سەدەكانی ناڤینیشدا درێژەی هەبوو. لە سەردەماكانی رینێسانسدا سەرنج بە ئیستەتیك درا. دەروونزانیی ئیستەتیكی لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم لە ئینگلستاندا سەری هەڵدا.

**شوڵتزێر** (Schulzer) لە ئیستەتیكی فۆڕمە جوانەكانی كۆڵییەوە. لەم قۆناغەدا زۆربەی شاعیران و بیرمەندان مەیلیان بۆ ئیستەتیك هەبوو: **وینكێلمەن(Winckelmann)** ، **لێسینگ (Lessing)، هێردێر(Herder)، كلۆپشتۆك .(Klopstock)** لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ئیستەتیكی میتافیزیكی پاش شوێنوەرگرتن لە ئایدیالیزمی ئاڵمانیی، بەوپەڕی خۆی گەیشت: **شێلینگ، هێگڵ، ڕۆمانتیستەكان، شوپنهاور**.

ئیستەتیكزانانی ئەم قۆناغە: **بۆ فێشنێر** (Fechner) و **زمیرمەن** (Zimmermann) كە لە لای ئەمانە ئیستەتیك زانستی فۆرمەكان بوو. **لیپس** (Lipps) ئیستەتیكی بە بەشێك لە دەروونزانیی دەبینی. **ڤۆڵكێت** (Volkelt) ئیستەتیكی بە پەیوەندییەكی هونەریی بە پێی چێژ دەزانی.

**ئەلێكساندر باومگارتێن** (1714 - 1762) فیلسوفی ئاڵمانی، ئەم ناوەی جوانیناسیی لە Aisthesisی یۆنانی بە واتای هەستەوەرەكان وەرگرتووە و خستوویەتە پاڵ ئەو شتەی فیلسوفەكانی پێشوو پێیان دەگوت تیۆری جوانی یان فەلسەفەی زەوق. باومگارتێن لەبەر ئەوە ناوی جوانیناسیی هەڵبژارد چونكە دەیویست لە سەر ئەزموونی هونەر وەك ئامراز و شێوەیەك بۆ مەعریفە پێداگریی بكا. گەلێ پرس سەبارەت بە هونەر تایبەت كراون یان دەگەڕێنەوە سەر سروشت كە گرینگترینیان ئەمانەن :
**كام یەك لەم پرسانە هی جوانیناسین و لە ڕێی كام تایبەتمەندییەوە ئەو پرسانە تایبەت كراون بە جوانیناسی؟**
به هەڵوەژاردنی پرسەكانی جوانیناسی، سێ چەشن یان ئاستی جیاواز لە پرسیارەكان دەستنیشان دەكرێن:

**یەکەم** ئەو پرسە رەخنەییانەی بەرهەمە هونەرییە تایبەتەکان وەسف و تەفسیر دەکەن یان دەینرخێنن.
**دووەم،** ئەو پرسە زۆر گشتیانەن کە لە لایەن تیۆریسیەنە ئەدەبی و مۆسیقی یان هونەریەکانەوە بۆ وەسفکردنی چەشنەکانی هونەر ئاراستەکراون: تراژیدی، فۆرمی سوناتا (مۆسیقا)، یان شێوەکاریی ئۆبستراکت .
**سێیەم** ئەو پرسیارانەن کە بە ئاسانی ناتوانرێ لە پرسیارە شاراوەکانی نێو پرسی دووەم جیابکرێنەوە. پرسیارگەلێکی وەك جوانیی چییە؟ ئایا هونەر تەنیا لاسایی کردنەوەیە؟ هونەر دەبێ پەیڕەویی لە ئەخلاق بکا؟ ئایا هونەر تەنیا لەبەر خۆی بوونی هەیە؟ ئایا خودی چەمکی تراژیدی و هونەر پێناسە دەکرێن؟ ئایا گرینگترین لایەنی هونەر فۆرمە؟ چییەتی ئەزموونی جوانیناسیی چییە؟
فیلسوفان تەنانەت ئەوانەی تەنانەت لەسەر شێوەی پێناسەی جوانیناسیی هاوڕا نین لانیکەم لە سەر ئەم بۆچوونە کۆکن کە ئەمانە چەند پرسیارێکن بابەتی سەرەکیی جوانیناسیی پێکدێنن. زۆربەی ئەو چالاکییانەی لە ژێر سەردێڕی جوانیناسیی ئەنجام دەدرێن دیارە کە دەرونزانین نەك فەلسەفی. بەم پێیە جوانیناسیی فەلسەفی یان لێکدانەوە دەبێ لەگەڵ جوانیناسیی دەرونزانیی یان زانستی جیابکرێنەوە. جوانیناسیی فەلسەفی دەپەرژێتە سەر واتا و هەلومەرجی دیاریکردنی راستیی و هەقیقەتی ئەو گوزارانەی سەبارەت بە هونەر و ئەزموونی جوانیناسین، ئەگەرچی هەر گوزارەیەك کە سەبارەت بە بەرهەمێکی هونەریی یان ئەزمونێکی جوانیناسیی ئاراستە کرابێت وانیە تەنیا تیۆری جوانیناسیی بێت. جوانیناسیی فەلسەفی ئەرکێکی لێکدانەوەیی بۆ خۆی قاییلە بە چەشنێ کە لە ئەرك و مێتۆدێکی ئەزموونی یان زانستی جیاکراوتەوە. لە لایەکی دیکەوە جوانیناسیی دەرونزایی بەم چەشنە پرسیارانەوە سەرقاڵە:
**چ هۆکارگەلێکی عیللی لە ئافراندنی هونەرمەندانەدا بەشدارن؟ جەماوەر چ جۆرە فۆڕم و رەنگێکیان پێ باش و خۆشە؟**
تاقمێك لە فیلسوفان پێیانوایە جوانیناسیی لێکدانەوەی ئەو واتایانەیە کە کە رەخنەگران بەکاری دێنن، واتە کاتێ ئەوان حوکم و گوزارەگەلێك سەبارەت بە هونەرەکان دەردەبڕن و ئاراستەی دەکەن. بەم وەگەڕگەوتنە دەگوترێ ئەوپەڕرەخنەیی، چونکە بابەتە سەرەکییەکەی وەسف و تەفسیرکردن و بەبایەخ گەیاندنی هونەرەکانە و ناپەرژێتە سەر داهێنان و ئافراندنی هونەریی بەڵکو بەو پرسیارانەوە سەرقاڵ دەبێ کە لە "**شێوەکاریی رەنگدانەوە**"دا رەنگدانەوە یانی چی؟ کاتێ رەخنەگران سەبارەت بە واتای سیمبولیکی شیعرێك یان جۆرە وێنەیەکی زەینی لە شیعرێکدا دەوێین واتای سیمبولیك چیە؟ و مەبەست لە زاراوەی بەهێندوەرگرتن وەك چاك، جوان، متمانەپێکراو چییە ئەویش کاتێ ئەم زاراوانە دەخرێنە پاڵ بەرهەمە هونەرییەکان؟ کەچی فیلسوفان و فیلسوفەکانی پێشتر، بە گشتی هۆگری جوانی و مەزنی و شکۆی لایەنگەلێك لە سروشت بوون و بۆ دۆزینەوەی **ئەوپەڕرەخنەیی** ئەم لایەنگرییە زاڵە لەئارا دایە هەتا چاوپۆشیی لە سروشت بکرێ و جوانیناسیی بکاتە فەلسەفەیەکی رەخنەییانەی هونەر. پوختترین راپۆرت و بەرگریکردن لە لایەن مۆنرۆ، زانای ئەمریکاییەوە لە کتێبی جوانیناسیدا، واتە ئەو پرسگەلێکی سەبارەت بە فەلسەفەی رەخنەیی (1958) ئاراستە کردووە.
جوانیناسیی یەکێکە لە پێنج لقی کلاسیکیی فەلسەفی (لە پەنای تیۆری مەعریفە، مەنتیق، ئەخلاق و میتافیزیك). جوانیناسیی بە واتا گشتگیرەکەی تیۆری جوانییە لە دوو سۆنگەوە، واتە جوانیی سروشتی و جوانی هونەری و بە واتا دیاریکراوەکەشیدا تیۆری هونەرە.
جوانیناسیی کە جوانیناسیی زەینە سەبارەت بە بارودۆخی کردە و بڕیارە بایەخی و سەلیقەییەکانی جوانیناسانە (جوانیناسیی فۆڕمی)، کاریگەریی جوانیی و رەوتی داهێنانی هونەریی و هەروەها هەلومەرج و فۆڕمەکانی پەسندکردنی هونەر لە لایەن تاك و کۆمەڵگاوە دەخاتە بەر

لێکۆڵینەوە، جوانیناسیی لە خودی پرسەکانی پەیوەندیدار بە جوانیی دەکۆڵێتەوە. ئەم پرسانە بریتین لە :

**تایبەتمەندییە سەرەکی و کارکردەکانی جوانیی، پەیوەندیی نێوان جوانیی سروشتی و جوانیی هونەریی، لێکدانەوەی پێکهاتەیی بەرهەمی هونەریی، دەستنیشانکردنی واتای بەرهەمی هونەریی و کارکردی هونەر (جوانیناسیی بەرهەمی هونەریی)، پەیوەندیی دولایەنە لە نێوان فۆرم و ناوەرۆك لە بەرهەمی هونەریی دا (جوانیناسیی فۆرم و ناوەرۆك)، پەیوەندیی نێوان جۆرەکانی هونەریی واتە نێوان هونەری وێناکردن (بیناسازیی، پەیکەرتاشیی، شێوەکاریی و هتد)، هونەری نواندن (فیلم، شانۆ، بالە و هتد)، ئەدەبیات و مۆسیقا، پەیوەندیی هونەر لەگەڵ راستەقینەی مێژوویی و کۆمەڵگا، پەیوەندیی هونەر و جوانیی لەگەڵ هەقیقەت یان بە واتایەکی دیکە دەستنیشانکردنی بایەخی بەرهەمی هونەریی (جوانی ناسیی ناوەرۆك).**

**شیلێر** هەوڵیدا بە پاڵپشتی عەینییەت چەمکێکی ئەقڵانی بەدی بێنێ. ئەو بۆ ئەم کارە جوانیی وەك تاکە رێی دەرکەوتنی ئازادیی لە نێو دیاردەکاندا پێناسە دەکا. بە پێی ئەم درککردنە جوانیی ئایدیالێکە کە لە کۆی دەرفەت و پێویستییەکانەوە سەرهەڵدێنێ. بەرهەمێکی هونەریی چاك کە لەودا ناوەرۆك ژێردەستی فۆرمە، دەتوانێ بە پەروەردەکردنی جوانیناسانەی مرۆڤ یارمەتی بکا و ببێتە هۆی تەبایی و گونجانی **هەست و ئاوەز / هەوەس و عادەت،** واتە نێوان دوو لایەنی توندرەوی سروشتی دووجۆریی مرۆڤ. ئەم چەشنە بە پێی خەسلەتی مرۆڤەکان، پێشنیازی جێگیرکردنی دەوڵەتی ئازادییە کە لە شۆڕشی فەرانسەدا بەئاکام نەگەیشت.

**هێگل** بە تایبەتکردنی شوێنێك بۆ جوانیناسیی لە سیستمێکی فەلسەفیدا ناوەرۆکە ئایدیالیستییەکەی بە پوختەیی گەیاند. لەم سیستمە فەلسەفییەدا کە بە شێوەیەکی **دیالیکتیکی ـ تێرامان** دروست بووە ئەرخەیان بوونی رۆح وەك قۆناغگەلێکی پێویست بۆ ئەو فۆرمانەیە کە بە شێوەی مێژوویی دەردەکەون و باڵادەستترینیشیان هونەری دین و فەلسەفەیە. ئەمانە لە تێروانینی هەستیی واتە هونەر ـ وێنا واتە دین و بیری فەلسەفەدا وێنای رۆحی رەها دەکەن کە یەکانگیرییەکی گەشەکردووی بینین و زەینە. هێگل دەیویست بە هۆی ئەم یەکانگیرییەوە بە سەر دووجۆریی راستەقینە کە دەرەنجامی وەرسوڕانێکی کانتی بەرەو زەین بوو زاڵ بێ. ئەو جوانیی وەك رەنگدانەوەی هەستی ئیدە پێناسە دەکا. هەڵبەت مەبەستی هیگل لە ئیدە یەکانگیری واتا و راستەقینەی واتایە. بۆ نمونە ئیدەی دەوڵەت تەنیا لە دەوڵەتی راستەقینەدا دەرکەوتووە. بە پێی بۆچوونی هێگل ئێمە لە هونەردا بە گەشەی هەقیقەت سەرقاڵ بین، نەك بە یەك یاریی کە تەنیا دڵخۆشکەر یان بە نرخە. لە هەمان کات دا هێگل بەم دەرەنجامە دەگا کە هونەر لە رووی گەشەی هەقیقەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابوردوو چونکە هەنوکە ئیتر ئەندێشە و بیرکردنەوە هونەری جوانیان رازاندۆتەوە. بە پێچەوانەی شیلێر هێگل پێی وایە فەلسەفە باشترین فۆرمی رۆحە نەك هونەر.

پاش قۆناغەکانی گەشەی جوانیناسیی ئایدیالیستی بەهێزترین ورووژێنەرەکان لە جۆرێك جوانیناسیی ماتریالیستی یان بە واتایەکی تر جوانیناسیی کۆمەڵایەتی ـ رەخنەیی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. بەرهەمە هونەرییەکان هەر وەکو باقی دەسکەوتە کولتورییەکان بە واتای خۆنواندنی دینامیکیی پوختەبوونی میتافیزیکی رۆح نا ، بەڵکو وەك دیاردە سەرخانییەکان وەبەرچاو دەگیرێن کە لە هاوڕێژەیی دیاریکراویان لەگەڵ ژێرخانی کۆمەڵایەتی دا هەیە. بە پێی بۆچوونی مارکس بەرهەمە سەرخانییەکان (وەکو مافی هونەری دین و فەلسەفە) بە گشتی تایبەتمەندیی ئایدیالۆژیکیان هەیە، واتە بەرژەوەندییەکانی چینی زاڵ وەك بەرژەوەندییە گشتیەکان نیشان دەدەن. ئەگەرچی زۆربەی هونەرمەندان لە رووی ئابورییەوە چاو لە دەستی چینی زاڵن بەڵام، بەرهەمە هونەرییەکان وەك بەرهەمی کاری ئازاد و لەخۆنامۆنەبوو وانین کە حەتمەن ئایدیالۆژیك بن. بە بۆچوونی

مارکس له مێژوودا "سەردەمی گەشەی هونەر" هاتۆتە ئاراوە بەڵام بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاستی گشتیی کۆمەڵگادا ناگونجێ.

**فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی** کە ئایدیالە زانستییەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ زانستە سروشتییەکان لە کاتی رەخنەی بناغەیی لە میتافیزیك رووبەڕووی ئەو چەشنە جوانیناسییە بۆوە کە بە جۆرێك پشت بە هەقیقەتی بەرهەمە هونەرییەکان دەبەستێ و لە رووی ئەزموونی و بە شێوەی راستەوخۆ تاقی ناکرێتەوە. جوانیناسیی قوتابخانەی لێکدانەوەی زمانیش بەرەیەکی رەخنەیی لە بەرامبەر میتافیزیکدا هەڵبژارد. ئەم چەشنە جوانیناسییە لە روانگەی نیشانەناسیی Semiotik ەوە وەك زمانی دەستکردی ئاڵۆز یان وەك دەزگای نیشانەکان لە هونەر دەکۆڵێتەوە و یان لە روانگەی رەخنەی زمانیی لە تێرمینۆلۆژیی جوانیناسیی سوننەتی و ناڕوونییە واتاییەکانی دەکۆڵێتەوە، بەم مەبەستە کە پەردە لە سەر بەشێك لە پرسە جوانیناسییەکان هەڵبداتەوە و وەك شێوە پرس ئاشکرایان بکا.

ئیستەتیك لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە چوارچێوەی فەلسەفەی بایەخدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێ. دوابەدوای رووبەڕووبوونەوەی زۆر لەگەڵ بیروڕاکانی هێگڵ دا، تیۆری جۆراوجۆر سەبارەت بە ئیستەتیك هاتوونەتە ئاراوە: ئیستەتیکی مادی لە لایەن **لۆکاچ**، فەلسەفەی مۆسیقای نوێ لە لایەن **ئادۆرنۆ**، ئیستەتیکی فۆرماڵ لە پێکهاتە خوازیی فەرانسەیی و **فۆرمالیزمی روسیدا**، لێکۆڵینەوەی ئیستەتیکیی بنەچینەی **شینگێریی** ئاڵمانی لە لایەن **بێنیامینەوە** (1928). ئیستەتیکی **ئەنفۆرماتیکی** (کە تەنیا بەشێکی لە سەر دەروونزانیی داڕێژراوە) هەوڵ دەدا بە پێی ئامار و تیۆریك لە کارە هونەرییەکان بە دوور لە هەر چەشنە دیاریکردنی رادەی بایەخ بدوێ.

**هابرماس** لە کتێبی "تیۆری کردە کۆمەڵایەتییەکان 1981دا" لەحاڵێکدا بەدوای گۆڕانی پارادایمەوە لە فەلسەفەی مەعریفە و فەلسەفەی زەین بەرەو فەلسەفەی زمانە، بەکارهاتنی زمان بە بنچینەی جێمتمانەی نێو زەینەکانی بەرهەمە هونەرییەکان لەقەڵەم دەدا. فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی کە ئایدیالە زانستییەکەی هاوتەریب بوو لەگەڵ زانستە سروشتیەکان، لە کاتی رەخنەی بناغەیی لە میتافیزیك لەگەڵ ئەو چەشنە جوانیناسییە روبەڕوو بۆوە کە بە جۆرێك پاڵ دەداتەوە بە هەقیقەتی بەرهەمە هونەرییەکان کە لەرووی ئەزمونی و راستەوخۆ تاقی ناکرێتەوە.

***

## ئەزمون باوەڕیی ، ئێمپیریزم (Empirismus ,empiricism)

ئێمپیریزم لە وشەی یۆنانیی ئێمپیریا (ئەزموون)وە وەرگیراوە، ڕەوتی سەرەکیی لە تیۆری مەعریفەیە کە لە بەرامبەر ڕاسیونالیزم دایە. ئێمپیریستەکان پێیان وایە کە کۆی مەعریفەکانی ئێمە پشت ئەستورە بە دەزگای هەستەوەرمانەوە: ئەزموون دایکی مەعریفەیە. گشت توخمەکانی مەعریفە لە ڕێگەی درکی هەستیەوە بەدەست هاتوون و پاشان دەبن بە واتا. واتاگەلێك کە لە چوارچێوەی قاعیدە زمانییەکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەزموون هاوئاهەنگن. واتە هەر چەشنە درککردنێکی سەربەخۆ لە ئەزموون، ڕەت دەکرێتەوە. بەدواداچوون و لێکدانەوە و لێکجیاکردنەوەی هەر واتایەك بە جۆرێك و هەر چۆنێ بێ پەیوەندیی بە ئەزموونەوە دەبێ دەنا بێناوەرۆکە (بە گوتەی کانت بۆ ئێمپیریستەکان مەعریفە لە ئەزموونەوە دەست پێناکا بەڵکوو لێیەوە ڕێچکە دەبەستێ). بە پێی ئێمپیریزم زانستی مرۆڤی کە دەپەرژێتە سەر ڕاستەقینە تەنیا لە سەر بنەمای ئەزموون داڕێژراوە. زانستێ کە لە ڕێگەی ئیندوکسونەوە بەدی دێت. میتافیزیك بابەتێکی بێ سوود و بێناوەرۆکە چونکە ئەزموون ناکرێ و تاقیی ناکرێتەوە.
ئێمپیریستەکان لەبەر ئەو مەیل و ڕێزەی بۆ زانستە ئەزموونیەکان بوویان لە سەردەمای ڕۆشنگەریی ئەوروپادا ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا و بوونە هۆی سەربەخۆیی زانستە سروشتیەکان و ڕزگاربوونیان لە مونوپۆلی بیرکاری و الاهیات.
لە سەردەمی ئێستادا تاڕادەیەکی زۆر تەواوی تێگەیشتنە ئێمپیریستیەکان گومانیان لێکراوە و ڕەخنەیان لێگیراوە و گشت ئێمپیریستەکان لە پێگەی بنەڕەتی و نەریتی خۆیان پاشەکشەیان کردووە. بۆ نمونە شێوازی ئیندوکسیون لە بەرامبەر تیۆرە نوێیەکاندا بە تێپەڕبوونی زەمان بڕەوی ڕابوردووی خۆی بە تەواوی لەکیس داوە.
سەرنجی ئێمپیریستەکان هەمیشە بەو ڕاستەقینەیە بووە کە سەربەخۆ لە چاوەدێر و بینەر و دەستی تێوەرنەدراوە. بە وتەیەکی دیکە لەم تێڕوانینەدا بەشداری و ڕۆڵی خودی چاوەدێر لە ڕەوتی مەعریفەدا وەبەرچاو ناگیرێ. ئەم ڕوانگەیە خزمی ڕیالیزم و ئۆبژکتیڤیزمە، چونکە لە گشت ئەم ڕەوتە هزریانەدا، ناوەندی سەرنج بە ئۆبژەیە نەك بە سوبژە. سەرەڕای گشت پێشکەوتنە هزری و فەلسەفیەکانی هەنوکەیی، دەتوانین لەم بوارەدا لە گەڵ ئێمپیریستەکان هاوڕا بین و هاودەنگ لە گەڵ ئەوان دووپات بکەینەوە:
پەیوەندیی تیۆری لەگەڵ بنەماکەی، واتە کردەوە!

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (28):

## ئێرەیی پێبردن(Neid ,envy )

ئەو حاڵەتە ناخۆشەیە کە کەسێك لە بەرامبەر سەروەت و سامان و توانایی یان هەموو توانایەکی مادی و مەعنەویی هاوچەشنی خۆی هەیەتی و بە شایانی ئەوی نازانێ بەڵکو گشتیان بۆ خۆی دەخوازێ.
هەڵوێستێکی ئەوتۆ خۆپەسەندانە (ئێگوییستیك)یە. بۆ چاوچنۆك ئێرەیی بردن بە کەسێك، بەئازارە چونکە پەیوەندییەکی ژیرانەی لەگەڵ خۆی نییە. زۆربەی نوسەران پێیان وایە ئێرەیی پێبردن و چاوچنۆکیی بنەمای کۆمەڵایەتیی هەیە. لە کۆمەڵگای مۆدیرندا ڕێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان پێش بەو خەسارە ئەگەرییانە دەگرێ کە بە هۆی چاوچنۆکی بە ئەوانیتر سەرهەڵدەدەن و هەموان بۆ رکەبەریی قاعیدەمەند بانگهێشت دەکا. بەڵام لەوسەرەوە کە هەر کام لە تاکەکان هەوڵ دەدەن دەسکەوتی باشتر و زیاتریان هەبێ، هەڵچرانی ئێرەیی پێبردن پێشبینی ناکرێ. هەڵبەت روانینی کۆمەڵناسانە بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە بەس نییە چونکە تاقمێك بە شێوەیەکی نەخۆشانە چاوچنۆکن و تاقمێکی تریش بە شێوەی کاتی ئەم چەشنە حاڵەتە دەنوێنن. نیچە چاوچنۆکیی لە چوارچێوەی قین نواندن کە بە هۆی ژانەکانی سەردەماکانی رابوردوو سەری هەڵداوە خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و پێی وایە کە بۆ دامرکاندنی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە(ی کۆیلەکان لە کۆیلەداران) بەکاربهێنرێت.
بە واتایەکی دیکە، نیچە چاوچنۆکی بە دەرەنجامی قینە لاوازەکان لەقەڵەم دەدا.
دەروون شیکاریی پێی وایە کە بنچینەکانی ئێرەیی پێبردن لە سەرکوتی خواستەکانی پەیوەندیدار بە قۆناغی(oral stage) پوختەبوونی کەسایەتی دایە.

***

## ئوتۆنۆمی (Autonomie )

ئوتۆنۆمی وەك چەمكێكی فەلسەفی لە لایەن **كانت**ەوە هاتۆتە ئاراوە و دەربڕی ئازادی و ئیختیاری بكەرێكە بۆ ئەنجامدانی كاروبارە ئەخلاقیەكان (ئوتۆنۆمی ئەخلاقی).
بكەری ئەخلاقیی (مرۆڤ) بە كەڵك وەرگرتن لە ئەقڵی خۆی یاسای گشتیی كردەوە ئەخلاقیەكانی ئاراستە كردووە و وەگەڕی دەخا (بڕوانە فەلسەفەی ئەخلاق).
ئوتۆنۆمیی بكەرێك، بە واتای وابەستە نەبوونی ئاوەزی ئەوە بە دوگمییە ئایینزاییی و ئایدیالۆژیكیەكان. ئاوەزی رەخنەگر تەنیا و تەنیا دەتوانێ و دەبێ ئازاد و دەست ئاواڵا بێ.
ئوتۆنۆمی لە سەردەمای رۆشنگەریدا بە واتای **رزگاریی** (Emanzipation) مرۆڤ و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەوە وەك بوونەوەرێكی ژیر.
لە نقیسارە فەلسەفیەكان هاوڕێ لەگەڵ ئوتۆنۆمی ئاوەزدا پێداگریش لە سەر ئوتۆنۆمی هونەر و هونەرنواندن كراوە.
ئوتۆنۆمی بە واتا بەرفرەهەكەی بە حاڵەتێ دەگوترێ كە كۆ یان بەشێك تەواوی كاروبارەكەی خۆی بەدەستەوەیە و هەروەها وەڵامی پێویستیەكانی خۆی دەداتەوە.
چەمكی **هیترۆنۆمی راست** لە بەرامبەر ئاتۆنۆمیدا رادەوەستێ و بە واتای ملكەچبوون و بەجێهێنانی فرمانی رێبەرایەتی و یاساكانییەتی. بە بۆچوونی كانت ئیرادەیەكی كە هیترۆنۆمە لە دەرەوە كۆنترۆڵ كراوە و لە ئاوەزی یاسادانەری خۆی بێ بەهرەیە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (30)

**ئاوەز**

| | |
|---|---|
| ئاڵمانی: | Vernunft |
| ئینگلیزی: | reason |
| یۆنانی: | nous ,logos ,dianoia |
| لاتین: | ratio ,intellectus |

توانستی رۆحی مرۆییە کە بە پێچەوانەی (درککردن و تێگەیشتن)ەوە بە دوای هۆی بابەتی ناسراوەدا ناگەڕێ، بەڵکو بە دوای بایەخدانانەوەیە و سەرنج دەدا بە "پەیوەندی و پەیوەستبوونە بەرفرە"کەی.
بەو رەوتەی کە هەوڵ دەدات تەنیا بە پێی ئاوەز لە دنیا بکۆڵێتەوە و شی ی بکاتەوە، دەگوترێ راسیونالیزم و بەم پێناسەیەش لە بەرامبەر رۆمانتیزم رادەوەستێ.
ئاوەز هاوڕێ لەگەڵ هەستپێکردنی هەستەوەرەکان بناغە و بنەمای مەعریفەی مرۆڤی پێك دێنێ.
بە پێی ئاوەز چەمکە سێ جۆرییەکانی بوون دەردەکەون:
**رۆح، خودا، دنیا.**
ئاوەز ئەو توانستەیە کە بڕیاردان و ئاراستەکردنی حوکم (ئەقڵی تیۆریك) و بەکردەوە کارکردن (ئەقڵی پراکتیکی) بۆ مرۆڤی هێناوەتە ئاراوە (کانت).
**کانت** لە کتێبی "رەخنە لە ئەقڵی سەڵت" سنورەکانی بەرتەسکبوونی ئەقڵی سەڵت دەستنیشان دەکا. ئەو دەڵێ کە ئەقڵی سەڵت رەخنە لە خۆی دەگرێ واتە، ئەقڵی سەڵت هەم قازییە و هەم کەسێکە کە بڕیاری لە سەر دراوە. کانت پێی وایە کە هیوم بۆتە هۆی وەخەبەر هاتنی لە خەوی غەفڵەت چونکە لە سەردەمای کانتەوە راسیونالیزم لە ئارادا بووە و هیوم بە هێنانە ئارای روانگەی ئەزموون خوازیی بە پێی کەڵك وەرگرتن لە هەستەوەرەکان رەخنەی لە راسیونالیزم گرت و پێیوابوو کە بە کەڵك وەرگرتن لە هەستەوەرەکان مەعریفە خۆی بەدەستەوە دەدات. بە بۆچوونی کانت تراژیدیی مێژوویی میتافیزیك لەوەدایە کە ئەقڵ لە ناسینی میتافیزیکەوە تووشی گرفت هاتووە چونکە ئەقڵی کامڵ بە دەست نەهاتووە و ئەقڵ لە بنەماکانی خۆی لای داوە و لە تاریکیدا نوقم بووە و بەم هۆیە میتافیزیك بەرەو دوگمی چووە.

لە مەنیتقدا ئەرکی ئاوەز لە دۆزینەوەی مەعریفەی مەرجدار و گەیشتن بە مەعریفەی بێمەرج دایە.
هیوم، پێی وابوو ئاوەز کۆیلەی ورووژانی دەروونییە:
**ورووژانی دەروونی تەنیا کاتێ ناژیرانەیە کە بە پێی پێشمەرجێکی هەڵە بێت و یان بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراو ئامرازێکی هەڵە هەڵبژێرێ.**
راسیونالیزمی کلاسیك لە راستیدا پەیوەندیی هەیە بە پرسی مەعریفەوە بەڵام، لە بنەڕەتدا دەتوانرێ بە سەر پرسەکانی دیکەدا بەفرەهی بکەینەوە.
ئاوەز بۆ هیگل بنەمایەکی جیهانییە:
**راستەقینە بریتییە لە ئاوەزی بە راستەقینە گەیشتوو. ئەو شتەی کە هەیە ژیرانەیە و شتی ژیرانەش بوونی هەیە.**

**ئادۆرنۆ** و هورك هايمر كەڵكيان لە چەمكی ئاوەزی ئامرازيش وەرگرتووە. ئاوەزی ئامرازی دەپەرژێتە سەر بەئاراستەبوونەكان و پەيوەنديی نێوان كەرستە و ئاڕمانجە و دەربڕی دەسەڵاتخوازيی تێكنيكی و پيشەكارييە لە تەواوی بوارەكاندا. ئادۆرنۆ و هورك هايمر بەڕبەڕيەت بە دەرەنجامی زاڵبوونی تەواوی ئەم ئاوەزە دەزانن. بەڵام هابرمارس لە بەرامبەر ئاوەز ئامرازيدا چەمكی ئاوەز پەيوەنديی بەكار هێناوە كە پێش مەرجی بەئاكام گەيشتنی ئەم گوتارەيە.

ئاوەز لە سەردەمای رۆشنگەريدا دەورێكی سەرەكيی هەبووە و لە لايەن بيرمەندان و فەيلسوفانی رۆشنگەرەوە لێكۆڵينەوەی لە سەر كراوە و دەكرێ.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (31):

## ئاشتی (paix ,Frieden ,peace)

ئاشتی: وەستانی شەڕ، یان پاراستن و زاڵبوون بەسەر هەلومەرجێکدا کە بەدوورە لە شەڕ و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە و لە رووی مافییەوە متمانەی پێبکرێ (لە چوارچێوەی رێککەوتن).
بە بڕوای کانت ئاشتیی هەمیشەیی و سەقامگیر کە پشت بە یاسا و ئەخلاق و ئاوەزی سیاسییەوە دەبەستێ، لە کۆماری فیدڕاڵی جیهانی (وەك باشترین سیستمی حکومەتی)دا لەبەردەستە و گەرەنتی کراوە.
کانت هاوڕێ لەگەڵ هەموو فەیلسوفان لە هەموو مێژوودا ، ئاشتی بە پێشمەرجێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر بۆ بەئاکام گەیشتن و گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤی دەزانێ.
ئاشتیی کۆمەڵایەتی بە واتای سڕینەوەی ترس و هێوربوونەوەی گرژییە کۆمەڵایەتییەکانە (وەکو ترس لە بێکاری، نەخۆشی، نەبوونی ئاسایشی پیشەیی و یان سیاسی...)
پاراستنی مافی مرۆڤ، بریندارنەبوونی کەرامەتی مرۆڤی، لەئارادابوونی هاوپشتی و ئازادیی هاوڵاتیان (ئازادیی پەیوەندییەکان، بڕواکان...) لە بناغە ناسراوەکانی دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتین.
ئەو لقە زانستیەی بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەقامگیرکردن و پاراستنی ئاشتیی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە بە نێوی لێکۆڵینەوەکانی ئاشتیی ناسراوە کە دەپەرژێتە سەر هۆکار و پێشهات و دەرەنجامەکانی شەڕ.
لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی ی هەر چەشنە کردەوەیەکی گرژانە شەرمەزار دەکا و بە هەموو شێوەیەك شەڕ رەت دەکاتەوە و بە نائەخلاقیی زانیوە.
بۆ هێندێك لە ستراتیژییەکانی ئاشتی، لە دنیای هەنووکەییدا هەبوونی لانیکەمی ترس هێشتا پێویستە، ترسێك کە ئامرازەکەی هێزی سوپا و مەبەستەکەی پاراستنی شارستانییەتی مسۆگەرە.
رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە لە داوای لە گشت وڵاتان کردووە کە زیاترین سەرنج بە ئاشتی بدەن، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵان و مێرمنداڵان.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (32)

## ئابستراکت، سەڵت(abstract)

ئابستراکت وشەیەکی لاتینییە بە واتای سەڵت، دابڕاو، دەرهاویشتەیە.
ـ ئەو شتەی تەنیا لە هزر و لە بەرامبەر هەست و ئەزمونی تایبەتی دایە .
ـ سەڵت و "تەجرید" لە فەلسەفەدا بە واتای وەبەرچاوگرتنی لایەنی هاوبەشی شتەکان و چاوپۆشی کردنە لە تایبەتمەندییە تاکییەکان:
سەرنج بە شتە هاوبەشەکانی نێوان دەستەیەك یان گروپێك دەدرێ و هاوڕییانی بەرێکەوت و کەمبایەخ وەلادەنێین. بۆ نمونە جەغز، چوارگۆشە ... و هەروەها ژمارەکان فۆڕمی سەڵتن کە پەیوەندییان هەیە بە تایبەتمەندییەکی گشتییەوە. یان کاتێ کە رووەك و ئاژەڵان دەخەینە بەر باس مەبەستی ئێمە بارتەقا، رەنگ، بۆن، مەترسی و هتدی هەر کام لەوان نییە، بەڵکو کۆیەك ـ مان لە ئاستێکی باڵاتر لە بیرێکی دیاریکراو وەبەرچاو گرتووە.
سەڵت کردن ئامرازێکە بۆ پێکهێنانی واتا.

***

## راسیونالیزم (rationalism)

**راسیونالیزم** رەوتێکی فەلسەفییە کە پێی وایە **ئاوەز** رۆڵێکی یەکلایی کەرەوەی هەیە و گرینگایەتییەکی تایبەتی پێدەدا. ئاوەز بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە، بەم پێیە تێگەیشتنی تەواو جیاواز لە بارەی راسیونالیزم لە ئارادان.

لە ئایین و خواناسیدا دەتوانین راسیونالیزم لە بەرامبەر **سروش** و **سۆفیگەری** دابنێین. خواناسە راسیونالیستەکان لە سەر ئەم رایەن کە پێگەی ئاوەز لە سروشی ئاسمانی باڵاترە و لە فۆڕمی مرۆڤی یان خوایی خۆیدا بەدیهێنەری داهێنەر و لەوپەڕی دنیای ماتریالە و سەربەخۆیە لە ئەزموون.

لە نڤیسارە مرۆڤناسییەکاندا **راسیونالیزم** لە بەرامبەر هەست و وروژاندا هاتووە.

فەلسەفەی ئەخلاق راسیونالیزمی بە هاوکێشی چەمکی (intellectualism) زانیوە و پێی وایە زانست و وشیاریی باڵاترن لە هەست و وروژان. لە تیۆری مەعریفەدا راسیونالیزم لە بەرامبەر **هەست باوەڕی** و **ئەزموون باوەڕی** خۆی نیشان دەدا و ئاماژە بەوە دەکا کە سەرچاوەی زانست و زانایییش لە نێو ئاوەز (و نەک هەست) دایە.

سەدەکانی **حەڤدە** و **هەژدە**ی زایینی لە ئەوروپا، سەردەمی گەشەونەشەی فەلسەفەی راسیونالیستییە لە چوارچێوەی سیستمە هزرییەکانی **دیکارت** و **سپینۆزا** و **وۆلف** و **لایبنیتس** دا، کە بە **سەردەمای راسیونالیزم** ناسراوە.

دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمانە بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

**- بڕوا بە مەعریفەی سەربەخۆ لە ئەزموون (a priori)،**

**- ئاراستە و مەیل بەرەو بیرکاریی بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان و بەتایبەتی کەڵکوەرگرتن لە شێوازە هەندەسییەکان،**

**- بنەماخواز و پێوەرانە.**

**کانت** بە تێڕوانینە تاک رەهەندییەکانی ئەزموون باوەڕی و راسیونالیزمدا رۆدەچێ و هەڵیاندەسەنگێنێ.

درێژەی مشتومڕە ئەزمون باوەڕی و راسیونالیستییەکانی سەردەمای ئێمە خۆی لەنێو تیۆری راسیونالیستیی گەیشتن بە زمان لە لایەن **نوام چۆمسکی** دەردەخا کە کەوتۆتە بەر رەخنەی توندی **ئەزمون باوەڕەکان**.

* * *

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (34):

## ئەمێستا، هەنوکە، حازر (Gegenwart ,present)

**ئەو کاتەی کە ئێمە هەر ئێستاکە ئەزموونی دەکەین.**
**هەنوکە واتە: زەمان سفرە و شوێن بێسنوور.**

**ئەمێستا،** هەمیشە لە کاتێکی دیاریکراو و بەرتەسکدا ئەزموون و درك دەکرێ و ناوەندی خشتەی ئاراستەبوونی ئێمەیە لە رووی زەمانییەوە. لە ئێستادابوون تەکوزیی پێکهاتەی زەمانیی ئێمەیە کە کە دەکەوێتە نێوان رابوردوو (کە ئیتر بەسەر چووە) و داهاتوو (کە هێشتا نەهاتووە)دا. واتە لە نێوان دوو نەبووندا .

ریزی زەمانی (رابوردوو، ئێستا، داهاتوو) تایبەتمەندیی ئەقڵی مرۆڤییە. بە پێی فیزیکی مۆدێرن ئەم بەریز بوونە زەمانییە لە راستەقینەی فیزیکیدا نیە: هەموو شتێك بوونی هەیە و لە ئەنجامدا هەموویان دەتوانن هەنوکەکان و لە ئێستادابوونی جیاواز و جۆراوجۆریان هەبێ، بە چەشنێ کە ریزبوونی زەمانی و شوێنیی دیاردەکان ئەگەری ترانسفورماسیونی ئەوان ئاراستە دەکا.

- **ئەمێستا،** قۆناغی گوێزرانەوەیە لە نێوان دوو نەبووندا. لە هەنووکەدا هەموو شتێکی رابوردوو بە داهاتووەوە پەیوەند دەدرێ. هەنوکە ئەو ئاسۆیەیە کە لە راستەقینەدا (بۆ ئێمە) دەردەکەوێ و ئێمە سەیری خۆمان دەکەین، بڕیاری لە سەر دەدەین و دەینرخێنین و کردەوەکانی خۆمان دادەڕێژین (هایدگێر).

- **ئەمێستا،** هەمیشە و لە گشت کاتێکدابە واتای ئامادەبوونە لە بەرامبەر شتێك یان کەسێکدا (مارسێل).

- **ئەمێستا،** واتە ئەو تاهەتاییەی تێیدا گشت شتێ ئامادەیە (بوتیوس)

لەم پەیوەندییەدا چەمکی داهاتوو ناسی (فوتورولوژیfuturology ) ئاراستە کراوە:

**داهاتووناسی،** ناوێکە بۆ لقێکی زانستی کە لە ژیانی بەکردەوەدا تەواوی رادە و رووداوە پێشبینی کراوەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و هەوڵ دەدا بە شێوەی سیستماتیك لە داهاتوو بکۆڵێتەوە.

**داهاتووناسی،** بە پێچەوانەی زانستی ئامار و زانستی ئەگەرەکان، سەرنجی بەرەو لای ئەزمونە جیاوازەکانی زانا و بیرمەندان نیە و هاریکارییە بەرفرەکان لە تەواوی زانستە مرۆڤیەکاندا وەگەڕدەخا هەتا پەیوەندییان لە نێواندا ساز ببێ و داهاتوو وردتر بناسرێ. گریمانەمان ئەوەیە کە دەتوانین رەوتە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەوانیتر بە شێوەیەکی سیستماتیك بکەینە بابەتی لێکۆڵینەوە، هەتا بتوانین وێنەیەکی روونتر لە داهاتوو پێشکەش بکەین.

لە دنیای مۆدێرندا پێویست بوونی زانستێکی ئەوتۆ زۆر لەئارادایە، چونکە داهاتووی ئابووریی و سیاسەتە گشتگیرەکان دەبێ بە تەواوی بناسرێن. کۆمەڵگای مۆدێرن ئیتر ناتوانێ و نایهەوێ پشت بە ئەگەر و نەریتەکانی پێشوو لە داهاتوویەکی ناروونددا ببەستێ. دەبێ لە دەلاقەی متمانەپێکراوی داهاتووەوە سەیری گرفتە ئەخلاقی و سیاسی و کورلتووری و ژینگە و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمێستا بکرێ و بەو پێیە کردەوە نیشان بدرێ: مرۆڤ بۆ مسۆگەرکردنی بەختەوەریی و مانەوەی خۆی دەیهەوێ و دەبێ سنووورە زەمانییەکان ببەزێنێ و هەرچی زیاتر و باشتر و وردتر ئاگادار بێ و جووڵە بکات. ئەرکی داهاتووناسان یارمەتیدانە بە بەئاکام گەیشتنی ئەم نیاز و ئاواتە مرۆڤییە.

***

**فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (35):**

## ئانالیز، لێکدانەوە (analysis ,Analyse)

**ئانالیز** یان لێکدانەوە بە واتای کردنەوە، شکاندن و دابەشکردنی شتێک (یان دیاردەیەک)ە بە پاژەکانی پێکهێنەری هەمان شت (چەمکی ئانالیز لە بەرامبەر سەنتێز، لێکدران و تێکهەڵکێشان دایە): دابەشکردنی یەک جۆر بە چەند جۆر (گشت بە پاژ).
لێکدانەوە یەکێکە لە کۆنترین شێوە زانستی و ئەزمونییەکان کە تا ئێستا بەکارهاتووە (لە بیرکاریی، پزیشکی و ژیانی رۆژانەدا).
**لێکدانەوەی بنچینەیی (elementary):** لێکدانەوە و دابەشکردنی دیاردەیەک بە پاژەکانی خۆی، بە بێ سەرنجدان بە پەیوەندییەک کە ئەو پاژانە لەگەڵ خۆیان یان لەگەڵ ئەو کۆیەدا هەیانە.
**- لێکدانەوەیی (causal):** بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتیی هۆکارەکان.
**- لێکدانەوەی لۆژیکی (logic):** گەڕان بە دوای پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوان پاژەکانی پێکهێنەری ئەو کۆ- یە.
**- لێکدانەوەی دەرونزانانە (پێسیکۆلۆژیک):** دابەشکردنی هەوێنی وشیاریی بە توخمە پێکهێنەرەکانی، ئەویش بە یاریدەی شێوازەکانی پەیوەندیدار.
**- لێکدانەوەی دیاردەناسانە (phenomenological):** بە پێداگری کردن لە سەر هەوێنی ئاگادار بوون لە پاژەکان.
لە لێکدانەوەکاندا دەبێ هەمیشە سەرنج بەوە بدرێ کە هەرکام لە بابەتەکان لە کاتی لێکدانەوەدا لە پێگە و ئاستی خۆی دەترازێ و بۆ ئاست و دەرەجەی جۆراوجۆر دەگۆڕێن. واتە لە رەوتی لێکدانەوەدا پاژێکی دیار پەیوەندیی پێکهاتەیی خۆی لەگەڵ کۆ- لەکیس دەدا و ئیتر هەمان شتەکەی پێشوو نییە.

***

## ئایدیا (idea ,Idee)

وشەی یۆنانی بە واتای وێنە و یان ئەو فۆرمەی کە دەبیندرێ.

- بوونی میتافیزیکی هەموشتێک (ئەفلاتوون).
- هێزی فۆرمدان مادە (ئەرەستو).
- وێنەیەکی کە رۆح لە شتێکەوەی دروست دەکا (دیکارت).
- ئایدیا سەرچاوەی گشت وزەکانە، ئەو وزانەی سەرچاوەی بوون و ژیانن. ئایدیا پوختترین چەمکە، چەمکێ کە هێشتا ئەزموون نەکراوە و نەبۆتە راستەقینە، وەکو ئایدیای پوختترین حکومەت (فیتشە).
- هەرکاتێ ئایدیایەکی دروستمان هەبێ، هیچ هێزێک ناتوانێ پێش بە ئاکام گەیشتنی بگرێت (کانت).
- راستەقینە، ئایدیای کامڵبووە. ئایدیا، ئەو هزرە راستەقینەیەیە کە بە هۆی دیالیکتیکەوە دەپشکوێ (هێگل).

***

## ئارمانج (ideal)

- نمونەی بەئاوات خواستراو
- مەیل بۆ کامڵبوون، بۆ پوختەبوون، نزیکبوونەوە لە ئایدیای پوخت.
مرۆڤەکان لە قۆناخی جیاوازو هەلومەرجی جۆراوجۆردا ئارمانجی تایبەت بە خۆیان هەیە.
ئارمانجەکان رۆڵی چارەنوسساز و هێزوەبەرنانیان هەیە. بۆ کانت و فیتشە هێنانەئارای چەمکی ئارمانج گرینگە، لەبەر ئەوەی دەتوانرێ بەم پێیە دنیای راستەقینە تاقیکردنەوەی رێژەیی لەسەر بکرێ. لە رێگەی سەڵتکردنەوەوە تایبەتمەندیگەلێکی دیار لە دیاردە جۆراوجۆرەکان کۆ دەکەینەوە و بۆ دیاردەیەکی زەینی و ئارمانجییان وەبەرچاو دەگرین، دواتر ئەم دیاردەیەی ئارمانجی دەکەینە تاقیکەری راستەقینە: بۆنمونە "**چاکە**" وەک ئارمانجێک خاوەنی تایبەتمەندیی گەلێکە کە دەتوانین چاکبوونی بڕیارەکان، کردەوەکان و یان هەر دیاردەیەکی پێ هەڵسەنگێنین.
بە پێی راهێنانە دەرونزانییەکان، سەرقاڵبوون بە ئایدیا و پێکهێنانی ئایدیاکان لە سەردەمی منداڵییەوە دەستی پێکردووە و لەگەڵ رەوتی بەکۆمەڵایەتیی بوونی منداڵ گرێ دەدرێت: لە کاتی خۆگرتن و درککردنی هەستەکیی چەمکی "**من**" منداڵ هێزی دایک و باوکی خۆی بە باڵاتر دەزانێ و لە خەیاڵگەی خۆیدا گەورەتری دەکاتەوە. دواتر ئەم ئایدیا دروستکردنە لە فۆڕمی "**ویژدان**"دا رەنگ دەداتەوە. ویژدانێک کە وابکە و مەکە و حوکمەکانی دایک و باوکی وەخۆگرتووە و دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیی.
ئارمانج نابێ لەگەڵ سەرمەشق و نمونە تێکەڵ بکرێت. نمونە و سەرمەشق کارکردی ئایدیۆلۆژیکی بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕیی و یان شکستەکانە و نەبێ قەت ببێتە ئارمانج.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (38):

## ئەندێشە، هزر (Gedanke)

بەشێکە لە رەوتی بیرکردنەوە یان تێفکرین و هەروەها دەرەنجام و بەرهەمی ئەو رەوتەیە.
هزر، هەوێن و توخمی نێو رەوتی بیرکردنەوەیە و لە هەمان کاتدا کە پەیوەندیی بە ئەزموون و یان ئۆبژە (بەرناس)یەکی دەستنیشانکراوە نییە، لە بناغەی پەیوەندیی سوژە (ناسکار) لەگەڵ ئۆبژە (یان ئەزموون)دا بەشداریی دەکا (بەپێی تیۆری کرامێر Cramer لە بنچینەی تیۆری رۆح دا 1958).

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (39):

### ئەندێشەکردن، تێفکرین، بیرکردنەوە (thinking ,think ,denken)

لێکۆڵینەوە و دارشتنی پلانی دەروونیی تێگەیشتنەکان، چەمکەکان، هەستەکان و ئیرادە تاکییەکان هاورێ لەگەڵ وەبیریهێنانەوە و چاوەروانیکردن لێیان بەمەبەستی گەیشتن بە رێچارە و بوارێک کە بەپێی هەلومەرج کەڵکی لێوەربگیرێت. رەوتی بیرکردنەوە دەتوانێ هەستەکی یان مەعریفانە بێت. لە کاتی بیرکردنەوەدا هەموو کۆدە دەروونی و دەرەکییەکان بەشێوەی هەستکردانە دەبنە بابەتی کارکردن و پەیوەندییگەلی نوێ لە نێوان کۆدەکان دا ساز دەبێ و یان پەیوەندییەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنەوە.

دەستپێک و رەوت و دەرەنجامی تێفکرین تەنیا لە چوارچێوەی زمان دا هەن. ئەو جۆرەی مرۆڤێک بیر دەکاتەوە هەمان جۆرە کە ئەو لەزمان کەڵک وەردەگرێ.

بیرکردنەوە گوتاری دەروونیی تاکە لەگەڵ خۆی. بیری دیار کاتێکە کە ئۆبژە(بەرناس)ی تایبەتیی ببێتە بابەتی هزر. هەرکاتێ بابەتی بەر تێفکرین بابەتێکی چاک و ناراستەقینە بێ و دەست پێی رانەگا و لە غیاب دابێ، پێی دەگوترێ هزری سەڵت یان ئابستراکتیف. هزری سەڵت و دەستنیشانکراو تێکهەڵکێشراون. لە فەلسەفە و زانستدا زۆربەی کاتەکان چەمک و پێناسیەی بابەتی تێفکرین بۆ بەڵگە بەدەستەوەدانە و لەم رووەوەیە کە پێگەی تێفکرین بە پێش دەرونانە دادەنرێ. جۆری دیکەی بیرکردنەوەش هەن، وەکوو سەرەتایی، جادوویی، سیمبولیک...

***

## ئانالیتیک، لێکدانەوەیی (analytic)

**کانت** ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە ئایا پەیوەندیی نێوان زەین (سوبژە = ناسکار) و گوزارە (predicate) لە ناو سوبژە دایە یان لە دەرەوەیدا؟
بە بۆچونی کانت تەواوی ئەو حوکمانەی کە گوزارەکانی لە ناوەوەی سوبژەدا جێگیر بوون، ئانالیتیکن.
بۆ نمونە: هەموو ماتریالێک برفەرەیە. لەم وتەیەدا ماتریال وەک سوبژەیەک چالاکە و بەرفرەهیش وەک گوزارە و ئەمە تایبەتمەندیی ناوەوەی هەموو ماتریالێکە. واتە گوزارە پاژێکی لێک جیانەبووە لە نێو ناسکاردا.
حوکمەکانی سینتێتیک ( synthetic) ئەو حوکمانەن کە تێیدا گوزارە شتێک بە ناسکار زێدە دەکا. واتە گوزارە لە دەرەوەی سوبژەدایە.
بۆ نمونە: هەموو ماتریالێک کێشی هەیە.
هەبوونی کێش تایبەتمەندیی ناوەوەی هەموو ماتریالێک (کە لەم وتەیەدا بە نێوی سوبژە کار دەکا)نیە، بەڵکو شتێک لە دەرەوە (نیروی جازبە) بە ماتریال زێدە دەکا و بە ئاراستەی گەشە پێدانی چەمکی ناسکار یان سوبژە چالاکە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (41):

**ئینتێلێکتوالیسم Intellectualisme**

ڕێبازی ڕەسەنایەتی هۆش و بڕوا بەوە کە زانست زادەی ئەقڵە و ئەقڵیش سەرچاوەی زانین و دۆزینەوەی هەقیقەت، یان زانستی پراکتیک کراو تەنیا لە ڕێی هۆش و بڕوا و ئەقڵ بەدی دێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (42):

## ئێگۆییسم Egoisme

بڕوا بەوە کە سروشتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە هەموو شوێنێ و هەموو کاتێکدا خۆویست و خۆپەسندە، بەم پێیە دەسەڵاتدار دەبێ مەیلی ئێگۆییستیک واتە خۆ پەسندی و خۆپەرستی هەبێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (43):

**ئاتێییزم**

ئەلمانی: Atheismus؛
ئینگلیسی: atheism
لە زمانی یۆنانی دا átheos بەواتای "بی خودا" هاتووە.

زاراوەیەکە کە لە چاخی نوێدا (سەدەکانی 16 و 17 ی زاینی) هاتە ئاراوە و بۆ وەسفکردنی ئەو بۆچونانە لەکار کرا کە واز لە بانگەشەی هەبوونی خودا – خودای بەدەسەڵاتی رەها، چ خودا فەرمییە دەستنیشانکراوەکان بێت یان بەتایبەتی خودای مەسیحی – بهێنن و یان هەبوونی رەت دەکەنەوە.

لە یۆنان و رۆمی کەونارادا "بێبڕوایان بە خودا" یان "بێ خوداکان" ئەو کەسانە بوون کە رێزیان لە خودا فەرمییەکان نەدەگرت و لە بەجێهێنانی داب و نەریتی پەرستنی خودادا بەشداریان نەدەکرد. بەم جۆرە مسیحییەکانیش سەردەمایەک لە قەڕاڵی رۆمدا لە ریزی بێبڕواکان بە خودا دابوون. لە سەدەی ناڤینی مەسیحیدا بە گشتی بە هەموو ئەوانەی مەسیحی نەبوون دەگوترا "بێ خودا". لە چاخی نوێدا بێخودا بە کەسێک دەگوترێ کە ئامادە نیە زاتێکی باڵادەست واتە زاتێکی لەوپەڕی دنیای ئەزمونکراوی مرۆڤ (کە مەبەستەکەی زۆربەی کاتەکان خودای مەسیحییە) بە فەرمی بناسێت.

کەچی بێبڕوایی پراکتیکی بە خودا، "لێهاتوویی" خودا بۆ شیکردنەوەی راستەقینە ئامادەکان و جێگیرکردنی یاسا و رێسا و نۆرمەکان رەت دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی هۆیەک بۆ نەبوونی ئاراستە بکا، بێبڕوایی تیۆریکیی بە خودا راشکاوانە هۆ و هۆکار بۆ رەتکردنەوەی بانگەشەی هەبوونی خودا بەدەستەوە دەدا.
لە مێژووی هزرینی رۆژئاوادا هێندێک لە نوسینەکانی پێش سوقراتییەکان نیشاندەری هەبوونی بێبڕوایی تیۆریکییە بە خودا. ئەگەرچی لە سەدەی ناڤینی مەسیحیدا نیشانەیەک لە بێبڕوایی تۆمارکراو بە خودا نەبوو، بەڵام لە سەدەی سێزدەهەم بەم لاوە و بەدوای بەرهەمەکانی فەیلسوفە موسوڵمانەکان (= عەرەب) گومانێک لە بەرامبەر کەنیسە و سروشدا سەری هەڵدا. لە چاخی نوێدا پێکهاتەی زانستە سروشتییەکان و بەتایبەتی فیزیک دەیخواست کە شێوازەکانی بیرکاری / ئەزمونی بە وردی وەبەر چاوبگیرێن. ئیتر خودا هیچ شوێنێکی لە سیستمی زانستیدا نەبوو: (بە گوتەی پییەر سیمون مارکی دو لاپلاس) خودا ئیتر تەنانەت نەدەگەیشتە ئاستی "گریمانەش".

لە رەوتی رۆشنگەریدا ئەمە بەتایبەتی لەگەڵ ئەو بێبڕوایی بە خودایەی کە بە هۆی زانستە سروشتییەکان و بە چەشنێکی مێتۆدۆلۆژێک بیری دەکردەوە لە سەرەتادا بووە هۆی سەرهەڵدانی تەڤگەرێکی رەخنەیی دژە ئینجیل و شوێنە ئایینیەکان و دواتر عادەتەکەی لە ئەندێشەی هەڵکردن و رەوابووندا دەرکەوت و لە ئینگلستانی ساڵەکانی کۆتایی سەدەی هەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم بە شێوەی دئیسم یان ↑ خوداناسیی عاقڵانە ناسرا. یەکەم ماتریالیستە فەرانسەییەکان (کەسانێکی وەک ژولین ئفری دلامیتری و پەول هێنری تیری د هولباخ) بۆ رزگارکردنی خەڵک لە

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی ئایین بە هەوڵی خۆیان و یارمەتی مەعریفەی ڕۆنەری زانست بە ناوبانگێکی ئاتێیستی گەیشتن.

پەیوەندی بێبڕوایی بە خودای سەردەمای نوێ لەگەڵ ڕەخنەی گشتیی ئایین لە فەلسەفەی ئالمانی بەتایبەتی لە لایەن لودڤیگ فۆوێرباخ شکڵی گرت کە بۆ ئەو، خودا تەنیا ↑ وێناکردنی ئاواتە بەئاکام نەگەیشتووەکانی مرۆڤە و بێبڕوایی بە خودا مەرجێکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بەختەوەریی خۆی ساز بکا. کارڵ مارکس بە ئیلهام وەرگرتن لەو، خوازیاری ڕەخنە و گۆڕانی "دانوستانگەلێک" بوو کە هەبوونی ئایین لە حوکمی "ئەفیونی جەماوەر" بەپێویست دەکا.
لە ئیگزیستەنسیالیزمی بێبڕوابوونی ژان پەول سارتێر بە خودا، هەبوونی خودا "وەک ژێدەرێکی دەست پێڕانەگەیشتوو" ڕەت دەکرێتەوە هەتا مرۆڤ بتوانێ خۆی وەکو کەسێکی ئازاد ببینێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (44):

**ئۆتۆریتە**

ئەلمانی: Autorität؛
ئینگلیسی: authrity
بە لاتینی auctoritas

زاراوەیەکە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە بەو پێیە کەسێک یان دامەزراوەیەک، روانگە و نۆرم و پەیرەو و بڕیارە پراکتییەکانی کەسێکی دیکە یان گروپێک دەستنیشان دەکا بە بێ ئەوەی پشت بە سەرچاوەی هێزەێک بێجگەلە کەرامەت و متمانەی خۆی کە ئەو تاک و گروپە ئەرێیان پێگوتووە، ببەستێ. گەرەنتی ئەم متمانە پێکردنە لە تایبەتمەندی گەلێکدا دەبیندرێ، وەکو تەمەن (هەی بنەماڵە)، خوێندەواری (لە لای دەرچووانی زانینگە) پلە (لە پاشاکان) زانستی تێکنیکی (لە پسپۆڕان و کارناسان) و هێزی کارکردن (لە راهێنەران)دا.
دەبێ لە نێوان بەسەرچاوەبوونی فۆرمی و بەسەرچاوەبوونی پراکتیکیدا جیاوازی دابنرێت. یەکەمیان پشتئەستورە بە پلەو پایە، یاسایەکە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی پەسندکردنی فۆرمیی زۆرینە بۆ وێنە هەلبژاردن بەدەست هاتبێت (دیموکراسی)، لە بەرامبەر چاودێریی کردن و هەڵسەنگاندندا بۆ نمونەی بانگەشەی (رەحمەتی خوداوەندیی)دا ناپارێزرێت و لە ئاکامدا رووەو ئاسایشی گشتییە. سەرچاوەی پراکتیکیی پزیشکێک دەرەنجامی رێگەپێدرانیکی دەستنیشانکراوە، ئەم چەشنە بەسەرچاوەیی بوونە دەبێ هەمیشە هۆی هەقیقەت بوونی خۆی نوێ بکاتەوە دەنا سەرچاوەیی بوونی خۆی لە کیس دەدات. زۆرجاران سەرچاوەیی بوونی فۆرمی و پراکتیکی لەگەڵ یەکتری دەگونجێن (وەکو مامۆستا).
هەرچی کۆمەڵگاکان بەرفرەتر و ئاڵۆزتر دەبن بە هەمان رادە سەرچاوە فۆرمییەکان دەتوانن بە ئاسانی خۆیان لە کۆت و بەندی پەسندکردنی فەرمی و هەڵسەنگاندن رزگار بکەن. هەرچی رەوتەکانی کار و ژیان پسپۆڕیتر بن تاک بە سەرچاوە پراکتیکییەکان (پسپۆڕان) مەلکەچتر دەبێت. لە ناو زانستەکاندا نابێ رێگە بە سەرچاوەیی بوون و پەیوەندییەکانی بدرێت، چونکە رەخنە و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان توخمی پتەوی هەموو چەشنە زانستێکە. بە فەرمی ناسینی سەرچاوەکان بە پێچەوانەی ئەو درکردنەیە کە فەلسەفە خاوەنییەتی. ↑ رۆشنگەریی بە دروشمی "لە بەکارهێنانی ژیریی خۆت بوێربە" (کانت) هەمووان بە دژی بانگەشەی بێ مەرجی بەسەرچاوەیی بوون بانگهێشت دەکا.

***

## ئەرەستۆ خوازیی

ئەلمانی: Aristotelismus؛
ئینگلیزی: aristotelism

ناوێکی گشتییە کە بە سوننەتە فەلسەفییەکانی لایەنگری↑ئەرەستۆ لە بازنەی ئەورووپی – مەسیحی و ئیسلامی – عەرەبیدا دەگوترێ. بە گشتی دەتوانین بلێین کە باسی سەرەکیی فەلسەفە بۆ ئەم سوننەتە فەلسەفیانە هەر بەو جۆرەی کە جێی پەسندی ↑ئەفلاتوونخوازییە، بوونی تاهەتایی و نەگۆڕ و کامڵ واتە دنیای ↑ئایدیاکان نییە، بەڵکو سروشتی بەرئەزموون و کولتووری بەدیهاتووە کە لە تایبەتمەندییەکانی ئاماژە دەکرێ بە هەرمانی و ناکامڵی و بگۆڕی.
لە وڵاتانی لاتینی زماندا دەبینین کە هەر لە سەردەمای کەوناراوە تا سەدەکانی ناڤین، تەنیا لۆژیکی کە نەریت و رەوتێکی بەردەوام و بێپسانەوەی هەبوو لۆژیکی ئەرەستوویی بوو، بەڵام لە قۆستەنتەنیە و ناوچە عەرەبی – ئیسلامییەکاندا تەواوی تیۆرە ئەرەستۆییەکان هەر وەک خۆیان مابوونەوە و تەنانەت جێگیر ببوون. هەر لەوێوەبوو کە فەلسەفەی ئەرەستۆیی لە سەرەتاکانی سەدەی سێزدەی زاینییەوە هەر وەکو گشتێتییەک دیسانەوە چووە نێو مێژووی فەلسەفەی رۆژهەڵات. بەتایبەتی کەسانێکی وەکو **ئەلبێتوس مەگنوس** و **توماسی ئاکوینی** بە یارمەتی فەلسەفەی ناوبراو توانییان سیستمێک لە مانای فەلسەفیی دنیا دابڕێژن کە بۆ چەندین سەدە هەروا رۆژەڤی بەرباس بوو. زاڵبوونی فەلسەفەی جۆری ئەرەستوویی بە هاتنە ئارای زانستە سروشتییەکانی چاخی نوێ و شێوازناسییەکەی و لە ئاکامدا بە هۆی رەخنەی کانتەوە لەبەریەک هەڵوەشایەوە.

***

## ئاگوستینوس

**ئائورلیوس ئاگوستینوس** Aurelius Augustinus خواناس و فەیلسوفی مەسیحی لە 13 نۆڤەمبری 354 زایینی لە **تاگاستێ** Tagaste - باکوری رۆژهەڵاتی ئەلجەزایر چاوی بە ژین پشکوت و لە 28 ئوتی 430 لە **هیپۆ ڕێگیوس** Hippo Regius (عەنابەی ئێستا لە ئەلجەزایر) کۆچی دوایی کرد. **ئاگوستینوس** لە **کارتاژ** ئەدەبیاتی کلاسیک و بەیانی خوێند. بەرهەمەکانی **سیسرۆ** ئەوی بە رەو لای فەلسەفە کێشا بەڵام خۆی لە نێو مەسیحیەت دا نەدۆزییەوە. لە ساڵی 384 لە **میلان** خۆی بە بەیانەوە سەرقاڵ کرد. لە سەرەتادا بە هۆی کارتێکردنی بیروبۆچونەکانی **ئامبروسیوس** تێکەڵاوی نوێئەفلاتوونیەکان بوو پاشان بە هۆی کاریگەریی ئەزمونێکی ئایینیەوە لە ساڵی 356 بڕوای بە مەسیحیەت هێنا. ساڵی 387 وازی لە کاروباری دنیایی هێنا و لە گەڵ هاوبیرانی وەکو عارفێکی مەسیحی لە رۆم و تاگاستێ ژیانی بەسەر برد. ساڵی 391 لە ناوچەی هیپۆ ڤێگیوس بەپێچەوانەی مەیلی خۆی بوو بە قەشە و لە ساڵی 396 ەوە بوو بە ئۆسقۆفی ئەوێکانە. لەو ماوەیەدا گەلێ بەرهەمی سەبارەت بە خواناسی نوسی.

ئاگوستینوس لە نوسینێکیدا بە نێوی (**دانپێدانان 397/398**) سەرەڕای درکاندنی تاوان و هەڵەکانی خۆی، لە ڕێی ژیان و بیروبۆچونییەوە خۆی، وەک خوازیارێکی بێئۆقرەی بەدەستهێنانی هەقیقەت دەدوێ کە هەر لەوێوە لە خودناسییەوە بە خواناسی گەیشت. ئاگوستینوس پێش گۆڕینی ئایینەکەی، سەردەمایەک لایەنگری ئایینی مانەوی و دوانەی بنەما ناکۆکەکانی **چاکە** و **خراپە**ی ئەو ئایینە کرد. هەروەها پێی وابوو کە تەنیا لە بەهەشت مرۆڤ **ئیختیار** و **ئازادی**ی ئیرادەی هەیە. مرۆڤ پاش یەکەم تاوان تەنیا دەتوانێ بە هۆی لێبوردنی خواوە لە خراپە و ئەو تاوانەی بە میرات پێی گەیشتووە رزگاری بێت، ئەگەرچی کەوتنە بەر لێبوردنی خواش تەنیا بە ویست و رەحمی خوای بەدەسەڵاتی رەهایە.

ئاگوستینوس **فەلسەفەی مێژویی بەبرشتی خۆی** لە بەرهەمێکی بە نێوی ,, De civitate Die (**شاری خوا** 413-426)دا شیکردۆتەوە. بە پێی ئەم کتێبە مێژووی دنیا دیمەنێکە لە ململانێی نێوان "**هاووڵاتیانی خودا**" کە هەڵبژێردراوانی خودان و "هاوڵاتیانی **سەر عەرد**" کە دیلی خۆپەرستین. ململانێی تەنیا لە دادگای خوای جیهان ململانێی ئەم دوو بەرەیە یەکلایی دەبێتەوە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە بەشی (47):

## Adorno, Theodor W تیۆدۆر ئادۆرنۆ

**ئادۆرنۆ** کە ناوە راستەقینەکەی تیۆدۆر ویزنگروند Theodor Wiesengrund ە، فەیلسوف، کۆمەڵناس، تیوریسیەن و ئاوازدانەری ئەڵمانییە و لە 1903/9/11 لە فرانکفۆرت لەدایک بوو و لە 1968/8/6 لە ویسپ Visp (لە کانتۆن والیس Wallis) کۆچی دوایی کرد. ئادۆرنۆ پاش ئەوەی خوێندنی فەلسەفە و دەرونزانی و کۆمەڵناسی و زانستی مۆسیقا لە فرانکفۆرتی بە نوسینی تێزی دکتۆرای فەلسەفە لە سالی 1924دا تەواو کرد، سەرەتا دەیویست ببیت بە پسپۆری مۆسیقا. لە ویەن ساڵی 1925/26 لە لای **ئالبان بێرگ** Alban Berg، کە یەکێک بوو لە لاینەگرانی تێکنیکی دوازە پەردەیی ئارنۆڵد **شونبێرگ** Arnold Schönberg ، وانەی ئاوزدانان و پیانۆ فێربوو. ساڵی 1931 بە نوسینی بەرهەمێک سەبارەت بە **سورێن کیەر کێگارد** Søren Kierkegaard بە پلەی مامۆستایی گەیشت. لەساڵی 1934ەوە پاش ئەوەی کە ناسیونال سوسیالیستەکان ئیزنی مامۆستایەتیان لێ ستەندەوە هەوڵی دا درێژە بە چالاکی زانینگەهی خۆی لە بریتانیا بدا.

ئادۆرنۆ ساڵی 1938 دا چوو بۆ ئەمریکا و لەوێ لە دامەزراوەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا کە لە فرانکفۆرتەوە بۆ نیۆیۆرک گوێزرابۆوە کاری کرد و لە لای **ماکس هورکهایمێر** Max Horkheimer بوو بە یەکێک لە سیماناسراوەکانی تیۆری رەخنەیی. ناوبراو لە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە **دژە سامی** چالاکانە بەشداریی کرد و یەکێک لە نوسەرانی کتێبی **لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسانە** (The authoritaian Personality) (1950) بوو کە دەپەرژایە سەر پەیوەندیی نێوان بڕوا بە ئۆتۆریتە و لایەنگریی لە فاشیزم. ئادۆرنۆ ساڵی 1940 گەڕاوە بۆ فرانکفۆرت. لە زانینگە دەستی کرد بە گوتنەوەی وانەی فەلسەفی و کۆمەڵناسی و هاوڕێ لەگەڵ هورکهایمێر بوو بە بەڕێوەبەری دامەزراوەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە ساڵی 1950 دامەزرابۆوە.

دەتوانین ئەندێشەی بنچینەیی کە لە سەرانسەری بەرهەمەکانی ئادۆرنۆدا بەرچاو دەکەوێ، لە **دیالیکتیکی رۆشنگەری** Dialektik der Aufkärung (1947)دا بدۆزینەوە کە ئادۆرنۆ لەگەڵ هورکهایمێر لە تاراوگەدا نوسی و روانگەیەکە لە دەلاقەی رەخنەی ئایدیالۆژییەوە بۆ قەیرانی شارستانیەتی ئەوروپایی:

ئازادی لە سۆنگەیەکەوە بە شێوەی حاشاهەڵنەگر لەگەڵ رۆشنگەری و ئاوەزدا گرێدراوە و لە سۆنگەکەی ترەوە ئاوەزێکە کە تەنیا لە خزمەتی پاراستنی نەفسی ناسکار یان بکەری ناسێنەر لە رەوتی رۆشنگەریی پشتبەستوو بە ئەقڵمەند بووندا مەبەستدار دەبێت (ئاوەز ئامرازی) و دەرەنجامەکەی حوکمڕانییە لە سەر ئەویتر، لە سەر بێگانە، لە سەر بابەت یان سروشت، و هەروەها سەرکوتکردنی ئەوان و لە ئەنجامدا لەو رێیەوە بە نەبوونی ئازادی یان تەنانەت خۆروخاندن دەگات.

ئادۆرنۆ لە شاکارە فەلسەفییەکەی خۆی بە نێوی **دیالیکتیکی نەرێنی** Negative Dialektik (1967)دا گۆڕانکاریی ئەقڵمەندبوون بە تۆتالیتە لە بواری فەلسەفەدا دەخاتە بەر رەخنە: ناوبراو مەیل بە سازکردنی سیستم و **ئەندێشەی یەکسان ساز** (das identifizierende Denken) کە بەتایبەتی لە ئایدیالیزم و تەنانەت لە پۆزیتیڤیسم دا ئاشکرا و زاڵەو ئەندێشەکردنێک کە بابەتی

نایەکسان و بابەتی تایبەت دەکاتە ملکەچی دەزگای واتاکانی خۆی و بابەتی گشتی و بەمجۆرە رەتی دەکاتەوە، دەخاتە بەر رەخنە. ئەندێشەی ئادۆرنۆ ئاواتی خەیاڵیی ئاشتیی نێوان بابەتی دژوازی وەک ئاشتی لە نێوان ئاوەز و سروشت، ناسکار و بەرناس ، تاک و کۆمەڵگایش دەکاتە پێش گریمانەی خۆی بەڵام راست هەر لێرەدا بە پێچەوانەی دیالیکتیکی ئایدیالیستی کە گومان لە سەر ئاشتیی ئەوان دروست دەکا، لە سەر ئاشتی نەخوازیی ئەوان پێداگریی دەکا، لەم رووەوە سەردێری دیالیکتیکی نەرێنی راست دەربڕی بنەمای کاری فەلسەفەی ئەوە.

دوایین بەرهەمی ناتەواوی ئادۆرنۆ بە نێوی **تیۆری جوانیناسانە** Ästhetische Theorie (1970) ش رێڕەوی هەر ئەم بنەمایەیە: راستە کە لە هونەردا دەتوانین بابەتی نایەکسان ئەزمون بکەین بەڵام بەم حاڵە هونەر دژایەتیەکانی کۆمەڵگا وەخۆ دەگرێ، لەم رووەوە بەرهەمی هونەری لە هەلومەرجی کۆمەڵگای پیشەکاریدا بە خەسلەتی بەکالا بوون دەگا. ئادۆرنۆ بە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی سەبارەت بە رەخنەی کولتور بەتایبەتی لە سەر تەڤگەڕی خوێندکاریی ساڵانی 1960 و سەرەتاکانی 1970 کاریگەریی دانا ئەگەرچی رەخنە لە کۆڵبوونی سیاسی – پراکتیکییەکەی گیرا.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (48):

ئالتوسێر، لویی Althusser, Luis

فەیلسوفی فەرانسەیی، لەدایکبووی: 1918/10/16 لە بیرمێندریس (نزیک ئەلجەزیرە) ، 1990/10/22 لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

ئالتوسێر وەک مارکسیستێکی غەیرە ئۆرتۆدۆکسك لە سالانی کۆتایی دەیەی 1940 بەملاوە ئەندامی حیزبی کومونیستی فەرانسە بوو. هەڵبەت لە سەرەتاکانی ساڵی 1970 دا ئەم حیزبەی بە هۆی پێکهاتە ئیستالینیستی و نادیموکراتیک بوونەکەی دەخستە بە رەخنەوە. ئالتوسێر بەتایبەتی لە فەرانسە ، چ لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی لەکاتی تەڤگەڕی خوێندکاریی گرینگییان بە پەرەپێدانی رەخنەی ئابووری سیاسیی کارڵ مارکس دەدا و چ لە دەرەوەی ئەم کۆبوونەوانەدا یەکێک بوو لە ناسراوترین تیوریسیەنەکان.

ئالتوسێر بە جۆرێک سەرنج بە مارکس کە بە تەواوی جیاوازی لە نێوان "مارکسی گەنج" و "مارکسی کامل" دادەنا چونکە بە وتەی خۆی تەنیا بەرهەمەکانی دواتری مارکس بە تەواوی هەڵگری پێوەرە زانستیەکانن. بەم جۆرە ئەو کەوتە نێو سوننەتی پێکهاتەخوازی Sturukturalismus یەوە و پێیوابوو کە دەبێ فەلسەفە و فەلسەفەی زانست لە بەرهەمەکانی دواتری مارکس دا بدۆزرێتەوە یان بە واتایەکی دیکە ئەو دەیویست لە رێگەی پێکهاتەخوازییەوە ماتریالیزمی مێژوویی لە گەڵ گۆڕنکارییە نوێیەکانی زانست بگونجێنێ.

بۆ ئەو مەبەستە رەخنەی **ئابووریی سیاسیی مارکس**ی وا دارشتەوە کە پێویستیی بە تیۆرەکانی سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو نەبێت ("بۆ مارکس" و "دەبێ کاپیتالیسم بخوێنینەوە" هەرکیان لە ساڵی 1965) ئالتوسێر لە سەرەتاکانی سالانی 70ی سەدەی رابوردوو چاوی بە بەشێک لە دامەزراوە یان تێزەکانیدا خشاندەوە بەچەشنێ کە روانگەی پەیوەندیدار بە چینەکانی زەقتر کردەوە هەتا بەو پێیە هیومانیزم و مێژوو خوازیی رۆژئاوایی نەک وەک جیهانبینییەکی فەلسەفی و زانستیی هەڵوەشاوە، بخاتە بەر رەخنە بەڵکو ئەوانە وەک دەربڕینێکی فەلسەفیی خەباتی چینایەتی تایبەت بە بۆرژوازی، لە نێوان ماتریالیزم (پرۆلتەری) و زەینخوازی بناسێنێت. بەتایبەتی تێگەیشتنێکی کە ئەو لە چەمکی ئایدیالۆژی ئاراستی کرد کە واتاکانی گونجاندنی زەینی تاکە لەگەڵ دەزگا ئایدیالۆژییە دەوڵەتییەکان ( و لەپێش هەموویانەوە لە راگەیەنە گشتی و زانکۆکاندا)، دەتوانین رەنگدانەوەکەی لە روتێکردنی زۆربەی روناکبیرانی فەرانسەیی ئەو سەردەمەدا بۆ پۆست پێکهاتە خوازیPoststrukturalismus دا ببینین کە تەنانەت دژ بە خوێندنەوەی ئالتوسێری مارکسیزمیش بوو.

دوو ساڵ پاش مردنی ئالتوسێر دو بیوگرافی ("داهاتوو پڕە لە دەرفەت" و "راستەقینەکان") سەبارەت بەو بڵاوبوونەوە کە لەواندا بە بێ شاردنەوەی هیچ شتێک، نە تەنیا ئەو بارودۆخە رۆحی و دەروونییە دەگێڕێتەوە کە ناچاری کرد لە ساڵی 1980دا ژنەکەی بەڵکو گۆڕانە هزرییەکانی لە فەلسەفەدا دەخاتە بەر شرۆڤە و لێکدانەوی رەخنەگرانە.

***

# ئەتۆمیسم، بڕوا بە ئەتۆم

ئینگلیسی: Atomism
ئەڵمانی: Atomismus

لە فەلسەفەی سروشتیدا بە تیۆرێک دەگوترێ کە بانگەشەی ئەوە دەکا کە مادە لە گردیلەگەلێکی دابەش نەبوو پێکهاتووە. تایبەتمەندییەکانی مادە بەتەواوی بە هۆی چۆنییەتیی ئەتۆمەکان و هەروەها جوڵە و کاریگەرییەکانیانی ئەوانە لە سەر یەکتری. لە مەعریفەناسیدا ئەتۆمیسمی لۆژیکی بە تیۆرێک دەگوترێ کە جیهان بە کۆیەک لە سەرلەبەری بابەتە مسۆگەرەکان دەزانێت. لە تیوریسیەنەکانی ئەم ڕێبازە دەتوانین ئاماژە بکەین بە **بێرتراند راسێل** و **لودڤیگ ڤیتگنشتاین**. لەم تیۆرەدا گردیلەکان ئیتر بە شێوەی سادەترین ڕووبەڕووبونەوە سروشتییەکان کە جیاناکرێنەوە خۆ ئاراستە ناکەن، بەڵکو دەبێ ئەوان بە بارودۆخی ئەو شتانە بزانین کە شرۆڤە و لێکدانەوەیان لە سەر ناکرێ.

شایانی باسە کە **راسێل** و **ڤیتگنشتاین** نەیانتوانی نمونەی ئەرخەیان بەخش بۆ گردیلە لۆژیکیەکان ئاراستە بکەن.

**فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (50):**

# ئانتاگونیسم، دژایەتی، نەیاریی

**ئالمانی: Antagonismus؛**
**ئینگلیزی: antagonism**

زیاتر لە هەمووان لە گشت تێکچنراوێکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و لە پەیوەندی لەگەڵ دژایەتی و ناکۆکی و ئاشتنەبوونەوەدا بەکار دەهێندرێ. ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە لایەن **کانت**ەوە بۆ ناونان لە "**تێکەڵاویی ناکۆمەڵایتیی مرۆڤەکان**" بەکار هات. بە پێی تیۆری **مارکسیستیی کۆمەڵگا**، هەموو کۆمەڵگایەکی دابەشکراو بە توێژەکان (↑ توێژ) بە ناچاری دەبنە **ئانتاگونیستی** واتە تایبەتمەندییەکەی دژایەتی بەرژەوەندییە ئاشتنەبووەکانە کە ئەم دژایەتییانە بەپێی رای مارکس تەنیا لە کۆمەڵگایەکی بێتوێژ (↑ کۆمۆنیزم) بەتەواوی لە ناو دەچن و دەسڕدرێنەوە.

***

# ئلیناسیۆن

## Alienation

**ئلیناسیۆن** یان **لەخۆنامۆبوون** بە فەلسەفەی **هێگڵ**ەوە دەستی پێکرد و **مارکس**یش گشتگیری کرد. هێگڵ ئەم زاراوەیەی سەبارەت بە رۆح و گیان بەکارهێنا، پاش ئەو مارکس بە هۆی کاریگەریی وەرگرتن لە **فوێرباخ** لایەنی مادی پێبەخشی و مرۆڤی بەتایبەتی پرۆلتاریای لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا بە (لەخۆنامۆبوو) ناساند. پاش ئەو مارکسیستەکان و تەنانەت نامارکسیستەکانیش ئەم چەمکەیان بە روانگەی جۆراوجۆرەوە بەکارهێناوە.

وێبر، زیمبل، لوکاچ، بلونێر و بریورمەن هەرکامیان بە روانگەیەکی جیاوازەوە لە ئلیناسیۆن دواون.

چەمکی ئلیناسیۆن (لەخۆنامۆبوون) یەکەم جار لە لایەن هێگڵ، فیلسوفی ناسراوی ئالمانییەوە هاتە ئاراوە. پاش ئەو زیاتر پەرە بەم باسە دراو لێکۆڵینەوەی زیاتری لە سەر کراوە. لە روانگەی هێگڵ دا مێژوو ئاراستەیەکی هەیە و ئەم ئاراستەیەش بەرەو ئامانج و مەبەستێک دەروا.
دوامزڵی مێژوو هەڵبەت ئەوکاتە روو دەدا کە زەین وەک دواراستەقینە و راستەقینەی سەرەکیی سەیری خۆی بکا و تێبگا کە هەرشتێکی لەگەڵ خۆی نەسازێ و نامۆ بێ لە راستیدا بەشێک بووە لە بوونی خۆی. هێگڵ بەم قۆناغە دەڵێ **مەعریفەی رەها**. ئەگەر زەین هەست بە ئازادی خۆی نەکا و نەیناسێت ئەم مەعریفە رەهایە بەدەست نایەت. بە واتایەکی دیکە ئەم فەیلسوفە پێیوایە ئازادی بێجگەلە ئاگاداربوون لە ئازادی هێچ شتێکی دیکە نیەو لە دواقۆناغی مێژوودا بەجێی ئەوەی هێزی دەرەکی زەین کۆنترۆڵ (ئایدیا) بکا زەین دەتوانێ بە هۆی ئەم ئاگاداربوون و ئازادییەوە (کە لە راستیدا یەک شتن) بە شێوەیەکی ئەقڵانی خۆی رێکبخاتەوە و بە خودی وشیاری بگات. بە بۆچونی هێگڵ **لەخۆنامۆبوون** بە واتای نەبوونی وشیارییە لە بەرامبەر راستەقینەی بنەڕەتیی واتە شتیکی بێجگەلە زەین بوونی نییە و هەر قۆناغێک لە مێژوو کە هەستی بە هەقیقەت نەکردبێ دەکەوێتە دۆخی **لەخۆنامۆبوون**ەوە. لەم رووەوە لە روانگەی هێگڵدا باسی **ئلیناسیۆن** لەگەڵ باسی وشیاریی بە پەیوەندییەکی تۆکمە دەگا، ئەگەرچی مەبەست لە وشیاریی ئاگاداربوونە لە گشتێتی و رەهابوونی زەین و هەر روانگەیەکی کە شتێک لەوپەڕی ئەم زەینەوە درک بکات رووبەڕوی لەخۆنامۆبوون دەبێتەوە. چونکە شتێک نییە لەم زەین و رۆحە رەهایە بانتر بێت.
نمونەیەکی کە **هێگڵ** بو نواندنی ئەم **لەخۆنامۆبوونە** ئاماژەی پێدەکا دەگەڕێتەوە سەر پەرستنی **بوت** لە لایەن مرۆڤەوە. هێگڵ بە مرۆڤی **بوتپەرست** دەڵێ رۆحی ناشاد. مرۆڤێ کە وەک بوونەوەرێکی لاواز و نەفام و سوک و چروک سەیری خۆی دەکاو لە هەمانکاتدا بوونەوەرێکی دیکە بە هێزی رەها و زانای رەها دەزانێ و گشت سیفەتە باشەکان لە دەرەوەی خۆی دەبینێ و شتێکی تر بە رەها دەزانێ، کەچی گشت ئەو سیفەتانە هی خۆیەتی. لەم رووەوەیە کە لە حاڵەتی **لەخۆنامۆبوون**دا دەژی.
فەیلسوفێکی دیکەی ئایدیالیستی ئالمانی بە ناوی **فوێرباخ**یش کەم تا زۆر رووبەڕوی پرسی **لەخۆنامۆبوون** ببۆوە، بەڵام ئەو زیاتر سەرنجی بە پەیوەندیی نێوان **ئلیناسیۆن** و **ئایین** دەدا. پاش ئەو باسی **لەخۆنامۆبوون** زۆر جیدی لە ئەندێشەکانی **کارل مارکس** دا دەرکەوت. مارکس پێیوایە

کە مرۆڤەکان دەتوانن بە پێی سروشت شێوەی کردەوە و پەرچەکرداری خۆیان سروشت بگۆڕن. لە ئاستێکی سەرتر لە باقی زیندەوەران چالاک بن و بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە لە ژیانیاندا پێویستییان پێیەتی فێری شێوەی گۆڕانکاریی کردن لە سروشتدا ببن.
مرۆڤ بە تێپەڕبوونی زەمان دەسەلاتی زیاتری بە سەر سروشتدا دەبێت و بە پێچەوانەی باقی زیندەوەرەکانی دیکە نابێتە دیلی نەگۆڕیی لەپەیوەندی لەگەڵ سروشتدا. بە بۆچونی **مارکس** مرۆڤ کە هێدی هێدی زیاتر بە سەر سروشتدا زاڵ دەبێ دەتوانێ ئازادیی خۆی زێدەتر بکا و هەرچی مرۆڤ لە روی درککردنی سروشت و تێکنۆلۆژییەوە گەشە دەکا بەسەر شێوازێکی کە لە دنیادا پێی دەژی و کەڵکی لێوەردەگریّ، زاڵتر دەبێ.
لەم رووەوە سەرلەبەری رەوتی مێژوو رەوتی رزگار بوونی مرۆڤە لە دیلیی سروشت. **مارکس** پێیوایە هێزی مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵ کردنی سروشت دوو لایەنی هەیە. لە لایەکەوە زاڵبوون بە سەر سروشتدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە مرۆڤ دەستی بە ئامراز و کەرەستەی بەرهەمهێنان رادەگا بەڵام لە ئاستێکی دیکەدا داگیرکردنی سروشت و کۆنترۆڵ کردنی دەبێتە ئامرازێک بۆ خۆدەرخستن. مرۆڤ بەم کارە هێزی خۆی دەردەخا و نیازە تاکییەکانی خۆی دابین دەکا و کۆنترۆڵ کردنی سروشت نەتەنیا هەبوونی ئامراز بۆ مرۆڤی بەدواوەیە بەڵکو بوارێکە بو خۆدەرخستن. بەڵام بە بۆچوونی **مارکس** لە کۆمەڵگای چینایەتیدا ئەم نیازە بنەڕەتییەی خۆدەرخستن وەبەرچاو ناگیرێت و بەم هۆیە مرۆڤ لەو کۆمەڵگایانەدا دەچێتە ژێر رکێفی **لەخۆنامۆبوونەوە** و تەنیا رێی سڕینەوەی ئەو دیاردەیەش لە روانگەی مارکسدا ئەوەیە کە گشت توانست و لێهاتوویەکانی مرۆڤ لە خزمەتی پێویستیی بەدۆزینەوە و داهێنان دابێت و ئەوەش بە جۆرێکە کە لە سیستمی سەرمایەداریدا ناکرێت و تەنیا بە گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە شێوازی بەرهەم هێنانی ئەو سیستمەدا دەتوانرێ **لەخۆنامۆبوون** و **ئلیناسیۆن** لە مرۆڤ دابماڵێت.
دەرونزان و دەرونشیکارێکی وەک **ئیریک فرۆم**یش ئاماژە بە ناوگەلێکی وەک پارێزراونەبوون، بێ ماڵی، دڵەراوکێ و دڵەخورپە وەک نیشانەکانی **ئلیناسیۆن** دەکا و پێیوایە کە ئەمانە بە هۆی هاتنەئارای تاکبوون لە دنیای نوێدا دروست بوون کە هەستی ئاسایش و خۆبەستنەوە بە شوێنێکی، لە مرڤ ستاندووە و لە ئەنجامدا دابڕان و نامۆیی نەتەنیا لە سروشت بەڵکو لە کۆمەڵگا و باقی هاوچەشنەکانی لێکەوتوتەوە.
لە ئەندێشەکانی بەشێک لە فەیلسوفانی رێبازی **ئیگزیستەنسیالیزم**یشدا کەم تا زۆر دەتوانین رەنگدانەوەی چەمکی ئیلیناسیون بدۆزینەوە. فەیلسوفێک لەم گروپەی ئلیناسیۆن لە شوێنێکدا ئاوا ئاماژە بە لەخۆنامۆبوون دەکا کە ئێمە خۆمان لە خودی ناشەخسی و کۆمەڵایەتیمان ون بکەین، واتە لە پشتەوەی دەمامک و درەوەی کۆمەڵایەتیدا بنێژرێین و لە ئاستێکی دیکەدا پێی دەڵێ **نامۆبوون**.
کەسانێکی وەکو **نیسبێت nisbet** لەسەر ئەم رایەن کە واتای ئەمرۆژینی **ئلیناسیۆن** لە بەرهەم و نوسینەکانی **وێبر و دورکهایم و توکڤیل** و کەسانی لەمجۆرەوە وەرگیراوە. ئەگەرچی بانگەشەیەکی ئەوتۆ بە تەواوی قبوڵ ناکرێت بەڵام گومان لەوەدانییە کە **وێبر** یارمەتییەکی باشی بە تێگەیشتن لە **لەخۆنامۆبوون** لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کردووە. **وێبر** وەکو **مارکس** هێزەکانی بەرهەمهێنەری **ئلیناسیۆن**ی لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا دۆزیوەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی **مارکس** پێداگرییەکەی لە سەر هیزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە نەک هەلومەرج و دۆخی ئابووریی کۆمەلگا. لە روانگەی **وێبر**دا کۆمەڵگای مۆدێرنی رۆژئاوایی بەرهەمی جوولەی هاوکاتی هێزگەلێکی وەک سەرمایەداری و دیموکراسی و بوروکراسییە و گشتیان هێزی **بەئەقڵانی کردن** پێکدەهێنن و دەبنە پاشکۆی. ئەمانە هۆکارگەلێکی پەیوەندیدارن بەیەکەوە کە یارمەتیی بە گەشەی یەکتری دەدەن. **بوروکراسی** و **دیموکراسی** هەرچەند لە بەرامبەر یەکتریدا راوەستاون، بەڵام پەیوەندیی دیالیکتیکی نێوانیان دەبێتە هۆی ئاکام و پەرەسەندنی هەرکیان. **وێبر** پێداگریی لە سەر

ئەم رایە دەکا کە بوروکراسی شێوازێکی ئەقڵانی لە ژیان مسۆگەر دەکا و رەوتێکی ئەوتۆیە کە لە ئاکامدا گەلێ نیگەرانیی سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤ و **لەخۆنامۆبوونی**ی بۆ بەدی دێنێت.

رای **مانهایم**یش سەبارەت بە **لەخۆنامۆبوون** لێکدراوێکە لە بۆچونەکانی **مارکس** و **وێبر**. ئەویش وەکو مارکس لە نوسینە بەراییەکانیدا باسی چەمکی **ئلیناسیۆن**ی کرد و دوایین نوسینەکانی وێبر و مارکس وەبیر دەهێننەوە. لێرەدایە کە بابەتی لە هزری ئەودا **ئلیناسیۆن** زۆر قووڵ دەبێتەوە بەڵام زۆر راشکاوانە نییە. **مانهایم** لە نوسینە بەراییەکانیدا لە **لەخۆنامۆبوون** ورد دەبێتەوە. مرۆڤ "**کار**" بەرهەم دەێنێت کە نیشانەیەکە لە سروشتی داهێنەری ئەو، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان ئەم "**کار**"انە بە هۆی یاساکانی خۆیانەوە حکومەتیان بە سەردا دەکرێت. ئەوان دەبن بە ئۆبژەکانی کولتوور. لە ماوەی رەوتی مێژووییدا کاتێ ئەم "**کار**"انە لە فۆرمی ئایین، هونەر، زانست، دەوڵەت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مرۆڤەکانی دیکە دەگوازرێنەوە، دابڕان لە نێوان **داهێنەر** (بەرهەمهێنەر) و **ئۆبژەکان** (ماتریال) بەرینتر دەبێتەوە. دووپاتبوونەوەی ئەم رەوتە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی **نامۆبوونی کار لە داهێنەر**. کولتوور ئەوشتە رادەسپێرێ کە دەبێ تاک ئەنجامی بدات و مرۆڤ تەنیا دەبێتە ئەکتەرێک و هیچی دیکە. لە روانگەی **مانهایم**دا نامۆبوونی تاک لە بەرهەمەکانی خۆی و هەروەها نامۆبوونی لە خودی خۆی بە روونی مسۆگەر دەبێ و لەم رووەوە زۆر لە روانگەی **مارکس** دەچێ. بەڵام روانگەی بنچینەیی **مانهایم** ئەوەیە کە تاک و کولتوور بە شێوەی دوولایەنە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و بەیەکەوە پەیوەندییەکانیان پێک دەهێنن. کەڵکەڵەی سەرەکی **مانهایم** ئەو خەڵکەیە کە کولتوور ساز دەکەن، واتە **بیرمەندان** و **روناکبیران** و وادیارە **مانهایم** دەیەوێ ئلیناسیۆن بخاتە پاڵ ئەوانەوە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (52): **ئانتینۆمی**

ئالمانی: Antinomie؛
ئینگلیزی: antinomy
یونانی: لێکدراوێکە لە antí "دژ"، "پێچەوانە" و nómos "یاسا".

زاراوەیەکە کە بۆ یەکەمجار لە زانستی مافدا دەرکەوت و ئاماژەی بە دژوازبوونی دوو حوکمی یاسایی کرد کە هەرکیان بەبڕشتبوونێکی یەکسانیان هەبوو.
واتای ئانتینۆمی لە سەر دەستی **کانت** هاتە ئاراوە. کانت لە تیۆری ئانتینۆمییەکانی خۆیدا چەمکەکانی ئەزموونخوازیی و راسیونالیزیم (دوو رەوتی بەهێزی فەلسەفیی سەردەمای خۆی) لەگەڵ چوار پرسی تەوەریی Cosmologgy بەراورد دەکا.

1. ئایا دنیا لە رووی زەمان و شوێنەوە بە کۆتایی دەگا یان بێکۆتایە؟
2. ئایا ئەو دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین کە مادە لە تەڵەزمی بچوک و دابەشنەبوو پێکهاتووە؟
3. ئایا بنەڕەتی "عیلییەت" جیهانگیرە؟
4. ئایا هۆ (علت) یەکی سەرەتا بە نێوی خودا هەیە؟

کانت لە لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەو دەرەنجامە دەگا کە ئەم دوو رەوتە سەبارەت بەو پرسانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا گوزارەگەلی سەرلەبەر دژواز ئاراستە دەکەن. بۆ نمونە ئەگەر ئانتینۆمی چوارەم وەبەرچاو بگرین تێزی ئەزموونخوازیی دەکەوێتە بەرامبەرکێ لەگەڵ راسیونالیزم: **راسیونالیزم دەڵێ کە دنیا خاوەنی هۆی سەرەتا واتە زاتی تەواو پێویست بە نێوی خودایە و لەبەرامبەردا ئەزموونخوازیی بانگەشەی ئەوە دەکا کە هۆی سەرەتا هیچ بوونێکی نییە چونکە دەتوانین بۆ هەتاهەتایە درێژە بە زنجیرەی هۆیەکان بدەین.**
بنچینەی تیۆری کانت ئەمەیە کە هەرلایەنێک بۆ روانگەی خۆی دەتوانێ هۆکاری بەدوور لە گومان ئاراستە بکا، بە چەشنێ کە لە سەر هەڵدانی ناکۆکی نێوانیان ناکۆکی **"سروشتی و حاشاهەڵنەگری ئاوەزە لەگەڵ خود"** دێتە ئاراوە. واتە هەموو زاتێکی ژیر دەتوانێ ئەم یان ئەو ئاخێزگەدژە پەسند بکا. رێچارەی کانت ئەوەیە: **دژوازیگەلێکی ئەوتۆ کاتێ سەرهەڵدەدەن کە ئاوەز بگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتانەی کە لەوبەری ئەزموونی هەستییەوەن و ئاوەز ناتوانێ باسێکیان لە سەر بکا**. بۆ نمونە هەمووی کەون یان کۆی هۆیەکان و هەروەها بابەتی بێمەرج کە هۆکاری شتێکی دیکە نییە بابەتگەلێکن کە بە هۆی هیچکام لێکۆڵینەوە ئەزمونییەکان درک یان فۆرمبەندی ناکرێن، چونکە ئەوان لە رووی هەستی و روانگەی ئەزمونییەوە قەت ناکەونە دەستی مرۆڤەوە. ئەم بابەتانە لە ریزی ئیدە رێکخراوەکانی ئاوەزدان. بە پێی تیۆری کانت نابێ لە رووی ساکارییەوە پێمان وابێ کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان باڵادەستەکان یان بەرناس (ئۆبژە)ەکانی بیری نایاب و لە نێوان ئیدەکان و بەرامبەربونەکانی ئەزمونی هەستیدا نییە. راست هەر ئەم جیاکارییەیە کە ناوەندی سەرەکی فەلسەفەی کانتی پێکدەهێنێ. کانت جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە چوار حوکمی ئانتینۆمیکی ناوبراوی فەلسەفەی سونەتی ئەویان بۆ ئاراستەکردنی رێچارەکانی سەبارەت بە ناسینی وردبینانە کردووە. **لەم رووەوەیە کە زۆرینە دۆزینەوەکەی تیۆری ئانتینۆمییەکان بە ساتی لەدایکبوونی فەلسەفەی کانت دەزانن.**

***

# ئـەوستین (Austin)
(1911 -1960)

**جان لنگشتاو ئـەوستین** لە لەنکستێری بریتانیادا لەدایک بوو. لە زانینگەی ئاکسفۆرددا خوێندی و بوو بە ئەندامی لێژنـەی زانستیی پـەیمانگاکانی ئال سولْز (1935- 1933) و مەگدالین (1952 – 1935). ئەوستین لە ساڵی 1952 وە تا کۆتایی تەمەنی مامۆستای فەلسەفەی ئـەخلاق لـە زانینگـەی ئاکسفۆرد بوو. **ئەویستین** بەرهەمی نوسراوی زۆری نەبوو و لە ماوەی ژیانیدا تەنیا حەوت وتاری بڵاو کردەوە. ئەوستین شانازی بە مامۆستایەتیی لە زانینگە دەکرد و لە هەمانکاتیشدا پێی وابوو کـە فەلسەفە دەبێ بەربڵاوتر و قوڵتر لـە وتـار و نوسینە ئاکادیمییـە سونەتییەکان بێت. فەلسـەفە بـۆ ئـەو شتێک بوو کە دەبوو تێیدا دەستەویەخەبوون لە ئارادابێ. شتێکی کـە دەبـێ چالاکانـە بەشداریی تێدا بکرێت. فەلسـەفە هـەنگاوێکی تـاکی نـا، بـەڵکو دەبـێ هـەنگاوێکی گشـتی بێت. کـاری فەلسـەفە لـە رێگەی گشتی و بـە شێوەی هەرەوەزانـە باشترین دەسـکەوتی تێدا دەبێت. ئەوستین پێـی وابـوو کـە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی دەبێ هەڵگری باسوخواسی وردی دیتران بێ لـە سـەر بابـەتی پێناسـەکراو و مەبەسـتی دیـاریکراو. ئەگـەرچی ئـەو لـە سـەر خەسـلەتی هاوکـاریکردن و بەشـداریی فەلسـەفەدا پێداگریی دەکرد بەڵام، بۆخۆی وەک کەسێکی پردڵەراوکێ ناسراو لە ئاکسفۆرد دوژمنی زۆری بۆ ساز بوو. زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەوستین بە بەرتەسک و نافەلسەفی لەقەڵەم دران. **برتراند راسێل** تێگەیشتنی ئەوی لە فەلسەفە بە سادە و کڵێشەیی دادەنا و **ئەی. جی. ئێیر** بەساکار دەزانی و هەڵبەتە ئەمێستاش دەتوانین بۆچوونگەلێکی ئەوتۆ لـە باسوخواسـەکانی پەیوەندیدار بـە فەلسـەفەی ئـەوستین بدۆزینەوە. فەلسەفەیەک کە زۆرجاران بە پێی ئەم بانگەسەیە کە تەنیا نوێنەری سەلیقە لەرادەبەدەر تایبەتییەکانی ئاکسفۆردییەکان و سەرنجی زێدەڕۆیانە بە زمان بوو، وەلادەنرێت.

لەهەمانکاتدا ناتوانین حاشا لە چەقبەستنی بەرهەمەکانی ئەوستین لە سەر پرسگەلێکی تایبەتدا بکەین، خوێندنەوەیەکی وردی وتار و وانەکانی ئەو بازنەی جەختکردنـەوەی سـەرنجراکێش دێنێتـە ئـاراوە. لەوانــە و وتــارە بەرایـیـەکانی ئەوسـتیندا دەتـوانن هەڵــەبوونی رەخنــەکانی سـەبارەت بــە سـاکاربوون و بەرتەسـکی و کڵێشـەیی بەرهەمـەکانی ئــەو بسـەلمێنن. ئەوسـتین لــە گەنجیـدا خوێندنەوەیەکی وردی لە سەر فەلسەفەی لایبنیتس هەبووە و بـە وردی لـە سـەر فەلسـەفەی یۆنـانی بەتایبەتی بەرهەمە ئەخلاقییەکانی **ئەرەستو** و **کۆمار** – ی **ئەفلاتوون** لێکۆڵینەوەی کردووە. ناوبراو هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی هزریی خۆی، تەئویلێکی نوێی لە فەلسەفە بە سەرنجدان بە دڵەڕوکێ و مێتۆدگەلێک هەبوو کە وەبیرهێنەرەوەی مێتۆدی سوقرات بـوون و هـەروەها سـەرنجی بـە زمـان نەدەکرا لە سەرنجی بە خەسلەتی دنیا و ئاکاری مرۆڤی جیا بکرێتەوە. سەرنجی ئەوستین بـە زمـان سـەرنجێک بـوو کـە بـە شـێوەی وردبینانـە ، شێلگیرانە و بـە تاقەتـەوە بـە ئاراسـتەی بەدەسـتهێنانی گەشەکردن و پێشکەوتنی هزریی ئەنجام دەدرا.

تایبەتمەندییگەلێکی ئەوتۆ لە ناسراوترین وتاریدا (1946) لە ژێر سەردێڕی **"زەینەکانی تر"** بە باشی رەنگی داوەتەوە.

زۆرینەی کێشەکانی سـەر رێـی ئەوسـتین بـە هـۆی خۆبـواردنی ئـەوە لـە مسۆگەر و دابینکردنـی دەرەنجامگـەلێکی تـەواو، بـۆ بەرهەمـەکانی و ئەگـەرچی بـە ئاسـانی دەکـرێ هاوبەشـیگەلێک لـە بەرهەمەکانیدا بدۆزینەوە، بەڵام تێبینی و سەرنجەکانی ئەو هیچ پێگە و بنچینەیەکیان لە کۆی بنـەما سـادە و رێکخەرەکانیـدا نیـە. سـەرەڕای ئەمـە نـەبوونی گریمانەیـەکی ئـەوتۆ بەشـێکی گرینگـە لـە

شێوازی کاری ئەوستین. هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە ئەو ئەنجامی داوە لە لێکۆڵینەوەکانی دیکەی جیاوازتر بووە. لە بەرهەمەکانیدا هیچ چەشنە لێکدانەوە و دەرەنجامێک نادۆزینەوە کە وەک بنەما یان چوارچێوەیەک بە کەڵکی باقی لێکۆڵینەوەکانی دیکەی بێت.

ئەوستین شێوازی خۆی کردە **لێکۆڵینەوەیی ـ ئەزموونی** کە پێویستی بە هەوڵ و تەقەلای زۆرە. باشترین گەلاڵە بۆ ئەم شێوازە بە کەڵکوەرگرتن لە گروپێکی دە ، دوازدە یان شتێکی لەم دەوروبەرە دەکرا کە دەبوو هاوکارییەکی تۆکمەیان لەگەڵ یەکتردا بووایە. ئەم شێوازی کارییە بە مەبەستی ئاراستەکردنی تیۆرێکی لێکدانەوەیی نا بەڵکوو شێوازێکی دۆزینەوەیی ناحەتمیی بوو.

بەرهەمەکانی ئەوستین دۆزەرەوەی شێوەگەلێکن کە لەو رێگەیەوە زمان و کردەوە تێکهەڵدەکێشرێن و بەشی هەرەزۆری ئاراستەکەی پشت ئەستوورە بە لێکۆڵینەوە کە لە وتە پراکتیکیەکانە بۆ نموونە بەڵێندان، وشیارکردنەوە، داوای لێبوردن.

ئەوستین هەروەکو ڤیتگنشتاین ئاراستەکەی بۆ زمانی ئاسایی بە مەبەستی پێداگری کردنە لە سەر ئەم خاڵە کە ئەوەی ئێمە دەیڵێین بە شێوەیەکی واتاهەڵگر، لە بوارێکی دیاریکراو، لە لایەن مرۆڤێکەوە بە مرۆڤێکی تر دەگوترێ. لەم رووەوە کەڵکەڵەی سەرەکی لێرەدا وشەکان یان رستەکان نییە بەڵکو بەکارهاتن و زیندوویی زمانە. ئاسایی بوونی دەربڕینێک لە بەراورد لەگەڵ ئەم راستەقینەیە واتە دەربڕینێک لە لایەن مرۆڤەکانەوە و لە چوارچێوەی زمانێکی هاوبەش دەکرێ یان دەنوسرێت، گرینگی کەمتری هەیە. بە بۆچوونی ئەوستین کەڵکوەرگرتن لە یەک زاراوەناسیی تێکنیکی یان تایبەتییش هیچ کێشەیەکی نییە و نابێ زمانی ئاسایی پیرۆز بکرێت. بەڵام دەبێ سەبارەت بە زمانێکی کە بەکاری دەهێنین و شێوەکانی بەکارهاتنی ئەم زمانە راشکاو بین.

***

# ئۆریگنێس

(185 – 254 زایینی)

لە سەدەی سێهەمی زایینیدا ئەسکەندەرییە لە چالاکترین ناوەندەکانی هزری مەسیحی بووە. ئەگەرچی ئاینی کۆنی میسر هێشتا لەوێ شوێنەواری مابوو و ئایینی رۆمیی پێ زیاد ببوو. هەروەها تاقمێکی جوولەکەی لێبوو کە بە تەواویی فێری کولتوور و داب و نەریتی یۆنانی ببوون و بۆ ئەوەی بتوانن تەوارات بخوێننەوە لە عیبرییەوە وەریانگێڕابۆوە سەر زمانی یۆنانی. لەو ژینگەیەدا بوو کە گروپی ئەسکەندەرانی جولەکە بە نوێنەرایەتی **فیلۆنی** جولەکە سەری هەڵدا. لایەنگرانی عیساش هەر وەکو جولەکەکان رێزیان لە **کتێبی کۆن** دەگرت و بە کتێبی ئاسمانیی خۆیانیان دادەنا. لەبەر ئەمە راڤەیەکی کە فیلۆنی جوولەکە بە یارمەتی فەلسەفەی ئەفلاتوونی و ریواقی لەو کتێبە کردبووی کاریگەرییەکی گرینگی لە سەر هزری مەسیحییەکانی ئەسکەندەرییە دانابوو. بێجگەلە ئایینی میسری و رۆمی و موسایی، تاقمێک مەسیحی لە ئەسکەندەرییە دەژیان کە داب و نەریت و مەراسیمی ئایینی مەسیحییان بەجێدێنا. لە دەروبەری ساڵی 190 ی زایینی یەکێک لە فەیلسوفە ریواقیەکان بە ناوی **پانتانیوس** (Pnte'ne) پاش ئەوەی بڕوای بە ئایینی عیسایی هێنا قوتابخانەیەکی لە ئەسکەندەرییەدا دامەزراند ئوریگنێس یەکێک بوو لە گرینگترین فەیلسوفەکانی. ناوبراو هەم بە پێی بەرهەم و هەم لە رووی هێزو سەربەخۆیی هزرییەوە لە چاو بیرمەندە مەسیحییەکانی بەر لە خۆیەوە سەرکەوتووتر بوو و هاوسەردەمەکانی رێزیان بۆ دادەنا و لایەنگری زۆری هەبوو. ئۆریگنێس لە ساڵی 250 زایینی دا هەروەکوو زۆر مەسیحی دیکە بە فەرمانی **دیسیوس** (Decius) ئیمپراتۆری رۆم توشی ئازار و ئەشکەنجە هات و وێدەچی لە ساڵی 540 ی زایینی پاش چێشتنی برک و ژان و ئازارێکی زۆر مرد. ئوریگنێس قوتابیی یەکێک لە فەیلسوفەکانی ئەوکات بە ناوی **ئامونیوس ساکاس** Ammonius saccas بوو.

رای ئۆریگنێس سەبارەت بە خواناسیی یۆنانی لەو وەڵامەدا دەدۆزرێتەوە کە بە نامیلکەی **"سیلسۆس"**ی داوەتەوە. سیلسوس ئەم نامیلکەیەی بۆ رەتکردنەوە و تاوانبارکردنی ئایینی عیسا نوسیبوو کە لە چەند پرسدا بە هزری یۆنانیی خۆی ئایینی مەسیحی خستبووە بەر رەخنە.

ئۆریگنێس چەند بەشێک لە ئایینی مەسیحی کە سێلسۆس رەخنەی لێگرتبوو لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی هەڵسەنگاند و بەراوردی کرد و هەر لەبەر ئەمەش زانیاری و مەیلی ئەو بۆ خواناسیی یۆنانی بەباشی دەردەکەوێ. بەڵام ئوریگنێس جاری واشە خواناسیی یۆنانی بەتایبەتی فەلسەفەی ئەفلاتوونی دەخاتە بەر رەخنە و رای یۆنانییەکان سەبارەت بە چییەتی دنیا و دەروون بە هەڵە دەزانێ و تیۆری یۆتۆپیای ئەفلاتوونی بە ناڕاست داناوە.
زۆربەی بەرهەمەکانی ئۆریگنێس لەناوچوون و لەو نەختە بەرهەمانەی ئەو کە لەبەر دەستدان تەنیا وەرگێڕانە لاتینییەکەی ماون و لەم رووەوە دەکرێ ئەو بە یەکێک لە بناغەدانەرانی خواناسیی مەسیحی بزانین.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (55):

# ئـەرەستۆ (Aristotle)

**ئەرەستۆ** لە ساڵی 384 ی بەرلە زایین لە شاری ستراگیرای مەكدونیە لـە 300 كیلـۆمیری بـاكوری **ئەسـینا** لـەدایك بـوو. بـاوكی ئـەو هـاوڕێ و پزیشـكی پاشـای مەكدونیـە پشـتی ئەسكەندەری مەكدونی بوو. ئەرەستۆ لە گەنجیدا بۆ خوێندن لە ئاكادیمیی **ئەفلاتوون** چوو بۆ ئەسینا. لـەوێ لـە لایـەن ئـەفلاتوون بـە **ئـەقڵی وێنـاكراوی ئاكادیمییەكـە** نـاودێر كـرا. پـاش مردنـی ئـەفلاتوون ئاكادیمییەكـەی بـەجێهێشت و چـوو بـۆ ئاسیای بچوك. لـەوێ لـەگـەڵ كچـی بنەماڵەیـەكی دەوڵـەمەنـد و دەستڕۆیشتوودا زەماوەنـدی كـرد. پـاش ماوەیـەك **فلیـپ**ی پاشـای مەكدونیە، ئەرەستۆی بۆ پەروەردەكردنی كوڕەكەی واتە **ئەسكەندەر** بانگهێشتی دەربـار كـرد. كـاتێ ئەرەستۆ دەستی كرد بـە بارهێنـانی ئەسكەندەر، ئەسكەندەر تـەمـەنی 13 سـاڵ بـوو و ماوەی 12 ساڵ سەرقاڵی ئەم كارە بوو.

دواتـر چـوو بـۆ ئەسینا و قوتابخانـەی خـۆی بـە نـاوی **لوكیـون** دامـەزرانـد. بـە پێچەوانـەی ئاكادیمیی ئەفلاتوون كە لەوێدا زیاتر پێداگریی لـە سـەر بیركـاریی و سیاسـەت و فەلسـەفەی تیوریك دەكرا لـە لوكیـون زیـاتر بیۆلـۆژی، دەرونزانـی و ئـەخلاقی هونـەر و شـیعر دەكەوتنـە بـەرباس. دەگوترێ لەو سەردەمدا ناوبراو پشتگری گشت لایەنەی ئەسكەندەری لە پشت بوو بە چەشـنێ كــە بــە هــۆی پەرمەتییــەكانی ئەســكەندەرەوە یەكــەم باخچــەی ئــاژەڵانیش دادەمەزرێنێ.

پاش مردنـی ئەسكەندەر لـە سـاڵی 323 بەرلـە زایـین، ئەسـینایییەكان بـە دژی دەسـەڵاتی مەكـدنی رادەپــەڕن. ئەرەسـتۆش كەوتەبـەر ئــەو شــەپۆلە. لــەو ســەردەمەدا یــەكێك لــە ڕۆحانییەكانی ئەسینا لە دژی ئەرەستۆ شكات دەكا بەو بیانوویـەی ئـەو كاریگـەریی سـەدەقە و قوربـانیكردن رەت دەكاتـەوە. بـەم جـۆرە ئەرەسـتۆ نـاچار دەبـێ لـە ئەسـینا رابكـا و خـۆی بشارێتەوە هەتا پێش بە كارەساتی دووەمی ئەسینایییەكان لـە دژی فەلسـەفە بگرێت. سـاڵێك دوای ئەم رووداوە لـە تەمەنی 63 ساڵیدا كۆچی دوایی كرد.

زۆربـەی بەرهەمـەكانی ئەرەسـتۆ كـە لـە پـاش خۆیـەوە بـەجێماون هیچیـان وەك كتێـب نەنوسران، بەڵكو زیاتر نامیلكەی وانەیین كە خوێندكارەكانی گرد و كۆیان كردۆتەوە. شێوازی نوسـینی ئــەو بەپێچەوانــەی ئــەفلاتوون لــە جوانكــاریی نوسـینی ئــەدەبیی بــەدوورە. بەرهەمەكانی ئەرەستۆ گەشت زانستەكانی یۆنان بێجگەلـە بیركـاریی وەخۆدەگرێت. بەشێك لە لقەكانی زانست كە ئەرەستۆ پێیانەوە سەرقاڵ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا یەكـەم كـەڕەت بوو كە كەسێك بە شێوەیەكی جیدی و سیستماتیك لێكۆڵینەوەی لەسەر كردبێتن.

بــە وردبوونــەوە لــە ســەرلەبەری چالاكییــەكانی ئەرەســتۆدا دەبینــین كــە مــەیلی سەیروسـەمەرەی ئەرەستۆ بـۆ وردبوونـەوە لـە دنیـا و راڤـەكردنی ئـەو روانینـە دەردەكـەوێ. ئەرەستۆ بە پێچەوانەی مامۆستاكەی هەوڵنادا پشت بە زەین ببەستێ و دەیـەوێ بـە جۆرێك **ریـالیزمی چـاك** بڕوانێت و دواتـر روانینـەكانی بـە داهێنـانی یاساگەلێكی ورد بخاتـە بـەر لێكۆڵینەوە. ئەو بە بوێرییەوە تەواوی ئەم چەشنە روانین و راڤەی روانینـەكانی بـەپێی یاسا دیاریكراوەكانییەوە بەسەر گشت لقە زانستییەكاندا گشتگیر دەكا. لەم رووەوەیە كـە **لـە كـاتی خوێندنـەوەی ئەرەستۆدا لـەگەڵ ئەستیرەناسیی ئەرەستۆ و بیۆلـۆژیی ئەرەستۆ و دەرونزانـی**

**ئەرەستۆ و سیاسەتی ئەرستۆ رووبەڕوو دەبینەوە**. ئەو هاوڕێ لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەم زانستانە، زانستەکان پۆلین دەکا.

ئەگەرچی تا بە ئەمڕۆکە زۆربەی تیۆرەکانی ئەرەستۆ لە زانستە سروشتییەکاندا، وەکو ناوەندێتی گۆی زەوی، جیاوازیی فیزیۆلۆژیکی ژن و پیاو یان رەتکردنەوەی تیۆری ناوەکیی دێموکریتوس و بەربوونەوەی خێرای شتەکان بەرەو زەوی و بەپێی کێش و زۆر شتی دیکە رەت کراوەنەتەوە، بەڵام دابەشکردنی زانستەکانی ئەرەستۆ و تەنانەت بەشێک لە نوسینەکانی ئەو لە بواری زانستە سروشتییەکاندا هەتا هەزاران ساڵ لەسەر مێژووی مرۆڤی کاریگەریی داناوە کە هەر ئەم بابەتە بۆتەهۆی ئەوەی ئەم بانگەشەیە بێتە ئاراوە کە **تیۆرەکانی ئەرەستۆ گەشەی زانستی بۆ هەزار ساڵیک وەپاش داوە**.

بەڵام رەنگە گرینگترین باسێکی کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بلیمەتە مەزنە لەگەڵی رووبەڕوو دەبینەوە **شێوەی راڤە و دەرەنجام وەرگرتنێکە کە ئەو بۆ ئەم روانینانە و بەگشتی بۆ بیرکردنەوە ئاراستەی کردوون**. لە راستیدا بابەتێکی کە لە نێو ئەو بابەتانەی ئەرەستۆ ئاراستەی کردوون و کەمتر لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا دەستکاری کراوە **لۆژیکی ئەرەستۆیە** کە هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەرەستۆ وەک داڕێژەری لۆژیک لەسەر زمانان بێت. گرینگترین بەرهەمی ئەو لە لۆژیکدا **ئەرغنون (organon)**ە بریتییە لە پێنج بەشی (Categoriws) و (On Interpretation) و (Analytics).

ئەرەستۆ پێیوایە کە تەواوی زانستەکان لە جەغزی فەلسەفەدا جێگیرن. ئەو زانستی مرۆڤی بە سێ بەشی سەرەکیی دابەش دەکا:

**فەلسەفەی تیۆری، فەلسەفەی پراکتیکی و فەلسەفەی ئەدەبی.**

فەلسەفەی ئەدەبی: بۆنمونە وەکو شیعر و ئەدەبیات و شتی لەم بابەتە.

فەلسەفەی پراکتیکی: بۆ نمونە وەکو ئەخلاق ، سیاسەت و ئابووری.

فەلسەفەی تیۆریش بە سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکا:

1. زانستە روشتییەکان وەکو فیزیک و زیست شناسی
2. بیرکاری.
3. فەلسەفەی میتافیزیک و خواناسیی.

هەر بەو جۆرەی پێشتر گوتمان لە زانستە سروشتییەکاندا ناسراوترین کارەکانی ئەرەستۆ **هەڵە زانستییەکانی ئەون**. بەشی دووەمی فەلسەفەی تیۆری ئەو بیرکارییە کە بە هۆی ئەوەی هیچ هۆگرییەکی بۆ بیرکاریی نییە زۆر خۆی لە قەرە نادات. بەشی سێیەمی فەلسەفەی تیۆری ئەرەستۆ فەلسەفەی میتافیزیکیی ئەوە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (56):

## ئەفلاتوون (Plato)

ئەفلاتوون ساڵی 427ی بەر لە زایین لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوودا لەدایک بوو. لە تەمەنی 18 ساڵیدا لەگەڵ سوکرات ئاشنا بوو و ماوەی 10 ساڵ وەک قوتابی لە ژێر دەستی دا کاری کرد. پاش ئیعدامکرانی سوکرات بارگەوبنەی تێکنا چوو بۆ سەفەر کە لە ماوەی ئەو سەفەرانەدا سەردانی چەند شوێنێکی جیهانی وەک میسر و سیسیل و فەلەستین کرد و لەگەڵ زۆر هزری جۆراوجۆردا ئاشنا بوو کە کاریگەرییەکانی لە بیروبۆچونەکانی ئەفلاتووندا روون و ئاشکران. کاتێ ئەفلاتوون گەڕایەوە بۆ ئەسینا تەمەنی 40 ساڵ بوو. لەم سەردەمەدا بوو کە قوتابخانە ناودارەکەی بە ناوی ئاکادیمی دامەزراند. ئەم قوتابخانەیە بە یەکەم قوتابخانە دادەنرێت کە تێیدا وانەگەلێکی وەک فەلسەفە و بیرکاریی و ئەستێرەناسیی دەگوتراوە.

باشترین سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە ئەفلاتوون بە دڵنیاییەوە بەرهەمەکانی خۆیەتی کە بە فۆڕمێکی ئەدەبی نوسراون. بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە بە ئاسانی دەتوانرێ زەوقی ئەدەبیی ئەفلاتوون هەست پێبکەین. گرینگترین و لە هەمانکات دا پوختەترین و کاملترین بەرهەمی ئەفلاتوون کتێبی "کۆمار"ە کە ئەو لەم کتێبەدا سەبارەت بە پرسە فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان دواوە و لە ئەخلاقەوە بگرە تا دەگاتە سیاسەت و هونەر و ئەدەبیات و میتافیزیک رۆژەڤی باسەکانی بوون.

بە خوێندنەوەی نوسینەکانی ئەفلاتوون دەتوانین بە ئاستی فکریی ئەو شارەزا بین. دەتوانین کتێبەکانی بە پێی قۆناغێک لە ژیانی کە دەستی کردووە بە نوسینیان بە سێ لق دابەش بکەین:

1. لقی یەکەم ئەو کتێب و نامیلکانەن کە لە سەردەمی گەنجی دا نوسیونین. نوسینەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی زۆربەیان دیالۆگی بێدەرەنجامن. ئاراستەی نوسینەکانی ئەم سەردەمە پەیوەندیی هەیە بە چالاکییە پەروەردەییەکانییەوە.

2. بەرهەمەکانی سەردەمی کاملْبوونی بە پێچەوانەی سەردەمی گەنجی، ئەو دیالۆگانە وەخۆ دەگرن کە دەرەنجامیان بۆ دەستنیشان کراوە. لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەدایە کە پرسە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوون ئاراستە دەکرێن. بەرهەمی دیاری ئەم قۆناغەی ئەفلاتوون "کۆمار"ە.
3. بەرهەمی سەردەمی پیریی ئەفلاتوون کە دەتوانین بە بەرهەمی سەردەمی کاملْبوون و پێداچوونەوە بە بەرهەمەکانی پێشووی دابنێین.
ئەفلاتوون لە فەلسەفەدا رێی مامۆستاکەی واتە سوکراتی گرت. بەم جۆرە کە کەڵکەکەڵەی سەرەکییەکەی مرۆڤ بوو و لە فەلسەفەی سروشتیی دوورکەوتەوە. بەشێکی زۆری هەوڵەکەی رووەو چارەسەرکردنی پرسگەلێکی وەکو ئەخلاقی ماف و عەداڵەت کرد. ئەو لە کۆماردا مشتومڕی سوکرات و کەسایەتییەکی جەدەلی وێنا دەکا کە سوکرات و ئەو کەسە سەبارەت بە واتا و چەمکی عەداڵەت گفتوگۆ دەکەن. سوکرات ئەو کەسە ناچار دەکا چەمکی عەداڵەت پێناسە بکا. کە لە ئاکامدا ئەو کەسە ناچار دەبێ بڵێ: ماف لە هێزدایە و عەداڵەت لە بەرژەوەندیی بەهێزتردا (وەکو بەشێک لە بۆچوونەکانی نیچە). دواتر ئەوکەسە داوا لە سوکرات دەکا کە ئەویش پێناسەکەی ئاراستە بکا و سوکرات بە جۆرێک لە پێشکەشکردنی پێناسەکەی لادەدا و ئاوا وەڵام دەداتەوە کە عەداڵەت چەشنێکە لە پەیوەندیی تەندروست لە نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگادا. بەم پێیە خوێندنەوەی وەک بەشێک لە کۆمەڵگا و کۆمەڵ ئاسانتر دەبێ. هەر بەو چەشنەی کە بە وەسفکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست تاکێکی تەندروست ئاسانتر وەسف دەکرێ.
ئەفلاتوون بەم جۆرە چارەسەری پرسی ئەخلاق و عەداڵەت بە کۆمەڵ و هەروەها پرسە سیاسییەکان ئەو کۆمەڵەوە گرێ دەدات. لێرەدایە کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەفلاتوون وردە وردە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون کە لە خاڵە بەهێزەکانە رووبەڕوو دەبینەوە. ئەو پاش هێنانە گۆڕێی پرس گەلێکی وەکو پیشخواردنەوە و ئێرەیی پێبردن و خۆداسەپاندن کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان و کۆمەلگای مرۆڤی دایم ململانێیان لەگەڵ یەکتری هەبێ. بەم دەرەنجامە دەگا کە لەپێشدا دەبێ لە روانگەی دەروونناسییەوە مرۆڤ لێکبداتەوە هەتا بە هۆیەوە کۆمەڵگایەکی بێوێنە دابڕێژێ.
لە دەرونزانیی ئەفلاتووندا هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لە سێ سەرچاوەی مەیل و ورە و ئەقڵەوە رێچکە دەبەستێ. مەیلی مرۆڤ بابەتگەلێکی وەکو خۆ بەخاوەن کردن و شاوەت و غەریزە وەخۆ دەگرێ. ناوەندی مەیلەکان لە جەستەدا زگە.

وروژانـیش بابـەت گـەلێکی وەکـو بـوێری و دەسـەلات خـوازی و .. وەخـۆدەگرێ.
ئـاوەزیش بـەرپرسـی بابـەت گـەلێکی وەکـو هـزر و زانسـت و ژیرییـە. سـەرچاوە ناوبراوەکان لـە تاکە جۆراوجۆرەکاندا ئاستی جیاوازیان هەیە. بۆ نمونە لـە نێو خەڵکانی ناو بازاڕ و کاسبکاراندا مەیلە کە، دەوری سەرەکی لە ژیاندا دەگێڕێ و لــە شــەڕڤان و ســەربازەکاندا وروژان دەوری ســەرەکیی لەئەسـتۆ دایــە و ئاوەزیش کۆڵەکەی هەڵسوکەتی حەکیمەکانە.
پــاش ئــەو بەرکولانــە ئــەفلاتوون دەســت دەکــا بــە کێشـانەوەی کۆمــەڵگا ئارمانجییەکەی و بۆ دامەزراندنیشی چەند ڕێوشوێنێ ئاراستە دەکا. یۆتۆپیای ئەو کۆمەلگایە کە تێیدا هەر کەسێک بە سەرنجدان بە زاتی خۆی واتـە هـەمان سەرچاوەی هەڵسوکەوتەکان کە لە سەرەوە ئامازەیان پێکرا لـە شوێنی خۆیاندا جێگیر دەبن بۆ نمونە کەسێک کە تێیدا مەیل لە ئاستێکی بەرز دابێ و تەنیا بە کاروباری خۆیەوە سەرقاڵ بێ و دەست لـە کاروباری سیاسـەتەوە وەر نـەدا یان کەسێکی کە لەودا بوێری و وروژان لە پلەیەکی بـەرز دابـێ و ئیشـەکەی لـە نێو کۆمــەڵگادا ســەربازی بێـت. لــە یۆتۆپیــای ئەفلاتووندا شـایانترین گـروپ بـۆ دەسەلاتدارێتی فەیلسوفەکانن کە لەواندا توخمی ئاوەز لـە ئاستێکی بەرزدایـە (چەشنێک لە نوخبەخوازیی). لێرەدایە کە ئەفلاتوونیش وەکو سوکرات مەیلی بۆ ئەریستوکراتی نیشان داوە و نەیاری دیموکراسییە. هەڵبەت دەبێ سەرنج بـەوە بدرێت کە ئەریستوکرات یان شەریفترینی خەڵک بۆ دەسەلاتدارێتی ڕاست هـەر ئەو کەسانە نین کە هێز و سەروەتیان هەیە. بەڵکو دەبێ ئەو کەسانە خاوەنی وشیاریی بن هەتا شایانبوونی پێویستیان بۆ حوکمەت کردن هەبێ.
بە بۆچونی ئەفلاتوون لە سیستمێکی ئـەوتۆ دایـە کـە مـاف و عەداڵـەت مسۆگەر دەبێ، چونکە هەر کەسێک بە پێی توانایی و وشیارییە کە لـە ئاستی گونجاوی خۆیـدا جێگیـر بـووە و دەرفەتـە ژینگـەییـەکان بـۆ تـاکی چینـە جۆراوجۆرەکـان یەکسـانـە، کــەچی لــە بــاقی ئەندێشــەکانی دیکــەدا تەنانــەت لــە ئەندێشــە پێشکەوتووەکانی هەنوکەدا وەکو لیبراڵ دیموکراسیش شتێکی وا بەدیناکرێت.
لــەم ڕووەوە ئــەفلاتوون لەگــەڵ ســەرلەبەری دیموکراسـیی یۆنانــدا نــەیارە.
ئـەفلاتوون وەک پەیکـەرێکی مرۆڤـی سـەیری کۆمــەڵگا دەکـا کـە تێیـدا حاکمـە فەیلسوفەکان سەرەکانین و سـەربازان سینگەکەی پێکدێنن. خـەڵکی ئاسـاییش وەکو بازرگان و جوتیاران زگەکەی ئەو پەیکەرەیەن.
ئـەفلاتوون هـەوڵی نـەدا کـە تیـۆری خـۆی بسـەلمێنێ و لـە ئاسـتی گریمانــەدا هێشتییەوە. بە جۆرێک کە ئەو تەنانەت پێیوانییە کە دەتوانێ بوونی خوداکەی

بسـەلمێنێ و پێیوایـە کـە تـەنیا بـە بینـی شـوێنـەوارەکانییـەتی کـە هـەسـت بـە بوونـی دەکـەین و لـەم بوارەدا بـە پێی تیۆری یۆتۆپیاکـەی هـەر بـەم بابـەتـە رازی دەبێت کە ئـەگـەر مـەیل بـۆ چاکـە و یـان جـوانـی هـەیـە بـەم جـۆرە دەبـێ چاکـەی رەها و جوانییـەکی رەهاش هـەبێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (57):

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (57):

# ئاریستیپوس

(BC 356-435 Aristippus )

یەکێکە لە قوتابیانی سوکرات کە لە کاتی خوێندنەوەی فەلسەفەی یۆنانی کەونارادا کەمتر چاومان بە ناوی دەکەوێت و تەنانەت لە سەرچاوە ئینگلیزییەکانیشدا کەمتر ئاماژە بە ناوی کراوە. لە کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا زۆرجاران وەک بەراییەکی کورت بۆ چوونە نێو فەلسەفەی ئیپیکۆری باس دەکرێ. رەنگبێ هۆی ئەمەش هەست بە سوکی و چروکی کردنی قوتابیانی دیکەی سوکرات و فەیلسوفانی بەرەکانی دواتری فەلسەفەی یۆنانی کەونارا بێت کە وەک قوتابی سوکرات دەیناسن.
ئاریستیپوس لە سیرین، کۆلۆنی یۆنان لە باکووری ئەفریقا (لیبی) لەدایک بوو. لە تەمەنی لاویدا چوو بۆ ئەسینا و لەوێ چووە ناو کۆڕی لاوانی لایەنگری سوکرات کە خەریکی ئاشکراکردن و لەقاودانی نەفامی و نەزانیی خەڵکی ئەسینا بوون. بەڵام بە ئاشکرابوونی فەلسەفەکەی، بوو بە پەڵەیەکی رەش بە نێوچاوانی سوکراتەوە (هەڵبەت لەروانگەی باقی قوتابیاندا). لەبەر ئەوەی ئەو لە خۆشگوزەرانی و رابواردن بەرگری دەکرد و پێیوابوو کە مەبەستی تەواوی کردەوەکانی ئێمە چێژە، جا بۆیە بۆ بە دەستهێنانی چێژ هیچ پێویست ناکا نەریتەکانی کۆمەڵ وەبەرچاو بگیرێن. سەرەڕای ئەمە ئەو وەکو سوفیستەکان دڵی بە وەرگرتنی پارە لەبەرمبەر فێرکارییەکانی دەکراوە.

چەند قوتابییەکیشی کۆکردبۆوە و فێری فەلسەفەی دەکردن. ئەو لەگەڵ ئەم قوتابیانە کە کچەکەشی بە ناوی ئیریک لەگەڵیان بوو، بناغەی قوتابخانەی سیرنایيکی دانا. قوتابخانەی سیرنایيک کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئیپیکۆر دانا. ئەوە تەواو روون نییە کە ئاریستیپوس تا چەندە توانیویەتی پەرە بەم قوتابخانەیە بدات، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی زۆر کەم سەبارەت بەو بەدەستەوەن و هەروەها نەوەکەشی کە بەنێوی ئەوەوە کرابوو هێندێک کاری بۆ قوتابخانەکە ئەنجام داوە.

گرینگترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئاریستیپوس نوسینەکانی دیوجنس لیریتیوسە سەبارەت بەو کە 500 ساڵ پاش مردنی نوسراوە و لەوێشدا لە بەر ئەوەی فەلسەفەی ئاریستیپوس لەبەرچاوی سوک و چروک بووە، سەرنجێکی ئەوتۆی پێنەداوە. هێدۆنیسم (فەلسەفەی چێژ و رابواردن)ی ئەو بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندین

بەسەرهات سەبارەت بە رابواردنی ئەو بگێڕدرێتەوە کە بێگومان زۆربەی ئەو بەسەرهاتانە ناڕاستن.

ئاریستیپوسیش هەر وەکو بیرمەندانی دیکەی ئەخلاقی یۆنانی، فەلسەفەکەی بەدەوری ئەم پرسیارەوە دەخولاوە کە ئاکام و مەبەست چییە؟ و دەرەنجام دەبێتە چی و ئەوەی کە چ شتێک هۆ و مەبەست بۆ ئەنجامی کارەکانی ئێمە دەنرخێنێ؟ ئاریستیپوس بەم هۆ و مەبەستە دەڵێ بەدەستهێنانی چێژ. بەم جۆرە ئەم پێناسەیە ئەو دەکات بە هێدونیستێک. زۆربەی ئەو چێژانەی کە ئاریستیپوس دەیانناسێنێ چێژە جەستەییەکانن کە بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بکەین بە دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ سۆزانیی ڕێکپۆش یان چێژ وەرگرتن لە خواردنی میوەی خۆش و شەڕابی کۆنە.

ئاریستیپوس پێی باش نییە کە چیژوەرگرتن وەدوا بکەوێ و لە چێژوەرگرتنی لەوەی کە حازرە لە بەرامبەر ئەو زەحمەت و ماندووبوونەی کە لە داهاتوودا بڕیارە رووبدات بەرگریی دەکا، رەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە چاوی بە خەڵکانێک کەوتووە کە بیر لە داهاتووی خۆیان ناکەنەوە و بەم جۆرە بۆ دوارۆژیان بەداخ نین. یان ئەوەی کە کەسانێکی ناسیوە دڵەراوکێیان بۆ داهاتوو نییە و بەم جۆرە بیر لە داهاتوو ناکەنەوە و لە کاتی کێشە و گرفتیشدا کەمتر توشی زەحمەت و ئازار دێن و تەنانەت رەنگە لەم کاتەدا دیسان بە چێژ بگەن بەڵام ئەوەی نیگەرانی داهاتووە، چێژی هەنووکە بە نیگەرانییەوە لە پێناو سبەینێدا و چێژی سبەینێش بە نیگەرانییەوە لە پێناو سەبینێکانی تردا لەکیس دەدات. هەمیشەش ئەو ئەگەرە لەئارادایە کە چێژی ئەمڕۆکە ببێتە رەنج و ئازارێک بۆ سبەینێی ئەوێ رۆژێ، کەچی شتێکی کە لە ئاکامدا بایەخی دەبێت رەنجی کەمتر و چێژی زیاترە.

ئاریستیپوس رێزێکی کەمی لە دابونەریتی باوی یۆنانی ئەو سەردەم گرت. بۆ نمونە کاتێ بۆ دەستەملانبوون لەگەڵ سۆزانیەک کەوتە بەر تانە و رەخنەوە، لە وەڵامدا پرسی: ئایا جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو خانووەی کەپێشتر کەڵکی لێوەرگیراوە لەگەڵ ئەو خانووەی کە تا ئێستا کەس بەکاری نەهێناوە؟ یان ئەوەی کە ئایا لە نێوان ئەو پاپۆڕەی کە لە دەریادا کەلکی لێوەرگیراوە لەگەڵ ئەو پاپۆڕەی کە بەکار نەهاتووە جیاوازییەک هەیە؟ بەمجۆرە لە نێوان ئەم پرسیارانەدا هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت. دەست تێکەڵاوکردن لەگەل سۆزانی لەگەڵ دەستەملان بوون لەگەڵ ژنێکی کە پێشتر لەباوەشی کەسدا نەبووە هیچ جیاوازییەکی وا نییە. هەروەها سەبارەت بە خۆبچوککردنەوەی لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی ئەو کاتدا بەخراپە باسی هاتووە.

ئەم مەیلە بۆ چێژی حازر و فەلسەفە کە هەر ئێستا لەبەر دەستە بۆ چێژ وەرگرتن و هەروەها سەرنجنەدان بە ئەخلاقی باو و نەریتەکانی کۆمەڵگا هیزێکی وای وەبەرنابوو کە لەهەمەموو هەلومەرجێکدا تاڕادەیەکی زۆر هەست بە بەرژەوەندیی بکات. ئاریستیپوس تەنیا بەربەستێکی بۆ چێژوەرگرتن بە پێویست دەزانی و ئەویش ئەوەیە کە ئێمە خاوەن و کۆنترۆڵکاری چێژ بین نەک چێژ کۆنترۆڵمان بکات و ببێتە گەورەمان. چونکە ئەگەر وابێت چێژ دەبێتە کارێک کە لەرووی بێمەیلییەوە ئەنجام دەرێ و تەنانەت رەنگە ببێتە هۆی ئەوە کە کەس نەتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکات.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (58):

# هانا ئارێنت

**هانا ئارێنت** لە 14ی ئۆکتۆبری ساڵی 1906 لە **لیندن** Linden لە نزیک **هانوفێر** و لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی جولەکەدا لەدایک بوو. بنەماڵەکەی ئەگەرچی لیبڕاڵ و نائاییینی بوون، بەڵام **هانا ئارێنت**یان وا پەروەردە کرد کە لە بەرامبەر تواندنەوەی جولەکەدا بێدەنگ نەبێت. هانا ئارێنت پاش تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی لە تەمەنی 18 ساڵیدا چوو بۆ زانینگەی ماربورگ و لەوێدا فەلسەفە و خواناسی و زمانی یۆنانیی خوێند.

**هانس یوناس** فەیلسوفی ئەڵمانی لە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ **ئارێنت**دا باسی خوێندکارێکی گەنجی بلیمەت و بێوێنەی کردبوو کە لە زانینگەی **ماربورگ**دا **بە هۆی هەڵوێستی رەخنەیی لە بەرامبەر مارکسیزم و مەیلی بۆ دەوڵەت شارەکانی یۆنانی وەک پاوانخوازیک نێوی کەوتە سەر زاری خوێندکارە چەپەکان و لەنێو کۆڕی پاوانخوازانیشدا بە هۆی مەیلی بۆ ئەنجومەنەکانی پاش شۆڕش، وەک چەپ ناودێر کرا.**

لەو سەروبەندە دابوو کە هانا ئارێنت دڵی بە **مارتین هایدگێر** مامۆستای فەلسەفەی خۆی دۆڕاند. بەڵام بە هۆی ئەوەی هایدگێر ژنی هەبوو نەیتوانی بە مامۆستاکەی بگات. هەر ئەوە لە ماربورگی تاراند و لە سالی 1926 بۆ ئامادەکردنی تێزی دوکتۆراکەی چوو بۆ لای فەیلسوفێکی ناسراوی دیکەی ئەڵمانی بەناوی **کارڵ یاسپێرس** لە هایدڵبێرگ. ئارێنت دواتر لە وەسفی یاسپێرسدا بەردەوام لەسەر ئەوە پێداگریی دەکرد کە مامۆستاکەی ئەوی لە راکردن لە مرۆڤ و دنیا رزگار کرد. ئەوی لەگەڵ بیرۆکەی ئازادیی مرۆڤ ئاشنا کرد و پێویستی پێکەوە ژیانی لە نێوان مرۆڤەکانی پێناساند.

ئارێنت دواتر تێزی ماموستاییەکەی تەرخان کرد بۆ بابەتی **"چەمکی ئەڤین لە لای ئاگوستین"**. بەڵام کارکردن لە شوێنی ئاکادیمی نەیتوانی ئەرخەیانی بکا. لەبەر ئەوە وازی لە ماموستایەتی لە زانینگە هێنا و ژیانی نوسینی هەڵبژارد.

ساڵی 1929 لەگەڵ هاوژینەکەی خۆی **"گۆنتێر شتراون"** چوو بۆ بێرلین و لەوێ دەستی کرد بە نوسینی یەکەم کتێبەکەی کە ژیاننامەی **"راحێل فارێن هاگن"**ە. هانا ئارێنت هەموو ئەو ئەزموونە تاڵانەی کە لەو ساڵانە لەگەڵ حکومەتی نازیی ئەڵماندا بوویەتی لەو کتێبەدا رەنگی داوەتەوە دەتوانین لە تویی رستەکانیدا بە بڕوای پۆڵایینی ئەو بە شوناسی خود و مافی بیرجیاوازیی بزانین.

هانا ئارێنت کە لە ژێر ئاڵوگۆڕە سامناکەکانی ئەڵمانی نازی خەریک بوو خۆی دەگرت لە مانگی ئوتی 1933دا وڵاتی بەجێهێشت و چوو بۆ پاریس. ئەو دڕندەیی دێوەزمەی فاشیزمی بەتایبەتی لە کەمکاریی روناکبیرانی ئەڵماندا دەدیت و ئەوانی لەم پرسەدا بە بە تاوانبار دەزانی. ئارێنت بە کەوتنە ژێر کاریگەریی رووداوە سیاسییەکان ئەو سەردەمی و هەروەها هاوژینی دووەمی بە ناوی **"هاینریش بلوشێر"** کە سوسیالیستێکی بە بیرو باوەڕ بوو، وردە وردە بوو بە بیرمەند و نوسەرێکی وشیاری سیاسی. ساڵی 1941 لەگەڵ هاوژینە دووەمەکەی لە پاریسەوە چوو بۆ ئەمریکا. لە ئەمریکا لەپێشدا بۆ بەشەکانی بەڕیوەبەرایەتی رێکخراوەکانی کۆچبەری جولەکە چالاکی دەکرد و لە نوسەرانی رۆژنامەی **"ئاوەدانکردنەوە"** گرینگترین ئۆرگانی جولەکە کۆچبەرەکان بوو. بەڵام بە گەشەی مەیلی سەهیونیستی لەم رێکخراوانەدا ئارێنت کە هەمیشە لە نەتەوەخوازیی دەمارگرژ بێزار بوو، لە ساڵی 1944دا وازی لەو رۆژنامەیەش هێنا.

ساڵی 1951 یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی ئەو لەژێر سەردێڕی **" ژێدەرەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتێر The Origins Of Totalitariabnism"** بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆوە. هەر ئەم بەرهەمە لە ساڵی 1955دا بە زمانی ئەڵمانی چاپ کرا. ئارێنت لەم بەرهەمەدا لە رووی سیاسییەوە تۆڵەی لە حکومەتە تۆتالیتێر ناسیونال سوسیالیستی و ئیستالینیستییەکان

کردەوە. شایانی باسە کە راپۆرتی زۆر تایبەت لەژێر سەردێڕی **"سوکی و چروکی یاخی"** لە پەیوەندی لەگەڵ دادگایی **ئادۆڵف ئایشمەن** یەکێک لە رێکخەرانی سەرەکی **هۆلۆکۆست** لە هانا ئارێنت بەجێماوە. ئایشمەن لە ساڵی 1960 لە ئورشەلیم دادگایی کراو لە سێدارە درا.

**ناسراوترین بەرهەمی فەلسەفی – سیاسی هانا ئارێنت نێوی"هێز و دڕدۆنگی"یە** کە لەوێدا بە وردبینییەکی تایبەتەوە لێکۆڵینەوەی لە سەر رۆڵی هیز و دڕدۆنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کردووە و دەریخستووە کە ئەوانە چەمکگەلێکی تەواو جیاواز و تەنانەت دژبەرن. لە بەرهەمەکانی دیکەی هانا ئارێنت دەتوانین ئاماژە بکەین بە **"راستی و درۆ لە سیاسەتدا"** و هەروەها **" سەبارەت بە شۆڕش"**.

**"ژیانی بەکردەوە" Vita Aktiva (1960)، بەرهەمێکی گرینگی دیکەی ئارێنتە و تایبەت بە فەلسەفە و دەپەرژێتە سەر تیۆریی کردەوە و بە روانگەیەکی مێژوویەییەوە نوسراوە.**

هانا ئارێنت لە 4 دیسامبری 1975لە **نیویۆرک** بۆ دواجار چاوی لەسەر یەک دانا.

***

# ئیمپدوکلێس 430 – 492 پێش زایین

**ئیمپدوکلێس** خەڵکی **ئێکراگاس** لە سیسیل بوو کە بە وردی ماوەی ژیانی دەست نیشان ناکرێ. لەوە دەچێ کە سیاسەتی سەردەمی خۆی پێخۆش بووبێ و رێبەری حیزبی دیموکراتی شارەکەی خۆی بووە، هەروەها چەند چیرۆکێک سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەو وەک جادوگەر دەگێڕنەوە و بە پێی چەند چیرۆکێک ناوبراو لەبەر دزینی وتە و پیڤدارییەکان **لە نێو کۆڕی فیساغورسییەکاندا دەرکرا.** لە هەمان کاتیشدا دەگوترێ کە لە پزیشکیش دا بۆتە هۆی گەشەکردنی. ئیمپدوکلێس خۆی بە شایانی پەرستران زانیوە بەچەشنێ کە بەشێک لە قوتابییەکانی بە ناوی خودا بانگیان کردووە.

سەبارەت بە مردنیشی چەند چیرۆکێک دەگێڕنەوە کە بە ناوبانگترینی ئەم چیرۆکانە ئەوەیە کە ئەو خۆی گەیاندۆتە نێو زاری بورکانی **ئیتنا** هەتا خەڵک پێیان وابێ چووە بۆ ئاسمان و یەکێک بووە لە خوداکان، بەڵام داخی گرانی پێڵاوە برنجییە بەناوبانگەکانی خۆی لە پەنای زارکی بورکانەکە لە بیر دەچێ. **ئیمپدوکلێس** فکرە فەلسەفییەکانی خۆی وەکو باقی فەیلسوفە یۆنانییەکان بە رێکوپێکی دەربڕیوە و تارادەیەکیش هەوڵی داوە هەتا بیروبۆچوون و رایەکانی پێش خۆی رێک بخات. لە فەلسەفەی ئیمپدوکلێسدا شتی گرینگ گۆڕان و ئاڵوگۆڕ و پەیوەندیی بوونەوەرانە نەک لەدایکبوون و مردنیان. ئەو پێیوایە **بوون** هەیە و ماتریالیشە (وەکو پارمنیدس) و هەروەها پێی وابوو **بوون** ناتوانێ بەدیبێت یان لەناو بچێت چونکە **نە دەتوانێ لە نەبوونەوە بەدی بێت و نە دەتوانێ بفەوتێ** هەر بۆیە ماتریال نە سەرەتای هەیە و نە کۆتا. **ئیمپدوکلێس** لە هەمان کات گۆڕانی وەک هەقیقەتێک رەت نەدەکردەوە و بەم جۆرەی پاساوی بۆ دەهێناوە: ماتریالەکان ئەو گشتییانەن کە بەدی دێن و کاتیان بەسەر دەچێ، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم گشتییانە لە پاژی نەفەوتاو پێکهاتوون و تەنیا ئەو شتانە هەن کە لێکدراو و گۆڕینەوەی ئەم پاژانەن و جەوهەر (سروشت) تەنیا نێویێکە کە مرۆڤەکان لەسەر شتەکانیان داناوە. **پۆلینکردنی ناسراوی چوار توخمی داهێنانی ئیمدوکلێس بوو.** بەم شێوەیە کە ماتریال بە هۆی تێکەڵاوی چوار توخمەکە **(ئاو ، ئاور، خاک، هەوا)**

وەدی دێن. **ئەڤین** هۆکاری راکێشانی ئەم چوار پاژەیە و نەفرەت یان دژبەریی پاژەکان دادەبڕێنێ.

بە پێی بۆچوونی ئیمپدوکلێس گەڕی جیهان بازنەییە، بەم واتایە کە لە سەرەتای قۆناغێکدا گشت توخمەکانی دنیای بوون بۆ پێکهاتنی ماتریالە لێکدراوەکان تێکەڵاوی یەکتری بوون. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە دەیانناسین تێکەڵاوێکی گشتیی لە خاک و هەوا و ئاور و ئاو پێویستە. لەم قۆناغە سەرەتاییەی گەڕی جیهاندا **ئەڤین** بنەمای زاڵە و گشت کۆیەکە ناوی خودایەکی پاکی لەسەر دانراوە. بەڵام نەفرەت چواردەوری دنیای داگرتووە و کە خۆی خزاندە نێو جیهانەوە جیاوازی و دابڕان لەو گەڕیانەدا روو دەدا.

**ئیمپیدوکلێس** لە **کتێبی پالاوتنەکاندا** باسی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی رۆحەکانی کردووە. بەڵام ناتوانین تیۆری هەڵوەشاندنەوەی ئەو لەگەڵ سیستمە جیهاناسییەکەی بسازێنین، چونکە ئەگەر گشت شتەکان لە پاژی ماتریالی پێکهاتبن کە لە کاتی مردن دا لەیەکتر جیا دەبنەوە، شوێنێک بۆ هەرمانی نامێنێتەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ هەرچەندە **ئێمپیدوکلێس رەوتی جیهان و گەڕی بازنەیی سروشتی دەربڕی، بەڵام نەیتوانی روونی بکاتەوە و بە ناچاری دەستەوداوێنی هێزە ئوستوورەییەکانی ئەڤین و نەفرەت بوو** و ئەمە **ئاناکساگوراس** بوو کە بە یارمەتی چەمکی ئاوەز ئەم روونکردنەوەیەی وەئەستۆ گرت.

****

# ئاناکساگوراس

428- 500 پێش زایین

**ئاناکساگوراس** ی بە رەچەڵەک یۆنانی لە دەروبەری ساڵی 500 ی پێش زایین لە **کلازمنا** لە ئاسیای بچوک لەدایک بوو. ناوبراو لە تەمەنی 40 ساڵیدا چوو بۆ **ئەسینا** و بۆ ماوەیەک لەوێ گیرساوە. چەندین ساڵ دواتر تاوانی **خوانەناس**ییان خستە پاڵ، بۆیە ناچار بوو ئەسینا بەجێ بێڵێ. ئەو بەوە تاوانبار بوو کە دەیگوت **خودا هەتاو نییە بەڵکو گۆیەکی ئاگرین و مەزنترە لە تەواوی نیوە دورگەی پلوپونز.** ئەو بە گشتی هۆگری ئەستێرە ناسی بوو. کاتی خۆی لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر نێزەکییەک کردو بەو دەرەنجامە گەیشت کە گۆ ئاسمانییەکانیش هەر لە جەوهەری زەوییەوە پێک هاتوون. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو پێی وابێ رەنگە ژیان لە ئەستێرەکانی دیکەشدا هەبێت.

**ئاناکساگوراس** هەر وەکو **ئیمپدوکلس** و زۆربەی یۆنانییەکان ئەم ئەسڵەی قبووڵ کرد کە **بوون نە بەدی دێت و نە لەناو دەچێت.** بەڵام لەم بابەتەدا کە دوایەکەکان لە چوار توخمی خاک، هەوا، ئاور و ئاو دەچن نەبووە هاوڕای **ئیمپدوکلس** و بڕوای وایە هەموو شتێک پاژی هەیە و پاژەکان لە رووی چۆنییەتیەوە هەر وەکو گشتێتییەکەیەتی و دابەش ناکرێت.

**ئاناکساگوراس** پێیوایە لە سەرەتادا پاژەکانی هەموو جۆرەکان لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو بوون و گشت شتەکان بەیەکەوە بوون و دەستوپەیوەندەکانی ئەزموونی ئێمە کاتێ سەر هەڵدەدەن کە پاژەکانی چەشنێکی دیاریکراو لەم گشتییەدا بە شێوەیەکی تایبەت کۆ دەبنەوە. بۆ نموونە پاژەکانی زێڕ لە سەرەتادا تێکەڵاوی پاژی دیکە بووە، بەڵام ئەم پاژانەی زێڕ کاتێ بەیەکەوە کۆ دەبنەوە کە بەشی دەرکەوتەی زێڕ پێک دەهێنن، کەچی لە زێڕیشدا پاژی چەشنی دیکە هەن و ئێمە بەو هۆیەوە بە شتێک دەڵێین زێڕ چونکە پاژەکانی پەیوەندیدار بە زێڕ لە پاژەکانی دیکە زیاترن و لەم رووەوە **ئاناکساگوڕاس** بۆ گۆڕان ئاوا دەڵێ کە بۆ نموونە هۆی ئەوەی کە گۆشت لە شتێکی جیا لە گۆشت پێک دێت ئەوەیە کە لە هەموو شتێکدا پاژی شتەکانی دیکە حازرن، بەم پێیە لە گژ و گیاشدا پاژی گۆشت هەن، بەم هۆیە گۆشت لە گژ و گیا پێک دێت. تا بەئێرە **ئاناکساگوڕاس** باسێکی نوێی ئاراستە نەکردووە.

بەڵام کاتێ بە پرسی هێز یان هێزێکی دەگەین کە شتەکان لە گشتی سەرەتا دا دروست دەکا، بە رۆڵی گرینگی ئاناکساگوراس دەزانین. **ئیمپێدوکلس** جووڵەکانی لە نێو جیهان دا گەڕاندەوە بۆ هێزی **ئەڤین و بێزاری** بەڵام **ئاناکساگوراس** بەپێی ئەوە ئەسڵی (Nous) یان ئاوەز و زەینی سروشتی پێناسە کرد. دەڵێ: **Nous دەسەڵاتی بە سەر گشت**

**زیندەوەرانی چ بچوک بن چ گەورەدا هەیە و بێکۆتا و سەربەخۆ و نیانترین و بێخەوشترینی شتەکانە.**

**ئەرەستۆ** سەبارەت بە گرینگیی ئاناکساگوراس دەڵێ: ئەو وەکو پیاوێکی ژیر لە نێو نابەجێ بێژانی بەر لە خۆیدا دیارە، "ئەگەرچی حاشا لە گرینگی و کاریگەریی ئاناکساگوراس لە میشکی فەیلسوفانی پاش خۆیدا ناکرێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو لە سەرەتادا بنچینەیەکی رۆحی و ئەقڵی ناساند و نەیتوانی بەتەواوی پاساوی جیاوازیی بنەڕەتی نێوان ئەم ئەسڵ و ماتریالێکی کە ئەم ئەسڵە پێکی دەهێنێ یان وەجووڵەی دەخا، بداتەوە. ئەو هەرکاتێ ناتوانێ ئەوە شی بکاتەوە کە بۆچی هەر شتێک بە ناچاریی هەیە، ئەقڵ دێنێتە گۆڕێ، بەڵام لە پرسەکانی دیکەدا هەموو شتێک وەک هۆکار دەخاتە سەروو ئەقڵەوە. بەڵام دیسان نابێ حاشا لەوە بکەین کە **ئاناکساگوراس** بە هێنانە گۆڕێی ئەسڵێکی زۆر گرینگ لە فەلسەفەی یۆنانیدا پاش خۆی رەوتێکی باشی وەجووڵە خست.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (61):

# ئاناکسیماندەر
# Anaximander

**ئاناکسیماندەر** (610-546 پێش زایین) فەیلسوفی سروشتی و قوتابیی **تالیس** یش بووە. کتێبی **"سەبارەت بە سروشت"** کە بە یەکەم دەقی فەلسەفیی لەقەڵەم دەدرێ لە نوسینی ئەوە.
**ئاناکسیماندەر** یەکەم کەسێکە کە هۆی پێکهاتنی دنیای بە جێی ئوستوورە و ئایین و خودا خستۆتە ئەستۆی زانستە ئەزموونییەکان. ئەو دەیگوت کە فەلسەفە دەبێ ببێتە ئاوەزخواز و بە دژی ئایین و خورافە و ئەفسانە خەبات بکات. ناوبراو لە یەکێک لە شارە کۆلۆنیاکانی یۆنان لە رۆژئاوای ئاسیای بچوک بە نێوی **مێلتا** لەدایک بووە. ئەم شارە چەندین سەدە ببووە پردی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا. کۆتایی قۆناغی **"ئارشایی"** چاخی تاریکی بە قۆناغی شەشەمی بەر لە زایین دەزانن کە هاورێ بووە لەگەڵ دەستپێکی شارنشینی. دەستپێکی فەلسەفەی یۆنان دەبێ بە دەستپێکی پشکوتنی زانستە سروشتی و ئەزموونییەکان بزانرێت کە تێیدا کولتووری ئوستورەیی پێشوو جێیەکەی دا بە **ئاوەز و لۆژیک**. مرۆڤ دەبوو ئیتر بۆ رووداوە سروشتییەکانی وەک مانگگیران و رۆژگیران و سێڵاو و بوومەلەرزە و بورکان و هەورەتریشقە بەدوای هۆکاری ئاسمانی و ئایینی نەدەگەڕا، بەڵکو وەڵامەکانی لە زانستە سروشتییەکاندا دەدۆزییەوە. فەیلسوفە سروشتییەکانی پێش **سوکرات** هەوڵیاندا هەتا دنیا بە یارمەتیی زانست وبەبێ ئوستوورە شی بکەنەوە. فەلسەفەی سروشتیی یۆنان بە **تالێس و ئاناکسیماندەر** دەستی پێکرد. **ئاناکسیماندەر یەکێک لە بناغەدانەرانی ئەستێرەناسیی یۆنانیش بوو.** گەرچی مرۆڤناسیی ئانکسیماندەر هێشتا لە پاشماوەکانی فەلسەفەی **ئارکائیک** دانەماڵدرابوو بەڵام ئەو مرۆڤی بە بوونەوەرێک دەزانی کە بە هۆی گەشکردنی زیندەوەرە دەریاییەکانەوە بەدیهاتووە. ئەو زیاتر لە 2500 ساڵ پێشتر، بە تیۆرێکی مۆدێرن هەوڵیدا هەتا چەشنێک بونەوەری دەریایی وەکو قرش و ماسی بە هۆکاری دەستپێکی ژیانی مرۆڤ بناسێنێ.
لەو رووەوە ئەناکسیماندەر گرینگە کە لە سەدەی رابوردوودا **هایدگێر** و **گادامێر** هەوڵیاندا هەتا زیاتر بیناسێنن. ئەو یەکێک لەو سێ فەیلسوفە ناودارە ماتریالیستی ملتاییەی پێش سوکرات. ئەو بێجگەلە فەلسەفە وەکو تالێس داهێنەر و روناکبیرێکی زانستخواز بوو و دەستی کردبوو بە رەخنەگرتن لە جیهانناسی و ئەستێرەناسیی خەڵکانی پێش خۆی و پرسیاری کرد کە بۆچی مادەیەکی دیکە بێجگەلە ئاو ناتوانێ ببێتە هۆکاری دروست بوونی دنیا. وەک دەڵێن ناوبراو یەکەم نەخشەی جوگرافیایی دنیای کێشاوە کە سێ کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقای وەخۆگرتبوو. هەروەها سەعاتێک کە بە وزەی خۆر کاری دەکرد و ا خشتەیەکیش سەبارەت بە ئەستێرە ئاسمانییەکان لە کارە گرینگەکانی ئەون. ئەو لە ژێر کاریگەریی **کولتووری بابیلی** بە وشیاریی تایبەت گەیشت و گەلێ زانیاریی سەبارەت بە

کەشتیوانی و سەفەری دەریایی بەدەست هێنا. یەکەم نوسراوەی فەلسەفەی رۆژئاوا لە ژێر سەردێڕی **"سەبارەت بە سروشت"** هی ئەناکسیماندەرە. ئەگەر **تالێس** ئاوی بە هۆکاری دروست بوونی دنیا دادەنا، ئاناکسیماندەر گردیلەیەکی بە نێوی **"ئاپیرۆن"** بە هۆکاری بوونی جیهان دەزانی. ئەو لە نێوان سالانی 610-546 پێش زایینیدا ژیا.

**ئاپیرۆن** کە بە بۆچوونی ئەو مادەی سەرەتایی پێکهێنەری دنیایە گردیلەئاسا، ناروون و بێسنوورە کە بە یارمەتیی هێزە هەستییەکانیش دەرک ناکرێت. بۆ یەکەمجار دنیای بوون بە شتێکی دەستنەکەوتوو و ناروون ئاراستە کرا هەتا حالەتی درکردن و هەستی راستەقینەیەک شی بکاتەوە، واتە لە رووی تیۆرییەوە بۆ لێدوان لەمادەیەکی هەستپێکراو کەڵک لە گریلەیەکی درک نەبوو وەرگیرا.

لە سەردەمی ئەودا فەلسەفە دەورێکی رۆشنگەرانەی هەبوو یان بە گوتەی نیچە ئەو کاکەشانە چەندایەتییەک بوو لە سیستیمی هەتاو ئاسای کولتووری سەردەمی خۆی.

لایەنگرانی باسوخواسە زانستی و فەلسەفییەکانی ئەو سەردەم سەرقاڵ بوون بە تیۆریەکانیان بە باڵاترین هەستی بەختەوەریی مرۆڤی روناکبیر دەزانی و دەیانپرسی کە **ئایا فەلسسەفە زانستێکە لە سەروو یان خوار زانستی فیزیک**. ئاناکسیماندەر لەو یەکەم ئەو روناکبیرانەیە کە لە دنیادا **بەربەرەکانیی هەمیشەیی دژەکان**ی هێنا ئاراوە. ئەو یەکێکە لە فەیلسوفانی پێش سوکرات کە پرسیاری پێگەی مرۆڤی لە دنیادا ئاراستە کرد. ئەو بەشێکی مەزنی **مێژووی هێلێن**ی بە ئەفسانە و ئوستوورە و ناراستەقینە لەقەڵەم دا. ئاناکسیماندەر لەو سەرەوە گرینگە کە لەو سەردەمەدا باسی دژایەتی لەنێو فەلسەفەی هێنا ئاراوە. یەکێک لە باوەڕ و زانستە یۆنانییەکانی ئەو کات ئەوە بوو کە لەگەڵ هەر لەدایکبوون و زێدەبوونێک لە سروشتدا مردنیش هاوتەریب لەگەڵیدا گەشە دەکا و هەموو شت و مادە و بونەوەرێک لە پێناو بوونی خۆی لە جیهاندا خەرجێک دەکا و رەوتی گۆڕان و گەشەکردنی لە ئاکامدا بە مەرگ دەگا و دژایەتییەکان دەبنە هۆی ناعەداڵەتی و غیابی هاوسەنگی. فەلسەفەی رۆژئاوا بە پێچەوانەی فەلسەفەی رۆژهەڵات کە خوازیاری هاوسەنگیی و ئاشتی و ئۆقرەگرتن و هاوئاهەنگی و بێدەنگی بووە، بەدوای بەربەرەکانی و نائارامی و گۆڕان دا چوو. ئەو سەردەم زۆربەی بابەتە ئوستوورەییەکان بە پێی ریز و کوچکەی دەسەڵات هاتنە ئاراوە بەڵام فەلسەفەی نوێی ئەو کات بوو بە خوازیاری ئازادی و دیالۆگ و یەکسانی.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (62):

# ئێلیتیزم (elitism) و میراتگرانی ماکیاڤیلی

**ئێلیتیزم** یان نوخبەخوازیی لادانێکە لە **مارکسیزم – لینینیزم** وەکو شێوازێکی زانستیی ئازادیی کرێکاران. ئێلیتیزم پشت ئەستوورە بە بەرگریی ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ لەوە کە کۆمەڵگا یان گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بە دوو گروپی **نوخبەی دەسەڵاتدار و جەماوەری ژێرفەرمان** دابەش دەکرێ. تیوریسیەنەکانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە کە نوخبەکان بە گشتی، بە پێی ڕەگەز و نژاد و نەتەوە و ئایین و سەرمایە و پلەی پەروەردە و ئەزموون و جۆری ئیش یان توانستەکانی نێو ژیان لە باقی ئەندامانی کۆمەڵگا جیا دەکرێنەوە و دەبنە بان دەستی دیتران. **مارکسیزم – لێنینیزم** یان هەر چەشنە ئێلیتیزمی بێگانە ڕاست لە بەرامبەر سازان و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا ڕادەوەستێ و چینی دەستڕۆیشتوو و دەسەڵاتدار وەک بیانوویەک بۆ چەوساندنەوەی چینەکان و جەماوەری ستەملێکراو بەکاریان دەهێنێت.

ئەگەرچی **مارکسیزم – لینینیزم** لە سەر ئەم ڕاستەقینەیە پێداگری دەکا کە کۆمەڵگای چینایەتی بنچینە و زەمینەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی و گەشەسەندنی ئێلیتیزمە، بەم حاڵە هەر بۆ ئەوە نەهاتووە ئەم ڕاستەقینە عەینییە قبووڵ بکا، بەپێچەوانەوە هەمیشە بە ئاراستەی خەباتی بێبەزییانە لەگەڵ لایەنگرییە ئێلیتیستی و نوخبەخوازنەکانە. مارکسیستەکان پێیان وایە کە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی نایەکسانیی کۆمەڵگای چینایەتی، دەبێ کۆمەڵگایەک ساز بکرێت کە تێیدا گشت جەماوەر بە بێ وەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و نژاد و ئایین و نەتەوە بە یەکسانی دەستیان بە سەروەت و دەرفەت و بوارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتیی ڕابگات. کۆمەڵگایەکی کە تێیدا پێگەیشتنی ئازادانەی هەموو تاکێک مەرجی گەشەی ئازادانەی هەمووانە (مانیفێستی حیزبی کومونیست). **مارکس** بنەمای فەلسەفیی ئێلیتیزمی لە تێزەکانی سەبارەت بە **فویرباخ** دا بەم جۆرە دەربڕی:

> **ئەم ڕاهێنانە ماتریالیستییە واتە مرۆڤەکان بەرهەمی هەلومەرج و بارهاتنن و بەم پێیە کەسانێکی کە گۆڕاون بەرهەمی هەلومەرجەکانی دیکە و بارهاتنی جیاوازن، ئاگای لەم خاڵە نییە کە ئەمە مرۆڤەکانن کە هەلومەرج دەگۆڕن و بەم پێیە دەبێ خودی ڕاهێنەر پەروەردە بکرێت. ئەم بارهێنانە بە ناچاری بەم جێیە دەگا کە کۆمەڵگا دەکاتە دوو**

**بەش، کە بەشێکیان دەکەوێتە بان کۆمەڵگاوە (بۆ نموونە بە پێی گوتەی رابێرت ئۆڤێن).**

تەنیا وەکو پراکتیکی شۆڕش دەتوانین لە بەرواوردکردنی هەلومەرجە بگۆڕەکان لەگەڵ چالاکیی مرۆڤی تێی بگەین و درکی بکەین.
(تێزی سێهەم).

هەروەها وشەی ئێلیتیزم یان نوخبەخوازیی لە زانستنامەی فەلسەفیدا بەم جۆرە پێناسە کراوە:

**"بڕوا بەوەی کە لە هەر کۆمەڵگا یان گروپی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتوری و هتددا کەس یان کەسانێک بە هۆی توانستی تایبەت بە خۆیانەوە لە ئەوانیتر سەرترن و مافی ئەوانە کە بە سەرکردەیی و ڕێبەرایەتیی بگەن".**

ئەگەرچی وشەی "ئێلیت" هەمیشە لەگەڵ ناوی تیوریسیەنگەلێکی وەکوو **"ویلفرێدو پارێ تو"** و **"گائتانو موسکا"** و **"روبێرتۆ میخێلز"**دا دێت، بەڵام پێشینەی واتای ئێلیت دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەکانی **"نیکولو ماکیاڤیلی"**. ماکیاڤیلی بە واتایەکی گشتی هەموو رەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە راستەقینەی بنەڕەتی جیاوازی نێوان نوخبەکان و نانوخبەکانەوە گرێ دەدا و لەم رووەوە گشت تیوریسیەنە سەرەکییەکانی ئێلیتیزم وەکو **پارێ تو، موسکا، میخلێز** و **سورێل** کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەندێشەکانیەوە.

تیوریسیەنەکانی **نوێماکیاڤیلی** و لایەنگرانی تیوری نوخبەکان نەیاری دیموکراسی بوون و بە سیستمێکی ناکارامە و لاوازیان بۆ حکومەتکردن زانیوە کە بەکردەوە دەرفەتی لەو کەسانە ستاندووە کە توانایی و توانستی ئەم کارەیان هەیە.

**ماکیاڤیلی** بە هۆی بەپەرۆشبوونی بۆ هەلومەرجی ناوخۆی ئیتالیا و ئەو لاوازی و شێوابوییەی کە وڵاتەکەی تەنیبۆوە، بە رەشبینییەوە بیری لە حکومەتی گشتی و دامەزراوە پارلەمانی و دیموکراسیەکان دەکردەوە و پێیوابوو کە تەنیا رێی رزگاربوونی ئیتالیا لەم بەڕەڵاییە هاتنە ئارای هێزێکی سەرکەوتوو و بەهێزە و لەم رووەوە بوو کە لە کتێبی **"میر"**ی خۆیدا کە لە میرەکانی ناوخۆی ئیتالیا بوو نوسیبووی کە خوازیارە ئەو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت هەتا ئیتالیا لە بشێوی و لاوازیی ناوخۆ رزگار بکات. **"تاکە درووشمی سیاسیی ئەو ئەمە بوو کە پاشا لە سەروو هەموو پرەنسیپ و یاسا و رێساکانی خەڵکی ئاساییە".**

لەم نوسینەدا پۆلینبەندیی کۆمەڵگا بە دوو بەشی فەرماندەر و فەرمانبەر بە تەواوی دیارە. **پارێ تو** –کۆمەڵناسی ئیتالی و لە بناغەدانەرانی رێبازی نوێماکیاڤیلی، چەندین ساڵ دواتر ئەم پۆلینبەندییەی بەکار هێناوە و دوو توێژی **"ئاسایی و نوخبە"**ی لە کۆمەڵگا جیا کردەوە.

ماکیاڤیلی لە کتێبی **"گوتەکان"** کە تێیدا لە ڕووداوەکانی کۆماری ڕۆم دەرس وەرگیراوە و بەشێوەی ئامۆژگاری و پەند ئاراستە کراون، دەنوسێ:

> **"... خەڵک زۆرجاران فریوی چاکەیەکی وەهمی دەخۆن و بهرێی زیانی خۆیاندا دەچن... ئەوان کە لە دانیشتنە راوێژکارییەکاندا ئامادە بوون، دیتوویانە کە تا چ رادەیەک بیری مرۆڤەکان توشی هەڵە دەبێ و ئەگەر ئەو بیرکردنەوانە بە هۆی خەڵکانی باڵادەستەوە سەرکردایەتی نەکرێت توانستی ئەوەی هەیە کە ببێتە جەمسەری دژ بە ئاوەز و لۆژیک.**

بەو جۆرەی کە پێشتر گوترا یەکێک لە گرینگترین هزرڤانانی رێبازی نوێماکیاڤیلی **ویلفێر دوپارێ تو**یە کە تیۆری **"نوخبەکان"** بە گشتی بە نێوی ئەوەوە دەناسرێتەوە.

**پارێ تو**، نوخبەکان بە شایانترین و باشترین تاکەکان لە گشت لق و بوارەکان دەزانێ کە مرۆڤ چالاکییان تێدا دەکا. یەکێک لە تیۆرە گرینگەکانی ناوبراو تیۆری **" هاتن و چونی نوخبەکان"** ە کە لەوێدا لە سەر هۆکاری شۆڕش و گوڕانکارییەکان لە مێژوودا دەکۆڵێتەوە. لە بەرچاوترین هۆکارێکی کە ناوبراو بۆ سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگاکاندا ئامازەی پێدەکا، نارەزایی گروپێکە لە نوخبەکان کە لە هەمانکاتێ توانست و توانایی سەریان هەیە، نەیانتوانیوە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. هەموو گۆڕان و شۆڕشێک دەبێتە هۆی بەربەرەکانی و خەبات لە نێوان ئەم نوخبانە و نوخبە کۆنەکان کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و لەم بەربەرەکانییەدا خەڵک تەنیا وەک هێزگەلێکی ون ئەرکیان لە سەر شانە هەتا بۆ گەیشتنی"دەسەڵات بە نوخبەکان" هەموو هێزی خۆیان بەکار بهێنن. **پارێ تو** رای وایە ئەم **"هاتن و چون"** و سوڕی نوخبەکان هەروا درێژەی هەیە و نوخبەکان تا گەیشتن بە دەسەڵات قەت واز لە ململانێ ناهێنن.

چەمکی **"نوخبە دەسەڵاتدارەکان"** ئەگەرچی لە تیۆرەکانی **پارێ تو** و **موسکا** و **میخلێز**دا وەک ناودارترین بیرمەندانی ئەم رێبازە هاوبەشە، بەڵام هەر کامیان بە ئاراستەیەکی دیکەوە سەیری ئەم وشەیە دەکەن. **موسکا** و **میخلێز** بە ئاراستەیەکی رێکخراوەییەوە لەم وشەیە دەکۆڵنەوە. **موسکا** رێکخراوبوون بە هۆکارێکی گرینگ بۆ زاڵبوون و سەرتربوونی گروپێک بە سەر گروپێکی دیکەدا دەزانێ. ناوبراو پێی وایە کە کەمینەیەکی رێکخراو دەتوانێ بە سەر زۆرینەیەکی نارێکخراودا زاڵ بێت و دەڵێ کە ئەگەر جەماوەر و گروپە نانوخبەکان لە نوخبەی دەسەڵاتدار دڕدۆنگ بن دیسان ئەم کەمینە رێکخراوە لە ناخی جەماوەر و نانوخبەکاندایە کە دەتوانێ لەم خەباتەدا لە جەماوەرە نارازییەکانی دیکە وەپێش بکەوێت و نوخبەکانی دەسەڵاتدار شکست بدا و دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

**میخلێز** لە چوارچێوەی ئاراستەی رێکخراوەییدا جەخت دەکاتە سەر **"حیزبە سیاسییەکان"**.

ئەم حیزبانە یەکێتییە کرێکارییەکان و حیزبی سوسیالیستیی وەخۆ دەگرن کە لە سەردەمی **موسکا**دا پێکنەهاتبوون. **میخێلز** لە سەر ئەم بڕوایەیە کە بە پێی **"یاسای پۆڵایینی**

**ئێلگاریشی**"، پاڵپشت و بەرفرە کردنەوەی سەرەکیترین فۆرمی ڕێکخراوە کە بە بۆچونی ئەو **"حیزبە سیاسییەکان"**ە، دەتوانێ بە چەشنێ **ئێلگاریشی** (دەسەڵاتی کەمینەی نوخبە) بگات. **میخلێز** حیزبەکان بە ئامرازێک بۆ گەیشتن و پاراستنی دەسەڵات دەزانێ.

ئاراستەی دیکە، ئاراستەی دەرونزانانەی **پارێ تو**یە کە گروپی نوخبە بە گروپێکی خاوەن توانست و غەریزە و توانا تاکییە تایبەتەکان دەزانێ کە ئەوان لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە. **پارێ تو** بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری **ماکیاڤیلی** ئەم غەریزانە و حاڵەتە زەینییەکانی مرۆڤ دەکاتە دوو بەشەوە کە بەشێک بە پێی بیرکردنەوە و خەیاڵ و فێڵ و تەڵەکەیە و ئەو ئەم گروپە بە **"ڕێوی"** دەشوبهێنێ و بەشەکەی دیکە بە پێی سەرکەوتن و دەسەڵات و هێز دێتە ئاراوە کە ئەم گروپەش بە **"شێر"** دەردەبڕێ.

**ماکیاڤیلی**ش خوازیاری بەدەستهێنانی ئەم دوو ئاوڵناوە بوو بۆ **میر** و حاکمی جێی پەسندی خۆی، بەڵام **پارێ تو** لە هەمان کاتدا لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە بوونی ئەم دوو ئاوڵناوە لەگەڵ یەکتری بۆ گروپی نوخبەی دەسەڵاتدار، بەکردەوە مەحاڵە یان بە دەگمەن ڕوو دەدات و هەمیشە ئەو نوخبانەی کە خاوەنی یەکێک لەم تایبەتمەندییانەن، شوێنی نوخبەکانی دیکە کە خاوەنی تایبەتمەندیی دیکەن دەگرنەوە و لەم ڕووەوە **"تیۆری هاتن و چونی نوخبەکان"**ی خۆی دەهێنێتە ئاراوە.

ئەندێشەی **ئێلیتیزم** و تیوریسیەنەکانی ئەم ئەندێشەیە لە ئامادەکردنی کۆمەڵگای ئەو کات بۆ پەسندکردنی **فاشیزم** دەورێکی گرینگیان دەگێڕا. ئەگەرچی بە هاتنە سەرکاری **فاشیزم** و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان لە لایەن ئەم حکومەتەوە هەر ئەم تیوریسیەنانە **(موسکا** و **پارێ تو)** بە هۆی بڕوایان بە ئازادیخوازیی، دژایەتییان لەگەڵ ڕژێمی **موسیلێنی** کرد.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (63):

# ئێگزیستەنسیالیزم

**ئێگزیستەنس** (Existence) بە واتای **بوون** ە. یەکەم جار سورێن **کیێەرکێ گارد**، فەیلسوفی دانمارکی ئەم وشەیەی بە واتای بوونی راستەقینەی مرۆڤ بەکەر هێنا. بوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی هەستکرد، واتە بوونەوەرێک کە بەشێوەی روون و راستەوخۆ لە خۆی ئاگادارە. رێبازی **ئێگزیستەنسیالیزم** یان رێبازی **رەسەنایەتیی بوون** کە یەکێکە لە رێبازە فەلسەفییەکان، مرۆڤێکی ئەوتۆ بە دەستپێکی فەلسەفە دەزانێ.

هاتنە ئارای ئەم رێبازە بەم جۆرەیە کە بەڕای فەیلسوفانی ئێگزیستەنس بوونی هەموو شتێک سەرتر و بانترە لە چییەتی ئەو شتە. هەموومان لە راستیدا بە هە**بوون** ی شتەکانەوە سەرقاڵین و ئەگەر بە وردی بڕوانین خۆمان نوقمی بوونی دنیا و بوونەوەرەکانی نێو ئەو دنیایەدا دەبینین. بەم پێیە **رەسەنایەتی** لەگەڵ **بوون** دێت. (ئێگزیستەنسیالیزم واتە رێبازی رەسەنایەتی بوون).

ئەم فەلسەفەیە لە سەر دەستی **سورێن کیێەر کێ گارد** لە سەدەی نۆزدەیەمدا هاتە ئاراوە. ئەو نەیاری بەشێک لە سوونەتە فەلسەفییەکان بوو کە لە سەردەمەکەیدا باو بوون، چونکە پێی وابوو کە ئەم فەلسەفانە چ راست بن یان درۆ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو پرسانەدا نییە کە مرۆڤ بەکردەوە لە ژیاندا رووبەڕوویان دەبێتەوە.
بەجێی ئەوەە پرسە راستەقینە فەلسەفییەکان بریتین لە:

**مەبەستی سەرەکی ژیانی مرۆڤ چییە؟**
**بوونی مرۆڤ بە چ واتایەکە؟ ئامانج و**
**مەبەستی رووداوە مرۆڤییەکان، مرۆڤێکی کە**
**دڵتەنگ و بێناوەرۆک و بێواتایە، چییە؟**

بەڵام ئەقڵ ئەم پرسیارەی بر بێناوەرۆک دەزانێ، چونکە ئەقڵ ناتوانێ واتاکەی بدۆزێتەوە. **کیێەرکێ گارد** بەو دەرەنجامە گەیشت: پرسیار سەبارەت بە چییەتی مرۆڤایەتی، ژیان و جیهان، لەو پرسیارانەن کە هەمووان تێوەی گلاون، بەڵام ئەقڵ و فەلسەفەی سوونەتی ناتوانێ هیچ وەڵامێکیان پێ بداتەوە.

بەم پێیە مرۆڤ ناتوانێ لە رێگەی ئەقڵەوە بە ناسینێکی ئەرخەیان بەخش بگات. ئەزموونی هەستی و زانیاریی مێژووی ئێمە هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دایە. مرۆڤبوون واتە ژیان لە نێو گێرەو کێشەیەکی ئاوێتەی ترس و دڵەڕاوکێ. بەگشتی بەشێک لە بوونی مرۆڤ **حەیوانی** و بەشێکی دیکەی ئەقڵانییە و ئەم دژوازییە چارە نەبووە.

بەم جۆرە بەم دەرەنجامە دەگەین کە ئەقڵ ناتوانێ ببێتە رێنوێنمان، بەڵکو تەنیا رێی رزگاریی مرۆڤ لە نەفامی ئەوەیە کە ئەو بارودۆخ و حاڵەتە ماتەمینییە بناسێت کە تووشی هاتووە و بە هۆی ئەقڵ و لۆژیک نا، بەڵکو بە هۆی تیشکی بڕواوە لەم دۆخە نەفامییە دابڕێ.

ئیگزیستەنسیالیزمی **کییەرکێ گارد** ئیگزیستەنسیالیزمی ئایینی بوو، واتە ڕێی ڕزگاریی مرۆڤی لە بڕوا بە خودادا دەبینێ، بەڵام زۆربەی فەیلسوفانی ئەم ڕێبازە کە لە پاش ئەوەوە هاتن و لە سەدەی بیستەمدا ژیان، ئاییندار نەبوون.

لە بەرهەمەکانی ئەواندا **پرسیاری سەرەکیی فەلسەفەی ئیگزیستەنس ئەوەیە** کە مرۆڤ لەم دنیای پووچ و بێناوەرۆکەدا چۆن دەبێ بژیت. ئەوان تەنانەت فەلسەفەی سوونەتی و تەنانەت فەلسەفەی لێکدانەوەییان بە بێناوەرۆک دەزانی، چونکە پێیان وابوو کە ئەم فەلسەفانە ناپەرژێنە سەر پرسە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ:

**ئەوان لە سەر ئەم باوەڕە بوون کە مرۆڤ لە ژیاندا ڕووبەڕووی دنیایەکی شی نەبۆوەیە. دنیای دەوروبەری ئێمە سرووشتی مرۆڤی و سرووشتی بوون بە چەشنێکە کە قەیرانی دەروونی و دڵەڕاوکێ هەڵدەخڕێنێ.**

هەر کام لەفەیلسووفانی ئیگزیستەنس بۆ شیکردنەوەی ئەم پرسانە و نەرسڤیان ڕێگەیەکیان گرتە بەر، بۆ نموونە:

**فریدریش نیچە** فەیلسووفی ئەڵمانی پێیوابوو کە ڕێچارە وەلانانی ئەقڵانییەت و گومانکردنە لە هەموو شتێکی گومانهەڵگر، تەنانەت گومانکردن لە بنەماکانی ئەخلاق و بایەخەکان. بەم جۆرە ئیتر نە بڕوا و دڵنیابوونێک دەمێنێتەوە و نە ئەخلاق و بایەخێک. ئەم چەشنە بیرکردنەوانە لە سەدەی بیستەمدا گەیشتە قۆناغەکانی نیهیلیزم.

فەلسەفەی **ئیگزیستەنس** لە ژیانی هزری و ئەقڵی هاوچەرخدا کاریگەریی زۆری داناوە. لێکترازان و داڕمانی ئەورووپا پاش شەڕی جیهانی ئەم بڕوایەی لە هەمووان‌دا هێنا ئاراوە کە هزر و بایەخە باوەکان بە بێناوەرۆک بزانن و بەم دەرەنجامە بگەن کە لە دنیایەکدا کە تێیدا دەژین ئەقڵ و لۆژیک نەتەنیا زاڵ نییە بەڵکو بێکەڵکیشە.

فەلسەفەی ئیگزیستەنس یان فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی **بوون** فەلسەفەیەکی قووڵە و لووتکەی لە بەرهەمی مەزنی فەیلسووفی ئاڵمانی، **مارتین هایدگێر**دا بە نێوی **بوون - زەمان** بدۆزینەوە.

### ئیگزیستەنسیالیزمی هایدگێر

لە هەندێک جاردا لە ئەنجامی کۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی تایبەت، فەلسەفەیەکی جیدی بە هێندێک ڕەنگەوە لە ڕووناکبیریدا باو دەبێ. شتێکی ئەوتۆ لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا و لە ئەنجامی شۆڕشی ڕووسیە سەبارەت بە مارکسیزم ڕوویدا و لەبارەی فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی بوون (یان ئیگزیستەنسیالیزم) دەبێ بگووترێ کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، تەشەنەکردنی ئیگزیستەنسیالیزم لە ئەوروپا (بێجگەلە بریتانیا) بە گشتی کردەوەیەک بوو لە بەرامبەر ئەزموونی داگیرکاریی نازییەکاندا. کاتێ دەڵێین فەلسەفەیەک دەبێتە باو واتە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. بۆ نموونە لە پاریسی کاتی شەڕدا هەمیشە لە هەموو لایەکەوە نەتەنیا لە نێو هونەر و ڕۆژنامەوانە جیدییەکان، بەڵکوو تەنانەت لە نێو ڕۆژنامەوانیی بازاڕی و تەنانەت لە بەرنامەی کات ڕابواردن لە کابارا و

یانەکانی شەوانەدا، باس باسی **ئیگزیستەنسیالیزم** بوو. ناسراوترین نێوێکی کە ئەو سەردەم بەم رووداوە روناکبیری و کۆمەڵایەتییەوە گرێ درابوو و ئێستاش ئەم پەیوەندییەی راگرتووە، **ژان پەول سارتر** بوو. بەڵام لە راستیدا ئیگزیستانسیالیزمی سەدەی بیستەم لە ئەڵمانەوە دەستی پێکرد نەک لە فەرانسە و دەستپێکەکەشی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بوو نەک شەڕی دووەمی جیهانی. لە رووی فکریشەوە **گرینگترین سیمای ئەم تەڤگەرە هایدگێر بوو نەک سارتر.** لەنێو لێکۆڵەرەوە جیدییەکانی ئیگزیستەنسیالیزمدا تارادەیەکی زۆر هاودەنگییەک هەیە کە هایدگێر نەتەنیا بەر لە سارترە بەڵکو ئەو بیرمەندێکی قووڵتر و داهێنەرتر بوو.

**ئیگزیستەنسیالیزمی فەرانسەیی**

تەڤگەری بەرگریی نەیتوانی سەر لە بەری ئەوروپا بگرێتەوە، بەڵام ئەم شۆڕشە لە فەرانسەدا سەریهەڵدا. شۆڕشی راستەقینەی روناکبیران لە نێوان شەڕەکانی ئەوروپادا روویدا . وێدەچێ لەو دۆخەدا خەڵکی فەرانسە فەیلسوفەکانیان لە سیاستەوانان پێ گرینگتر بووە. ئەمە لەبەرامبەر ناکارامەبوونی حیزبی چەپ و نەزۆک بوونی نوخبەی شۆڕشگێڕی کۆندا سەریهەڵدا. ئەم تەڤگەرە نوێیە واتە ئیگزیستەنسیالیزم لە لایەن دوو کەسایەتیی سەرەکی **ژان پەول سارتر** و **ئەلبێر کامۆ**وە بەرگری لێدەکرا. بەڵام زاراوەی ئیگزیستەنسیالیزم چەند جۆر خراپ تێگەیشتنی بەدواوە بوو کە **کامۆ** والێکرد راشکاوانە رایگەیەنێ کە **بۆچی ئەو ئیگزیستەنسیالیست نییە.** ئەم زاراوەیە لە فەلسەفەی نوێی ئەلمانەوە وەرگیراوە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەستبەجێ هاتە ئاراوە و زیاتر لە دەیەیەک کاریگەریی توندی لە سەر ئەندێشەی فەرانسەیی دانا.

ئیگزیستەنسە فەرانسەییەکان ئەگەرچی لە نێوان خۆیاندا ناکۆکن بەڵام لە دوو بەرەی سەرەکی شۆڕشدا هاوڕان:

**یەکەم** حاشاکردنی بێ ئەملاوئەولا لەو شتەی پێی دەڵێن **l esprit de serieux**.

**دووەم** بەتووڕەیی قبووڵنەکردنی جیهان بەو جۆرەی کە هەیە واتە وەک دۆخی سرووشتیی مرۆڤ.

رەنگە بتوانین رۆحی جیدی **l esprit de serieux** لەگەڵ رێزداریی بە یەکسان دابنێین و بەپێی فەلسەفەی نوێ تاوانی سەرەکی و سەرەتا هەر ئەمەیە. مرۆڤی جیدیی مرۆڤێکە کە خۆی بە بەڕێوەبەری کارەکانی دەزانێ ئەندامی سوپای شانازی و ئەندامێکی کۆلێژ، بەڵام باوک و مێردیان خاوەنی هەر ئەرکێکی نیوە سرووشتیی کۆمەڵایەتیی دیکەیە. چونکە ئەو بە ئەنجامدانی ئەم کارە بەیەکزانینی خۆی لەگەڵ ئەرکی حوکومدان کە کۆمەڵگا پێی بەخشیوە قبووڵ دەکا. **رۆحی جیدی** هەمان رەتکردنەوەی ئازادییە چونکە مرۆڤ بەرەو سەرکەوتن و قبووڵکردنی گۆڕانێکی لارووێر رادەکێشێ کە هەموو مرۆڤێک لە کاتی گونجان لەنێو کۆمەڵگاددا دەبێ بەسەری بێت.

لەو سەرەوە کە هەموو کەس ئاگای لە دەروونی خۆی هەیە کە، دەزانێ لەگەڵ ئەرکەکەی ناگونجێ، **"رۆحی جیدی"** ی نیشاندەری بڕوای خراپ بە واتای بەڕواڵەت خۆنیشاندانە.

لە رۆمانی **هێڵنج** ی **سارتر**دا بۆ یەکەم جار باسی ئەم بابەتەی رۆحی جیدی دەکرێ. لە وەسفکردنێکی سەرنجراکێش لە ژوورێکی لە دموچاوی هاوڵاتییە رێزدارەکانی شار دەچێ، ئەم بابەتە دەبێتە بابەتی سەرەکی رۆمانی **بێگانە**ی کامۆ. پاڵەوانی کتێبی **بێگانە** مرۆڤێکی مامناوەندە کە تەنیا خۆی لەو بەرەوجیدی بوونەی کۆمەڵگا دەبوێرێ و قبووڵی ناکا کە بەپێی ئەرکە دیاریکراوەکاندا بژیت.

شانۆیی سەرکەوتووی **سارتر** لەم گروپەدا جێگیر دەبێ. ئەم شانۆییە لە دۆزەخەوە دەست پێدەکا و بە شێوەیەکی شایان بە شێوازی قەراڵی دووهەمی فەرانسە ئاوەدان کراوە. سێ کەس لەم ژوورەدا کۆبوونەتەوە و بە هەوڵێک کە بۆ بەرواڵەت خۆنیشاندان دەیکەن ئەشکەنجەیەکی شەیتانی وەرێ دەخەن. لەو سەرەوە کە ژیانی ئەوان بە کۆتایی گەیشتووە ئەم بەرواڵەت خۆنیشاندانەش کارێگەریی نابێت و ئێمە دەبینین ئەگەر خەڵک خۆیان لەو قەڵغانی ئەرکانە دابماڵن کە لە کۆمەڵگایان وەرگرتووە، لەپشتەوەی دەرگا داخراوەکاندا دەمێننەوە.

هەردوو شانۆیی سارتر و رۆمانی کامۆ ئەگەر خۆشویستنی راستەقینەی نێوان مرۆڤەکان رەت دەکەنەوە دەبنە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و داماڵدراو لە بەرواڵەت خۆنیشاندان. ئەشق لە فەلسەفەی سارتردا خواستی خۆشویستنە. لە روانگەی کامۆدا ئەشق تارادەیەک هەوڵێکە ناشیرین و هیوابڕوانە بۆ لێکترازانی گۆشەگیریی تاک. خۆبەرواڵەت نیشاندان و مەیل بۆ جیدیبوون کاریگەریی زۆری لە **بوون**ی ئەو شتەدا دەبێ کە بەراستی مرۆڤ بوونی هەیە. **دووەم**، توخمی هاوبەشی ئیگزیستەنسیالیزمی فەرانسەیی پێداگریی کردنە لە سەر لێکهەڵوەشاوەیی بنەڕەتی مرۆڤ لە جیهاندا کە باسی **ئوستوورەی سیزیف**ە. ئەمە لێدوانێکە سەبارەت بە بە دۆڕاندنی واتا لە کامۆ و رۆمانی **هێڵنج**دا.

بەبۆچوونی کامۆ مرۆڤ لە زاتی خۆیدا بێگانەیە، واتە بوونی مرۆڤەکان بەیەکەوە بۆتە هۆی ئەوەی بارودۆخی مرۆڤ لە واتا بەتاڵ بێتەوە. ئەو تێگەیشتنەی کە سارتر سەبارەت بە دۆڕاندنی واتا یان بێناوەرۆکی هەیەتی ئەوەیە کە هەرچی هەیە هیچ هۆکارێک نییە بۆ بوون و گشت شتێ زیادین. لێرەدا سارتر و کامۆ لەیەک جیا دەبنەوە. دۆڕاندنی واتا یان بێناوەرۆک بوون و رەتکردنەوەی رۆحی جیدی بۆ هەرکامێکیان دەسپێکی جووڵەیە و هیچی تر. وێدەچێ کامۆ بەرەو لای دۆڕاندنی واتا چووبێ و سارتریش کار دەکا بۆ **فەلسەفەی ئەرینیی نوێ و یان هیومانیزمی نوێ....**

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (64):

# ئـەنتیستێنس

## Antisthenes

**ئەنتیستێنس** Antisthenes دامەزرێنەری فەلسەفەی **سەگی**ی، ساڵی 444 پێش زایین لە **ئەسینا** لەدایک بوو. دایکی خەڵکی تراکیا و باوکی ئەسینایی بوو. لە سەردەمی لاوی و پاش سەرکەوتنی لە ئەزموونی سەربازیدا، لە ژێر چاودێریی **گورگیاس**ی سوفیست پەروەردە کرا. پاش ماوەیەک فێرکارییەکانی گورگیاسی بە بێ ئەنجام زانی بۆیە سەرنجی بەرەو **سوقرات** راکێشرا و بەتایبەتی سادەیی و قەناعەتی ئەوی بەدڵ بوو.

وای بۆ دەچن کە لە بنەماڵەیەکی مام ناوەند بووە و دواتر کەوتۆتە ژێر باری هەژارییەوە. هێزێکی وێناکردنی زۆر بەهێز و داهێنەری هەبووە و لە کاتی قسەکردن دا بە توانایەکی تایبەتییەوە سەرجی گشتی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

لە کۆڕەکانی سوقراتدا بە سەروسەکتێکی شێواو و جلی شڕەوە ئامادە دەبوو. **ئەنتیستێنس** قوتابخانەکەی پاش مردنی سوقرات و لە ساڵی 399ی بەر لە زایین دامەزراند. ئەو شوێنەی کە ئەو بۆ قوتابخانەی دەستنیشان کردبوو لە نزیک یاریگایەک بوو بە نێوی **سیناسارگێس** بە واتای **سەگی سپی**. یەکێک لەو هۆیانەی کە بە فەلسەفەی ئەو دەگوترێ فەلسەفەی سەگی هەر ئەمەیە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەچوون بۆ ئەو قوتابخانەیە خەڵکی هەژار و دەستکورت بوون.

ئەنتیستێنس باڵاپۆش و قاپووتێکی زبری لەبەر دەکردو هەمیشە جانتایەکی بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلەکانی پێ بوو. ئەم جۆرە جل لەبەرکردنەی وردە وردە بوو بە جلی فەرمی سەگییەکان.

**ئەنتیستێنس**یش وەکو سوقرات پێیوابوو کە مەزنی بۆ گەیشتن بە بەختەوەری پێویست و تەواوە. بە بڕوای ئەو ئەم مەزنییەش لقێکە لە زانست کە بە هۆی راهاتنەوە بە دەست نایەت. ئەو بە سەرنجدان بە بیروباوەڕی ئایینی خۆیەوە مەزنی بە دوورەپەرێزی لە مەیلە شەیتانییەکانی (چێژ، رابواردن و هەوەس)دادەنا. ئەنتیستێنس بە پێی ئەم روانگە ئایینییە، جیهانی لە ژێر کۆنترۆڵی وشیاریی خودایی دەزانی. ئەنتیستێنس لە هەمانکاتی کە قوتابی سوقرات بوو، خاوەنی سەربەخۆیی بیر و بۆچوون و تەنانەت شێوازیش بوو. ئەو شتەی کە سوقرات دەستی پێکردبوو ئەو بە لوتکەی گەیاند یان ئەندێشەی سوقراتی بە ئەوپەڕی پێداویستییە لۆژیکییەکان گەیاندووە. ئەنتیستێنس بۆ

سوقرات زیاتر لە قوتابییەک بووە. ئەو تەنزی سوقراتی کرد بە ژان و پێکەنینی تاڵ. بە واتایەکی دیکە لایەنی نیگاتیڤی ژیانی سوقراتی گۆڕی بە مەبەستێکی پۆزەتیڤ و هەروەها سەرنجنەدانی سوقرات بە سەروەت و ماڵ و سامان کە بۆ گەیشتن بە مەزنی بوو وەک ئەوپەڕی چاکە ئاراستە کردووە. دەوڵەت و یاسا و سوننەتی شەرمەزار دەکرد و ئایینی سوننەتی قبووڵ نەبوو. دەیگوت وەک دەڵێن خوداکان زۆرن بەڵام تەنیا یەک خودا هەیە و پەرستگە و نوێژ و دۆعا و قوربانییەکان شەرمەزارن.

**ئەنتیستێنس** دەیگووت کە نابێ حکومەت و خاوەنداریێتی و زەماوەند و ئایینێکی جێگیر هەبن. دژی کۆیلەیی بوو. بانگەوازی ئەنتیستێنس گەڕانەوە بوو بۆ سروشت و پێی وابوو کە مرۆڤی ژیر پێویستی بە خانوو، نیشتمان و شار یان یاسا نییە چونکە مەزنایەتی ئەو یاساکەیەتی. گشت دامەزراوەکان دەستکردن و بایەخی ئەوەیان نییە کە فەیلسوف پێیانەوە سەرقاڵ بێت.

ئەو لە سیستمی ژیانی چاخی خۆی ناڕازییە. لە گەندەڵی و بەرەڵایی کۆمەڵگا ماندوو بووە و چارەسەرەکەی لە سادەبوون و بێ نیازی و گەڕانەوە بۆ سروشتدا دەزانێ. ئەنتیستێنس لە **ئەفلاتوون** بە تەمەنتر بوو و سەبارەت بە تیوری یوتوپیا بە تەواوی لەگەل **ئەفلاتوون** ناکۆک بوو. ئەو پێی وابوو کە هیچ شتێک پێناسە ناکرێ بۆیە تەنیا دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ مرۆڤە و پێناسە کردن جگە لە چەنەدرێژیی هێچ شتێکی دیکە نییە و تەنیا دەتوانین شتێک لە گەڵ شتێکی دیکە بەراورد بکەین، بەڵام ناتوانین پێناسەی بکەین، ناشتوانین واتایەکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین..

لە راستیدا تیۆری ئەنتیتێنس پشت لە هەموو چەشنە زانستێک دەکا. **ئەرەستو** دەنووسێ:

> **رای ئەنتیستێنس گەمژانەیە کە پێی وایە هیچ شتێک پێناسە ناکرێ و دژواز گوتن بوونی نییە و هیچ چەشنە هەڵەیەک مەحاڵە روو بدا.**

فەلسەفەی ئەخلاقی ئەنتیستێنس راست وەک فەلسەفەی ئەخلاقی سوقراتە، واتە مەزنی بۆ فێرکردن دەبێ و پێیوایە کە بۆ بەختەوەریی مرۆڤ بەسە، بەڵام جیاوازیشی لەگەڵ سوقراتدا هەیە. جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە ئەنتیستێنس بێنیازی تاکی بە سەرتر لە هەموو شتێک دادەنێ.

***

# ئـایـین
## Ritual

گشت کۆمەڵگا مرۆڤییەکان ئایین گەلێک رەچاو دەکەن کە دەتوانین بە زنجیرەی ئاکار و کرداری ناسراوی سیمبولیکی و نەریتی دابنێین کە مرۆڤەکان بە ئەنجامدانیان هەوڵ دەدەن لە وزە متافیزیکیەکان کەڵک وەربگرن. سەرکردایەتی و رێبەرییکردنی ئاینییەکان رەنگە لە لایەن کەسانی تایبەتەوە (بۆ نمونە قەشە، غەیبگۆ، جادوگەر) و یان خەڵکانی ئاساییەوە بێت. رەنگە ئایینەکان بە ئاشکرا یان نهێنییەوە بەڕێوە بچن. ئەم ئایینانە رەنگە بۆ راگرتنی دۆخی حازر یان بۆ وەرێخستنی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ بن. ئایینەکان رەنگە لە هەوڵی ئەوەدا بن سوود لە خوداکان، باب و باپیران، هێزەکانی بەدەر لە مرۆڤ، یان باقی ژێدەرەکانی هێزی میتافیزیکی وەربگرن. ئایینەکان بە شێوە، بۆنە، مەبەست یان بەشداری بوونەکان، لە کرداری تایبەت پێکهاتوون کە بە پێی یاسا و رێساگەلێکی ناسراو لە چوارچێوەی کۆمەڵێک پرەنسیپی ناسراو، ئەنجام دەدرێن. هەر بەو جۆرەی کە **ئیمیل دورکهایم** نیشانی داوە لە پێش نیازە بنەڕەتییەکانی ئایین، سنوردانانی کولتووری لە نێوان دوو هەرێم، هەرێمی **"دنیایی"** و هەرێمی **"ئاسمانی"**دا هەیە. ئایینێک لە سەرەتادا دەبێتە رێنیشاندەری دوروبەر، شتەکان، ئاکارەکان و بەشداربووان بەرەو مەیدانی پیرۆز (ئاسمانی). ئاکارەکان لە هەرێمێکی پیرۆز دا جێگیر دەبن و لەئاکامدا ئایین بۆ جارێکی دیکە دۆخی ئاسایی مسۆگەر دەکا. رێگەگەلێکی دیکە بۆ چوونە ناو مەیدانی پیرۆز هەن – بۆنموونە جۆرێکی تایبەت جل لەبەرکردن یان هەنگاونان بۆ شوێنێکی پیرۆز – بەلام بەرێوەبردنی ئایینێک ئەگەری زۆرە باوترینی ئەم رێگایانە بەکار بێنێ. هەڵبەت ئایین زا تارادەیەکی یەکجار زۆر پشتی بە ئایین دەبەستێ. بەلام خۆی لەبەر خواناسی، چالاکی بەرێوەبردن، گروپە کۆمەلایەتی و مەودای کاریگەرییەکانی، زۆر بەرفرەترە لە ئایینێک. ئایینەکان لە دەرەوەی سنووری ئایینزای پەسندکراوی کۆمەڵگایەکیش دا چالاکن. سەرەڕای ئەوە جادوو ئەگەر تەنیا پرۆسەیەک بێت بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاتی میتافیزیکی، بە بێ هەنگاونانی دەستوپەیوەندییەکانی بۆ مەیدانێکی پیرۆز، ناتوانێ بە لایەنی ئایینی بگات. هەڵسوکەوتی ئایینی چەندین سەدە سەرنجی توندی زۆریەک لە لقە لێکۆڵینەوەییەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. لە سەدەی نۆزدەدا بە بەرفرەبوونەوەی لێکۆڵینەوەی ئەتنی خوازەکان سەبارەت بە کۆمەڵگای نەناسراوە، ژانرێک لەم لێکۆڵینەوە تایبەتانە بەدیهات کە هەروا رووەو گەشەکردنە. بەگشتی رای بنچینەیی ئەم ژانرە ئەوەیە کە ماناکانی ئاراستەکراو لە ئایین و بواری کولتووریی بەرفرەترن لەوەی کە ئایین تێیدا بەرێوە دەچێ و هەر بۆیە سیستمێکی هاوئاهەنگ پێک دێنن. بە ئاوەژووبوونەوەی سیمبولە باوەکان لە

ئایینەکاندا کاری کردنەوەی کۆدەکانی واتا سیمبولییەکان دژوار دەبێ: لە ئایین چاکە دەبێتە خراپە، رەش دەبێتە سپی. بەڵام بەراوردکردنی ئایینەکان لە نێو کولتووره جۆراوجۆرەکاندا زۆرجاران دەتوانێ رۆشنگەر بێت.

لە پێوەرە سەرەتاییەکان بۆ لێکۆڵینەوە ئایینییەکان لێکدانەوەی ویلیام **رابێرتسۆن سمیت (1889)**ە لە سەر خواردنی توتم ئاسا کە بەو پێیە ئەندامانی خێڵ حەیوانێک دەخۆن کە خواردنی لە باقی دۆخەکانی دیکەدا بە تابوو دادەنرێت. لێکۆڵینەوەی **سمیت** وەکو لێکدانەوەکانی دواتری ئەو رووەو دۆزینەوەی هۆکاری جایزبوونی تابوو، واتا سیمبوولیەکانی کرداره پێکهێنەرەکان، پێکهاتەی بەشداربووان و بەرێوەبەرانی مەراسیم، یەک لەدوای یەک بوونی کاروبارەکان و پەیوەندییەکانی نێوان توخمی ئایینی و کۆمەڵگا لە مەیدانی دنیایی دابوو.

**دورکهایم** لێکۆڵینەوەکانی سیستمی پەرەپێدا، خۆی بە لێکۆڵینەوە لە سەر کارکردە ئایینییەکان بۆ رێکخستنی تاکەکان بەرەو کۆیەک، و لێکۆڵینەوە لە وشیاریی گشتی کە کۆمەڵگای لێ پێکهاتووە، تەرخان کرد. بەشێکی دیکە لە لێکۆڵەرانیش لەم بوارەدا پشتیان بە بەرهەمەکانی **دورکهایم (1915)** بەستووە. بەتایبەتی ئای. ئار. رادکلیف – براون کە ئەویش هاوشێوەبوونی نێوان مەراسیمی ئایینی و پێکهاتەی رستە زارەکییەکانی نیشان داوە و هەرکیانی بەهەڵگری واتا و پەیام زانیوە. سەدەی بیستەم شاهیدی گەشەی لێکۆڵینەوەکانە لە بواری مەراسیمی ئایینی، سیمبولیزم و نمایش لە بواری لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە دەرونزانی **(زیگمۆند فرۆید** و **کارل گوستاڤ یونگ)**، ئەوپەڕ زمانی **(کلۆد لوی- ستروس 1962)** و نمایشی **(ڤکتۆر تێرنێر 1982)** بووە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (66):

# ئارەخلائوس

**ئارەخلائوس** مەزنترین خوێندکاری **ئاناکساگوراس** و ناسراوترین نوێنەری رێبازی فەلسەفیی ئەو بووە. لە سەرچاوە و بیروڕای فەیلسوفانی یۆنانیدا زۆر کەم ئاماژە بە ژیانی کراوە. دەگوترێ ناوبراو لە ئەسینادا لەدایک بووە. ئارەخلائوس مامۆستای **سوکرات** فەیلسوفی یۆنانی بوو و دەگوترێ سوکرات لە تەمەنی لاوێتیدا هاوڕێ لەگەڵ ئارەخلائوس چووە بۆ شاری **ساموس**. ئەو یەکەم کەسێک بوو کە **فەلسەفەی سرووشتی**ی لە **ئیونیا**وە هێنایە شاری ئەسینا و ناوی سرووشتی لەسەردانا. **هەروەها سوکراتیش زانستی ئەخلاقی هێنا بۆ ئەسینا** و ئارەخلائوس یش وادیارە دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە و داڕشتنی تیۆریی لە بواری ئەخلاقدا.

لە چەند راپۆرتدا ئاماژە کراوە بە تیۆرە فەلسەفییەکانی ئارەخلائوس، لە نێویاندا گرینگترین و تەواوترین راپۆرت **تەفسیری کتێبی فیزیای ئەرەستووە** لە **سیمپلیکیوس** و ئەویتریان هی **هیپولیتوس** ە. لە راپۆرتی یەکەمدا دەگوترێ کە ئارەخلائوس لە شاری ئەسینا خوێندکاری **ئاناکساگوراس**ە و دەڵێن هاوڕێی سوکرات بووە و هەوڵ دەدا شتی داهێنراوی خۆی بێنێتە نێو جیهانناسی و بابەتەکانی دیکەوە. ناوبراو بڕوای بە ئاوێتەبوونێکی مادی هەبوو و دەیگوت هەر لە سەرەتاوە چەشنێك ئاوێتەبوون لە ئاوەزدا جێی خۆش کردووە. ناوەندی جووڵە، جیابوونەوەی گەرم و سارد لە یەکتری بوو، کە لەم دوانە یەکەمیان جووڵەی هەیەوە و ئەویتریان متە و کاتێ ئاو شل دەبێتەوە بەرەو ناوەند دەکەوێتە گەڕیان و دواتر دەسووتێت و هەوا و خاک بەدی دێن.

ئارەخلائوس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاسمانەکان چەماوەن و لەئەنجامدا هەتاو رووناکیی بەخشیوە بە زەوی و هەوای روون کردووە و زەوییشی ویشک. بە گوتەی ئەو هەتاو بۆ هەمووی خەڵک لە ئانوساتێکدا هەڵنایە و ئاوا نابێت، دەنا ئەگەر زەوی تەخت ببوایە دەبوو لە یەک کاتدا هەتاو هەڵاتبوایە و ئاوا بوایە. بەم پێیە ئەوەی کە ئەم راپۆرتانە دەریدەخەن ئەوەیە کە فەلسەفەی ئارەخلائوس هەوڵێکە بۆ ئاوێتەکردنی بنچینەی بڕواکانی ئاناکساگوراسی لەگەڵ تیۆرەکانی سرووشتییەکان. لەم نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین، ناوبراو بەپێچەوانەی مامۆستاکەی کە پێیوابوو تەنیا جووڵێنەری سیستمی بوون **ئاوەزە** و هەموو دەستوپەیوەندییەکانی دیکەی رەت دەکردەوە، لە سەر ئەم رایەیە کە ئاوەز لە نێو گشت زیندەوەراندا یەکسانە.

لە روانگەی ئارەخلائوسدا ئاوەز پێکهێنەری سیستمی جیهانی نییە، بەڵکو گەرما و سەرما رۆڵێکی ئەوتۆیان لەئەستۆ دایە. لە جیهانناسیی ئارەخلائوسدا دەکرێ سەرنج بە چەند خاڵێک بدرێ:

گەرما و سەرما لە سەرەتادا لە یەکتری جیا دەبنەوە. گەرما لە گەڕدایە، کەچی سەرما متە، واتە ناجوڵێت. بە بۆچوونی ناوبراو ئەم دوانە (سەرما و گەرما) سیستمی جیهانیی

پێکدێنن. سەبارەت بە بەدیهاتنی زیندەوەرانیش ئارەخلائوس پەرە دەدا بە ناوەندی تیۆری **ئاناکسیماندروس** کە بە پێی ئەو تیۆرە یەکەم زیندەوەرەکان لە خاکی شێدارەوە بەدیهاتن و ئەو کاتە بەدیهاتن کە زەوی لە ناوەوەیدا وردە وردە بەرەو گەرمی هەڵگەڕا یان بە واتای ئەمڕۆژین دەوروبەر بۆ پەروەردەبوونی ئۆرگانیزمی زیندوو گونجاو بوو.
بە بۆچوونی ئارەخلائوس هەرکام لە زیندەوەران بۆ نموونە **مرۆڤ** ئاوەز بەکار دەهێنن، دیارە کە بەشێکیان خیراتر و بەشێکی دیکەیان خاوتر ئەم کارە دەکەن. ئارەخلائوس سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ڕای خۆی دەربڕیوە، ئەو گوتبووی کە سروشت هۆکاری عەداڵەت و ستەم نییە، بەڵکوو دەرەنجامی ڕێککەوتنە.

***

# ئیمانوێل کانت

**ئیمانوێل کانت** ساڵی 1724 لە کونیگسبێرگی ئاڵمان لەدایک بوو. **یوهانس گیورگ**ی باوکی ئاییزای **پیتیست**ی هەبوو و هەر بۆیە کوڕەکەی نارد بۆ قوتابخانەی تایبەتیی پیتیستەکان. کونیگسبێرگ لەو سەردەمدا دووەم شاری گەورەی پروس و چالاکترین شاری ئابووریی ئەڵمان بوو، بەڵام بنەماڵەی کانت دەستکورت بوون و ئەویش پێویستی بە پشتگیری و یارمەتیی ئابووریی **فرانتز ئاڵبێرت شوتز** قەشەی بنەماڵەیی و بەڕێوەبەری قووتابخانەکە بوو. ڕەنگبێ پەروەردەکردنی پرۆتستانی بووە هۆی ئەوەی کە کانت قەت گلەیی و گازندەی لە باری نالەباری ئابووریی خۆی نەبێت، ئەو دەیگووت **"چارەنووسی من ئەویندار بوونە بە میتافیزیک"** و لەبەر ئەوە لە کاتی هەڵبژاردنی کۆلێژەکەیدا بۆ خوێندن، واتە خواناسی و ماف و پزیشکی و فەلسەفەدا فەلسەفەی هەڵبژارد و لەوێ بە هۆی مامۆستاکەی واتە **مارتین کۆنوتستن** (1714-51)ەوە لەگەڵ بنەماکانی بیرکاریی فەلسەفەی سروشتیی **ئایزاک نیوتۆن** ئاشنا بوو. ئەو لەم زانینگەیەدا فەلسەفە و بیرکاری و خواناسی و فیزیکی خوێند و لە ساڵی 1755 دا دوکتۆرای وەرگرت و بەڵام لە زانینگەدا پۆستی فەرمیان بۆ وانە گووتنەوە پێ نەدا و بۆ دابینکردنی بژیو بوو بە مامۆستای تایبەتی و بەشێوەی سەعات کار وانەی دەگووتەوە.

یەکەم بەرهەمەکانی کانت (1764-1770) سەبارەت بە بابەتەکانی فەلسەفەی سروشتی بوون. لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بە **تێڕامانێک لە تیۆرەکانی هێزەکانی گیان** (1747)، **مێژووی سروشتیی گشتیی و تیۆری ئاسمانەکان** (1755) و **نامیلکەی بەرایی سەبارەت بە فۆرم و دنیای هەستپێکراو و ئەقڵمەند** (1770). کانت لەم دوایین نامیلکەیەیدا میتافیزیکی بە زانستی بەرتەسکییەکانی ئەقڵی مرۆڤی ناودێر کرد و پێی وابوو کە شوێن و کات لە مەرجەکانی ئەزموونن، هەر لەم نامیلکەیەدا بوو کە لێکدانەوەیەکی گرینگی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان داڕشتنی بابەت و بارگاوی بوونی گوزارەکان ئاراستە کرد. بە بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە قۆناغی یەکەمی هزریی کانت بە نێوی **(پێش ڕەخنەیی)** تەواو دەبێ. بۆ کانتیش هەر وەکو زۆربەی فەیلسوفە گەورە ڕۆژئاواییەکانی دیکە دەتوانین دوو قۆناغی هزری وێنا بکەین، بەم جیاوازییە کە **ناوبانگی کانت تەنیا دەگەڕێتەوە سەر قۆناغی دووەمی هزریی ئەو.** بەپێچەشنێ کە ئەگەر ئەم فەیلسوفە هەر وەکوو **دیکارت** یان **ڤیتگنشتاین** لە دەیەی پێنجەمی ژیانیدا دەمرد نەدەناسرا و گرینگتر لەوەش مرۆڤ یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتەکانی هزریی خۆی لەکیس دەدا. **کانت** لە ساڵی 1770 ەوە بۆ ماوەی دەیەیەک بێدەنگ بوو و کەوتە بیرکردنەوە. هۆکاری ئەم بێدەنگ بوونە وەخەبەرهاتنی بوو لە خەوی هەمیشەیی ئەویش بە هۆی خوێندنەوەی کتێبی **"لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ"** بەرهەمی **دەیڤید هیوم** (1711-1762) بوو. **کانت** زانستی سەردەمی خۆی بە باشی دەناسی و نەیدەتوانی ئەوە قبووڵ بکا کە بنەمای فیزیکی نیوتۆن لە سەر گومانە. بەم هۆیە دەتوانین کانت بە فەیلسوفێکی زانستیی بەڵێندەر بزانین کە بەدوای هەلومەرجەکانی ڕاستبوونی

یاسا زانستییەکاندا دەگەڕێ. لەم رووەوە لە 3ی ئۆکتۆبری 1979 نامەیەکی بۆ **ج.ه. فتراک** بڵاوکەرەوەی کتێبەکەی نووسی کە: **نابێ هیچ کام لە بەرهەمەکانی پێش ساڵی 1770 لە کۆی بەرهەمەکانمدا بڵاو بکرێنەوە**". ساڵی 1781 بۆ **کانت ناسان ئەو** گرینگییەی هەیە کە ساڵی 1789 بۆ مێژوونوسان بەرچاوە. ئەگەر لە ساڵی 1789 شۆڕشی فەڕانسە روویدا لە ساڵی 1781 دا کتێبی **"رەخنە لە ئاوەزی سەڵت"** بڵاو بۆوە. ئەم کتێبە لە سەرەتادا سەرنجێکی کەمی بۆ راکێشرا و سەختبوونەکەی بووە هۆی ئەوەی کە نووسەر جارێکی دیکە پێیدا بچێتەوە. بەڵام هەنووکە ئەم کتێبە بێگومان یەکێکە لە دە کتێبە مەزنەکانی مێژووی فەلسەفە و هزری مرۆڤی.

"هەڵسەنگاندنی **ئەقڵی نایاب**، بنەمای فەلسەفەی کانت و لوتکەی هەوڵی هزریی مۆدێرنیتە وەک دارشتنی بکەری ناسێنەر، لە ناوەندی بوون دابوو. لە مێژووی فەلسەفەدا شۆڕشی یەکەم بە **رێنێ دیکارت (1594-1650)** و **"بیردەکەمەوە، بەمجۆرە هەم"**ی ئەو دەستی پێکرد. دیکارت بە ئاوەژووکردنەوەی بیچمی فەیلسوفە کۆنەکان هات **"مـن"**ی هاویشتە ناوندی فەلسەفە و هەوڵیدا بەشێوەیەکی هەندەسی دەرەنجام لە باقی بەشەکانی **بوون** وەربگرێ.

هەر لەوکاتەوە **دووجۆری** دەستی پێکرد. دووجۆری لە نێوان سوژە و بابەتی ئۆبژە، لە نێوان جەستە و دەروون و لە نێوان لایەنگرانی ئەقڵ و هەستدا.

لە حاڵێکدا تاقمێک لە لایەنگرانی دیکارت وەکو **مالبرانش، پاسکال، سپیونزا** و **لایبنیتز** لە سەر توانستی ئاوەزی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی هەقیقەتە یەقینییەکان پێداگرییان دەکرد تاقمێکی دیکە و لە لایەکی دیکەوە **(نەریتی ئینگلیزیی هزر)** وەکو **هۆبز، لاک، بارکلی** و **هیوم،** جەختیان دەکردە سەر هێزی هەست و گرینگیی ئەزموون بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ.

ئەڵمانی دەیەی هەژدە لە زۆر سۆنگەوە بە هۆی ئەندێشەکانی کانتەوە هاتە دی و کانت دەخەنە نێو رێبازی **"هیومانیزمی کلاسیک"** و ئەم قۆناغە بە شکۆدارترین قۆناغی مێژووی کولتووری ئەڵمان لەقەڵەم دەدەن، ئەو سەردەمەی کە کەسانێکی مەزنی وەکو **لێسینگ** و **گوتە** و **هێردێر** و شیلێر و **بێتهۆڤێن** و **کانت**ی وەخۆگرت.

**کانت** بیرمەندێکی کاملە و سیستمە فەلسەفییەکەشی هەموو لایەنەکانی ئەندێشەی وەخۆدەگرت. کتێبەکانی **"بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەخلاق"** 1788 و **"رەخنە لە ئەقڵی پراکتیکی"** نیشاندەری هەوڵی مەزنی فەیلسوفێک بوو بۆ بنیاتنانی ئەخلاقی فەلسەفی و مرۆڤ دارێژەر.

**هاینریش هاینێ (1798-1856)** پێی وابوو کە: **"کانت رەخنەی لە سەر هێزی پراکتیکی نووسی هەتا لۆمپ - ی خزمەتکاری شادمان بکا"**. کانت لە ئەخلاقدا بە توندی لە ژێر کاریگەریی **ژان ژاک رۆسۆ** فەیلسوفی فەرانسەیی و تیۆری **"ئیرادەی گشتی"** ئەو دایەناوبراو وەها هۆگری رۆسۆیە کە سەرەڕای ئەوەی وێنەی رۆسۆی لەماڵەکەیدا هەڵواسوە، لە

پەراوێزی نامیلکەی **"هەست بە بابەتی جوان و بابەتی مەزن"** 1764 دا نووسی: **"رۆسۆ منی خستەسەر ڕێ"**.

سێهەمین بەشی گرینگی فەلسەفەی کانت **جوانیناسی**یە. ئەگەرچی **ئەلێکساندر گولیب بومگارتۆن** بە دامەزرێنەری جوانیناسیی نوێ دەزانن، بەڵام لەراستیدا یەکەم کەسێکی کە لەم لقە مەعریفەییە نوێیەدا درەوشاوە **کانت** بوو. ناوبراو لە سێیەمین کتیبی گرینگی خۆیدا بە نێوای **"رەخنە لە هیزی حوکم"** 1790دا بابەتی جوان و بابەتی مەزن لێکدەداتەوە.

سەردەمی کانت سەردەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی و شۆڕشی فەڕانسەیە. کانت کە بە خاوەن بەرنامەیەکی ورد لە ژیانی رۆژانەیدا ناسراوە، تەنیا جارێک و ئەویش لە کاتی راگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕانسەدا بەرنامەی رۆژانەی تێکدا. رەنگە کانت لاینگری شۆڕش نەبێت بەڵام **بێگومان فەیلسووفی ئازادییە**. ئەو ئازادی بە مەرجی هەموو چەشنە کردەوەیەکی ئەخلاقی دەزانێ و لە نامیلکەی ناسراویدا بە نێوی **"رۆشنگەریی چییە؟"**دا ئازادی بە دەربازبوونی مرۆڤ دەزانێ لە کرچوکاڵیی خواستراوی خۆی. کانت لە دەیەی کۆتایی ژیانیدا نامیلکەگەلێکی جۆراوجۆری سەبارەت بە سیاسەت و ئەخلاق بڵاو کردەوە و لە سەر هێندێکیان سەرکۆنەش کرا.

کانت لە 12 فێڤرییەی ساڵی 1804 ی زایینی کۆچی دوایی کرد و لە کەنیسەی کونیگسبێرگ نێژرا و لە سەر قسنەبەردی گۆڕەکەی نوسرا: **"دوو شت هەمیشە بۆتە هۆی سەرسووڕمانم، یەکیان یاسای ئەخلاقیی کە لە ناخمدایە و ئەویتر ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەیە لە بان سەرم"**.

سەبارەت بە کانتی فەیلسووف، **ژان فرانسوا لیوتار** (1925-1998) فەیلسووفی فەرانسەیی و **نووسەری مانیفێستی پۆست مۆدێرنیزم** (دۆخی پۆست مۆدێرن) لە شوێنێکدا نووسیوییەتی: **"نێوی کانت لە یەک کاتدا دەستپێک و کۆتایی مۆدێرنیتەیە و لەو سەرەشەوە کە کۆتایی مۆدێرنیتەیە دەستپێکیشە بۆ پۆست مۆدێرنیتە"**. **مارتین هایدگێر**یش گوتوویەتی: **" نسێی کانت بە سەر سەری هەموومانەوەیە"**.

***

# بڕیار و بڕیاردان
# decision ,Entscheidung

ئیـــرادەی ئـــازادی کەسـێک بــۆ هـــەڵبژاردن و دەستنیشـانکردن و ئەگەری کردن یان نەکردنی کارێک یان شتێک.
راستەقینە مێژووییەکان بە پێی یان دوابەدوای بڕیاردانە تاکی یان گشتییە مرۆڤییەکاندا دێنە ئاراوە.
مـرۆڤ بـەهۆی ئـەو هێـزە بڕیاردانـەی کـە هەیـەتی، بـە بەرپرسـی ئاکـاری خـۆی دەناسـرێت. هەڵبــەت ئــەم بەرپرسـیارێتییە نــاتوانێ بێسـنوور و رەهــا بێـت، چونکــە زەمینـــە و بــواری کــردە مرۆڤییـــەکان تاڕادەیـــەکی زۆر پێشـــەکی مســـۆگەر کـــراون (مـــرۆڤ بـــە تـــەنیایی خوڵقێنەری تەواوی گشت شتێک و هەموو هەلومەرجەکان نییە).

**رەوتی بڕیاردان بە دوو قۆناغدا تێپەڕ دەبێ:**
**یەکەم،** قۆناغی رووتێکردن لە کێشە و وەرگرتن و هەستپێکردنی.
**دووەم،** قۆناغی چارەسەرکردنی گرفتەکە.

توخمـە پێکهێنـەرەکانی ئـەم دوو قۆنـاغـە بـریتین لــە: بیرکردنــەوە سـەبارەت بــە مەبەسـت و ئاڕمـانج، وشـیاریی و ناسـینی ئازادانــەی مەبەست وەک مەبەستی خودی تـاک، گەڵاڵـەکردن و پلان بـۆ گـەیشتن بە مەبەست.

***

## بارهێنان، فێرکردن و پەروەردە
Erziehung ,education

بەرنامە، گەڵاڵە، کردار و هەلسوکەوتی دایک و باوک، مامۆستا و ئەوانەی کە سەرپەرشتی منداڵان و مێرمنداڵان دەکەن بۆ ئەوەی بە بنەما مرۆڤی و کۆمەڵایەتییەکانیان ئاشنا بکەن.
مەبەستی بارهێنان یارمەتیدانە بە کامڵبوون و پێگەیشتنی کەسایەتیی بە تایبەتیی منداڵان و مێرمنداڵان، هەتا ئەوان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆیان ئامادە بن و لە ماوەی ژیانی خۆیاندا بە ئازادی و بە هەستکردن بە سەربەرزی و گەشە و نشەی زیاتر بگەن، ئەم گەشەکردنە دەبێ لە تەواوی بوارەکانی جەستەیی، دەروونی، ئەقڵی و هەستیدا وەبەرچاو بگیرێت و بە چەشنێکی شیاو هەلومەرجی جێگیربوونی تاک لە کۆمەڵگادا پێک بێنێت. فێرکاریی تەواوکاری بارهێنان و پەروەردەیە و بریتییە لە خوێندن و نوسین (تێکنۆلۆژیی کولتووری) و هەروەها فێربوونی تیۆرەکان و تاقیکردنەوەی راستبوونی زانیارییەکان. فێرکردن و بارهێنان بە واتای لاساییکردنەوەی منداڵان نییە لە بەتەمەنەکان. جێگۆڕکێ کردن بە رۆڵی قوتابییەکان، بواری بەشداریکردن لە بڕیاری ئەخلاقییان بۆ وێنا دەکا، بابەتێکی کە بۆ پێکهێنانی هەڵکردن لە بەرامبەر نۆرمە مسۆگەرەکان گرینگە. منداڵ دەبێ لە هەمانکاتیشدا دەبێ فێری فەرمانبردن ببێت هەتا لە سەرەڕۆبوونی کەم بێتەوە و پێی وانەبێ کە تاکە پێوەری راستەقینە بەدیهاتنی خواستەکانی خۆیەتی. پەروەردەکردنی هەستی خۆشویستنی مرۆڤ و دڵسۆزی و مەیل بۆ کاری گروپی لە بنەماکانی پەروەردە و بارهێنان و فێربوونن. هەموو کەسێک دەبێ بارودۆخ و پێگەی خۆی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگا و دنیا بناسێت و لە پرەسیپ و کارکردەکانی ئەوان ئاگادار بێت.
لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتانی دیموکراتدا بە روونی ئاماژە بە مەبەستە فێرکاری و پەروەردەییەکان پێکراوە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە وڵاتانی ئەندامی خۆی داوا دەکا کە ئەوان منداڵان وەک ئازادیخواز، خاوەن کەسایەتی و ئاشتیخواز بە هەستێکی خاوەن هەلکردن و هاوپەیوەندیی باربێنن.

***

# بڕیار، بڕیاردان
# (decision ,Entscheidung)

ئیرادەی ئازادی تاکێک و گروپێک بۆ هەڵبژاردن و بواری ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی شتێک.
راستەقینە مێژووییەکان لە سەر بنەما و دوابەدوای بڕیاردانی تاکی یان گروپی مرۆڤییە کە خۆدەگرن.
مرۆڤ بە هۆی خاوەنداریێتیی هێزی بڕیاردانە کە بە بەرپرسی ئاکاری خۆی دەناسرێت. هەڵبەت ئەم بەرپرسیارێتییە ناتوانێ بێسنوور و رەها بێ، چونکە زەمینە و بواری ئەنجامی کردە مرۆڤییەکان، تاڕادەیەکی زۆر پێشتر دەستنیشان کراون (مرۆڤ بە تەنیایی داهێنەری گشت شتێک و گشت هەلومەرجێک نییە).

**رەوتی بڕیاردان بە دوو قۆناغدا تێپەڕ دەبێ:**
**یەکەم**، قۆناغی خۆبەئاراستەکردن بەرەو گرفت و دەستەویەخەبوون لەگەڵ گرفتەکە.
**دووەم**، قۆناغی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە.
توخمەکانی پێکهێنەری ئەم دوو قۆناغە بریتین لە:
بیرکردنەوە لە بارەی مەبەست و ئامانج، وشیاریی و ناسینی ئازادانەی مەبەست وەک مەبەستی خودی شەخس، گەڵاڵە و پلانی ئەو رێگایانەی بە ئامانج و مەبەست دەگەن.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (71):

# پراگماتیزم
# pragmatism

پراگماتیزم لە چاوگی یۆنانی پراگما pragma وە بە واتای کردە، ئەنجامدان وەرگیراوە.

ئاراستەوەرگرتنی فەلسەفیانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە لایەن **چارلز ساندێرز پیرێس** (Peirce ، ١٨٣٩ - ١٩١٤)، **ڤیلیام جەیمز** (James ، ١٨٤٢ - ١٩١٠) و **جان دێوەی** (١٨٥٩ - ١٩٥٢،Dewey) پێگەیشت و خۆی گرت و لە ئەوروپاشدا لە لایەن **فێردیناند شیلێر، پاپینی، بێرگێسۆن، زیمل، واینهنگێر**... نوێنەرایەتی کراوە.

بە پێی ئەم تێڕوانینە فەلسەفییە، لە زانستدا تەنیا چەمکەکان و ئەو رستانە واتایان دەبێ کە پراکتیک بکرێن و ئەنجام بدرێن (رەسەنایەتی کردە). چەمکی کردە نە تەنیا ژیانی رۆژانە و ئاسایی بەڵکو لێکۆڵینەوە پراکتیکیەکانیش وەخۆ دەگرێ. پراگماتیزمی ئەمریکایی لە رێگەی شێکردنەوەی چەمکەکانەوە هەنگاودەنێتە نێو تیۆری لێکنزیکبوونەوەی هەقیقەت لە بواری **سیاسی – پداگوژیک**دا.

**چارلز پیرێس** بە پێچەوانەی تیۆریی مەعەریفە، هەقیقەت بە بابەتێک دەزانێ کە رێککەوتنی لەسەر کراوە و نە بەدڵخواز بەڵکو بە پێی تێپەڕین لە شک و گوومان قبوول دەکرێ. ڤیلیامز جەیمز، تایبەتمەندیی بەگشتیبوونی هەقیقەت رەتدەکاتەوە و رازیبوونی تاکی و شەخسیی لە گریمانەیەک، بە هەقیقەتەکەی دەزانێ. واتە هەقیقەت لایەنی پراکتیکی هەیە. زانستیش بە شێوەیەکی بنەرەتی هەڵگری توانستەکانی هەڵەیە.

گروپی لێکۆڵەرەوان بەدوای هەقیقەتەوەن، بە بێ ئەوەی تەواو دڵنیا بن لە بەدەستهێنان یان پێڕاگەیشتنیان بە هەقیقەت.

**پیرێس** لە رووی ئەخلاقییەوە بە دژی پراگماتیزمێکی رەشۆکیانە کە پشت دەبەستێ بە دڵخۆشی و چێژە تاکییەکان هەڵوێستێکی راشکاوانەی گرت: دواتر مەبەست و ئارمانجی کردەی مرۆڤی دەبێ پشت ئەستوور بێ بە ئاوەز، واتە ئایدیالێکی بەبایەخ کە گروپێکی دیارینەکراو دێت لە نێو ریزێکی کردەی بەیەکەوە گرێدراوەوە بەدوایدا دەگەڕێ. **جان دێوەی** سەرنج و مەیلی نیشان دەدا بە لایەنە

سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی پراگماتیزم. لە روانگەی ئەوەوە گروپی لێکۆڵەرەوان و چالاکان لە ئەزموونەکانی خۆیاندا پرس بە یەکتری دەکەن و هیچکامیان بە تەنیایی خاوەنی هەقیقەتی رەها نین و ناشتوانن ببن.

پراگماتیزمی ئەمریکایی کاریگەریی گرینگی لە سەر تیۆری زانستی و تیۆرەکانی کواین، ئاپل، هەبرماس و ..دا هەبووە. زیاترین رەخنەکانی لە سەر پراگماتیزم:

* بالادەستبوونی نادیالیکتیکیی کردە بە سەر تیۆریدا.

* هەقیقەت وەک مەعریفەی ئایدیال، دەبێتە قوربانیی کارکردەکان و بەکارهاتنەکانی لە ژیاندا.

* هەروەها سەرنجی ئەوتۆ بە کاریگەریی تیۆرەکان و فێربوونەکانیان بۆ گەشەی کەسایەتی تاکی و گشتی نادرێ.

پێداگریکردن لە سەر پراگماتیکبوونی خواست، ئیرادە و ئاکارێک.. دەتوانێ لە رووی ئەخلاقییەوە نەرێنی، بێلایەن یان ئەرێنی بێت. بۆ نموونە پراگماتیکی تاکی کە دەیەوێ چۆنیەتی باشترین رێی دڵخۆشبوونی تاکێک دەربڕێ و مەیلەکانی دابین بکا پراگماتیکێکە کە لە بەرامبەر بنەما ئەخلاقیەکان و بەتایبەتی فەرمانی رەهای **کانت**دا رادەوەستێ. هەروەها رەنگە پراگماتیکبوون لە بەشێک لە بابەتەکاندا پەیوەندییەکی بە ئاراستە یان لایەنی ئەخلاقیی کردە نەبێ. پراگماتیکی کۆمەڵایەتی کە هەلبژاردنەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆدە ئەخلاقی و مرۆڤییەکاندا بەرەو پێش دەبا، پراگماتیکێکە ئەخلاقی و پەسندکراو کە هەڵبەت بە پشتبەستن بە زیاترین قازانج بۆ زیاترین کەسەکان، پەیوەندیی دەبێ بە بڕوا بە قازانج.

*****

# پرسیار (question , Frage)

پرسیارکردن لە هەڵسوکەوتە بنچینەیی و بنەماییەکانی مرۆڤە کە هەمیشە مرۆڤ بەرەو زانین و ناسینی زیاتر و باشتر هان دەدا. بابەتی ناوەندیی فەلسەفە هەر لە سەردەمای کەوناراوە تا بە هەنووکە لە لۆژیکی وتەکاندا بووە نەک لە لۆژیکی پرسیارەکاندا. ماوەیەکە لەم چاخی نوێیەدا چەمکی "پرسیار" بەتایبەتی لە لۆژیکی فێنۆمێنۆلۆژیکی دا وەک "پرس"ێک ئاراستە کراوە.

لە فەلسەفەی **ئیگزیستەنسیالیستیدا** پرسیاری هەبوون (واتای بوون) کە بە بوونی مرۆڤبوونەوە گرێدراوە، بابەتی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانە.

لە **هێرمۆنۆتیکدا**، تەنیا لە وتەیەک بە راست و دروستی تێدەگەین کە پاش پرسیارێکی دروست بەدەست هاتبێ (گادامێر).

لە **میتافیزیکدا** پرسیار رێخۆشکەری ئاسۆی بوونی مرۆڤی بووە و پێشمەرجی چوونە بەرەو ئاسمان (رانێر).

لە ژیانی رۆژانەدا پرسیار سنورداراە بە ئارستەبوونە بەکردەوەییەکان و یان تەنیا لە رووی سەرنجدانە یان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشە لە ئاکارە مرۆڤییەکان.

پرسیارکردن توانستێکی مرۆڤییە. تەنیا مرۆڤە کە پرسیار دەکا. ئەو لە هەموو شتێک دەپرسێ. تەنانەت لە خۆی و لە چی و چۆنییەتی بوارەکانی پرسیارکردنیش. لەم رووەوەیە کە "**پرسیار**" و کارکردەکانی لە ئانتۆلۆژیدا زۆر گرینگن.

فەلسەفە بە پرسیارەوە دەست پێدەکا. پرسیارکردن لە توانستە زۆر گرینگە فەلسەفییەکانە. پرسیاری فەلسەفی رەنگدانەوەی هزریی تێگەیشتنە لەم پێویستییە. مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناوشیاری و بۆشاییەکانی نەزانینی خۆی و بۆ تەواوکردنی زانیارییەکانی خۆی دەپرسێ. واتە مرۆڤ تەنیا پێویستیی بە ژینگە و دەوروبەری خۆی نییە و خۆشی هەر بەوەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو ئامێزی بەڕووی گشت دنیادا دەکاتەوە و لەم رێیەوە هەنگاو بەرەو بان دەنێت.

تەنیا بە هەستکردن بە کەمایەسی و ناتەواوییە لە زانیارییەکان و هەروەها پێویستبوونە بە کامڵکردنیان کە بواری هاتنەئارای پرسیار بۆ مرۆڤ خۆش بووە. پێشمەرجی پرسیار جووڵەیەکی زمانییە و لە ناوەرۆکی زماندا روو دەدات. من تەنیا لە شتێک ناپرسم، بەڵکو لە کەسێک سەبارەت بە شتێک دەپرسم. پێکهاتەی دیالۆگیی زمانی پراکتیکی، رێی بۆ سەرهەڵدانی پرسیار و بەرسڤ خۆش کردووە کە لە هەمان حاڵدا لە پەیوەندیی دوو لایەنە و دووکەسی تێپەڕیوە و شت یان لایەنی سێهەم دەکاتە بابەتی خۆی. زمان وەک ئاخێزگەی گشتی فۆرم دەبەخشێ بە جووڵەکانی دیالۆگ و گفتوگۆکان، واتە پرسیار و بەرسڤ پەیوەستن بە زمانی پراکتیکی و جێگەیان لە پێکهاتەی زماندا هەیە.

**پرسیار** لە لقە زانستییەکان گرینگییەکی مێتۆدیکی هەیە. زانست بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان و ئارمانجی خۆی، پێویستی هەیە بە چەند شێوازێک.

پرسیاری فەلسەفی بە پرسیارکردنی بنچینەیی لەهەموو شتێک دەچێتە ئەولای گشت پرسیارەکانی دیکەوە.

بە وتەی **هایدگێر** پرسیارکردن لە خودی پرسیار تەواوکاری پرسیارە و بەچەشنێک وەڵامێکە بۆ هەمان پرسیار.

رادیکاڵترین پرسیاری فەلسەفی لە خستنە ژێر پرسیاری خودی پرسیارە دایە.

پرسیار، بابەتێکی زمانی لۆژیکییە و لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە.

**دەتوانین پرسیارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر پۆلینبەندی بکەین، پرسیاری شەخسی، ئۆبژێکتیڤ (کە پەیوەندیی تەنیا بە بابەتیکەوەهەیە)، تیۆریک، پراکتیک، ئیمپریک، میتافیزیکی، ئونتیک، ئونتولۆژیک،....**

ئەم جۆراوجۆرییە نیشانەدەری بەرفرەهی بواری پرسیارکردنە (هەمووشتێک دەتوانرێ بخرێتە ژێر پرسیارکردنەوە).

هەڵبەت پرسیارە هەڵەکان، بۆپرسیارکردن نابن، تەنانەت هەر پرسیار نین.

بۆ نموونە ئەم پرسیارانە: ئایا لۆژیک رەنگی سەوزە یان شین؟ ئەم بەردە بیر لە چی دەکاتەوە؟

لێرەدا بە هۆی پێشمەرجە هەڵەکان (رەنگی لۆژیک، بیرکردنەوەی بەرد)، لە بەرامبەر پرسیاری بێوەڵام و بێواتا داین. بەڵام کاتێ دەپرسین سەعات چەندەیە، واتە دەزانین سەعات چییە و چۆن کات نیشان دەدا.

بەو جۆرەی کە دەبینین پێشمەرجەکانی پرسیارێک بابەتی هەمان پرسیار نەبووە و لە ناوەرۆکی پێکهاتەی پرسیارەکاندا جێگیرن. من کاتێ دەتوانم بپرسم، کە بزانم سەبارەت بە چی دەپرسم. واتە پرسیار هەڵگری ئاراستەیەکی ڕوونە. پرسیارکردن خاوەنی پێشمەرجی بنەرەتی و سەرەکییە:

زانیارە بەراییەکانی مرۆڤی وەک مەرجی بوون و ئاراستەکردنی پرسیار (وەکوو سەعات چەندەیە)، یان لە پێکهاتەی پرسیاردا شاراوەن (ئەزموونی ئیمپریک) و یان لە ئاسۆی زەینی خاوەن پرسیاردا دانراون (تەفسیری یان هێرمۆنۆتیکی یان فێنۆمێنۆلۆژیکی). ئەم ئاسۆیە پەیوەندیی هەیە لەگەڵ پێکهاتەی پرسیاریی جیهانی مرۆڤی و ئەم جیهانە هەمیشە و بەردەوام بەرتەسکە، چونکە هەموو شتێک نازانرێت، بەڵکو تەنیا بە بەشێک لە راستەقینە دەزانرێ. بەڵام هەر ئەم بەشە بچووکەش بە تەواوی دەرک ناکرێت، چونکە ئێمە هەمیشە لە بەرامبەر روانگەی لەحالی گۆڕانی خۆماندا لایەن یان چەند لایەنێک لەو بەشە درک دەکەین. بەڵام دنیای ئێمەی مرۆڤ دنیایەکی داخراو نییە و لە هەموو سۆنگەیەکەوە بەتەواوی کراوەیە. واتە ئێمە لە یەک شت بۆ جارێک و بۆ هەمیشە حالی نابین، بەلکو بە پێی ئەزموونە نوێیەکانمان، ئاسۆی خۆمان لە حالەتی تاکی و گروپی دەردەهێنین و بەرفرەی دەکەینەوە و بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی راستەقینە شارەزا دەبین.

زاتی هەبوونی پرسیار بابەتێکی فرە ئاراستە و ترانسندێنتاڵە کە پێشتر لە بوونی مرۆڤدا هێلانەی کردووە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (73):

# پۆپۆلیزم (populism)

**پۆپۆلیزم** دەربڕی سیاسەتێکە کە بە شێوەی راستەوخۆ ئاراستە بە قسە و دەربڕینی خەڵک دەبەخشێ. پۆپۆلیستەکان دەست لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان وەردەدەن و رێچارەی ئاسان ئاراستە دەکەن کە لەگەڵ بڕیارە سەرەتاییەکانی خەڵکدا بسازێت و بگونجێ. پۆپۆلیستەکان بەجێی رێچارە راستە گەڵاڵەدارەکان خۆیان تێکەڵاوی هەست و کەفوکوڵەکانی خەڵک دەکەن و قسەی جوان و رازاوە دێننە سەر زار.

پۆپۆلیستەکان پلانی بنچینەییان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان نییە و لەراستیدا لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک چاوپۆشی دەکەن و بە دوای قازانجی خۆیانەوەن.

ئەو خەڵکەی بیر و ئەزموونی سیاسییان نەبێت خێرا فریوی پۆپۆلیستەکان دەخۆن و بۆ ماوەیەک دەبنە کۆیلەی ئەوان. هونەری پۆپۆلیستەکان لەوەدایە کە بۆ پرسە ئاڵۆز و پڕپێچوپەناکان بەرنامەی سادەی لەپێشدا دارێژراو پێشکەش دەکەن چونکە ئامانجی ئەوان بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتە.

ئەگەر سیاسەتوانان لە پەیڤ و خواست و کردەی خۆیاندا بە دوای پێویستییەکانی خەڵکەوە بن، دیموکراتن. بەڵام خواست و بیری خەڵک یەکدەست و هاوئاراستە نییە و لەم رووەوە رەنگە فریوکاران و تۆتالیتێرەکان بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجەکان خۆیان بە نوێنەری خەڵک بناسێنن. هەتا ئەو کاتەی گوتاری دیموکراتیک کەڵکی مابێ پۆپۆلیستەکان هیچ چانسێکیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات نییە. ئەگەر حیزبە دیموکراتییەکان هەوخەبات نەبن و هێزی تەواویان نەبێ، رێ بۆ **پۆپۆلیزم** خۆش دەبێ. سیاسەتێکی دیموکراتیکە کە لە بەرژەوەندیی جاروبار دژوازی خەڵکی بدوێ و رێچارەی دیموکراتیک ئاراستە بکات.

هاتنە ئارای پۆپۆلیزم واتە بێتوانایی دیموکراتەکان.

**تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی پۆپۆلیستەکان:**

ئەوان لە گشت شوێنێکی دنیا خۆیان بە نوێنەری **تەواوی گەل** دادەنێن و دژ بە ئێلیتی گەندەڵ رادەپەڕن. ئەوان بۆ مەزنایەتی وڵاتی باوک و باپیران یان بایەخدان بە نەریتەکان دەنگ هەڵدەبڕن و دژ بە بێگانە و بیانیەکان خەبات دەکەن.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (74):

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (74):

## پارادۆکس دژواز (paradox)

**پارادۆکس** لە وشەی یۆنانیی para بە واتای دژ و doxa بە واتای بڕوا و بۆچوونەوە وەرگیراوە.

پارادۆکس کاتێ سەرهەلدەدا کە هۆکار و تێگەیشتن لەگەڵ یەکتری ناکۆک بن و یەکتری رەت بکەنەوە.

**"کییێر کێ گارد"** پێیوایە کە واتای پارادۆکس لە ئایین و ئایینزا دایە، بەو مانایەی کە لەگەڵ یەکتری پارادۆکسیان هەیە یان دژوازن، لەبەر ئەوەی خودا خۆی تەنیا بە یەکێک لە عەبدە هەڵبژێردراوەکانی نیشان داوە و یان تەنیا لەگەل کەسێک لە ئەویش رێگەی سرووشەوە پەیوەندیی ساز کردووە، کە ئەمە لەگەڵ ئەو خودایەی کە بە پێی راهێنانە ئایینزاییەکان لە هەموو شوێنێکە و راستەوخۆیە، لە دژوازی هەیە.

دژوازیی لە لۆژیکدا بۆ ئەو وتانە بەکار دەهێنرێت کە لە هەنگاوی یەکەمدا روون نین بەڵام هەقیقەتیان هەیە.

لە بیرکاریی مۆدێرن و زۆربەی تیۆرە فەلسەفییەکاندا باسی پارادۆکس کراوە، وەکو: پارادۆکس لە هەڵبژاردنی دیموکراتیکدا، لە تاقیکردنەوەی شانس، لێکدانەوەکان، ئەگەرەکان، لە بەکارهێنانی چەمکەکان لە یاسا دانانەکاندا.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەسی (75):

## پۆست مۆدێرنیزم ، پۆست مۆدێرن
## (Postmodernism ,postmodern)

کۆی ئەو هەڵوێست گرتنانەیە لە میعماری، هێڵکاری، شێوەکاری، ئەدەبیات و فەلسەفەدا. **بە واتای رەخنەیە لە پارادایمەکانی دنیای مۆدێرن و چیرۆک نووسە گەورەکانێتی** (واتە ئایدیالۆژی، راسیونالیزم، هیومانیزم، ئایین، مارکسیزم، ناسیونالیزم، کاپیتالیزم، تێکنۆکراسی).

نەتەنیا گوومان لەو شتە کراوە کە لە سەردەمای مۆدێرندا باو بووە و هەیە، بەڵکوو رەتکردنەوە یان و قبووڵنەکردنی تەواوی بەڵێنەکان و ئەندێشە و چەمکە مۆدێرنەکانی وەک هەقیقەت، زانست، واتا...یە و لەبەرامبەر ئەوانەشدا چەمک گەلێکی وەکو جۆراوجۆری، هونەر، خوازە، فۆرم، جەستە، رێکەوت، یاری.. هاتوونەتە ئاراوە.

**لە روانگەی پۆست مۆدێرنیستیدا مۆدێرن شەرمەزارە لەبەر ئەوەی ئۆتۆریتەخوازە.**

پۆست مۆدێرن بە پشتبەستن بە **پۆلۆرالیزم** و هاوسەنگ نەبوونی رادیکاڵ ئەگەر و دەرفەتی زانستی نوێ و عەدالەتی نوێ دەخوازێ.

چەمکی پۆست مۆدێرن لە لایەن **ژان فرانسوا لیوتار**ەوە هاتە نێو باسوخواسە فەلسەفییەکانەوە (ساڵی 1979و لە بەرهەمەکەیدا بەنێوی La condition postmoderne). هەڵبەت ئەم واتایە لە ساڵی 1959ەوە لە هونەر و ئەدەبیاتی ئەمریکاییدا ناسراو و بەکارهێنراوە (لە لایەن **لێسلی فیدلێر، سوزان سونتاگ**) و لەوێوە هەنگاوی ناوەتە نێو تیۆرەکانی میعماری (بە نوێنەرایەتی **چارلز جێنکس و رابێرت سێترن**). پۆست مۆدێرن لە هەردوو گووتاری نێوبراودا لە پشت ئایدیالە مۆدێرنەکانەوە بوو، بەڵام دواتر لە هونەر و ئەدەبیاتدا بە شێوەیەکی نوێ رەگاژۆی کرد و بەتایبەتی هەوڵیدا پردێک لە نێوان نوخبەکان و خەڵکی رەشۆکی هەڵبەستێ و ئەویش بە پشتبەستن بە لێکدانی زمانی ئەم دوو گرووپە و پێداگریکردن لەگەڵ پلۆرالیزمی کولتووری، بابەتێکی کە بە واتای دانانی خاڵی کۆتایی لە سەر رەوتی مۆدێرن مانا کراوە. لیوتار پۆست مۆدێرن نەک تەنیا بە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو بەڵکوو بە رەوتێکی دەدیت کە لە تەواوی مێژووودا هەڵقوڵیوە (ئەو لە بەرهەمەکانی **ئەرەستوو**شدا توخمەکانی پۆست مۆدێرنی دەدیت).

نوێنەرانی پۆست مۆدێرن لە فەلسەفەدا:

**جیانی ڤاتیمۆ** (هۆگری سوننەتە فەلسەفییەکانی نیچە و هایدگێر بوو).

**میشێل فۆکۆ** (دەگەڕاوە سەر فەلسەفەی نیچە)

**ژاک دریدا** (ژێدەرەکانی فەلسەفەی نیچە و هایدگێر و فرۆید بوو).

**لیوتار** (سەرنجی دەدا بە فەلسەفەی کانت و ڤیتگنشتاین)

ئەمێستاش ئەندێشە فەلسەفییەکانی پۆست مۆدێرن لە تەواوی لقە زانستی و هونەرییەکاندا جێی خۆشکردووە (لە فیزیک، کۆمەڵناسی، شێوەکاری، فیلم .. تەنانەت خواناسی دا).

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 76:

# پلۆتین، فلۆتین
# Plotin

**پلۆتین** فەیلسوفی یۆنانی (270 – 205 زایینی)، لەدایکبووی میسر.

ناسراوترین و بەدەسەڵاتترین فەیلسوفی قوتابخانەی **نوێ ئەفلاتوونی**، خوێندکاری **ئامونسیووس ساکا** (Sakka .A) بوو لە ئەسکەندەرییە. **پلۆتین** پاش بەشداریکردن لە شەڕی قەیسەری رۆم بە دژی فارسەکان، بوو بە بەرپرسی خوێندنگەیەکی فەلسەفیی لە **رۆما**. لەوێ بە ناوبانگێکی وەها گەیشت کە **کالینووس** قەیسەری رۆم پێشنیاری پێکرد شارێک بە نێوی **پلاتوپولیس** ساز بکا و بە پێی تیۆری ئەفلاتوون بەڕێوە ببرێت، هەلبەت ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکرا.

**پلۆتین** وەکوو مامۆستاکەی واتە **ئامونسیووس ساکا** فەلسەفەی بە شێوەی زارەکی و قسەکردنەوە دەگووتەوە تا ئەوەی کە لە تەمەنی پەنجاساڵاندا بە خواستی خوێندکارەکانی دەستی کرد بە نووسینەوەی نامیلکەکەی خۆی کە دواتر ئەم نووسراوانە لە لایەن یەکێک لە خوێندکارەکانییەوە بە نێوی **Prophrios** گرد و کۆکرایەوە.

**پوختەی تێڕوانینی فەلسەفیی پلۆتین بەم شێوەیە بوو:**

ئەم دنیا بەرتەسک و سنوورداره کە بە هۆی دەزگا هەستییەکانی خۆمانەوە درکی پێدەکەین دنیای راستەقینە نییە. تەواوی ئەو شتانەی پڕشوبڵاون و بە رێکەوت لە ژیانی رۆژانەماندا پێمان دەگەن بە پێی بنماگەلێکی دیار کار دەکەن. ئەم بنەمایانە پێشمەرجی هەموو شتێکن. بناغە و بنەڕەتی سەرلەبەری هەموو بنچینەکانیش تەنیا بنەمایەکە کە پێی دەکوترێ بنەمای تاک یان هەبوونی تاکانە و پێویست. **"تاک"** کۆی پاژە جۆراوجۆرەکان نییە بەڵکو بەدیهێنەری ئەوانە. **پلۆتین** لە درێژەی هزری **ئەرەستوودا** باڵاترین بنەمای بە **ئاوەزێک** دەزانی کە خۆی بیر دەکاتەوە. بەمجۆرە **ئاوەز** خەسڵەتێکی دووجۆریی هەیە و لەگەڵ **"تاک"** وەک بنەمای بوون ناگونجێ. لەوسەرەوە کە بنەما تاکەکان کاملترین و باڵاترینن، ئاواش لەگەڵ ئیرادە و کردەوە و ژیانیش ناچنە ریزێکەوە، چونکە هەموو ئەم دیاردانە لە پێوەندی لەگەڵ شتێکی دیکەدا پێناسەی وەرگرتووە و خۆرسکانە هەڵگری واتا نەبوون. بناغەی تاکانە هاوشێوەی هیچ شتێک نییە و لە هیچ شتێکیش ناچێ. ئێمە تەنانەت ئیزنمان نییە ناوی **"بوون"**ی لەسەر دابنێین، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە بوونی نییە بەڵکوو راست بەم هۆیەیە کە **باندەستترە لە هەموو شتێکی هەیە یان نییە**. ئەم بنەڕەتە هەر لە خۆیدا بە **شوناس** گەیشتووە و هەر لە خۆشیدا بۆتە خاوەنی شووناسی خۆی. لەو سەرەوە کە ئێمە هەمیشە شتەکان بە بەراوردکردن لەگەڵ شتێکی دیکە درک دەکەین تەنیا ئەوەمان لە دەست دێت کە بە شێوەیەکی سیمبولیکی لەو بنەڕەتە بدوێین. باسکردن و لێدوانی نەرێنی لە سەر ئەو بنەڕەتە (واتە ئەو شتەی کە نییە: ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت،

دابەش ناکرێت، وشیار نییە، بکەر لە زەمان و شوێندا ئەکتیڤ نییە...) لە لایەن **پلۆتین**ەوە زیاترین کاریگەریی هەبوو بۆ **ناسینی خودا لە سەدەکانی ناڤیندا**. لەو سەرەوە کە **بنەڕەتی تاکانە نەگۆڕە** و دوایین پێگە و بنچینەی راستەقینە و بوون پێکدەهێنێت ئەی چۆن ئەم هەموو جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگییەوە خولقێندراوە؟ پلۆتین کە خۆی بەم پرسیارەوە سەرقال کردبوو ئاوای وەڵام داوە: ئەو تاکانەیە هێزێکە بێبوار، کە هەڵگری بەخشینەوە و تیشکهاوێژییە بۆ دەرەوەی خۆی. جووڵەو بەخشینەوەیەکە کە نەگۆڕە و بێ شوێن و کاتە. دەنا **ئەو بنەمایە نەیدەتوانی تاکانە بێت**. راستەقینەکان هەر لەم بنەڕەتەوە دەردەچن. هێزی تەواو و کامڵ، بنەڕەتی تاکانە، **یەکەم** زات و گەوهەری بنچینەی راستەقینەیە. **دووهەم** گەوهەر لە ئاوەزدا شاراوەیە کە ناتەواوە. چونکە **ئاوەز** هەمیشە رووە شتێکە نەک خۆی. سەرلەبەری ئیدە **ئەفلاتوون**ییەکانیش لە ئاوەزدا جێگیر دەبن چونکە ئیدەکان بۆ خۆیان بابەتی ئاوەزن. **پلۆتین** تیۆرەکانی **ئەفلاتوون** و **ئەرەستوو** لەسەر ئاوەز لەگەڵ یەکتریی لێکدا و لە ئاوەزەوە وەک ژێدەر بە **رۆح** دەگات کە **سێهەم** گەوهەرە و هەمان رۆحی جیهانیشە. هەڵبەت هێزی بنەڕەتی تاکانە بە بەرهەمهێنانی ئاوەز کەم نابێتەوە و هەر بەو جۆرەش ئاوەز بە هۆی داهێنانی رۆحی جیهانییەوە کەم نابێتەوە. ئەوەی کە ئاوەز لە بەراورد لەگەڵ بنەڕەتی تاکانە دەکەوێتە پلەی خوارتر و نزمترەوە بەهۆی تایبەتمەندییە دوو جۆرییەکەیەتی:

**ئاوەز** لە سەرێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیدە ژیرانەکان و ئەو بنەڕەتە تاکانەیەی سەرچاوەکەی لەوە و لە لایەکەی دیکەوە دەپەرژێتە سەر ماتریال، ماتریالێک کە هەوڵ دەدا بە پێی ئیدە فۆرم بە خۆی بدا و لەم رێیەوە دنیای هەستەکان بەدی دێن.

بەمجۆرە **رۆح دوایین گەوهەرە** و دەبێتە سنووری نێوان دنیای ئەقڵانی و دنیای نزمتر لەو کە سەرلەبەری دیاردە رواڵەتییەکانن.

**ماتریال** تاریکاییەکی بێ فۆرم و ناتەواوە کە بۆ بوونی خۆی پێویستی هەیە بە رۆحی فۆرم بەخش. **رۆح دابەش ناکرێت و جەستە وەرناگرێت**. بەر لە بەدیهاتنی مرۆڤ رۆحی ئەو بەشێک لە رۆحی دابەش نەبوو بوو کە دەیڕوانییە ئیدەکان و ئاوەز و بنەڕتی تاکانە، بەڵام بە هۆی سرووشتێکی دووجۆری کە رۆح هەیەتی هەوڵی داوە فۆرم بە ماتریال ببەخشێت و بە گەیشتن بە ماتریاڵ دەبێتە خاوەنی جەستە. هەڵبەت جەستەی ماتریالی نەیتوانی سەرلەبەری رۆح وەخۆ بگرێ. بەم پێیە رۆح ئاواڵا بوو و بە جەستەی تاک بە تاکی مرۆڤەکانەوە نووسا. لەم رووەوە **مرۆڤ** بوونەوەرێکە کە بەربۆتەوە بۆ نێو دنیا و مەیلی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی خۆی. مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هەستەکانی خۆی فەرامۆش بکا.

**وشیاریی بۆ پلۆتین چەند قۆناغی هەیە:**

1. دەرککردن لە ریگەی هەستەوە، کە رووی لە ماتریال و خەسلەتە مادییەکانە و هۆیەکان بە چالاکییە رۆحییەکانەوە گرێ دەدات.

2. دەرككردن لە رووی شهودەوە كە رووی لە ئاوەزە.
3. دەركردن لە رێی ناخ و دەروون یان عیرفانەوە، لەم رێیەوە مرۆڤ بە بنەڕەتی تاكە نزیک دەبێتەوە و تیكەڵاوی دەبێت.

بە وتەی یەكێک لە خوێندكارەكانی **پلۆتین** كە لەگەڵی بووە، ناوبراو بۆ چوارجار و لە ماوەی شەش سال بەم حالەتی شێت و شەیداییە و حەیرانییە گەیشتووە. پلۆتین بەجۆرێک سەرنجی بە كاروباری رۆحانی دەدا كە شەرمی لە هەبوونی جەستەی خۆی دەكرد.

**پلۆتین دوو مەیلی ئەفلاتوونی بەیەكەوە گرێ دەدات:**

**یەكەم،** ئەو لەسەر جیایی و دژایەتیی بنەرەتی تاكانە لەگەڵ ماتریال سوور بوو. كە بەشی **دوالیستی**ی تێروانینی ئەو دەردەخات. ئەو لە نێوان بەخشەندەی خوارەوە و ئەو بنەڕەتە تاكانەیە كەلەبەرێكی مەزنی جێگیر كرد. بنەرەتی تاكانە بنەڕەتێكە لەوپەڕی سرووشت، نایاب، كامڵترین، چاكترین و لە بەرامبەریشیدا ماتریال دەبینین كە تاریک و ناتەرز و خراپە. لە نێوان ئەم دوانەشدا بە ریز ئاوەز و رۆحی جیهان و دیاردەكان (روالەتییەكان) هەن كە لێک دوورن.

**دووەم،** پێداگریكردنی ئەو لە سەر پێوەندییە بەرفرەبووەكان بوو: هەموو شتێک (ئاوەز، رۆح، ماتریال) بەخشندەی بنەڕەتیكی تاكانەیە كە بناغەی تەواوی راستەقینەكانە. **پلۆتین** لێرەدا مەیلی بەرەو **مونیسم** هەیە.

بەپێی راهێنانەكانی پلۆتین خراپە بە هۆی نەبوونی چاكەوەیە كە نییە و نەک ئەوەی لە بنەڕەتدا و بە شێوەی راستەقینە نەبێت.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (77):

# پێشکەوتن، بەرەوپێش چوون، گەشەکردن
# Fortschritt ,progress

شێوەیەکە لە جووڵە کە لە قۆناغی نزمەوە بۆ ئاستێکی بانتر هەنگاوی بۆدەنرێ.

- واتای فەلسەفیی **پێشکەوتن** هەڵگری ئیدەیەکە کە بەگشتی مێژوو بە جووڵەیەک بەرەو پێش دەزانێ، رەوتێکە **لە نەزانییەوە بەرەو رۆشنگەریی، لە نەزانی و چارەڕەشییەوە بەرەو دەوڵەمەندی و بەختەوەریی و زانایی، لە دیلییەوە بەرەو ئازادیی، لە دڕندەییەوە بەرەو کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤی...**

- **پێشکەوتن** (کامڵ بوون) لە سرووشتدا بە واتای ئاڵۆزتربوونی سیستمەکانی ژینگە و بەدوای ئەویشدا شوێندانانی زیاترە لە ژینگەدا. ئەم بابەتە بۆ مرۆڤ بە بانترین قۆناغی گەشەی خۆی گەیشتووە: **مرۆڤ سرووشتی خستۆتە خزمەتی خۆیەوە و بۆتە گۆڕانکار و دەستنیشانکاری چارەنووسی خۆی.** ئەم قۆناغەی **گەشەکردن** کە لە سرووشتدا بێهاوتایە، بەهۆی توانستی مەعریفە و هێزی سەرسوڕهێنەری ئاوەزی مرۆڤییەوە دەرفەتی ئەوەی هەبووە بەدی بێت. هەنووکە مرۆڤ دەتوانێ سەربەخۆ لە سرووشت درێژە بدا بە پێشکەوتن و گەشەکردن لە بوارانەی کە پێی خۆشە و مەیلی بۆی هەیە. مرۆڤ بەهۆی هێزی ئاوەزی خۆیەوە نەتەنیا چاودێرێک بەڵکو پێکهێنەر و سازکار و سەروەری راستەقینەی جیهانە.

- **پێشکەوتن تەنیا واتایەکی زەینیی سەڵت نییە، بەڵکو بەڕاستی و بەتەواویی بوونی هەیە** (هێگل).

- گرفتی مەزنی کۆمەڵە مرۆڤییەکان لە خێرایی چاوەڕواننەکراوی پێشکەوتنەکاندا نییە، بەڵکوو لە هاوئاهەنگنەبوونی ئەو پێشکەوتنانە دایە: پێشکەوتنە زانستی و کولتوورییەکان لەگەل یەکتر هاوتەریب نین (وشیارکردنەوە لە لایەن رۆسۆ، کۆنراد...).

***

# پیشە، کار
# (work ,Arbeit)

**ئیش** یان کار واتایەکە کە لەهەموو لق و بوارەکانی ژیاندا بەکار دەهێنرێ و بەکەلکە و هەڵگری واتای جۆراوجۆرە. ئەم وشەیە زۆر درەنگ هاتە نێو بواری فەلسەفەوە (لە قۆناغی تێپەڕبوونی کاری دەست و ئیشی دەست و کشتوکاڵەوە بەرەو دنیای پێشەکاری و مۆدێرن کە لەسەر دەستی **لاک** و **رۆسۆ** و **هێگل** و **ئەنگێلس**ەوە هاتە ئاراوە )

- واتای **ئیش** و **کار** لە قۆناغی پێش فەلسەفیدا: کردەی خواستراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان، گەشەپێدان و رێکخستنی بارودۆخی ژیانە و وەک دەرەنجامی ئەم چالاکییانە مسۆگەرە.

- لە زمانی ئەمرۆژیندا **کار** و **ئیش** بە واتای کردەی پلاندارێژراوی مرۆڤییە لە پەیوەندیی و دەروەستبوونی لەگەڵ سروشتە، وەلامدانەوەشی بە پێویستییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئامرازی تایبەتەوەیە بە مەبەستی بەرهەمهێنان یان تەرخانکردنی خزمەتگوزاری دەستنیشانکراو.

**کار** و **پیشە** بناغە و پێکهێنەر و رێکخەری بوونی مرۆڤییە. بەرهەمهێنان، تایبەتە بە دەرکەوتی جۆری مرۆڤ و پیشە رەوتێکە بۆ بەرهەمهێنانی دنیا (**مارکس**).

لە دنیای پیشەکاریی ئەمێستادا بەهۆی بەرهەمهێنانی پارچە و دابەشبوونی رەوتی بەرهەمهێنانی شتومەک بە سەر بەش و پاژی بچووکتر و هەروەها چاودێریکردنی توندوتۆڵی رەوت و خێرایی ئیش... پێش بە گەشە و نشەی تاکی و ئازادیی مرۆڤ گیراوە (**ئێتفرید هوفێ**).

***

# بەختەوەری
# Glueck ,happiness

دوا ئارمانج و دوایین شتێکی کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدا و بۆی تێدەکۆشێ هەتا پێی بگات.

ئەگەرچی **بەختەوەربوون** و بەختەوەریی ئەوپەڕی وەدیهاتنی ئاواتەکانی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام رەنگ و بۆ و رواڵەتی زۆر جۆراوجۆری هەیە و مرۆڤەکان بەختەوەریی خۆیان لە شتی جیاواز و جۆراوجۆردا دەبینن. تاقمێک پێیان وایە کە بەختەوەریی لە گەیشتن بە دەسەڵات دایە و بەشێکیش لە پوڵ و سەروەت و سامانی زۆر و ئەشق و زانایی، دۆستایەتی، هونەر، وەرزش و لێکۆڵینەوە.. یان شتی دیکەدا بۆی دەگەڕێن.

هەموو مرۆڤێک هەڵگری کۆیەک لە هەلومەرجی جەستەیی، دەروونیی تایبەت بە خۆیانن کە ئاوێتەی بوونی نایاب و تاکانەیان کردووە. بە پێی هەر ئەم جۆراوجۆرییە زۆرانەیە کە چەند جۆریی تێگەیشتنەکان و مەیل و هۆگرییەکان هاتوونەتە ئاراوە و واتا بە چەمکی **پلۆرالیزم** دەدەن.

لەراستیدا یەکدەستبوونی واتای بەختەوەریی بابەتێکی فۆرماڵە کە تەنیا لە حاڵەتی دەربڕینی خۆیدا ئاماژەی بە چەشنێک هەست و مەیلی پەرەپێدەر کردووە و بە شێوەی راستەوخۆ مەبەست و ئارمانجی کردەوە مرۆڤییەکان دەستنیشان ناکا. مرۆڤ بۆ بەختەوەربوون نا، بەڵکو زیاتر بۆ **"باش"** ژیانکردنە کە بڕیار دەدا و هەر ئەم **"چاکی"**یەیە کە بواری **"بەختەوەربوون"** بۆ ئەو دابین دەکا. لەم رووەوەیە کە بەختەوەریی هەر تەنیا بە واتای ئاسایش و ئاسودەیی و جێژوەرگرتن نییە، بەڵکو ئەو چییەتییەیە کە تاک خۆی بە **"سەرکەوتوو"** یان بە **"ئامانج گەیشتوو"** زانیوە و هەستی پێدەکا.

بەپێچەوانەی کۆمەڵگا بەکارهێنەرەکانی ئەمرۆژین کە پێیان وایە بەختەوەریی واتە بەملککردنی زۆر و زۆر کڕینی ئەو شتانەی کە لە بازاڕدا هەن و بەقازانج گەیشتنەکانی خۆیان بە پێی چاوچنۆکی و تێرنەبوونی بەکارهێنەرەکان دیاری دەکەن، فەلسەفەی ئەخلاق لە سەردەمای کەوناراوە تا بەئێستا بەختەوەریی لە توانستی ئافراندن نیشان دەدا، نەک بەکارهێنانی مرۆڤیدا.

**سەرهەڵدان و خۆگرتنی تایبەتمەندییە باڵا مرۆڤیەکان وەکو بێگەردبوونی رۆح (زەردەشت، بودا، ئەفلاتوون)، هۆکار و دابینکاری بەختەوەریی نین، بەڵکو خودی بەختەوەرین (سپینوزا).**

**ئەرەستۆ** بانترین مەبەستی ژیانی تاکیی واتە **بەختەوەریی** لە چوارچێوەی ئاوەزی بەکردەوەیی و واتای **ئاتۆکراسی** (سەرەڕۆیی، سەروەری خوازی Autocracy) دەردەبڕێ، واتایەک کە بە مانای بێنیازبوونی تاکیی و سەربەخۆیی مادی و ئابووریی نییە، بەڵکو چەشنێک ژیانی لەبەرچاوە کە خاوەنی چییەتی و واتایەکی تایبەتییە: **بەختەوەریی رێی بەختەوەربوونە.**

کەسی بەختەوەر بە وتەی ئەرۆژین تەنیا ئەوە نییە کە بوار و دەرفەتی کردەوەی ئەخلاقی و ژیرانەی هەبێ، ئەو لە ئازادیی و ئەقڵی خۆی کەڵک وەردەگرێ و بە بەڕێوەبردنی بنەما ئەخلاقییەکانەوە دەژی. **تاکی بەختەوەر تاکێکە ئەخلاقی و بە پێی بنەما ئەخلاقییە**

**مرۆڤییەکان دەجووڵێنەوە.** هەڵبەت ناتوانرێ ئەو لەم رێگەیەدا بە دوور لە مەترسی و ریسک بزانرێ.

لە روانگەی **کانت**دا واتای بەختەوەریی حاڵەتێکی ئایدیالە کە وەدیهاتنی گەشت خواست و ئیرادە مرۆڤییەکان دەردەخا. ئەو بەو باروذۆخ و هەلومەرجەی گشت پێویستییەکان و چاوەڕوانییە مرۆڤییەکانی تێدا جێبەجێ بوون و ئیدی ئاواتێک نەمابێ، پێی دەڵێ بەختەوەریی. بەختەوەرییەکی لەم چەشنە بۆ مرۆڤ وانییە کە وێنا نەکرێ، بەڵام بەشێوەی رەها بەئاکام ناگات و تێڕوانینێکی **یۆتۆپیایی** و خەیاڵییە، لەبەر ئەوەی لە سەر بنەمای رەتکردنەوەی راستەقینەدا خۆی دادەڕێژێ. مرۆڤێکی دیار و لە هەلومەرجێکی رووندا هەمیشە لە بگرەوبەردەی بوون و نەبوونەکاندا دەبێ و هەر بەم جۆرەش کۆمەڵی مرۆڤیی نێوان خۆی و سروشت دەبێ بەدوای رێی دەرباز بوون لە گرفتەکان و ململانێکاندا بگەڕێ و ئەزموونی بکا.

ئەم روانگە **ریالیزم**انەیەی **کانت** بە هیچ شێوەیەک دڵخۆشکەر نییە و **فرۆید**یش بەمجۆرە دەریبڕیوە: **لە دەزگای خوڵقاندا بەختەوەریی بۆ مرۆڤ پێشبینی نەکراوە.**

کەچی **زەردەشت** کوتوویەتی کە ئەرکی هەموو تاکێکی مرۆڤی پشتیوانیی کردنە لە **ئەهورامەزدا** لە کاتی شەڕکردنی لەگەڵ شەیتان و هەموو کەس بە بەرپرسی راستەوخۆی کردارەکانی دەزانێ، **بودا** گەیشتن بە قۆناغی **نیروانا** بە باندەستترین قۆناغی بەختەوەریی و ئاسوودەیی دەزانێ، قۆناغێک کە بە زاڵبوونی بەردەوام بە سەر بێزاری و چاوچنۆکی و خراپەکان بەدەست هاتووە و **بێگەردیی رۆح** بۆ جارێکی دیکە لەدایک نابێتەوە.

لە چوارچێوەی **هێدۆنیزم** (بڕوا بە چێژ) و **یوتیلیتاریانیزم**دا لایەنگرییە **ئێمپیریستی پراگماتیستی**یەکان واتای بەختەوەریی دەستنیشان دەکەن: **توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی کە تا ئەو جێیەی بۆی دەکرێ وەڵام بە زیاترین مەیل و هۆگری و پێویستییەکان بداتەوە.** جێبەجێکردنی گرینگترین پێویستی و گەورەترین خواست و لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەواتای دابینکردنی هۆکارەکانی بەختەوەرییە. هەڵبەت ئێمپیریستەکانی سەردەمای ئێمە لە تێگەیشتنەکانی **ئیپیکۆر** و هاوبیرەکانی زیاتر هەنگاویان ناوە و چێژ و خۆشی بە بابەتێکی گشتی و کۆمەڵایەتی دەزانن: **نەک چێژی کاتی و کورتخایەن بەڵکو ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت و باقی مرۆڤەکان بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ.**

رەخساندنی ئەو هەلومەرجە وەخۆ بگری کە تێیدا گەلێ شت بۆ مرۆڤ سوودیان هەیە و چێژ دەبەخشن : بەختەوەریی هەر وەکو بەشداریکردنی چالاکانە بۆ دابینکردنی ئاسایش و خۆشیی تاکی و گشتی کە هاوکات بە دیدی رەخنەگرانەوە سەیری باروذۆخی ئەمێستا دەکا.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (80):

## پێناسەکردن
## Definition

لە وشەی لاتینی **definire**ەوە وەرگیراو، بە واتای سنووردانان، بەرتەسککردنەوە، دەستنیشانکردن، شیکردنەوە و روونکردنەوەی واتایەک لە رێگەی دەربڕینی تایبەتمەندییەکانییەوە.

هەموو لێدوان و شیکردنەوەیەک یەکێک لەم سێ بابەتە وەخۆ دەگرێ:
**ناوەرۆک، چییەتی، چۆنییەتی.**

لەو رووەوە کە هەموو شتێک دەتوانێ تایبەتمەندیی و لایەنی زۆر وەخۆ بگرێ تەنیا ئاماژە بە گرینگترین و بەرچاوترینی تایبەتمەندییەکان دەکرێ، ئەویش **بەتایبەتیی لە پێناسەکردنە ئیمپریستییەکاندا.**

**پێناسەکردن** بە واتای دەربڕین و نیشاندانی پاژە پێکهێنەرەکانی هەر شتێک (**شێوازی لێکدانەوەیی**) وەکو: ماشێنێک کە لە ماتۆر و تگەر و شاسی و شتەکانی دیکە پێکهاتووە. باسکردنە لە پەیوەندیی شتێک لەگەڵ کۆ یان سیستمێکی پەیوەندیدار بە هەمان شتەوە (شێوازی لێکدران) وەکو دڵ، پۆمپ یان ترومپای دەزگای جووڵە و وەگەڕخەری خوێن.

**پێناسەکردن** دەربڕینی یاسا و رێساکانی بەدیهێنەری شتێکە وەکو: جەغز لە جووڵەی خاڵێک، لە مەودایەکی نەگۆڕەوە بە دەوری خاڵێکی دیکە بەدی دێ.

دەربڕینی شتێکە لە پەیوەندیی لەگەڵ ژێدەر یان شتێکی دیکە وەکو: مانگ مادەیەکی ئاسمانییە کە لە جەغزێکدا بە دەوری ئەستێرەیەکی دیکەدا دەخولێتەوە.

لە بیرکاری و لۆژیکدا سیستم و مێتۆدەکانی **پێناسەکردن** بە چەشنێکی دیاریکراو "**پێناسە**" کراون.

***

# تابوو

## Tabu ,taboo

**تابوو** بە هەموو ئەو شتانە دەکوترێ کە نزیکبوونەوەیان لێیان بقەیە و یان نابێ پەیوەدییان لەگەڵدا ساز بکرێ، چونکە ئەو شتانە (دیاردەکان، کاروبارەکان، وێنا و تێگەیشتنەکان....) بە تەواوی یاساغن.

رەگی تابوو دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە خۆرافی و ئایینییەکان. بەشێک لە بوارەکانی ژیان بەهۆی پیرۆزی و یان نزالێکراوییەوە وەک تابوو دەستنیشان کراون.

تابوو بەرفرەهە و دیاردە سروشتییەکان، کێشانەوەی سیمای پێغەمبەر و باسکردنی نێوی خودا وەخۆ دەگرێ. **تابووەکان هەڵگری واتای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیین**. بە ناسینی تابووەکان دەتوانرێ ببینرێ کە گروپ یان جەماوەرێکی ناسراو و پێناسەکراو چ بۆ مانەوەی خۆیان چ شتێک بە مەترسیدار دەزانن.

**تابووەکان بەتایبەتی لە بواری جنسی و بەڕێوەبردنی هێزی داسەپێنەری حکومەتیدا بە روونی دەردەکەون.**

رۆڵی تابووەکان لە ژیانی تاکییدا کە خۆی زیاتر لە بواری واتاکانی لەدایکبوون، مردن و جێبەجێکردنی پێویستییەکان (بەتایبەتیی جنسی) دەردەخا، پاش سەردەمای رۆشنگەریی کەمتر بۆوە.

بە هۆی هەوڵی **رۆشنگەران** بوو کە هێزی ئەفسانەی تابوو لەبەراوردکردنی لەگەڵ ئاوەزی مرۆڤیدا کەوتە بەر پرسیارەوە. تابووەکان بە ئارامی و هاورێ لەگەڵ زۆربەی باوەڕە بێ بناغەکان خەریکن گۆڕەپانەکە بەجێدێڵن.

***

# تائۆییزم و لائوتسێ
(Lao-tse / Taoism)

**لائوتسێ** نێوە راستەقینەکەی (Po-Yang)ە و ناسراوە بە لائوتسێ، واتە مامۆستای پیر و بەئەزموون، لە پەنای **کۆنفۆسیوس** (Kung-fu-tse) بەناوبانگترین فەیلسوف و بیرمەندی چینی کەونارایە (حدود ٦٠٠ پ.م.).

لائوتسێ بە نووسەری کتێبی **Tao-Te-King** (کتێبی ژێدەری Tao و Te) دەزانن.

بە پێی راهێنانەکانی **تائۆ** (Tao، بە واتای رێگا، خودا، ئاوەز، وشە، مانا، لۆژیک)، فۆرمی نییە و بێ نێوە، نابیندرێ، نابیسترێ، درککرانی مەحاڵە، بەڵام کاملترین و باڵادەستترینە، هێدی و کپ، بەڵام جووڵەی تاهەتایی هەیە، خۆی ناگۆڕێ بەڵام هۆکاری گشت گۆڕان و ئاڵوگۆڕەکانە. تاهەتایی و بێسنوورە و تۆوی **بوون** و دایک و خوڵقێنەری بوونەکان و گشت جیهانە. مرۆڤ دەروەستی عەردە و عەردیش دەروەستی ئاسمان (کاکەشان) و ئاسمانیش دەروەستی تائۆ و تائۆش دەروەستی خۆیەتی و تەواو.

گشت شتێ لە **تائۆ**وە رێچکە دەبەستێ و بەرەو لای دەگەڕێنەوە.

بە بۆچوونی لائوتسێ، بیرمەند لە گەڕان بەدوای هەقیقەتدا دڵی بە کامڵ بوون خۆش دەکا و ئەویش لە تاکانەبوونی لەگەڵ تائۆدا بەدەست دێنێ. کەچی لائوتسێ سەرنج بە جەماوەر و مرۆڤەکان دەدا، کۆنفۆسیوس پەرژاوەتە سەر بابەتی حکومەت و سەرکردایەتیی کردن و بەڕێوەبردنی وڵات.

فەلسەفەی لائوتسێ بەروونی و بە شێوەیەکی بەرچاو فەلسەفەیەکە **میتافیزیکی** .

**تائۆییزم** لە سەرەتادا ئاوێتەی **بووداییزم** و **عیرفان** بوو و پاشان بەهۆی نزیکبوونەوەی بوت پەرستانەی، لە خۆرافەی تەواودا نووقم بوو.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (83):

# پڕاگماتیزم
(pragmatism)

**پڕاگماتیزم** لە ریشەی **پڕاگما** (pragma) بە واتای کردە، بەکردەوە وەرگیراوە.

بە ئاراستەبوونیکی فەلسەفییە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا **چارلز ساندێرز پییێرس** (1839 – 1914) و **ڤیلیام جەیمز** (James ، ١٨٤٢ - ١٩١٠) و **جان دێویی** (١٨٥٩ - ١٩٥٢،Dewey) گەشەیان پێداوە و لە ئوروپادا لە لایەن **فریندناند شیلێر، پاپینی، بێرگسۆن، زیمێل، وایهنگێر**،... نوێنەرایەتیی کراوە.

بە پێی ئەم روانگە فەلسەفییە لە زانستدا تەنیا ئەو واتا و رستانە مانایان هەیە کە بە پێی کردەن و بەکردەوە دەکرێن (ڕەسەنایەتیی کردە). واتای کردە نەتەنیا ژیانی رۆژانە بەڵکو لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش وەخۆ دەگرێ. پڕاگماتیزمی ئەمریکایی لە ڕێگەی شیکردنەوەی واتاکان هەنگاو دەنێتە یەکترخوازیی هەقیقەت لە بواری **سیاسەت – پێداگوژیک**دا.

**چارلز پییێرس** بە پێچەوانەی تیۆری مەعریفە، **هەقیقەت** بە بابەتیک دەزانێ کە ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێ، بە دڵخواز نا بەڵکو بە پێی تێپەڕبوونە لە شک و گومان و توانای رازیکردن و متمانە پێبەخشین کە پەسند دەکرێ. ڤیلیام جەیمز تایبەتمەندیی گشتی بوونی **هەقیقەت** ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە ئەگەر تاک لە گریمانەیەک رازی بێ ئەم رازیبوونە دەبێتە هەقیقەتی گریمانەکە. واتە **هەقیقەت** لایەنی پراکتیکی هەیە و گونجانی بکەر لەگەڵ دەوروبەری ئەو نیشان دەدا. زانستیش لەبنەڕەتدا هەڵگری توانستەکانی وەهەڵەخستنە. لێکۆڵەران بەداوی هەقیقەتەوەن، بە بێ ئەوەی دڵنیا بن لە بەدەستهێنان یان لەبەردەست دابوونی هەقیقەتەکە.

پییێرس لە رووی ئەخلاقییەوە بە دژی پڕاگماتیزمێکی ڕەشۆکیانە کە پشتی بە دڵخۆشییەکان و چێژە تاکییەکان دەبەستێ، هەڵوێستێکی روونی هەبوو: دوایین ئامانج و مەبەستی کردەی مرۆڤی دەبێ بە پێی ئاوەز بێت، واتە ئایدیالێکی بایەخدار کە گروپێکی بەرفراوان لە زنجیرەیەک لە کردەکاندا بەدوایدا دەچێ. جان دێویی سەرنجی بە لایەنە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکانی پڕاگماتیزم دەدا. لە روانگەی ئەودا گروپی لێکۆڵەرەوان و پڕاگماتیستەکان لە ئەزموونەکانی خۆیاندا کەڵک لە یەکتری وەردەگرن و هیچ کامیان بە تەنیایی خاوەنی هەقیقەتی رەها نین و ناتوانن بن.

**پڕاگماتیزمی ئەمریکایی** کاریگەریی گرینگی لە سەر تیۆری زانستی و تیۆرەکانی **کواین، ئاپل، هابرماس**،...دا هەبووە.

پێداگریکردن لەسەر پڕاگماتیک بوونی خواستێک، ئیرادە، ئاکار.. دەتوانێ لە رووی ئەخلاقییەوە نەرێنی، بێدەنگ یان ئەرێنی بێ. بۆ نموونە، پڕاگماتیکی تاکیی کە دەربڕینی چۆنێیەتی باشترین رێی رازیبوونی تاکێک و دابینکردنی دلخوازییەکانی ئەوی لەبەر چاوە، پڕاگماتیکێکە کە لە بەرامبەر بنەما ئەخلاقییەکان و بەتایبەتیی ئەمری رەهای **کانت** دایە. هەروەها رەنگە پڕاگماتیک بوون لە بەشێک لە حاڵەتەکاندا (لانیکەم بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و سنووردار) پەیوەندییەکی بە ئاراستە یان جۆری ئەخلاقیی کردە نەبێ. پڕاگماتیکی کۆمەلایەتیی کە هەڵبژاردنەکانی خۆی لە چوارچێوەی بنەما ئەخلاقی و مرۆڤییەکان بەرەو پیش دەبا پڕاگماتیکێکە ئەخلاقی و پەسندکراو کە هەڵبەتە بە پالدانەوە بە زیاترین قازانج بۆ زیاترین خەڵک پەیوەندیی لەگەڵ بڕوا بە قازانجدا هەیە.

**********

# تیۆریی
# Theorie ,theory

**تیۆریی**، ریشەکەی یۆنانییە و بە واتای **دیتن** و **روانین** دێت.
شیکردنەوەی دیاردە تاک و جیاکانە لە پێوەندیی لەگەڵ دیارە گشتییەکان و دەرخستنی پێوەندییەکانی ئەوانە لەگەڵ یەکتری.

لە سەردەمی **ئەفلاتوون** و **ئەرەستوو** هەتا سەدەی بیستەم (**هۆسرێل** و تاقمێک لە پۆزێتیڤیستە لۆژیکییەکان)، گردوکۆکردنەوەی تیۆریکییەکانیان لە پراکتیک بە جیا زانیوە (پێوەندیی تیۆریی و کردە)، کەچی **مارکس**، **نیچە**، **هایدگێر**، **هورک هایمێر**، **ئەرەستوو** و **شێلینگ**، تیۆرییان بە هۆی پێوەندییەکەی لەگەڵ غەریزەی وشیار (ئینتیڤیسیۆن) و بیرکردنەوەی سەڵت و رووناکبیرانە، خستۆتە پێگەیەکی بەرز لە مەعریفە. **دیکارت** و **سپینۆزا** غەریزەی وشیار و تێگەیشتنی شهودی بە سەرتر دەزانن.

لە تێگەیشتنە ئەمڕۆژینەکاندا، تیۆری وەکو سیستمێکی بەراوردکاریی وەبەرچاو دەگرن کە لە پێناسەکان، گوزارەکان، دەرەنجامەکان... پێکهاتووە. تیۆری، متمانەپێکراوی و راستبوونی خۆی لە رێگەی ئەزموونی یان لۆژیکییەوە نیشان دەدا. هەڵبەت لە "**تیۆری پراکتیکی**"دا زیاتر گرینگیی بە لایەنی بەراوردکاریی تیۆریی دەدرێ.

بە شێوەی رێژەیی ئەم چاوەڕوانییە لە تیۆرێک دەکرێ کە بسەلمێندرێ. سەلمێندران مەرجێکە کە جیاوازیی تیۆریی و گریمانە نیشان دەدا. تیۆریی بە پێچەوانەی گریمانە دەتوانرێ بسەلمێندرێ.

پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکان پێداگرییەکی تایبەتیان لەسەر ئەم چاوەڕوانییە کردووە، واتە تەنیا ئەو تیۆریانە قبووڵ دەکرێن کە راستی و دروستییەکەیان بە تەواوی سەلمێندرابێ.

بەڵام **کارل پۆپێر** بۆ راستی و درووستیی تیۆرێک چاوەڕوانیی و پێشمەرجی ئا لەم بابەتە وەبەرچاو دەگرێ:
تیۆری دەبێ بتوانرێ رەت بکرێتەوە نەک بسەلمێندرێ.
تیۆریی جێی مەبەست، دەبێ لە بەراورد لەگەڵ تێۆرە رکەبەرەکاندا پرسی زیاتر چارەسەر بکا و وەڵامی زیاتر یان باشتریان پێ بداتەوە.
تیۆریی دەبێ تاقی بکرێتەوە و بکەوێتە بەر رەخنە.

یەکێک لە پرسیارە کۆنە فەلسەفییەکان سەبارەت بە تیۆریی ئەمە بووە کە ئایا دەتوانرێ تیۆری ساز بکەین و بیدۆزینەوە کە سەرلەبەری سیستمی **فەلسەفی – زانستیی** وەخۆبگرێ و تەواوی بوون لە چوارچێوەی خۆیدا نیشان بدا؟

فەلسەفەی سوونەتیی لە **ئەفلاتوون**ەوە هەتا هێگل هەوڵی دەدا تیۆرێکی گشتگیری لەم چەشنە بدۆزێتەوە. ئەمە بۆ زۆربەی فەیلسووفانی سەردەمی نوێ خواستێکە کە بە سادە زانراوە و مەحاڵە، لەبەر ئەوەی تیۆریی دەتوانێ تەنیا بەشێک لە راستەقینە و تەنیا لایەنێکی نیشان بدا، بۆ نموونە: لە لایەکەوە **تیۆری کوانتۆم** و لە لایەکی دیکەوە **تیۆری رێژەیی**.

***

# پارادایم، پارادیگما
# paradigma

**پارادیگما** paradigma وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای **نموونە، سەرمەشق** ە.
یاسا و ڕێاسا نەنووسراوەکان کە جۆری جووڵە و کاری زانستیی دەستە و تاقمی لێکۆڵەران دەست نیشان دەکا.
ئەم یاسایانە کە لە لایەن هەمووانەوە پەسند کراوە، بە پێی بۆچوونی **توماس کوهن** Kuhn، فەیلسوفی ئەمریکایی، **چوار جۆرن**:

1. بە گشتیکردن بە شێوەیەکی **سیمبولیک**، وەکو **دووەم یاسای نیوتۆن (هێز= بارستایی x تاودان)** کە وتەیەکی فۆرمییە سەبارەت بە سروشت و تاقی ناکرێتەوە.
2. تێگەیشتنی میتافیزیکی، تێگەیشتنی زۆر گشتین سەبارەت بە چۆنییەتیی سرووشت. وەکوو قبووڵکردنی ئەوە کە چییەتی ژیان بە پێی لێکۆڵینەوە لە سەر پێوەندییە فیزیکی – کیمیایی لە بوونەوەردا هەلگری لایەنی شی کردنەوەن.
3. نرخاندن، وەکو بەکارهێنانی تیۆریی **"چاک، باش"**.
4. بە نموونە دانان، وەکو ئەوەکە بابەتی سەرکەوتوو بە نموونە و سەرمەشق دابنرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.

فەرهەنگی فەلسەفە، نەشی 86:

# ترس

ئەڵمانی: Angst؛

ئینگلیزیی: anxiety, anguish, dread

**ترس** بارودۆخیکی رۆحیی نالەبارە، کە هەست بە نائارامی و دڵەراوکێی لەگەڵە. لەنێوان ترسی ناروون و نادیار و ترس لە مەترسییەکی روون و ئاشکرا و رووەو بابەت، بەتایبەتی لە دەروونشیکاریی و هەروەها لە **ئیگزیستەنسیالیزم**ی بنچینەیی **هایدگێر** و فەلسەفەی **ئیگزیستەنس**دا جیاوازیی دادەنرێ.

دەروونشیکاریی سەرچاوەی حاڵەتەکانی ترسی گشتیی مرۆڤی دەباتەوە بۆ ئەزموونی هەستکردنی پێش روودان کە هەموو مرۆڤێک لە کاتی لەدایکبوون و وەک کۆرپەیەک لەگەڵی رووبەڕوو بۆتەوە. **ترس** لە رووی نەخۆشییەوە بە پێچەوانەیە، دەربڕینی ململانێ قووڵەکانی نێوان هەوڵە سەرەکییەکانی تاک (وەکو هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی، نیازە جنسییەکان) و راستەقینەی دەروون گشتی ئەوە (وەکو ئەو نۆرمە ئەخلاقییەنەی دەروونی کراون کە لەمپەرە لە سەر رێگەی سەربەخۆیی یان خواستە جنسییەکان).

لە ئیگزیستەنسیالیسزمی بنچینەیی هایدگێردا، **ترس** بەواتای چەشنێکی تایبەتە لە ↑ بارودودۆخی رۆحی. ئەویش هەر کاتێ ئەم ترسە، ترسێک نەبێ لە لایەن هەڕەشەیەکی روون و ئاشکراوە، بەڵکو لە بێناوەرۆکیی یان لەناوچوونەوە (Nichts) بێ. لەم چەشنە ترسە قوڵترەدا، مرۆڤ لەبنەڕەتدا لە ↑ هەبوونی لە جیهاندا دەترسێ، ئەو کاتەی کە هەموو پێوەندییەکانی لێ هەڵبوەشێتەوە و سەرلەبەری دنیا لەبەر چاوی بێناوەرۆک و بێ ئاکام بێ. بەمجۆرە ترسە، دنیا وەکو دنیا دێتە بەر چاوی مرۆڤ. **"شایانی کەشف بوون"**ی هەمیشەیی جیهان، بە واتای دەرککردنی هەبوونی **"هەموو ئەو شتانەی لە جیهاندا هەن"**، بە شێوەی ترس لە نەبوونی ئەم دنیایە دەردەکەوێ.

مرۆڤ کاتێ دەتوانێ خۆی لە چنگی ئەم چەشنە ترسە رزگار بکا کە هانا بەرێ بۆ یاسا و رێاسای مرۆڤەکان. ئەو لە هەمان کاتدا دەتوانێ لە رێی بێناوەرۆکیی نێو ترسدا **ئازادی**ی خۆی ئەزموون بکا. بەم واتایە کە ئەو دەتوانێ ئیختیار و دەرفەت و تواناکانی خۆی بەدەستەوە بێ، لەبەرئەوەی ئەو لە **نەبوون** دا ئازادبوونی خۆی ئەزموون دەکا. لەم رووەوە بۆ **هایدگێر ترس** بوارێک دەرەخسێنێ کە تێیدا مرۆڤ ↑ رەسەنایەتی (Eigentlichkeit) خۆی وەچنگ دێنێ. لەم رووەوە **ترس** ئیتر لایەنی نەرێنیی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەرێنییە و بواری بەدەستهێنانی بوونی **رەسەن** دابین دەکا. لە فەلسەفەی **ئیگزیستەنس** و لە لای **سورێن کیێرکێگارد ترس** بە واتای بازدانێکە بەرەو باوەڕ و لە لای **ژان پەول سارتر** بە واتای، **بەلێندەربوون**ە.

***

# تیۆریی بڕیاردان
# (Entscheidungstheorie)

کەس یان گروپێک کە لە بارودۆخ و ئاستە جۆراوجۆرەکاندا تووشی هەڵبژاردن دەبێ و دەبێ بڕیار بدا لە نێوان کارە جۆراوجۆرەکان هەڵببژێرێ.

تیۆریی بڕیاردان هەوڵی ئەوەیە هەتا بە هەلسەنگاندن و لێکدانەوەی شێوەکان و دەرفەت و بوارە رەخساوەکان بتوانێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، بڕیاری راست و دروست و ژیرانە بدۆزێتەوە.

لەم روانگەیەوە بانترین تایبەتمەندیی هەموو بڕیاردانێکی راست و دروست، لە زیدەبوونی گەیاندنی قازانج و بەرژەوەندیی بە مرۆڤ دایە.

لەو حاڵەتەدا کە پێشهات و دەرەنجامەکانی بڕیارەکانی جێ نشین کە ئەگەریان هەیە روو بدەن و هەبن، ئەگەر ناسرابن، یاسا و رێسای گشتیی بڕیاردان بریتییە لە: ئەو بڕیارە بدە و بەڕێوەی ببە کە زیاترین بەرژەوەندی و قازانجی تێدابێ.

ئەو دەرەنجامانەی کە ئەگەریان هەیە روو بدەن، ئەگەر تەنیا لایەنی زەینی و سوبژێکتیڤیان هەبێ، دەبێ چاوەڕوانییەکان زیاتر بکرێن و لە هەمان حاڵیشدا دەبێ ئاگامان لە ریسک و مەترسیداربوونیش هەبێ.

کاتێ مرۆڤ نەتوانێ هیچ دەرەنجام و پێشهاتێک پێشبینیی بکا (هەلومەرجانەی کە لێیان دڵنیا نیین)، زۆر یاسا و رێسا دێنە گۆڕێ، وەکو: بڕیارێک بدە کە لە خراپترین هەلومەرجدا کەمترین خەساریان هەبێ.

*************

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 88:

## تالێس
## (Thales)

فـەیلسوف و سیاسەتوانی یۆنـانیی (625 – 545 پێش زانیین)
تالێس بـۆ زۆربـەی وڵاتـانـی وەک میسر و ئێران سـەفـەری کـردووە و کـەڵکی لـە زانستـی ئـەوان وەرگرتووە. تالێس بە پێی فێربوونەکانی لەم وڵاتانەدا تـوانی رۆژگیرانـی ساڵی 585ی پێش زاییـن پێشبینی بکا.
تالێس بە یەکەم فەیلسوفی یۆنانیی دادەنێن، بەڵام هیچ نووسراوێکی لە پاش بەجێنەماوە.
بە پێی ئەو زانیارییانەی لە نووسینەکانی فەیلسوفانی پاش تالێس وەدەست کەوتوون، ئەو ئاوی بە توخمی بناغەیی دنیا زانیوە و پێی وابووە کە سەرچاوەی تەواوی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ئاو.
راستە بە ناوبانگی ئەو: gnothi seauton !: (خۆت بناسە !).

***

**فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی 89:**

## تیرۆریزم
## Terrorism

**تیرۆریزم** لـه وشەی فـەرانسـەیی "**تیرۆر**"ەوە وەرگیراوە، بـە واتای سامناکی، بڵاوکردنـەوەی سامناکییە.

کەڵکوەرگرتنی سیستماتیک لـە ئـامرازی نایاسایی توندوتیژیی [کوشتن، وێرانکـاریی] لـە لایەن کەس یان گروپ یان دەوڵەتـەوە بـە مەبەستی پاراستن، دەستێوەردان و پێکهێنـان یـان دەستبەسەرداگەرنی هێز.

لـە رووی سیاسییەوە "**هێرشکردن**" [توندوتیژیی سیمبولیک بـە دژی کەسێک] لەگـەڵ تیـرۆر جیاوازە و بـە ستراتیژیی یان تاکتیکی رەوت یان گروپێک دانانرێت.

هـەر لـە سەردەمای کەوناراوە وەک کەرستەیەک کەڵک لـە بڵاوکردنـەوەی سـامناکیی یـان تیـرۆر وەرگیـراوە بـۆ ئـەوەی بـە مەبەسـتی دیاریکراویـان بگـەن و دەسـەڵاتی زاڵ و ئۆپۆزیسیۆنـەکان بۆ گوشاردانان بەرادەیەکی زۆر بـەکاریان هێناوە.

***

# ئێتین هانری ژیلسۆن

**ئێتین هانری ژیلسۆن** فەیلسوفی فەرانسەیی، لە لایەنگرانی فەلسەفەی **تومیسم**ی نوێ، ساڵی 1884 لە **پاریس** لەدایک بوو. خوێندنی باڵای لە زانینگەی پاریس تەواو کرد. ساڵی 1907 بوو بە مامۆستا و ساڵی 1913 پاش چەندین ساڵ وانەکوتنەوە توانی بە پلەی دکتۆرا بگا. لەم قۆناغەدا دوو نامیلکەی بچوک و گەورەی دکتۆرای خۆی سەبارەت بە **"سکۆلاستیک – دیکارتی"** و **"ئازادی لە روانگەی دیکارت و پەیوەندییەکەی لەگەڵ خوداناسی"** بڵاو کردەوە. لە نێوان ساڵانی 1914 و 1916دا وەک ئەفسەر چووە ناو سوپای فەرانسە و لە شەڕدا بەشداریی کرد، لەم نێوەندەدا بەدیل گیرا و لە ساڵانی نێوان 1916 و 1918دا وەک دیلی شەڕ دەستبەسەر بوو. پاش کۆتایی هاتنی شەڕ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زانینگەی **ستراسبۆرگ** بوو بە مامۆستای فەلسەفە و لە ساڵی 1921 بە پلەی مامۆستای **مێژووی فەلسەفەی سەدەکانی ناڤین** لە **زانینگەی سوربۆن** گەیشت و هەتا ساڵی 1932 درێژەی بەم کارە دا. لەم ساڵەدا کورسیی مێژووی فەلسەفە لە سەدەکانی ناڤیندا لە کۆلێژوفرانس وەرگرت. ساڵی 1929 قەشەکانی **سێنت بازیلی تۆرێنتۆ** ژیلسۆنیان بۆ دامەزراندنی بنکەی لێکۆڵینەوەکانی سەدەکانی ناڤین بە هاریکاریی **کۆلێژی سێنت مایکل لە زانینگەی تۆرێنتۆ** بانگهێشت کرد و هەر لە دەسپێکی کارەکانی بنکەی ناوبراو بوو بە مامۆستا و بەڕێوەبەریی لێکۆڵینەوەکانی ئەو شوێنە.

چەندین زانینگەی ناسراو شانازینامەیان بە ژیلسۆن بەخشی و بەشێکیش لەو زانینگانە بۆ پەیڤداریی گرینگ بانگهێشتیان کرد کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

- پەیڤداریی لە **زانینگەی ئابێردین** (1930-1931) بە نێوی **گیفۆرد** کە لە ژێر سەردێڕی **"رۆحی فەلسەفەی سەدەکانی ناڤین"** (The Spirit of Medieval philosophy) دا چاپ کرا.
- چەند پەیڤدارییەک لە **زانینگەی هاروارد** بۆ رێزگرتن لە **ڤیلیام جەیمز (1936-1937)** لە ژێر سەردێڕی **"یەکگرتوویی ئەزموونە فەلسەفییەکان"** ( The Unity of Philosophical Experience)دا بڵاو بۆوە.
- کۆمەڵێ پەیڤداریی لە **زانینگەی ڤیرجینیا** بە نێوی **ریچارد** (1937)، لە ژێر سەردێڕی **"ئاوەز و وەحی لە سەدەکانی ناڤین"** ( Reason and Revelation in the Middle Ages)دا بڵاو بۆوە.

- چەند پەیڤارییەک لە **زانینگەی ئیندیانا** (1940) لە ژێر سەردێڕی **"خودا و فەلسەفە"** (God and Philosophy)دا بڵاو بوونەوە.

- چەند پەیڤارییەک سەبارەت بە **هونەرە جوانەکان** (1955) بە نێوی **ئەی، ڤی، مێلڤێن** لە ژێر سەردێڕی **"شێوەکاری و راستەقینە"** (Painting and Reality)دا چاپ کرا.

- ژیلسۆن دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری دوو بڵاوکراوەی بەناوبانگی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە فەلسەفەی سەدەکانی ناڤین (Études de philosophie médiévale) و ئەرشیڤی مێژووی ئەدەبی و بنەماکانی بڕواکان لە سەدەکانی ناڤین( Archives d'historie doctrinale et littéraire du moyen age) بووە. ناوبراو لە هەمانکاتیشدا بوو بە بەڕێوەبەری ساڵنامەی **دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە سەدەکانی ناڤین،** لەژێر چاودێریی کەنیسەی کاتۆلیک. لە زۆر شوێندا ئەندام بووە کە لە گرینگترینیان دەتوانین ئاماژە بکەین بە ئەندامبوونی لە فەرهەنگستانی فەرانسە کە لە ساڵی 1947دا وەرگیرا.

بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی ژیلسۆن لە دوو قۆناغدا بەرچاون:

1. لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەیوەندیی فەلسەفەی **دیکارت** لەگەڵ فەلسەفەی **سۆکۆلاستیک**، بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی **توماس ئاکوینی** دەگا و تێدەگا کە ئەنجامە فەلسەفییەکانی **دیکارت** تەنیا لە دەقی فەلسەفەی توماس ئاکوینیدا مانای دەبێ.

- خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لە فەلسەفەی توماس ئاکوینی و باقی بیرمەندانی سەدەکانی ناڤین وەکو **ئەوستین** و **ئۆکام** Ockham، ئەوە بۆ ئەو روون دەبێتەوە کە بوارە جۆراوجۆرەکانی خوداناسیی، فەلسەفەیەکی هاوبەشیان نییە بەڵکو لەواندا لە فەلسەفەی رەسەنی جۆراوجۆر کەڵک وەرگیراوە.

بە بۆچوونی ژیلسۆن تاکە فەیلسوفێکی کە یارمەتییدا هەتا باشتر کەرەستە تەواو میتافیزیکییەکانی بەشدار لە پرسە سەرەکییە فەلسەفییەکان بناسێ، توماس ئاکوینی بوو.

- پابەندبوونی ژیلسۆن بە **"رەسەنایەتیی بوون"** هەر بەو چەشنەی لە **تومیسم**دا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەکێک لە تیۆرە فەلسەفییە بنەڕەتییەکانی کە بریتییە لە شوناس و بڕشتی فەلسەفیی، شتێکی کە پێی دەڵێن **"فەلسەفەی مەسیحی"**ی. ژیلسۆن پێیوایە کە فەلسەفەی مەسیحیی دەبێ فەلسەفەیەکی existentialism ی بێ کە نموونە مەزنەکەی توماس ئاکوینییە. بە پێی بۆچوونی ژیلسۆن واتای رەسەنایەتیی بوون لە **کتێبی پیرۆز** وەرگیراوە کە خودا کاتێ موسای پیامبەر ناوی

دەپرسێ، دەڵێ: **"من ئەوەم کە هەم"** و توماس ئاکوینی زیاتر لە هەموو فەیلسوفێکی دیکە سەرنجی بەم واتایە داوە.

بە بۆچوونی ژیلسۆن لە مێژووی فەلسەفەدا هەمیشە پرسیار لە **"بوون"**، پرسی سەرەکیی بووە و چوار وەڵامی سەرەکیی بەو پرسیارە دراوەتەوە، کە بریتین لە چوار گروپ: **گروپی ئەفلاتوونی، گروپی ئەرەستویی، گروپی ئیبنی سینایی، گروپی توماس ئاکوینی.** لە نێو ئەم چوار گروپەدا کە ئەو ناوی چوار بنەماڵەیان لەسەر دادەنێ، **گروپی ئیبنی سینایی** کە بریتین لە **ئیبنی** سیبنا، **دانس سکات، سوارز، وۆڵف، کانت** و **هێگل**، بڕوایان بە رەسەنایەتیی چۆنایەتییە و بە بۆچوونی ژیلسۆن نەخۆشیی سەرەکیی فەلسەفەی رۆژئاوایی ئەمەیە. **گروپی تۆماییەکان** بڕوایان بە **"رەسەنایەتیی بوون"** هەیە و **"چۆنایەتیی"** بە دەرەنجامی کردەی **"بوون"** دەزانن. ژیلسۆن بۆخۆی لایەنگری **"رەسەنایەتیی بوون"**ە.

***

# ئایزیا بێرلین

**ئایزیا بێرلین** فەیلسووفی سیاسی و مێژوونووسی مێژووی ئەندێشەکان، 5 نۆڤەمبری 1997 لە تەمەنی 88 ساڵیدا، لە شاری **ئاکسفۆرد**ی بریتانیا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە بەرچاوترین تیۆریسیەنە سیاسییەکانی هاوچەرخە سەبارەت بە چەمکی **"ئازادی"**.

بنەماڵەی بێرلین کە لە شاری **ریکا** لە **لاتۆیا** دەژیان سەر بە فکری جوولەکەی **سیکولار** بوون، بەڵام باپیر و نەنکی لەسەر پاراستنی دابونەریتی ئاییندا پێداگرییان دەکرد. باوکی ئایزیا بازرگانی دار بوو و ڤاگۆنی قەرەوێڵەداری بە هێڵی شەمەندەفەری تیزاری دەفرۆشت. لە کاتی شەڕی جیهانی و پاش پێشڕەویکردنی ئەڵمانەکان بەرەو ریکا لە **1915**، بنەماڵەی بێرلین لە سەرەتادا چوون بۆ **ئاندرناپل** و پاشان 1917 روویان کردە **پێترۆگراد**. کاتێ شۆڕشی **بۆلشەڤیکی** لە رووسیە سەری هەڵدا و هەستیان کرد کە بارودۆخەکە نالەبارە، چوون بۆ بریتانیا. ئایزیای 12 ساڵان پاش تێپەرکردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن، سالی 1928 چوو بۆ زانینگەی ئاکسفۆرد و بکالۆریوسی لە **کۆلیژی ئەدەبیاتی کلاسیک و فەلسەفە و زانستە سیاسییەکان** وەرگرت و پاشان بۆ ئەوەی ببێت بە رۆژنامەوان، داوایەکی بۆ رۆژنامەی **گاردیەن** نووسی، بەڵام لە تاقیکردنەوەی بەراییدا سەرنەکەوت و لە **کۆلێژی ماف** درێژەی بە خوێندن دا.

لەم کاتەدا یەکێک لە مامۆستاکانی **نیو کۆلێژ** (New College)ی ئاکسفۆرد کە دۆستی بوو، ئەوی وەک مامۆستای فەلسەفە بانگهێشت کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمە کۆلێژی **ئال سولز** (All Souls)یش بورسێکی لێکۆڵینەوەیی پێ بەخشی. بەمجۆرە **بێرلین** هەتا ساڵی 1928کە بە فەرمی کرا بە ئەندامی زانستیی **نیو کۆلێژ**، لە قازانجەکانی هەر دوو بەرپرسایەتی کەڵکی وەردەگرت. کتێبی بچووکی **"ژیان و شوینی کۆمەڵایەتیی مارکس"** کە ساڵی 1929 بڵاو بۆوە، بەرهەمی لێکۆڵینەوەی ئەو بوو بۆ کۆلێژی **ئال سولز**.

ئایزیا بێرلین لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و ساڵی 1941 لە لایەن **وەزارەتی هەواڵگریی بریتانیا**وە نێردرایە **ئەمریکا** هەتا راپۆرتی لەسەر هەست و دەروونی ئەمریکاییەکان و کردەوەی ئەوان سەبارەت بە شەڕ بۆ لەندەن بنێرێت. راپۆرتە پڕنێوەرۆکەکانی بێرلین بە خێرایی سەرنجی وەزارەتی دەرەوە و شەخسی **چیرچیڵ**ی راکێشا و بووە هۆی ئەوەی هەتا **ساڵی دواتر بیکەن بە ئەندامی وەزارەتی دەرەوە و بەرپرسی ناردنی لێکدانەوە سیاسییەکان لە باڵوێزخانەی ئینگلیستان لە واشنگتن**. کۆی راپۆرتەکانی بێرلین لە ئەمریکا ساڵی 1981، لە ژێر سەردێڕی **"راپۆرتەکانی واشنگتن 1945 – 1941"** بڵاو بۆوە.

بێرلین بۆ ماوەیەکی کورت لە باڵیۆزخانەی بریتانیا لە **مسکۆ**دا خزمەتی کرد و لەو ماوەیەدا دیداری کرد لەگەڵ رووناکبیرە ناسراوەکانی **شۆرەوی** وەکو **"بوریس پاسترناک"** و **"ئانا ئاخماتوا"**دا کە کاریگەریی بنەڕیتیی لە سەر ئاراستەی فکریی ئەو لە داهاتوودا دانا و ئەوی زیاتر لە جاران هاندا بۆ **لێکۆڵینەوە لە سەر ئەندێشەی بیرمەندانی روس و وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەوان بە زمانی ئینگلیزی**. پاش کۆتایی شەڕ، بێرلین بڕیاریدا واز لە

فەلسەفە بێنێ و خەریکی لێکۆڵینەوە بێ لە مێژووی ئەندێشەکاندا. ساڵی 1957بوو بە مامۆستای **تیۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی** لە کۆلێژی **ئال سولز**دا و نامیلکەی ناسراوی خۆی بە نێوی **"دوو واتای ئازادیی"** لە کاتی مامۆستایەتییەکەیدا نووسی. لەم نامیلکەیە کە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەیەوە تا بە ئێستا کاریگەرییەکی زۆری لە سەر باسە تیۆرییەکان سەبارەت بە ئازادیی هەبووە، بێرلێن لە سەرێکەوە پێداگریی لە سەر ئەم خاڵە دەکا کە **ئازادیی واتایەکی سیاسییە و واتای دیکە وەخۆ ناگرێ و ناتوانرێ بە یارمەتیی واتاکانی دیکەی وەک عەداڵەت، هەلکردن، بەختەوەریی، ئاسوودەبوونی ویژدان و شتی لەم بابەتە شی بکرێتەوە** و لە سەرێکی دیکەوە **لە نێوان دوو جۆر ئازادیی "ئەرێنی" و "نەرێنی"دا جیاوازیی دانا. ئازادیی نەرێنی** بەواتای ئازادبوونە لەو تەنگ و چەڵەمانەی لە لایەن دیترانەوە بە سەر کەسێکدا دادەسەپێ. **ئازادیی ئەرێنی** بە واتای ئازادییە لە بەدەستهێنانی ئەو خواست و هۆگرییانەی کەسێک مەیلی بۆیان هەیە. بێرلین بەڵگە بۆ ئەوە دێنێتەوە کە لەحاڵێکدا **ئازادیی نەرێنی** پڕ بایەخ و پێویستە، **ئازادیی ئەرێنی**ش دەتوانێ ببێتە هۆی سەرەڕۆیی و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی تاکەکان لە لایەن ئەو کەسانەی پێیانوایە هەقیقەتی رەها و بایەخە ئاسمانیەکان لە چنگی ئەوان دایە و تەنیا ئەوان شایانی ئەوەن بڕیار لە سەر ئەم بابەتانە بدەن.

روانگەکانی بێرلین سەبارەت بە ئازادیی وەکو **راڤەیەکی نوێ لە لیبرالیزم**، پێشوازیی لێکرا، بەڵام خاڵێکی گرینگ کە دەبوو سەبارەت بە تێگەیشتنی نوێی لیبرالیستیی لەلایەن ئەوەوە وەبەرچاو بگرین ئەمەیە کە **بێرلین بە تەواویی لە ژێر کاریگەریی لیبرالیزمی رەشبینانەی بیرمەندانی رووس دایە.**

بێرلین بە سەر زمانەکانی روسی، ئەلمانی، ئینگلیزی و فەرانسەییدا زاڵ بوو. لە نووسیندا زیاتر حەزی لە وتار دەکرد و نزیک بە تەواوی بەرهەمەکانی بە شێوەی وتار نووسیوە. ناوبراو لە یەکێک لە وتارەکانیدا بە نێوی **"ژیشک و رێوی"** کە تێیدا روانگەکانی **تۆلستۆی** سەبارەت بە مێژوو روون دەکاتەوە، بیرمەندان بە دوو گرووپی ژیشکەکان و رێوییەکان دابەش دەکا. ژیشکەکان ئەو کەسانەن کە لە ماوەی ژیانیاندا بۆچوونێکی قووڵ و مەزن ئاراستە دەکەن. رێوییەکان بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەن کە هەنگاو دەنێنە هەموو بوارەکان و لە هەرشوێنێک گوڵێکی بچووک لێدەکەنەوە.

بێرلین دوو بۆچوونی سەرەکیی ئاراستە کرد: **ئازادیی و زۆرینە خوازیی** (پۆلۆرالیزم). ناوبراو لە هەمانکاتدا کە باوەڕی بە **زۆرینەخوازیی** هەبوو، پێداگریی لە سەر ئەوەش دەکرد کە لە کۆمەڵگا مرۆڤییەکاندا ئەگەری ئەوە هەیە کە بایەخەکان و بنەما و ئارمانجگەلێک هەبن کە ناتوانن بچنە فۆرم و شێوەی یەکترەوە و تاکەکان دەبێ فێر بن بە رێزگرتنی دوولایەنە لە بیروڕای یەکتری، لە پەنای یەکتر بژین.

# پێکهاتە
# structure

**کانت** پێکهاتە بە پێگە و پەیوەندیی ئەو پاژانە دەزانێ کە بۆ مەبەستێکی هاوبەش ئۆرگانیزمێک پێک بێنن و سازی بکەن.

**دیلتهای Dilthey** پەیوەندیی ئۆرگانیکی و دەروونی پاژەکان و دەرککردنیان بە پێی بوونی پێکهاتەیەکی دەروونی شی دەکاتەوە.

شپرانگێر (**Spranger** ، ١٨٨٢ - ١٩٦٣ ، فەیلسوف آلمانی، لە قوتابیانی **دیلتهای**) پێی وایە کە درککردنی کارکردەکان و تێگەیشتن لە چۆنییەتی بەشەکان و پاژەکانی بەشدار و رێکخراو لە پێکهاتەیەکدا لە پەیوەندیی لەگەڵ سەرلەبەری هەمان پێکهاتە دەکرێ لە ئارادا بێ.

**مەبەست لە پێکهاتە لە بواری زانستدا بە گشتی بریتییە لە:**

1. چۆنیەتیی و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندیی نێوان توخمەکانی پێکهێنەری کۆیەک.
2. پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و بە پرەنسیپی جێگرتنەوەی پاژەکان لە کۆیەکەدا.
3. سیستمێک بە بەکارهێنانێکی دەستنیشانکراو.

واتای پێکهاتە لە هەر کام لە لقە زانستییەکاندا بە شیوەی روون و دیاریکراودا بەکار دەهێندرێ و تایبەتمەندیی جۆراوجۆری هەیە (پێکهاتەی دەروونی، بیرکاری، فیزیکی، کۆمەڵناسی..).

**********

## پێکهاتەخوازیی
## STRUCTURALISM

**پێکهاتەخوازیی** تەڤگەرێکی فکرییە کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی لە فەرانسەدا سەری هەڵدا.

ئەم تەڤگەرە هەوڵ دەدا دیاردەکان بە پێی پێکهاتەکانیان شی بکاتەوە. پێکهاتە بۆ پێکهاتەخوازان واتایەکە راستەقینە کە درک دەکرێ و ئەقڵ دەیدۆزێتەوە و ئالۆزیی و سەرلەبەری راستەقینە دەردەبڕێ. پێکهاتەخوازیی شێواز و میتۆدێکی زانستییە لە بواری **زانستە مرۆڤییەکان** (ئانتۆلۆژیی، دەروونشیکاریی، مێژوو، ئەدەبیات و زمان) کە دەرکەوتەکان، هەڵسوکەوتەکان و دەربڕینە مرۆڤییەکان وەک پاژێک لە سیستمێک هەڵدەسەنگێنێ. سیستیمی دەنگ و ئەو نیشانانەی لە زماندا بەکاردەهێنرێن مۆدێلی پێکهاتە پێکدەهێنن کە بە بەکارهاتن، مەیلی لێکدران و تێکەڵاویی، گۆڕینەوە و جێگرەوەی خۆی لە چوارچێوەی زمانی بەکارهێناندا دەستنیشان دەکرێن.

ئەگەر **زمان** دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بێ، بەمجۆرە یاسا و رێسا زمانییەکان بنچینەی گشت پەیوەندییە مرۆڤییەکانن. بەم پێیە پێکهاتە سیستمێکە لە یاسا و رێساکان کە تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی وهەروەها رەوتەکانی مەعریفە بە جیا لە وشیاریی **ناسکار** **SUBJECT** رێکدەخا.

مرۆڤ بۆ پێکهاتەخوازان بەرهەمی یاساو رێسا بێناو و نیشانەکانە. لە نوێنەرانی ئەم رەوتە فکرییە دەتوانین ئاماژە بکەین بە **لویی شتراوس لە ئانتۆلۆژی، لاکان لە دەروون شیکاریی، فۆکۆ لە فەلسەفە.**

**پێکهاتەخوازیی** بە هۆی ئەوەی هەڵوێستی ئایدیالۆژیکی دژە مرۆڤخوازیی و هەروەها گوێستنەوەی مکانیکیی پێکهاتە زمانییەکان بۆ راستەقینەکانی کۆمەڵگا هەبووە، کەوتۆتە بەر رەخنەی توند و وەکو شێوازێکی زانستییش کەوتۆتە بە گومانی جیدییەوە.

***

# پیرۆز

**HEILIG ,SACRED ,HOLY**

**پیرۆز** لە واتا نێوەندییەکانی ئایین و خواناسییە.
لە هەر شوێنێک کە واتای **پیرۆز** هاتۆتە ئاراوە یان سەرنج بە جیاوازیی نێوان **پیرۆز** و **ناپیرۆز** بدرێ، ئایین یان ئایینزا لەوێدا رۆڵ دەگێڕێ و ئامادە دەبێ.
هەموو ئەو شتانە **پیرۆزن** کە مرۆڤ پەیوەند دەدەنەوە بە بابەتێکی بالاتر و مەزنتر. بناغەی ئایین بە پێی هەبوونی بابەتێکی **پیرۆز** دارێژراوە.
بەپیرۆزبوونی شتێک هاورێ بووە لەگەڵ تێگەییشتن و بۆچوون گەلێکی وەکو پاکی و مەزنیی و لە حاڵەتی **"تابو"** بوون دەچێ. مرۆڤ لە هەمبەر پیرۆزدا چۆک دادەدا و رێزی لێدەگرێ و کورنوشی بۆ دەبا. ئەو هەستەی بە هۆی بابەتی پیرۆزەوە سەرهەڵدەدا هەستێکە سەیروسەمەرە و لەگەڵ ترس و هەڵلەرزین و رێزگرتن ئاوێتەیە و لە هەمان حاڵیشدا دەبێتە هۆی دڵخۆشی و هەروەها هێمنیی دەروونی بەهۆی هەست بە ئەرخەیانبوون بەدی دێت.
بە پێی دوگمییە ئایینییەکان، **خودا پیرۆزە** و **خەڵکانی پیرۆزیش ئەو کەسانەن کە لە مەزنترین ئاست و پێگەی ئایینی لە خودا نزیک بوونەتەوە و پێی گەیشتوون.** لەم پەیوەندییەدا شوێن گەلێک دەبنە خاوەنی چۆنایەتیی بەپیرۆزبوون.

***

# ئۆنتۆلۆژی
# ONTOLOGY

**ئۆنتۆلۆژی** ناسینی جیهانی بوون و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە واتا و گرینگییەکەی کە بەتایبەتی لە سەدەی حەڤدەیەم بەملاوە لە ئەوروپا وەکو لقێکی فەلسەفیی سەربەخۆ سەریهەڵداوە. **ئۆنتۆلۆژیی** بناغەی میتافیزیکە. **کانت** فەلسەفەی **ترانسندنتالی** خۆی خستە جێگەی میتافایزیک. **هێگل** ئۆنتۆلۆژیی بە راهێنان و ناسینی سەڵتی بوون دانا.

لە سەدەی بیستی زایینی، بە سەرلەنوێ هاتنەئارای **نوێکانتیالیزم**، ئاراستەی میتافیزیکییەکان بەرفراوانتر بوونەوە. بەتایبەتیی **نیکۆلای هارتمەن** فەیلسوفی ناوداری ئەڵمانی، لە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژیی ورد بۆوە.

**جیاوازیی نێوان ئۆنتۆلۆژیی کۆن و نوێ:**

لە کۆندا سەرلەبەری دنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ بارودۆخ و ئاست و پێگەی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا و بە وەبەرچاوگرتنی پلەبەندیی بە شێوەی ستوونیی، مرۆڤیان بە دوایین مەبەست و ئارمانج سیستیماتیکبوونی جیهان دادەنا.

لە ئۆنتۆلۆژیی کۆندا راستەقینە هەر تەنیا فیزیک و راستەقینەیەکی فیزیکی بوو و بە مەزنترین و کامڵترین سیستمێک دادەنا کە لە وێنەی خۆیدا واتە هەبوونەکاندا بدۆزرێنەوە ئەو هەبوونانەی ناکامڵ و سنووردارن و تەنیا لە سەڵتێتی دەتوانرێ کامڵ بوونیان لە زەینی لێکۆڵەردا وێنا بکرێن.

لە ئۆنتۆلۆژیی نوێدا بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی بابەتەکان **(کاتەگوری)** خەریک دەبن.

***

# پارمنیدێس
(510-415 پێش زایین)

**پارمنیدێس** ناسراوترین فەیلسوفی **ئێلیاتیک**ە . ناوبراو لە بنەماڵەیەکی دیار لە **ئێلیا** لەدایک بوو. زۆربەی جاران وەک قوتابیی **زنوفان** باسی **پارمنیدێس** دەکرێ. ئەو لە لای هاوشارییەکانیی خۆی خاوەنی ڕێز و شکۆیەکی تایبەت بوو. **پارمنیدێس** بە هۆی ژیانە نمونەییەکەی جێی ڕێزی هەموو لایەک بوو بەجۆرێ کە ژیانی تایبەتیی ئەو لە نێو خەڵکی یۆناندا ببووە قسەی نەستەق و پەند و باو.

**پارمنیدێس** لەگەڵ **هیراکلیتوس** هاوسەردەم بوو و لە چەند شوێنێکدا ناڕاستەوخۆ دژایەتیی لەگەڵ دەکرد کە دەربڕی فەلسەفەی تەواو جیاوازیانە. ئەوە بزانین کە فەلسەفەی **هیراکلیتوس** فەلسەفەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕە و هەروەها فەلسەفەی دژەکان و فەلسەفەیەکە کە تێیدا هەست ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ، بەپێشەوانە ئەوە فەلسەفەی پارمنیدێسە کە بە فەلسەفەی هێمنیی و نەگۆڕی و بەجووڵە بەناوبانگە و تەنیا پشتی بە ئاوەز دەبەستێ و هەست هیچ ڕێ و شوێنێکی نییە.

ناوبراو ژیانی مرۆڤی بە دوو لایەن دابەش کردووە. لایەنی یەکەم کە هەقیقەت و راستیی و دروستییە، ئەو ئەم لایەنەی دەگەڕاندەوە بۆ سەر ئاوەز و لایەنی دووەمیش هەڵگری هەڵەیە کە دنیا بە هەست دەزانێ.

**پارمنیدێس**یش هەر وەکو یۆنانییەکانی دی پێی وابوو کە هەرچی هەیە بەردەوام هەبووە و دەشبێ. ناوبراو لە قۆناغێکی دیکەدا گۆڕان و جووڵە و ئالوگۆڕی بە هەڵەی هەستەوەرەکان زانی و هەموویانی ڕەت کردەوە و ئەویش هەر وەکوو مامۆستاکەی خۆی خستە ریزی راسیونالیستە سەڵەتکان.

سەبارەت بە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ و مردن و لە ناوچوون ئاوا دەڵێ: ئاڵوگۆڕ یان گۆڕانك یان لە بوونەوەیە بۆ بوون یان لە بوونەوەیە بۆ لەناوچوون، ئەگرە لە بوونەوە بۆ بوونە ئیتر هیچ گۆڕانێک لەئارادا نییە دەنا ئەگەر لە بوونەوە بۆ لەناوچوونە ئەم بابەتە لە رووی ئەقڵییەوە هەڵەیە یان جووڵەی لەم چەشنە ڕەت دەکاتەوە، جووڵە دەبێ لە شوێندا روو بدا و شوێن یان هەیە یان نییە، ئەگەر هەیە جووڵەی بوونە لە بووندا واتە نەگۆڕی و بێجووڵەیی، ئەگەر نییە ئیتر هیچ جووڵەیەک روو نادا چونکە جووڵە دەبێ لە شوێن دابێ.

پارمنیدێس **بۆشایی**ش بەو چەشنە بەڵگەهێنانەوانە ڕەت دەکاتەوە، ناوبراو دەڵێ **بوون** یەک شتە و یەک پارچە لەبەر ئەوەی ئەگەر پاژێ یان چەند پاژی هەبووایە لە نێوان ئەم بەشانە دەبوو **بۆشایی** هەبێ و **بۆشایی** یان **بوون**ە یان **نەبوون**، ئەگەر بوونە ئیتر لە نێوان پاژەکانی **بوون**دا پەیوەندیی هەیە و بەیەکەوە نووساون و ئەگەر **نەبوون**ە خۆ **نەبوون** ناتوانێ پاژەکان لەیەکتری هەڵوەشێنێتەوە.

بە گشتی **پارمنیدێس** پێی وایە کە تەنیا ڕێی سەلماندنی **بوون،** لە ئەقڵ و شتە سەڵتەکان دایە.

***

# ئیمانۆیل کانت

**ئیمانۆیل کانت** فەیلسوفی ناوداری ئەڵمانی، ساڵی 1724 لە شاری **کوینگێسبێرگ** لە بنەماڵەیەکی ئاییینیی لەدایک بوو. نزیک بە تەواوی ژیانی خۆی هەر لەو شارە تێپەڕکرد. **کانت** هیچکات زەماوەندی نەکرد و تەواوی ماوەی ژیانی بۆ چالاکیی و تێکۆشانی زانستیی تەرخان کرد و بە پێی پلان و پرەنسیپێکی زۆر ورد دەجووڵاوە و پلانێکی وردی بۆ ژیانی ڕۆژانەی داڕشتبوو. لەمبارەیەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەکوترێ کە خەڵکی شارەکەی سەعاتەکانی خۆیان بە پێی پیاسەکردنەکانی **کانت** قورمیش دەکرد. **کانت** لە ژیانیدا پشوو و رابواردنێکی تایبەتیی نەبوو و لە ژیانێکی خواپەرستانەدا بوو و بەتەواویی رەوشتە ئەخلاقییەکانی رەچاو دەکرد.

**کانت** لە تەمەنی بیست و سێ ساڵاندا پاش کۆتایی خوێندنی بنەڕەتیی، بۆ ماوەی نۆ ساڵ بە شێوەی تایبەتی وانەی کوتەوە و بە شیوەی شەخسی خەریکی خوێندنی زانستەکان بوو.
ناوبراو لە سی و دوو ساڵاندا بەشێوەی فەرمیی دەستی کرد بە دەرس کوتنەوە. بۆ ماوەی دە ساڵ لە میتافیزیکی کۆڵییەوە وەکو هەوڵدان بۆ سەلماندنی خودا.

پاش ئەوە کەوتە ژێر کاریگەریی **هیوم**ەوە و بە وتەی خۆی لە خەونی **دوگماتیستیی** وەخەبەر هات. وازی لە **میتافیزیک** هێنا و دەستی کرد بە رەخنە و هەڵسەنگاندنی. بەڵام ئەم وەرچەرخانە 180 دەرەجەییەی ئەو لە میتافیزیک و **ئەقڵی تیۆریکی،** هیچ کاریگەرییەکی لە ژیانی ئاسایی و رۆژانەی نەبوو. بۆ نموونە **کانت** پاش ئەم وەخەبەرهاتنەی لە خەونی دوگماتیستیی، هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ سەلماندن یان رەتکردنەوەی خودا بە شێوەی **ئەقلی تیۆریک** رەت کردەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە **کانت** بە بیرکردنەوە لە خودا وەفادار مایەوە. لەبەر ئەوەی ئەو لە روانگەی ئەقڵی پراکتیکییەوە بوونی خودای بۆ نموونە وەکو بناغەیەک بۆ بواری ئەخلاقییەکان بە پێویست دەزانی.
گرینگترین بەرهەمی فەلسەفەی رەخنەگرانە کە لە راستیدا بە شاکاری فەلسەفیی ئەو لەقەڵەم دەدرێ **کتێبی ئەقڵی سەڵت**ە کە **کانت** لە پەنجا و حەوت ساڵاندا نووسیویەتی.

***

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (98):

## ئیوناپیوس
Eunapius

**ئیوناپیوس،** فەیلسوفی یۆنانی لە 350 – 410ی پاش زایین لەدایک بووە. لە **ئەسینا** خوێندی. لە ئەفلاتوونییە سەرسەخت و داکۆکیکارەکان بوو. خوداپەرستی و ژیانی نێو کەنیسەی لە ئایینی مەسیحیدا رەت دەکردەوە. لە گرینگترین کتێبەکانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە **ژیانی فەیلسووفەکان** ( Lives of Philiosophers) و **مێژووی هاوچەرخ** (Contemporary History) (لە 270 ەوە هەتا 404 ی پاش زایین) بوو. ئەم کتێبەی دوایی نوسینێکی تێر و تەسەل و زیاتر لە 40 بەرگ دەبوو، تەنیا چەند بەشێک لە بەرهەمەکانی لێرە و لەوێ وەدەست کەوتوون.

فەرهەنگی فەلسەفە، بەشی (99):

## ئابراڤەنێل
Abravanel
1530 – 1460

**ئابراڤەنێل** فەیلسوف و پزیشکی جوولەکە، لە **پورتوگال** و لە سەردەمای سەرگەردانیی جوولەکەکان لەدایک بوو. **ئابراڤەنێل** لە زێدی خۆی پورتوگالەوە چوو بۆ **ئیسپانیا** و لەوێشەوە بۆ **ئیتالیا**. فکر و باوەڕی ئەو بەرزەخێکە لە نێوان ئاوابوونی سەدەکانی ناڤین و هەڵاتنی چاخی **ڕێنێسانس**. خراوەتە ریزی لایەنگرانی **ئەفلاتوون** و پێشڕەوانی **سپیونزا**. لە روانگەی فەلسەفییەوە دەبێ بە فەیلسوفێکی **ئیگزیستەنسیالیست** و لایەنگری رەسەنایەتیی دابنرێ. بە باوەڕی ئەو سەرانسەری ژیان گەڕانێکە کە رۆحی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە نەفسی سەرەکیی دەیکا و ئەویش هەمان خودایە، واتە ئەو هێزەی کە لەهەموو بوونەوەرێکدا هەیە و لە زیندەوەراندا، لە نزمترینەوە هەتا بانترین لە رێگەی **ئەڤین**ەوە وەگەر کەوتووە و دوایین فۆرمەکەی لە ئەڤینی ئاسمانیی نێوان دنیا و خودادا دەردەکەوێ.

**ئابراڤەنێل لە ئیتالیا کۆچی دوایی کرد.**

## دسیدریوس ئاراسموس
(Desiderius Erasmus)

**دسیدریوس ئاراسموس** زانا و فەیلسوفی هۆلەندی و یەکێکە لە هیومانیستەکانی سەدەی شازدەیەم.
**ئاراسموس** لە ڕێکەوتی 28ی ئۆکتۆبری ساڵی 1469ی زایینی لە شاری **ڕونزدام**ی هۆلەند لەدایک بوو. ئاراسموس کوڕی ناشەرعیی قەشەیەک بوو. لە کاتێ کە منداڵیدا، دایک و باوکی کۆچی دواییان کرد، بنەماڵەیەک ئەرکی بەخێوکردنی ئەویان وەئەستۆ گرت. ئاراسموس لە سەردەمی خوێندنیدا دەریخست کە یادەوەرێکی بەهێزی هەیە و زۆربەی بەرهەمەکانی نوسەرانی کەونارای لەبەر بوو.
سالی 1496 و لەتەمەنی 17 ساڵاندا سەرەڕای پێناخۆشبوونی بە پەرستگایەک سپێردرا و پاش چەند ساڵێک ئەوێی بەرەو **پاریس** بەجێهێشت هەتا لەوێ فێری دەرس و ئامۆژگارییەکانی ئایینی مەسیحی بێ. پاش ماوەیەک لە بڕینی ئەم قۆناغانە هیلاک و ماندوو بوو، ڕووی کردە کوتنەوە و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیک. ناوبراو زۆر هۆگری خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبییە کاونارییەکان هەبوو و وردە وردە بە شارەزاییەکی تایبەت لەم بوارەدا گەیشت. ئاراسموس بۆ ماوەیەک ڕووی کردە پاریس و ساڵی 1497 چوو بۆ ئاکسفۆرد و دەستی کرد بە خوێندنەوەی **ئەدەبیاتی یۆنانیی**. لەو سەروبەندەدا لەگەڵ زۆر یەک لە دەوڵەمەندان و ئەریستۆکراتە بریتانییەکان و هەروەها لەگەڵ **تۆمس مور** (ئەو قەشە بریتانییەی دەخرێتە ریزی ریفۆرمیستەکانی بەریتانیاوە) ئاشنا بوو.
سالی 1499 لەگەڵ **جۆن کۆڵت** (John Colet) هیومانیستی خەلکی **ئۆکسفۆرد** دیداری کرد. **کۆڵت** کاریگەرییەکی وای لەسەر ئاراسموس دانا کە ناچاری کرد بڕیار بدا فێری زمانی یۆنانی ببێ و ببێتە زانایەکی **هیومانیست**. لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئاراسموس بە مەبەستەکەی خۆی گەیشت و ڕێگەیەکی گرتەبەر کە کردییە یەکێک لە گرینگترین هیومانیستەکانی ئوروپا.
ئاراسموس لە **کەمبریج** دەستی کرد بە کوتنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانی و چوو بۆ **فەرەنسا** و **ئیتالیا** و لەگەڵ **ژان دو میدیچی** کە دواتر بە نێوی **لیۆن** بوو بە پاپا، ئاشنا بوو. ئاراسموس لە شاری **پادوا**ی ئیتالیا دەستی کرد بە چاپی بەشێک لە بەرهەمەکانی و ساڵی 1509 لە ئیتالیاوە ڕۆیشت بۆ بریتانیا. پاشای ئەوکاتی بریتانیا واتە **هانریی هەشتەم** لە دۆستەکانی ئاراسموس بوو. ئارسموس لەو سەفەرەدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە بریتانیا ماوە و لەو کاتەی کە لە ماڵی هاوڕێکەی **تۆمس مور** دەژیا کتێبی **"لە ستایشی شێتی"** (Encomium moriae)ی نووسی. لە بریتانیا چوو بۆ هۆلەند و دوایین ساڵەکانی ژیانی لە شاری **باڵ**ی **سویس** تێپەڕ کرد. ئەو لەوێ تەریک کەوتەوە و دەستی کرد بە نووسین و هەروەها نامە گۆڕینەوە لەگەڵ زۆریەک لە کەسایەتییە کولتووری و سیاسییەکانی سەردەمای خۆی.
دسیدریوس ئاراسموس ساڵی 1536 زایینی لە شاری **باڵ**ی سویس کۆچی دوایی کرد.

**<u>بەرهەمەکان</u>**

ئاراسموس بوارێکی بەرفرە دەگرێتەوە کە بەشێکیان نیشاندەری بیروڕای ئەون لەبارەی **ریفۆرماسیونی ئایینی**. ئاراسموس وەرگێرانێکی نوی لە ئینجیل ئەنجامدا، لە زمانی یۆنانییەوە بۆ لاتینی و هەروەها چەند تەفسیرێکی لە **ئینجیل** ئاراستە کرد کە بووە جێی سەرنجی **مارتین لوتێر** بەڵام کەنیسەی کاتولیکی بەگژی دا چۆوە.
یەکێک لە بەرهەمەکانی ئاراسموس کە لە کاتی ژیانی لە پەرستگەدا نووسیی، **کتێبی دژی وەحشییەکان** (ئانتی بەربەریک)ە. ئەم کتێبە کە بەرگرییەکی ڕەوان و بێگرێوگۆڵە لە کولتووری کافرە کەونارییەکان لە دەیەی پەنجای تەمەنی **ئاراسموس**دا بڵاو بۆوە.
بەرهەمەکانی ئاراسموس لە ریزی یەکەم کتێبە پڕفرۆشەکانی ئوروپادا بوون. کتێبەکانی ئەو سەرنجی زۆربەی خەڵکی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا کە لەو کاتدا خەڵکی خوێندەوار بەرەو زێدەبوون بوو. هەبوونی

چاپخانەکان بووە هۆی ئەوەی کتێبەکانی ئەو بچێتە بەر دەستی خەڵکی. بۆ نموونە **کتێبی لە ستایشی شێتیدا** دەستبەجێ بوو بە یەکێک لە کتێبە پرفرۆشەکان و لەماوەی ژیانی نووسەرەکەیدا بە تیراژی هەزاردانە، 42 جار چاپ کرایەوە و هەر لە ئینجیل کەمتر فرۆشرا.

**ئەندێشە**

**ئاراسموس یەکێک لە سیما ناسراوەکانی رەوتی ریفۆرماسیونی ئایینی لە سەدەی شازدەیەمی رۆژئاوایە**. لەراستیدا دەتوانین بڵێین کە ئاراسموس بەهۆی ئاراستەکەی بەرەو مەبەستە هیومانیستییەکان لە توێی ئایینی مەسیحیدا، تەنانەت کەوتە پێش **مارتین لوتێر**یشەوە. هەروەها ناوی شازادەی هومانیست لە ئاراسموس نرا و ئەمەش زیاتر لەبەر ئەو دەورەیە کە ئەو لە قۆناغی **رینیسانس**دا بە قازانجی هزرینی هیومانیستی گێراوییەتی. ئەگەرچی ئاراسموس و مارتین لوتێر هەرکیان لە **دامەزرێنەرانی روانینی مۆدێرنن بۆ ئایینی مەسیحی** بەڵام لە نێوان ئەم دوانەشدا جیاوازییگەلێک هەیە. بە کورتی رەنگە بتوانین بڵێین کە روانینی رێفۆرمیستیی ئاراسموس میانەڕۆتر بووە.
لە کۆتاییەکانی **سەدەکانی ناڤین**دا کەنیسە و کاتولیک تووشی قەیران و لاوازیی هاتبوون. زۆربەی قەشەکان گەندەڵ ببوون و لە ئامۆژگارییەکانی **عیسای مەسیح** دوور کەوتبوونەوە. بێگومان بارودۆخێکی ئەوتۆ پێویستیی بە رێفۆرم هەبوو و هەر ئەمەش پاساودانەوە بوو بۆ مەبەستەکانی ئاراسموس و لوتێرکە دەست بکەن بە ریفۆرم لە کەنیسە.

**دەتوانین بەم جۆرە ئاماژە بکەین بە تەیبەتمەندییە سەرەکییەکانی بیروڕای ئاراسموس:**

1. ئاراسموس بۆ ئەدەبیات و کولتووری یۆنان و رۆمی کەونارا گرینگییەکی زۆری دادەنا و بڕوای بە هەلسوکەوت و پەیوەندیی هاوبەش لە نێوان ئەقڵی کافر و مەسیحییەکان هەبوو.
2. ئاراسموس لە بەرامبەر دەسەڵاتی کەنیسەدا سەربزێوی دەکرد، بەڵام خوازیاری پاراستنی یەکێتی کەنیسەی کاتولیک بوو.
3. ئاراسموس پێی وابوو کە دەبێ هەموو کەس دەستی بە **کتێبی پیرۆز** رابگا و هەموو کەسێ دەتوانێ ببێتە رێنوێن و رێبەری ئایینیی خۆی و بەمجۆرە پێگەی کەسایەتیی ئایینیی مەسیحی لاواز دەکرد.
4. ئەگەرچی بەشێک لە رەخنەکانی ئاراسموس لە سەر گەندەڵیی قەشەکان و لاوازبوونی کەنیسەی کاتولیک بەجێ بوون بەڵام لە هزریدا جۆرە لایەنگرییەکی ئاشکرا بەرەو **هیومانیزم** هەبوو کە زیاتر لە جاران ئەوی دەکردە دیلی تێروانینی مۆدێرن. **مارتین لوتێر**یش سەبارەت بە ئاراسموس کوتی **ئەو لەجیاتی خودا زیاتر دەپەرژێتە سەر مرۆڤ.**
5. ئاراسموس لە شەیدایانی ئەدەبیات و کولتووری یۆنانی و رۆمییەکانی کەونارا بوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە فۆرمی تەواو پێگەیشتووی فەلسەفەی کەونارا لە ئایینی مەسیحیدا دەرکەوتووە.
ئاراسموس بەیەکێک لە سیماکانی سەرەتای ریفۆرماسیون و هیومانیزمی مەسیحی لەقەڵەم دەدرێ کە نوێنەرایەتیی لایەنگرییکردنی میانەڕۆیانەی لە ریفۆرماسیونی ئایینی ئەورووپا دەکرد. ئەو خوازیاری ئاشتیی و یەکێتیی تەواوی ئەوروپا بوو .

# خۆبەڕێوەبردن، ئۆتۆنۆمی
# Autonomie

**ئۆتۆنـۆمی** وەک چـەمکێکی فەلسـەفیی لـە لایـەن **کانـت**ەوە هاتۆتـە ئـاراوە و لـە ئـازادی و ئیختیـاری بکـەرێک دەدوێ کـە دەتـوانێ کاروبـارە ئەخلاقییـەکانی بـەڕێوە ببـات. (ئۆتۆنـۆمیی ئـەخلاقیی).

**بکەری ئـەخلاقی** (مرۆڤ) بە بەکارهێنانی ئاوەزی خۆی دێت یاسای کردە ئـەخلاقییـەکان دەهێنێتـە ئاراوە و پراکتیکیان دەکا. (فەلسەفەی ئەخلاق).

**ئۆتۆنۆمیی بکەر**ێک بـە واتـای ملکەچنـەبوونی ئـاوەزی ئـەوە لـە بەرامبـەر **دوگمـاتیزمی** و **دوگمە ئـایینی** و **ئـایدیالۆژیکی**یەکانە. ئاوەزی رەخنەگر بە تەواویی دەتـوانێ و دەبـێ ئـازاد و خۆبەڕێوەبەر بێت.

لـە سـەردەمی رۆشنگەرییدا ئۆتۆنۆمی بە واتای **رزگاریی** Emanzipation بوونـەوەری مرۆڤی و گەیشتنە بە سەربەخۆیی ئەو بوونـەوەرە وەک بوونـەوەرێکی ژیر.

لە نڤیسارە فەلسەفییەکاندا هاورێ لەگەڵ ئۆتۆنـۆمیی ئـاوەز، پێداگرییش کـراوە لـە سـەر **ئۆتۆنۆمیی هونـەر** و **کاری هونـەریی. ئۆتۆنۆمیی بە واتا بـەرفرەکەی بە حاڵـەتێک دەکوترێ کە کۆ یان بـەشێک هـەموو کاروبارەکانی بە ئـەستۆیە و هـەروەها بـەرسڤی پێویستییـەکانی خۆشی دەداتـەوە.**

واتـای **هێترۆنـۆمیی** راسـت بـە پێچـەوانـەی ئۆتۆنۆمییـە و بـە واتـای بـەجێهێنانی ئـەمر و فرمانی رێبـەرە و هـەروەها رەچاوکردنی یاسا دانراوەکان. بـە بـاوەڕی **کانـت**، ئیرادەیـەکی کـە **هیرۆنۆم** بێ لـە دەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و ناتوانێ سود لـە ئاوەزی یاسادانـەری خـۆی وەربگـرێ و بـەکاری بێنێ.

***

# تێکنیک
## TECHNIK ,TECHNIC

لە ریشەی یۆنانیی TECHNE ەوە وەرگیراوە، بە واتای توانایی هونەریی، کارکردن بە دەست دێت.

لە روانگەی **ئەرەستۆ**دا کردە هەڵگری دوو فۆرمە: **پراکسیس** و **تێکنیک**.

**پراکسیس** PRAXIS: مەبەست و ئامانجی خۆی لەخۆیدا هەڵگرتووە (هەلگری مەبەستی خۆیەتی).

**تێکنیک** TECHNE: هەمیشە لە خزمەتی مەبەست و ئارمانجێکی دیکەدا بووە و هەر ئامرازێکە و هیچی دی.

پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لە بواری سازکردنی ئامراز کە بەتایبەتیی لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیەوە گەشەی زیاتری کردووە، بۆتە هۆی ئاراستەکرانی تیۆرە کۆمەڵایەتییە فەلسەفییەکان لە بواری پیشەییدا.

زۆربەی **فەیلسووفانی رۆشنگەریی فەڕانسە و پاشان سۆسیالیستە خەیاڵییەکان**، گەشەی کۆمەلگایان دەبردەوە سەر پشتبەستن بە پێشکەوتن و کامڵبوونی تێکنیکیی. بەشێکیشیان وەکو **رۆسۆ** بۆچوونێکی رەشبینانەیان لەبەرامبەر بەرفرەبوونەوەی روو لە زێدەبووی تێکنیک و تێکنۆلۆژییدا هەبووە و بە تێکدەر و بشێوێنی ئەخلاقی کۆمەڵگای مرۆڤییان دادەنا وە. رووناکبیرانی سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم هێشتا فێری جیاوازیی نێوان زانست و تێکنیک نەببوون.

بە بۆچوونی **کارڵ مارکس**، تێکنیک لە سەرێکەوە ئامرازە بۆ رزگاربوون، لەبەر ئەوەی لە قورسی و هەروەها ماوەی کارکردن کەم دەکاتەوە. ناوبراو لە کتێبەکەیدا بە نێوی سەرمایە **(کاپیتاڵ)**، باسی کۆمەڵگای ئارمانجی دەکا کە مرۆڤ بە هۆی **ئۆماتیزاسیۆنی** تەواوی رەوتی بەرهەمهێنان، بەجێی کارکردن یاریی دەکا.

**مارکس** لە لایەکی دیکەوە رۆڵی تێکنیکی مسۆگەر لە خزمەت چەوساندنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤدا دەبینێت. هەلبەت **مارکس** بە گشتی روانگەیەکی گەشبینانەی بۆ تێکنیک هەیە:

- کامڵبوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی هەنگاو زیاتر دەنێ و بوار بۆ کۆمەلگای سوسیالیستی دەرەخسێنێ.
- لایەنگرانی ئورتۆدۆکسی **ماتریالیزمی دیالیکتیکی** سەدەی بیستەم، لایەنی گەشبینانەی تیۆری مارکس زەق دەکەنەوە و بەتایبەتیی **سیبرنتیک**یان بە شۆڕشێکی گەورەی زانستی تێکنیکی دادەنا.

بە پێی بۆچوونی **هێربێرت مارکوزە** و **ئێرنێست بلوخ**، کۆمەلگای پیشەکاریی **مۆدێرن** دەبێ بە شێوەی رادیکاڵ ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ و بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنیکە جێگرەوەکان، لە دەستبەسەرداگرتن و دەستدرێژیکردن بۆ سەر سرووشت خۆببوێرن.

بە پێی بۆچوونی **مارتین هایدگێر**، تێکنیک جۆرێکی تایبەتە لە بوون کە پێی دەکوترێ **گێشتێل** GESTELL. رووی تایبەتیی **گێشتێل** لە تۆکمەکردن و کورتکردنەوەی جیهان دایە، بۆ نموونە وەبەرچاونەگرتنی لایەنەکانی جوانیناسیی بەدیهاتووەکان: گۆلێکی هێمن لە دارستاندا، هەر عەمبارێکی ئاوە و ئەو دارستانەشی کە بەدەوریدا شین بووە تەنیا و تەنیا دارن بۆ بەکارهاتن. نووسەرانێکی وەکو دێساورس لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا ئامازەیان بەم خاڵە کردووە کە کاتێ ئەندازیار یا تێکنیسیەنێک بە گونجاوترین رێچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک دەگا، تێدەگا کە شتێکی نوێی دانەهێناوە و تەنیا رێی بەئاکامگەیشتنی ئیدەیەکی دۆزیەوەتەوە کە لە پێشترەوە هەبووە.

بیرمەندانی هەنووکە هاورێ لەگەڵ هەڵوێستی تەواو رەخنەییان لە هەمبەر تێکنیکدا، مەیلێکی تایبەتییان بۆ **مێتۆدۆلۆژیی** زانستە تێکنیکییەکان هەیە و لە جیاوازییەکانی نێوان زانستی سەڵت و تێکنیک ورد دەبنەوە.

هەروەها **ئۆنتۆلۆژیی** لێکۆڵینەوە دەکا لە سەر شتەکانی دەستکردی مرۆڤ و بنەماکانی INDIVIDUATION زاڵ بە سەریاندا.

***

تیۆلۆژی، خوداناسیی
**theology**

**تیۆلۆژیی**، ناسینی خودایە و بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئایین، خۆی بە **سیستمی دوگماتیکی ئایینیی**ەوە سەرقاڵ دەکا.

**خوداناسیی مێژوویی** دەپەرژێتە سەر چیرۆک و حیکایەت و ئەفسانە و دوگماتیکییە مەزهەبییەکان (وەکوو جولەکەیی، مەسیحی، ئیسلامی).

**خوداناسیی سیستماتیک** دوگمییەکانی ئەخلاقی مەزهەبیی دەخاتە بەرباس.

**خوداناسیی زانستیی** سەرنج دەدا بە داب و نەریتی ئایینی و بەکارهێنانیان لە ژیانی رۆژانەی ئیمانداران و خاوەن بروایان.

**خوداناسیی سروشتیی** لێکۆڵینەوە دەکا لە سەر ژێدەری وەحی و چۆنییەتیی هاتنەخوریێ و نازڵبوونی وەحی.

**پەیوەندیی فەلسەفە و خوداناسیی:**

لە سەدەکانی ناڤیندا **میتافیزیک** لە خزمەتی ئایین و مەزهەب و خوداناسییدا بوو. لە سەردەمی ئێمەدا ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە:
**خوداناسیی دەتوانێ تەنیا بەشێک لە میتافیزیک بە هی خۆی بزانێ.**

زیاترین بەشی میتافیزیکی سەردەمی هەنووکە لە سنووری فەلسەفە و هزرە فەلسەفییەکاندایە.
**فەلسەفەی میتافیزیک** بە دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە خورافە و دوگمی و خۆخەریککردن بە ئەفسانەکان، پەرژاوەتە سەر بابەتی زۆر گرینگی وەک رۆح و هەقیقەت و دوایین و یەکەم هۆی دیاردەکان و بەم دەستنیشانکردنە روونەش تەواو لە خوداناسیی و بڕیارە بەراییەکانی جیایە.

***

## پاساو، پاساودانەوە
RECHTFERTIGUNG ,JISTIFICATION

پاساو هۆیەکە بۆ بەڵگەیەکی حاشاهەلنەگر. لە پاساودا چەند جۆرێک هەیە کە بابەتی تیۆری زانستییە، پاساوناسیی فۆرمێکی تایبەتە لە پاساو کە یەکێکە لە واتا گرینگەکانی تیۆری ناسین (مەعریفە). پاساوناسیی بۆ وشیاریی و زانیاریی رۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ کە بە واتای ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت کەلکی لێوەردەگیرێ. دۆزینەوەی نموونە و پێوەرێک بۆ پاساوناسیی بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، ئەرکی تیۆریی زانستییە. بەو پێیە بە ناسینی میتۆدی پاساودانەوەیەک، دەتوانرێ رادەی راستی ودروستی دەستنیشان بکرێ. بنەمای پاساودانەوە بنەما ئەخلاقی و نۆرمە باوە و جێ متمانەکانی نێو کۆمەڵگان.

***

# ئالبێرت شوایتزێر
Schweitzer, albert
1965 – 1875

**ئالبێرت شوایتزێر**، فیلسوفی مرۆڤ دۆستی ئەڵمانی لە 14ی ژانویەی سالی 1875 لە **کایزێرسبێرگی ئالزاس** لەدایک بوو. **شوایتزیر** یەکێک لە نوخبەکانی جیهان بوو لە سەدەی بیستەمدا. لە لایەن چەندین زانینگەی ئوروپا و ئەمریکا لە بواری خوداناسیی، مۆسیقاناسی، فەلسەفە، مێژوو و ئەدەبیات پلەی مامۆستایەتیی پێدرا بەڵام ئەم پۆستە گرینگانەی قبوول نەکرد و دەستی کرد بە خوێندنی پزیشکی و بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی جەستەیی و رۆحیی قولەڕەشەکانی لامبارنێ چوو بۆ ئەفریقای رۆژئاوایی فەرانسە. لەوێ هەرچەند لە نەخۆشخانە بە گرانی کاری دەکرد بەڵام توانی چەندی کتێبی بەنرخ بنووسێ وەکو: **شارستانییەت و ئەخلاق** civilization and ethics (1929) و **فەلسەفەی شارستانییەت** the philosophy of civilization(1932).

فەلسەفەی **شوایتزێر** سادە و جیهانییە و دەکرێ لە سێ وشەدا کورت بکریتەوە: رێزگرتن لە ژیان، ئەم رێزگرتنە ژیان گشت زیندەوەران وەخۆ دەگرێ بەتایبەتیی ژیانی مرۆڤ. و هەمووان بە بێ وەبەرچاوگرتنی رەنگ و ئایین و نژاد بە شێوەی یەکسان بە شایان و جێی رێز و دلسۆزی دەزانێ. شوایتزێر یەکێک لە فەیلسوفە دەگمەنانەیە کە توانیویەتی بڕواکانی خۆی بەدی بێنێ. لەم رووەوە ناوبراو فەیلسوفێکی پیر و رەسەنی کردە بوو. ئەو دەیکوت **"من تەنیا پارێزە و چاوەدێری ژیانی براکەم نیم، بەڵکو هەورێ و یاریدەدەری ئەوم، لەبەر ئەوەی براکەی من "من"ە بەڵام بە شێوەیەکی دی"**.

***

# ئێدواردز جانسن
# Edwards, j.

1703 – 1758 زانای خواناسی و فەیلسوفی ئەمریکایی.
**ئێدواردز جانسن** هێشتا مانگێکی مابوو کە ببێتە سێزدە ساڵ، لە زانینگەی **ییل** وەرگیرا. ناوبراو نە تەنیا بە بەهیزترین ئاخێوەری ئەمریکا دادەنرێ بەڵکو بە یەکێک لە فەیلسوفە پێشەنگەکانی ئەو وڵاتەش دەزانرێ. **ماساچۆست** قەشەی کەنیسەی **نوتمپتۆن** خەڵکی بەرەو **"رابوونی مەزن"**ی **نیوئینگلەند** هان دا (نێوی تەڤگەرێکی ئایینییە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم و لە نێو کۆچبەرە کانی ئەمریکا دا روویدا). کاربەدەستانی کەنیسە لەبەر ئەوەی ئەویان بە توندڕەو ناسی لە سەر کاریان لابرد. پاش ئەو **ئێدواردز** بوو بە پەرەپێدەدری ئایین و چوو بۆ نێو سوورپێستەکان و درێژەی بە بڵاوکردنەوەی بڕوانامەی فەلسەفیی خۆی لە نێویان دا. بە بڕوای ئەو خودا خێر و چاکەخوازە و ئیزنی بە مرۆڤ داوە هەڵە و تاوان بکا. لەبەر ئەوەی تاوان ئامرازێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە چاکە. **ئێدواردز** دەیکوت لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا کە خودا لە لایەکەوە تاوانکردنی شەرمەزار کردووە و لەلایەکی دیکەوە تاوانی بە هەنگاوێکی سەرەکیی زانیوە بۆ بەرەوپێشبردنی پلان و بەرنامەکانی، هیچ دژایەتی و ناتەباییەک نییە. بۆ نموونە لەخاچدرانی عیسا **"یەکێک لە بەنرخترینی ئەو کارانە بوو کە لە دنیادا روویدا"**. بەڵام وەک وانەیەک بۆ مرۆڤایەتی و بۆ وەخەبەرهێنانی ئەقڵی مرۆڤی **"ئەم رووددا پیرۆزترین ئیرادەی خودای پیشانی مرۆڤ داوە"**.
بەم پێیە ئێمە هەر کردەوەیەکیش بە خراپترین هەڵە دابنێین بە ئیرادەی خودا دەتوانێ ببێتە باشترین خێر و چاکە.

***

فەرهەنگی فەلسەفە بەشی (107):

## ژاک بنینی بۆسوویێ
## Bossuet, Jacques Benigne

**ژاک بنینی بۆسوویێ** (1627 – 1704) زانای زانستە خوداییەکان، مێژوونووس و فەیلسوفی فەرانسەیی، لە **دیژۆن** لەدایک بوو. لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا سەرپەرشتیی کەنیسەی وەئەستۆ گرت، پاشان بوو بە قەشە (ئۆسقۆف)ی **گاسکۆنی** و دواتر بوو بە مامۆستای کوڕی لویی چاردەیەم، و پاشان بوو بە ئۆسقۆفی **میوو**. وتاربێژێکی لێزان و بیرمەندێکی ناسراو بوو و هەوڵیدا نێوان کەنیسەی **کاتۆلیک** و **پرۆستان** خۆش بکاتەوە و ئایینێکی مەسیحی هاوبەش بەدیبێنێ.

**بۆسوویێ** لە سەر ئەو ڕایە بوو کە هەر کام لە ئێمە وەکوو بەندییەکین کە تەنیا لە کولاوکەی ژووری زیندانەوە دەتوانین چاو لە دنیای دەرەوە بکەین و بەم پێیەش تەنیا دەتوانین بەشێک لە راستەقینە ببینین. وەرن با روانگە جیاوازەکانی خۆمان ئاوێتەی یەکتری بکەین هەتا بتوانن بە تەواویی لە راستەقینە بڕوانین. ئامانج و مەبەستی ئایین و فەلسەفە ئەوەیە کە فێرمان بکا چۆن بە هەڵکردن و لیبوردەیی چیرۆکی تەواو و کامڵی خودا لە زمانی ئایینە جۆراوجۆرەکانەوە ببیستین.

***